@Muhammad N Hassan

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی



# خەونی مام

ڕۆمان

وەرگێڕانی:
فەیسەڵ خەلیل

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

**پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚**

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

# Ktebi_PDF



@Muhammad N Hassan

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

# خەونی مام

ڕۆمان

وەرگێڕانی: فەیسەڵ خەلیل

AWER
Nawendi Awer

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: ٣٦٣

فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی

خەونی مام

ڕۆمان

وەرگێڕانی: فەیسەڵ خەلیل

دەرهێنانی هونەری ناوەوە: عەلی خەلیل هیدایەت مام شێخ

بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٦٠٠٠) دینار

شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی
کوردستان ژمارەی سپاردنی (٥٢١)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە

ناوەندی ئاوێر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان: هەولێر-پشت پارێزگا-بەرانبەر دەرگای قەڵات

ژمارەی مۆبایل: 07504209495 - 07504242101

ئیمەیل : Nawendi.awer@yahoo.com
فەیس بووک : www.facebook.com/nawendi Awer

## بەشی یەکەم
## ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا

بێگومان (ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا مۆسکالیڤا) بە گرنگترین خانمەکانی مۆرداسۆف دادەنرێت، مرۆڤ هەرکە چاوی بەو ژنە دەکەوێ، دەزانێ پێویستی بە هیچ کەسێك نییە، بەڵكو هەموو پێویستییان بەو هەیە و قەرزاری ئەون. ڕاستە ئەو زۆر خۆشەویست نییە، تەنانەت کەسانێك لە دانیشتووانی مۆرداسۆف رقیان لێ دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتێکی تۆقێنەرە هەموو لێی دەترسن، ئەویش تەنها ئەوەندەی دەوێ.... ئایا ئەمە خەسڵەتی ئافرەتێکی ژیر و زۆرزان نییە؟...سەرەڕای ئەوەش ئەو ئافرەتێکی هەڵەشەیە و بە دوای قسە و قسەڵۆکە، ناتوانێ شەو بە ئارامی بخەوێ، ئەگەر بە ڕۆژ شتێکی نوێی نەزانی بێت. ئەوەی ماریا

ببینیٚ، تێبینی لوتبەرزییەکەی بکات، تەنها ئەوە نییە دەزانیٚ ئەو ژنە هەڵشەترین ئافرەتی دونیایە، یان بە لایەنی کەمەوە هەڵشەترین ئافرەتی مۆرداسۆفە، بەڵکو خودی زۆرگۆتن لەبەردەم ئەو دەوەستیٚ، هەڵشەیی لە بەرامبەر ئەو دەتۆقیٚ، وەك چۆن منداڵێکی بچووك لە بەرامبەر مامۆستاکەی هەڵدەتۆقیٚ، بۆیە ئەو کاتە هەموو بابەتەکان بە شێلگیریی و سەنگینی دێنە بەرچاو....

لەگەڵ ئەوەشدا ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا، زۆرێك لە هەواڵی ئابڕوچوونی دانیشتووانی مۆرداسۆف دەزانیٚ، ئەم ئابڕوچوونانە جۆرێکن ( ئەو دەزانیٚ چۆن لە کاتی گونجاو باسی دەکات و بە بەڵگەش پشتڕاستی دەکاتەوە) ئەگەر بەخەیاڵی هات باسیان بکات، ئەو وەك بوومەلەرزەیەك مۆرداسۆف دەهەژێنیٚ، توندیی بوومەلەرزەکەی لە بومەلەرەزە ناسراوەکەی لشبۆنە کەمتر نابێت....بەلآم ماریا گۆڕستانی نهێنییەکانە، ڕێگە بە خۆی نادات قسە لەسەر نهێنییەکان بکات، تەنها ئەگەر بارودۆخەکە لەباربێت، سەرەڕای ئەمەش ئەو کارە ناکات، تەنها لەگەڵ کەسە نزیکەکان و هاوڕیٚ و دەستەخوشکەکانی نەبێت، ئەوکاتەش بە توانج و پەلارەوە ئەو کارە دەکات، بەمەش ئامادەبووان لەوە تێدەگەن، کە ئەو( نهێنیەکە دەزانیٚ). هەردەم دەیەویٚ ئەوانەی دەوروبەری ( جا پیاو بن یان ژن) لیٚی بترسن، لەبری ئەوەی بەیەکجاریی گورزەکەی بوەشێنیٚ، دەیەویٚ پڕ بە پێستی خۆی، ئەوان ڕێزی لیٚ بگرن، ئەمەش زیرەکی و خودی هەڵسوکەوتێکی جوانە !

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا هەمیشە بەوە ناسراوە، ئافرەتێکی بێ رکابەرە، تەواوی خەڵك دەزانن، لە مۆرداسۆف کەسێك نییە لەو خەسڵەتانەی سەرەوە شان لە شانی ماریا بدات، بە تاکە وشەیەك لە زاری ئەو، دەکرێت هەر کەسێك شەتوپەت بکرێت، تەنانەت بێئەوەی دەستی بەر بکەوێت. خەڵك تەنانەت بۆ ساتێکیش گومانیان لە گرنگی و ترسناکی ئەم وشەیە نییە...لەو دیاردەیەوە تەواو روون بۆتەوە، ئەم خاتوونە سەر بەچینێکی خانەدانە، بۆیە پەیوەندیەکی ناوازەی لەگەڵ دەستەبژێری کۆمەڵگاکەی هەیە.

وا رێکنەکەوتووە، کەسێك بێتە شاری مۆرداسۆف، بێئەوەی ستایشی ئەو ئاهەنگانە بکات، کە ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا سازیان دەکات، زێتر لەمەش ئەو رێبوارانە کە وا رێکەوتبوو میوانی ئەو دەبوون، بۆ ماوەیەکی درێژ نامەیان بۆ دەنارد، لەنێویاندا شاعیرێك هەبوو، چەندین چامەی لە ستایش ئەو ژنە هۆنیوەتەوە، لە بۆنەیەکدا شیعرەکان خوێندرانەوە، ماریاش بە فیزەوە لە نێو خەڵکەکە ئامادەبوو...هەروەها جارێکیان ئەدیبێك هاتە مۆرداسۆف، چیرۆکێکی پێشکەش کرد، لە یەکێك لە ئێوارە خوانەکانیش بۆی خوێندەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی چاکی بە سەر مۆرداسۆف هەبوو... لە شاری کارلزرۆ زانایەکی ئەڵمانی بە تایبەت هاتبوو لێکۆڵینەوە لە جۆرە کرمێکی بچکولانە بکات کە دوو قۆچی هەیە، لە ناوچەکانی مۆرداسۆف زۆر بلاون، ئەو زانایە کتێبێکی بە چوار بەرگی مەزنەوە لە سەر ئەو کرمانە نووسیوە. ئەو زانایە بە ژیریی ماریا و

میواندۆستییەکەی زۆر سەرسام بوو، تەنانەت هەتا ئێستا لە کارلزرۆ، نامەی ئەوتۆی بۆ دەنێری کە پڕیەتی لە ڕێز و ستایشی ئاکارە بەرزەکەی ماریا...

هەندێك پێیان وایە تاڕادەیەکی زۆر ئەو خانمە بە ناپلیۆن پۆناپارت دەچێ! بێگومان ئەمەش یەکێکە لە هەڵەمەتەکانی ناوزڕاندن، لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێت کە ئیرەیی پێ دەبەن، بۆیە دەیانەوێ گاڵتە و سوکایەتی پێ بکەن...سەرەڕای ئەمەش لەگەڵ ئەو لێکچوونە نامۆیە، بەڕاستی ماریا ئەسکەندەرۆڤنا بۆتە یەکێك لە گرنگترین خاتوونەکانی مۆرداسۆف، بەردەوامیش بەمشێوە ماوەتەوە. بێگومان ماریا کاتی دژواری تێپەڕاندووە، ڕووبەڕووی گەلێك ئالۆزی و سەختی بۆتەوە، تەنانەت خەڵك لەو کاتانە هەناسەی خۆیان گرتووە و پرسیاریان کردووە" ئاخۆ ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا دەبێ چی بکا؟" کەچی ئەو بە شێوازێکی ئەفسوناوی هەموو کۆسپەکانی بەزاندووە، لە هەموو تەنگەژەکان دەرچووە.

هەمووان ئەوەیان لەبیرە، چۆن (ئافاناسی متیڤچ)ی مێردی ماریا، پێگەکەی خۆی لەدەست دا و لە کارەکەی دوور خرایەوە، ئەمەش لە کاتێك بوو هەندێك لە پشکنەران، پشکنینیان بۆ کارەکەی کرد، بینیان، بێ ئەندازە دەبەنگە... خەڵك وایان دەزانی ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا خەریکە عەقڵی لە دەست دەدا، یان ملکەچ دەبێت و دەکەوێتە پاڕانەوە، یان بەلایەنی کەمەوە سادە دەبێتەوە و فیز و خۆبەزلزانینی نامێنێ،

بەلام هیچ یەکێك لەم کارانە رووی نەدا، بە زیرەکییە بیّ وێنەکەی خۆی زانی پاڕانەوە سوودێکی نییە، بۆیە بە شێوەیەك هەڵسوکەوتی کرد، دەسەلاتەکەی تووشی خراپی نەبوو، کەسیش نەیتوانی کەڕامەتی ئەو بشکێنیّ، بەمشێوەیە ماڵەکەی یەکەمی لە مۆرداسۆف وەك خۆی مایەوە... ئانا نیکۆلێڤنا ئەنتیبۆڤنا، کە دوژمنێکی سەرسەختی ماریا بوو، وا دەردەکەوت بەسەر دوژمنەکەی سەرکەوتووە، هەرچەندە لەپێش خەڵك، خۆی وەك دۆستێکی ماریا دەردەخست، بەلام هەر زوو خەڵکی شارەکە زانیان تێوەگلانی ماریا لە شەرمەزاربوون و شڵەژانی، کارێکی وەها ئاسان نییە، بەڵکو ئەو زۆر لەوە بەهێزترە کە ئەوان مەزندەی دەکەن.

ئافاناسی میتشیچی هاوسەری، هەرچەندە بە ڕواڵەت پیاوانە وبە ویقار دەردەکەوێت، بەلام لەناکاو عەقڵی نامێنیّ، وەك ئەو ئاژەلانەی لەناکاو دەزانن دەرگەی کۆلێتەکەیان کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕواڵەتی وەك پیاوێکی گرنگ دیارە، بە تایبەتی لە ئێوارە خوانەکان کاتێك بۆیانباغێکی سپی دەبەستیّ... بەلام مەزنێتی ئەو پیاوە نموونەی ئەو کەسانەیە، کە شکۆیان تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە دەمی داخراوە، هەرکە قسەیان کەوتە سەرزار، ئەوا گوێگران دەبیّ گوێچکەکیان دابخەن... بەڕاستی ئەم پیاوە شایەنی ئەوە نییە هاوسەر ماریا ئەلکسەندەرۆفنا بێت، ئەمەش بۆچوونی هەموو خەڵکەکەیە !

راستی ئەوەیە ئافاناسی تا ماوەیەکی زۆر بە هۆی بلیمەتی هاوسەرەکەی لە پێگەی خۆی مایەوە....من پێموایە دەبوایە هەر لەزووەوە ئەو پیاوە وەك داهۆلێك لە ناو باخێك دابنرێت، بۆ ئەوەی چۆلەکە و باڵندەکانی پێ پاس بکرایە، لەوانەیە تەنها لەو شوێنە سوودێکی هەبووایە. ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا کارێکی چاکی کرد، ئەو مێردەی بۆ گوندێك دوورخستەوە، گوندەکە ژمارەی دانیشتووانی سەد وبیست کەس دەبوو، ماریا خاوەنی ئەو گوندە بوو کە نزیکەی سێ کیلۆمەتر لە مۆرداسۆف دوور بوو، هەر ئەو گوندە تەواوی سامانەکەی ماریا بوو، هەر ئەو سەرچاوەیەش وایکرد بوو ماریا ژیانێکی شایستە لەماڵەکەی خۆی بژییت.

بەلای خەڵکەوە ئەستەم بوو لەوە تێ بگەن، ماریا تەنها بەهۆی پێگە و مووچەکەوە بەرگەی مێردەکەی دەگرت، دیار بوو داهاتێکی بچووك و جێگیری هەبوو، ئێستا کە بەرەو پیری چووە، مووچە و داهاتی نەمابوو، ئایا لە کاتێکی وەها دادپەروەرییە ئەو پیاوە وەك شتێکی بێکەڵك کە شوێنێکی داگیرکردبێ، دوور بخرێتەوە؟

مێردەکەی لە لادێ ژیانێکی زۆر جوان بەسەر دەبات... من لەوێ سەردانم کردووە، کاتێکی خۆشم لەگەڵ ئەو پیاوە بەسەربردووە. ئەو تاوێك بۆیانباغێکی سپی لەمل دەکات و تاوێکی دیکە دایدەکەنێ، ئەو بەخۆی پێڵاوە جزمەکانی دەسرێتەوە، کە تا بەلەکی دادەپۆشێ، ئەمەش نەوەك لەبەر پێویستی، بەڵکو تەنها بۆ جوانییە، دەیەوێ

هەمیشە پێڵاوەکانی خاوێن بێت. ڕۆژی سێ جار چا دەخواتەوە، زۆر خۆی دەشوات، دڵخۆشە و بەو ژیانەش ڕازییە...

* * *

ئایا ئەو چیرۆکە قێزەوەنەتان لەبیرە کە هەژدە مانگێك لەمەوبەر لەبارەی (زینا ئافاناسیڤنا) باس دەکرا؟. زینا کچە تاقانەکەی ماریا وئافاناسی بوو، کچێکی زۆر جوانە، لەسەرووی ئەمەش پەروەردەیەکی زۆر نایابی هەیە، بەلام ئەو تەمەنی بیست وسێ ساڵە هێشتا شووی نەکردووە. یەکێك لە هۆکارەکانی شوونەکردنەکەی بەپێی بۆچوونی خەڵکی مۆرداسۆف ئەو قسە وقسەلۆکە ناڕۆشنەیە، کە ماوەی ساڵ ونیوێکە دەکرێت. گوایە زینا پەیوەندی بە مامۆستایەکی ساکار هەبووە، ئەو پیاوە لە یەکێك لە قوتابخانەکانی سەر بە ئەنجومەنی شارەوانی شارەکە، مامۆستایە، هێشتا ئەم قسەوقسەلۆکە ماوەتەوە!

هەندێك دەڵێن زینا نامەیەکی دلداری بۆ ئەو مامۆستایە نووسیوە، نامەکە بە هەموو مۆرداسۆف دەستاودەستی کردووە... بەلام...تکایە با یەکێك لە ئێوە پێم بڵێ کەسێك بە چاوەکانی خۆی ئەم نامەیەی بینیوە؟..ئێوە دەڵێن نامەکە بە تەواوی مۆرداسۆف خولاوەتەوە... باشە..ئەی ئێستا نامەکە لە کوێیە؟..هەموو بیستوویانە...بەلام کێ بینیویەتی؟...من کەسێکم نەبینیوە بڵێ من نامەکەم بینیوە. من گرەو دەکەم، ئەگەر لە بەرامبەر ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا توانج بهاوێژی، ئەوا

شتێك لە تۆ ناگات....بەڵام با گریمانەی ئەوە بکەین بەشێك لەم قسەوقسەڵۆکانە ڕاستە، بەڕاستی زینا نامەیەکی وەهای نووسیوە( من باوەڕم وایە نووسیویەتی) کەواتە لێرەدا وا پێویستە بە کارامەیی ماریا سەرسام بین، چۆن توانیویەتی بەسەر ئەو قسەو قسەڵۆکانە زاڵ بێت؟

باشە... ئێمە پاش گەڕان و وردبوونەوە شوێنەوارێك و بەڵگەیەکمان نییە... ماریاش لەلایەن خۆیەوە، ملکەچ نابێت، وا بەباشتر دەزانێ تەنها بە پرسیارێك ئەو بوختانە چەپەڵە لە کچەکەی دووربخاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خوا دەزانێ لەناخەوە چ ئازارێك دەکێشێ، بۆ ئەوەی ئابڕووی کچەکەی بپارێزێ! وەك دەزانرێ زینا هێشتا شووی نەکردووە، لە مۆرداسۆف چ دەستگیرانێکی شیاو دەدۆزێتەوە؟ ئەو ناتوانێ شوو بکات، تەنها بە میرێکی سەر بە خانەوادەیەکی دەسەڵاتدار نەبێت... ئایا جوانییەکی وەها نایاب هەیە، بە قەد جوانییەکەی زینا بێت؟ ئەو بەشێوەیەکی مەزن لوتبەرزە...ئەمە ڕاستە، دەشگوترێت پاڤیل ئەلکسەندەرۆڤیچ مۆزگلیاکۆف هاتۆتە خوازبێنی زینا، بەڵام ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجام نەدرا...کەواتە مۆزگلیاکۆفە کێیە؟ ئەمە گەنجێکی قۆزە، ڕێکپۆشە، لە دانیشتوانی پترۆسبۆرگە، زەوییەکی هەیە نزیکەی سەد وپەنجا کەسی لەسەر دەژی، بەڵام کەسایەتی ئەو گەنجە بەهێز نییە...زۆربلێیە، هاوسەنگ وسەنگین نییە، شەیدای بیرکردنەوەی نوێییە...خاوەندارێتی زەوی چ بەهایەکی دەبێت، ئەگەر بیرکردنەوەی ئازادیخوازانەی هەبێت؟... ئەم هاوسەرگیرییە نەبوو!

ئەوەی تا ئێستا خوێنەر خوێندویەتیەوە، پانزە مانگێك دەبێت، تـەنها بـە پاڵنـەری سەرسـامبوون نووسـراوە، دەبێـت دان بـەوەش بنـێم مـن بەرامبەر ماریا ئەلکسـەندەرۆڤنا هەست بـە جۆرێـك لـە پەیوەسـت بـوون دەکەم، تەنانەت نیازم وابوو پیاهەڵدانێك بۆ ئەو ئافرەتـە نایابـە بنووسم لە شێوەی نامەیەك بێت ئاراسـتەی یـەکێك لـە دۆسـتەکانم دەکـەم، لـەو شـێوەیەی کـە گۆڤارەکـانی سـەردەمە جوانەکـەی رابـردوو پـەیڕەویان دەکرد، کە سوپاس بۆ خوا ئەو سەردەمانە ناگەڕێتەوە ! بـەڵام مـن هـیچ هاوڕێیەکم نییە..بە هۆی ئـەو شـەرمنییە هەمیشـەییەی لـەکاری ئـەدەبی بەسەرم زاڵە، ئەوا نووسینەکەم لەشوێنی خۆی مایەوە.

* * *

کەواتە پانزە مانگ بەسەر ئەو کاتە تێپەڕیوە، کە ڕووداوێکی سەیر لـە مۆرداسـۆف ڕوویـدا. بەیانیـەکی زوو مـیر (ك) گەیشـتە شـارەکە و لـەماڵەکـەی ماریـا ئەلکسـەندەرۆڤنا میـوان بـوو... (مـیر) تـەنها سـێ ڕۆژ مایەوە، بەڵام ئەو سێ ڕۆژە یادگارییەکی قـوڵی بەجێهێشـت کـە هـەرگیز ناسڕێتەوە ! سەرباری ئەوەش دەڵێم سـەردانەکەی (مـیر) شۆڕشـێکی لـە شـارەکە بـەرپاکرد، بێگومـان چـیرۆکی ئـەم شۆڕشـەش لـەگرنگترین لاپەڕەکانی مێژووی مۆرداسۆف دادەنرێت. منـیش بـێ دوودڵـی بڕیـارم دا ئەو لاپەڕەیە بەشێوازێکی ئەدەبی پێشکەش بە جەماوەر بکەم. لەوانەیـە ناونیشانی چیرۆکەکەم بریتی بێت لە ( مەزنێتی ماریا ئەلکەسەندەرۆڤنا و

ئـــاوابوونی ئەســـتێرەکەی).. ئەمـــەش بابـــەتێکی گەورەیـــە و بـــەلای شاعیریشەوە سەرەنجڕاکێشە.

# بەشی دووەم

## مۆمیاکردنی هەرزەکاریی

میر (ك) تەنها ئەوە نەبوو پیرە پیاوێك بێت تەمەنی گەیشتۆتە سەد ساڵ، بەڵکو ئەوەی دەیبینی وا هەست دەکات، ئەم پیاوە خەریکە دەگەڕێتەوە ئەوپەڕی کارە دزێوەکانی تەمەن. خەڵك لە مۆرداسۆف شتی سەیر وسەمەرەیان لەبارەی ئەو پیاوە دەگێڕایەوە، تەنانەت هێندێك دەیانگوت شێتە. بەڕاستی سەیر بوو کەسێکی وەها لە خێزانە خانەدانەکان بێت، زەوییەکی ئەوتۆی هەبێت چوار هەزار کەسی لەسەر بژی، دەسەلآت وپێگەیەکی شیاویشی لە ناوچەکە هەبوو..سەیرتر ئەوە بوو وەك تۆبەکارێك لە گوندە جوانەکەی دوورەپەرێز دەژیا. خەڵکانێکی زۆر، ئەوانەی شەش حەوت ساڵ لەمەوبەر لە مۆرداسۆف بینیویانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، ئەو پیاوە بەرگەی تەنیایی ناگرێت،

خەسڵەتی تۆبەکاریی و زوهدی نییە...ئەمە ئەو زانیاریانەن توانیومە لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە کۆیان بکەمەوە.

لە ڕابردوودا- لەسەردەمێکی دوور- ئەم میرە چووتە ریزی چینێکی بەرزی کۆمەڵگا، تەواوی سەردەمی گەنجێتی بەخۆشی بەسەربردووە، غەزەلخوانی بۆ ئافرەتان کردووە، سامانەکەی لێرە و لەوێ پەرت کردووە، بۆیە سامانە مەزنەکەی بەخێرایی تواوەتەوە، ئەو زیرەکی وتوانایەکی نەبوو. کاتێك پیر دەبێ هەندێك کەس ئامۆژگاری ئەوەی بۆ دەکەن لە گوندەکەی بمێنێتەوە، کە خەریك بوو بەشێك لە زەوییەکانی بەزێدەکردنی ئاشکرا دەفرۆشت. پیرەمێرد ئەو ئامۆژگارییە بە هەند وەردەگرێ هەر بەو بۆنەیەوە شەش مانگ لە مۆرداسۆف دەمێنێتەوە، زۆر بە ژیانی لادێ سەرسام دەبێ. لە ماوەی ئەو شەش مانگە دەتوانێ ناوبانگی خراپەی خۆی بەهۆی مەکر وفێڵی ژنانی چینی خانەدانی لادێی بسڕێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە پیاوێکی نایاب بوو، پێگەیەکی بەرزی هەبوو ( خەڵك لە مۆرداسۆف پێگەی خانەدانی بە نیشانەیەکی تایبەتی چینی ئەرستۆکراتی رەسەن دەزانن) بەتایبەتیش خانمەکان چێژیان لە پەیوەندی ئەو میوانە نازدارە دەبینی، بۆیە میر لەلای ئێمە لە مۆرداسۆف چەندین یادگاریی سەیر و نامۆی جێهێشتووە..خەڵك باس لە هەڵسوکەوتە سەیرەکەی ئەو دەکەن، دەڵێن تەواوی رۆژ بەخۆڕازاندنەوە سەرقاڵ بوو، ئەو لەچەند پارچە شتێکی بچووك پێکهاتبوو، کە بەیەکەوە

لێکێنرابوو. خەڵك پرسیاری ئەوەیان دەکرد کەی و چۆن توانیویەتی بەمشێوەیە رووخساری خۆی پێکبهێنێ، قژی دەستکرد، سمێڵی دەستکرد، هەموو شتێکی ساختە و دەستکرد و رەشێکی بەبریسکەی هەبوو، تەنانەت دوایین مووی جەستەشی، تەواوی رۆژ سووراو و سپیاوی دەکرد، خەڵك جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە میر بەهرەیەکی تایبەتی هەیە لەوەی دەتوانی چرچ و لۆچی دەموچاوی بشارێتەوە، ئەمەش بەهۆی چەند تەلێکی قورمیشی وەك گوێچکە شەیتانۆکە بوو، کە لەژێر قژە دەستکردەکەی حەشاری دابوون، هەروەها دەڵێن لەژێر جلکەکانی لەسەر سینگی قایشێکی دەبەست گوایە یەکێك لە پەراسووکانی نییە، چونکە لەکاتی سەرکێشییەکی دڵداری لە ئیتاڵیا ئەو پەراسووەی لەدەست داوە. کاتێك میر دەڕۆیشت بەلای قاچی چەپی دەشەلی، خەڵك دەیانگوت ئەو قاچەی دەستکردە، لە کاتی سەرکێشەیەکی دیکەی دڵداری لە پاریس قاچەکەی لەدەست داوە. لەوانەیە ئەمانە هەندێکی زێدەڕۆیی بێت، بەلام بێگومان بووین کە چاوی لای ڕاستی شووشەیی بوو، بەلام بەشێوەیەك دروست کرابوو بەئەستەم تێبینی دەکرا چاوەکەی دەستکرد بێت، هەروەها ددانەکانیشی دەستکرد بوون... تەواوی رۆژ بەوە سەرقاڵ بوو خۆی بە ئاوی کانزایی دەشوشت، بۆن و زەیتی لەجەستەی خۆی دەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرە بەرە پیر وخەرفاو دەبوو، لەژیانی کردەیی دەردەکەوت، بەرەو کۆتایی دەچێت، هەموو خەڵك دەیانزانی ئەو

مایەپووچ بووە، بەڵام لەناکاو ژنێکی خزمی میر مرد- ئەوەیان ژنێکی بەساڵاچوو بوو، لە پاریس دەژیا، ئومێدی ئەوەی نەبوو میر ببێتە میراتگری ئەو ژنە، کەچی دوای مانگێك لەمردنی میراتگرە راستەقینەکەی ژنەکەش مرد- ئەمەش لەخەیاڵی کەس نەبوو، میر ببێتە میراتگر، بۆیە زەوییەکی نایابی بە دووری شەست فەرسەخ لە مۆرداسۆف بەمیرات بۆ بەجێما، بێئەوەی کەسێك لەگەڵی هاوبەش بێت. میر یەکسەر بەرەو پترۆسبۆرگ بەرێکەوت بۆ ئەوەی کارەکانی لەوێ تەواو بکات. بەم بۆنەیەوە ژنان بەهاوبەشی لە خەرجی، خوانێکی نایابیان بۆ رازاندەوە، هەتا ئێستاش خەڵك دەگێڕنەوە ئەو رۆژە میر زۆر بەتەلسیم و روحسووك بووە ! میر ئەو رۆژە تەواو سەرمەستی بەزم و شۆخی بوو، چەندین نوکتەی دەکرد و بەسەرهاتی سەیری دەگێڕایەوە. بەڵێنیشی دا بە زووترین کات بۆ زەوییە نوێیەکەی بگەڕێتەوە کە لە نزیك مۆرداسۆف بۆی ماوەتەوە، سوێندیشی خواردەوە، لەکاتی گەڕانەوە خوانێك بۆ هەموو خەڵکەکە سازدەکات، ئاهەنگ و سەما و رازاندنەوەی نایاب ئەنجام دەدات.

ساڵێك دوای رۆیشتنی ئەو، ژنان هەر باسی ئەو ئاهەنگەیان دەکرد کە بەڵێنیان پێ درابوو، بێ ئوقرە چاوەڕوانی پیرە پیاوی بچووك و نازداریان دەکرد، تەنانەت بۆ ئەوەی پەرۆشیان بۆ ئەو بەڵێنانەی پیرەمێرد دابمرکێتەوە، سەردانی گوندی (دۆخۆناڤۆ)یان دەکرد ( ئەو گوندەی میر بە میرات بۆی ماوەتەوە)، کۆشکێکی تێدابوو مایەی سەرسوڕمان بوو،

باخچەیەکی گەورە پڕبوو لە درەختی ئەکاسیا، چەندین حەوزی گەورە کە کەشتی بچووکی تێدابوو لەسەر کەشتیەکان سەربازی تورکی لە دار دروستکرابوون، کە فوویان لە نای دەکرد، چەندین خانووی دیکە لەوێ هەبوو، بۆ رابواردن و چێژوەرگرتنی دیکە...

دواجار میر گەڕایەوە، ئەوەی خەڵکەکەی تووشی سەرسامی کرد، ئەوەبوو بە مۆرداسۆف تێنەپەڕی، بەڵکو لە دۆخۆناقۆ خۆی گۆشەگیرکرد، قسە و قسەلۆکی سەیر بلاّودەکرایەوە، لەو کاتەوە ژیانی میر نارۆشنی و خەیاڵی بووە. خەڵك پێیانوابوو لە پترۆسبۆرگ لە کارەکانی سەرنەکەوتووە، ئەوانەی میراتگرەکانی بەهۆی حاڵەتی عەقلّیەوە ویستوویانە بە دادگا پاسەوانی بۆ دابنێن، نەوەك جارێکی دیکە سامانەکەی بتوێنێتەوە، هەروەها دەڵێن میراتگرەکانی ویستوویانە بیخەنە شێتخانەوە! بەلاّم لە بەختی میر کەسێکی نزیکی دەبێت، کە پێگەیەکی بەرزی هەیە، بە تەواوی دەتوانێ داکۆکی لێ بکات و بسەلمێنێ کە ئەمە پیاوێکی بەستەزمانە لەسەرەمەرگ دایە، بێگومان زۆر ناژیت، بۆیە سامانەکەی بۆ میراتگرەکانی دەگەڕێتەوە پێویست بەوە ناکات بیخەنە شێتخانەوە...

ئەو جۆرە قسانە دەکرێ، خەڵکیش لە مۆرداسۆف زمانیان درێژە، هەموو ئەم شتانە میری بەو ئاستە نیگەران کرد بوو، تا خەسڵەتی خۆی گۆڕی و خەسڵەتی تۆبەکارانی دەنواند، خەڵك بە پاڵنەری خۆهەڵقورتاندن دەهاتن پیرۆزبایی لە میر بکەن، کەچی ئەو پێشوازی

لەوان نەدەکرد، یان بەشێوەیەکی سەیر پێشوازی دەکرد، تەنانەت خۆی لە دۆستە دێرینەکانیشی نەناس دەکرد، یان دروستتر نەیدەتوانی کەس بناسێتەوە...

فەرمانڕەوای ناوچەکەش سەردانی کرد، بەڵام کاتێک گەڕایەوە دەیگوت میر عەقڵی لەدەست داوە! خەڵک تێبینی ئەوەی کردبوو کاتێک باسی سەردانەکەی فرمانڕەوا دەکرا بۆ گوندی دۆخۆناڤۆ، ئەو نێوچەوانی گرژ دەکرد... خانمەکانیش رقیان هەڵسابوو... دواجار خەڵکەکە شتێکی زۆر گرنگیان زانی، میر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئافرەتێکی نەناسراو، ناوی (ستێپاندیا ماتیڤیڤنا) خوا دەزانێ ئەوە چ جۆرە ژنێکە. لەکاتی گەڕانەوە لە پترۆسبۆرگ ئەو ژنەی لەگەڵ بووە، ئافرەتێکی پیر وورگنە، هەردەم جلی هیندی دەپۆشێ، کۆمەڵێك کلیلی بەدەستەوەیە. میر لە هەموو شتێك وەك مندالێ گوێڕایەڵی ئەو ژنەیە، هەنگاوێك بێ پرسی ئەو نانێ. ئەو ژنەش نازی میر دەکێشی، پیاسەی لەگەڵ دەکات، وەك منداڵێکی ساوا یاری لەگەڵ دەکات، دواجار ئەو ژنەش بوو توانی دەرگا بەڕووی کەسە نزیکەکانی میر و میراتگرەکانی دابخات، دوای ئەوەی رێگای گوندی دۆخۆناڤۆیان پێزانی بوو، دەهاتن. خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی ژنەکان مشتومڕیان لەبارەی ئەو پەیوەندییە دەکرد کە مایەی سەرسوڕمان بوو، دواجاریش دەیانگوت، ستێپاندیا سەرپەرشتی سەرجەم سامانەکەی میر دەکات، بەڕێوەبەری کارەکانیەتی، لە هەمان

کات خزمەتکاری ماڵەکەیەتی، داهاتەکانی بەدەستە، کارگێڕییەکەی بە جۆرێکە هەموو جووتیارەکان ئاسوودەن...

کەچی میر، شوێنی خۆڕازاندنەوە جێناهێڵێ، خۆی دەڕازێنێتەوە، لەڕۆژێکدا چەند جارێک خۆی دەگۆڕێ، هەندێک جاریش یاری کاغەز لەگەڵ ستێپاندیا دەکات. هەندێک جار بە ئەسپێکی جوانی ئینگلیزی پیاسە دەکات، بەردەوام ستێپاندیای لەگەڵدایە، ئەویش بە گالیسکەیەکی داپۆشراوەوە، خۆی بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادە کردووە،... میر زۆر کەم سواری پشتی ئەسپەکە دەبێت، تەنها بۆ ناز و خۆهەڵکێشان نەبێت، ئەو کاتەش بە کۆششێکی زۆر خۆی لەسەر پشتی ئەسپەکە رادەگرێت.

* * *

هەندێکجار وا ڕوودەدا، میر بە پێ دەڕوات و قاپوتێک دەپۆشێ، کڵاوێکی پووشی لەسەر دەکات، سەرپۆشێکی ژنانە لەملی دەپێچێ، مۆنۆکلێك[1] لە یەکێك لەچاوەکانی دەکات، بە یەکێك لە دەستەکانی زەمبیلێکی بەدەستەوە دەگرت، هێلانەی قەل و هەندێك گوڵی کێڵگەی تێدا دادەنا، ستێپانیدیاش بەدواوەی دەڕۆیشت، دوو خزمەتکاری پیاویش بەدوورییەکی دیاریکراو لە دوای ئەو ژنە دەڕۆیشتن و دواتریش گالیسکەکە. کاتێك جووتیارێك دەبینێ، کڵاوەکەی لەسەر لا دەبات،

---

1 مۆنۆکل monocle: چاویلکەیەکە بۆ تاکە چاوێك بەکاردەهێنرێت

بەرێزەوە سەری دادەنوێنێ و دەڵێ" ڕۆژ باش ئەی میری بچووکی باوك! ئەی خاوەن شکۆ! ئەی خۆرە بچووکەکەی ئێمە ! میریش بە مۆنۆکڵەکەی سەیری دەکات و بەسەر لەقاندنێك وەلامی دەداتەوە و بە فەرەنسی دەڵێ" ڕۆژباش هاوڕێم، ڕۆژباش".

بەلام.. هەموومان چەندە سەرسام بووین، کە بەیانییەك دەنگۆیەکی وەها بلاَبۆوە، ئەم میرە، ئەم خواپەرستە دوورە پەرێزە، ئەو پیاوە سەیر و سەمەرەیە، هاتۆتە مۆرداسۆف و میوانی مالّی ماریا ئەلکسەندەرۆڤنایە! شارەکە سەراوژێر ببوو، هەموو چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی ئەم ڕووداوە بوون و دەیانپرسی" ئەمە مانای چییە؟" هەندێك خۆیان ئامادە دەکرد بەرەو مالّی ماریا بچن. خانمەکان سەردانی یەکیان دەکرد و نامەیان بۆ یەکتر دەنارد، خزمەتکار و مێردەکانیان دەنارد بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکەنەوە. سەیرتر ئەوە بوو میر میوانی ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا بوو، نەوەك شوێنی دیکە، بۆیە ئانا نیکۆلێڤنا لەهەموو کەسێك زیاتر پێیوابوو هەستی بریندار کراوە، چونکە میر خزمایەتی لەگەلّ ئەو هەبوو، بەڕاستی خزمایەتیەکی دووری لەگەلّ هەبوو.

## بەشی سێیەم

## پێشنیاری هاوسەرگیریی

کات (دە)ی بەیانییە، ئێمە لە ماڵەکەی (ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا)یین، کە لەسەر شەقامێکی گەورەیە، لەو ژوورەی کە خاوەن ماڵی بە دیوەخان ناوی دەبات، بەتایبەتی لە رۆژانی میوانداریدا. ( ماریا ژوورێکی تایبەتیشی بۆ خۆڕازاندنەوە هەیە) دیوەخانەکە ئەرزەکەی بەدار فەرشکراوە، بە بۆیەکی جوان رەنگ کراوە، دیوارەکانیش بە کاغەزی نەخشین داپۆشراوە، کەلوپەلی ناو ژوورەکە هێندە کردەیی نیین، زیاتر رەنگی سووریان بەسەر زاڵە، زۆپایەك لە ژوورەکە هەیە، لەسەرووی زۆپاکە ئاوێنەیەك هەیە، لەبەرامبەر ئاوێنەکەش کاتژمێرێکی دیوار هەڵواسراوە، لەسەر کاتژمێرەکەش پەیکەری لکیۆبیدی خواوەندی

ئـــەڤینی هەیـــە، کـــە ســـەلقەیەکی بێـــزراو دەنـــوێنێ... هـــەر بەســـەر دیوارەکەوە دوو تەختەی دیکە هەیە، لەســەر هــەر یەکــەیان کاتــژمێرێك هەیە، لە لادیـوارێکی ژوورەکـە پیانۆیـەك دەبیـنین، وەك ئـەوەی نیـوەی ژوورەکەی داگیرکردبێ ( ئەم پیانۆیە بـە تایبـەتی بـۆ زینـا ئامـادەکراوە، چونکە ئارەزووی مۆسیقای هەیە) لەتەنیشت زۆپاکەوە کۆمەڵێك کورسی بـەنارێکی دانـراوە...لـە ناوەڕاسـتی ژوورەکـە مێزێکـی بچـووك هەیـە، لەبەرامبـەریش مێزێکـی دیکـە هەیـە بـە سەرچـەفێکی سـپی و خـاوێن داپۆشراوە، قۆرییەکی زیوی چا و چەندین پیاڵەی جوان لەسەر مێزەکە دانراوە.

لە ماڵەکەی ماریا، خانمێك دەژی بەناوی ناستاسیا پترۆڤنـا، ئـەم خانمـە خزمایەتیـەکی دووری لەگـەڵ خـاوەن مـاڵ هەیـە، لـەم ماڵـە چایچیـەتی دەکات.

ناستاسـیا، بێـوەژنێکی ئەسمـەرە، تەمـەنی لەسـەرووی سـی ساڵییە، بەشـێك لـە جـوانی پـێ بـڕاوە، زۆر رووخـۆش و روحسـووك و تەنانـەت زۆرزانیشە، گەرموگوڕییەك لە چاوەکانی بـەدی دەکرێـت. ئـەم خاتوونـە زۆر دەڕێسێ و زۆریش قسە لەبارەی خەڵکی دیکـەوە دەکـات– ئەمەشـی بـەلاوە ئاسـاییە– دەشـزانێ چـۆن کاروبـاری خـۆی مەیسـەر بکـات. مێردەکەی ناستاسیا ئەفسەر بوو، دوو کوڕی لەم پیـاوە هەیـە ئێستا لـە قوتابخانەیـەکی نـاوخۆ دەخـوێنن، نـازانین لەکوێیـە، بـەلاَم ناستاسـیا

سەربەخۆ دەژی و بە تەواوی پشت بە خۆی دەبەستیٚ، لە دڵەوەش دەیەویٚ جاریٚکی دیکە شوو بکاتەوە.

ئەوەتا ماریا لە نزیك زۆپاکە دانیشتووە و گوڕاحی خۆشە، کراسیٚکی ئاوریشمی پۆشیوە، کە ڕەنگیٚکی سەوزی کاڵی هەیە، تەواو بە گەیشتنی (میر) خۆشحاڵە، تەنانەت بیر لە شاردنەوەی خۆشحاڵییەکەی ناکاتەوە (میر لە نهۆمی سەرەوە وەك نەریتی خۆی خەریکی خۆڕازاندنەوەیە). لەبەرامبەر ماریا گەنجیٚك دانیشتووە بەسەرهاتیٚك دەگیٚڕیٚتەوە، لە جوڵەی دەست و ئاماژەکانی سیمای دەردەکەویٚت، دەیەویٚ جیٚگای سەرنجی گویٚگرەکانی بیٚت، ئەو گەنجە تەمەنی بیست و پیٚنج ساڵ دەبیٚ، کەسیٚکی سورقڵ، ڕیٚکپۆشە، تاڕادەیەك قۆزە، پیٚشتریش قسەمان لەسەر کردووە، ئەم گەنجە ناوی پاڤیل ئەلکسەندەرۆڤیچ مۆزگلیاکۆفە. مۆزگلیاکۆف ئومیٚدیٚکی زۆری هەیە زینا شووی پیٚ بکات. ماریا پیٚیوایە ئەم گەنجە کەسیٚکی هیچ وپووچ و میٚشك بەتاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا بەجوانی پیٚشوازی لیٚ دەکات. مۆزگلیاکۆف وا خۆی دەردەخات شیٚتانە عاشقی زینایە، بیٚوچان قسە بۆ زینا دەکات، بۆئەوەی زەردەخەنەیەکی ئەو شۆخەی پیٚ ببڕیٚ و ئاسوودە بیٚت، بۆیە بەردەوام بە جۆشەوە قسە دەکات وپەیڤی ناسك دەردەبڕیٚ، بەڵام زینا هیچ کاردانەوەیەکی نییە، بەساردوسڕی پیٚشوازی لیٚ دەکات... ئەوەتا زینا لە تەك پیانۆیەکە وەستاوە لاپەڕەکانی گۆڤاریٚك هەڵ دەداتەوە.

بێگومان زینا لەو جۆرە ئافرەتانە بوو، هەرکە بچنە هۆڵێکەوە تەواوی دەوروبەریان سەرسام دەکەن، تا بڵێی کەڵەگەت، بالاّ زراڤ، ڕەنگ شەڕابی، دوو چاوی ڕەش و گەورە، شۆخ وشەنگ، گەردەنێکی نایاب، شان وقۆڵەکانی بەشێوەیەکە پەیکەرە کۆنەکانمان بیر دەخاتەوە، دووپێی سیحراوی، لار ولەنجەی وەك شازادەکان بوو، تۆزێك ڕەنگ زەرد بوو، بەلاّم ئەمەشیان جوانییەکی دیکەی پێ بەخشیبوو، دوو لێوە سوورەکەی جوانتر دەردەکەوت، کە لە ژێر ئەو لێوانەوە ددانەکانی وەك ریزێك مرواری دەردەکەوتن.

لەڕووخساردا زینا وەك کەسێکی شێلگیر دەردەکەوێ، وا دیارە بەڕێز مۆزگلیاکۆف لەوە دەترسێ سەیری نیگا تیژەکانی زینا بکات، یان بەلایەنی کەمەوە چاوی لەبەر هەڵناهێنێ و هەست بە شڵەژان دەکات. زینا کراسێکی ئاوریشمی سادەی سپی پۆشیوە، بە تەواوی سپی لێ دێ، لەڕاستیدا هەموو شتێکی لێ دێ... لە یەکێك لە پەنجەکانی ئەنگوستیلەیەکی لە دەست کردووە، کە لە(موو)دروستکراوە، شێوەی کەزی هۆنراوەتەوە. کاتێك سەیری قژەکانی دەکەی دەزانی لە قژی دایکی ناچێت، مۆزگلیاکۆف هەرگیز جورئەتی نەکردووە پرسیاری ئەوەی لێ بکات قژی بە کامە ئەندامی خێزانەکەیان دەچێ!

ئەو بەیانییە زینا تەواو بێ دەنگ بوو، هیچ قسەی نەدەکرد، تەنانەت خەمێك سیمای داپۆشیبوو...بە پێچەوانەوە دایکی لەوپەڕی خۆشحاڵی

بوو، زۆر بە ئاگا بوو لەوەی زۆربلێیی نەکات...ناوە ناوە بەگومانـەوە دزە نیگایەکی بۆ کچەکەی دەکرد، وەك ئەوەی لێی بترسێ....

دایکەکــە دەنگــی وەك قــیڕەی مریشــکێك بــوو، کاتێــك قســەی بــۆ مۆزگلیاکۆف دەکرد، وتی:

– مـن هێنـدە دڵخۆشـم تەنانـەت خەریکـە لـە پەنجەرەکـەوە بـە رووی ڕێبواران بقیژێنم.... من قسە لەسەر ئـەو هەلـە جوانـە ناکـەم کـە تـۆ بـە ئێمەت بەخشیوە، پـانزە ڕۆژ زووتـر لـەوەی چاوەڕوانی بـووین هـاتووی، بەڕاستی ئەوەیان مایـەی دڵخۆشـییە، بـەڵام مـن بـە شـێوەیەکی تایبـەت لەوە دڵخۆشم (میر)ت لەگەڵ خۆت هێناوە... ئای کـە دەزانـی مـن چـەند ئەو پیرە پیاوە سیحراوییە دەپەرستم کە باڵایەکی کورتی هەیـە ! .. تـۆ ناتوانی لەمن بگـەی! ئێـوەی گـەنجان لـەو هەسـت و سـۆزانە ناگـەن... دەزانی میر بەر لە شەش ساڵی ڕابردوو بـۆ مـن چـی دەگەیانـد؟... زینـا ئایا تۆ لە بیرتە؟ ئای ! بەڵام ئەو کاتە تۆ لـەلای پـوورت بـووی.. پاڤێـل مۆزگلیاکۆف تۆ باوەڕناکەی، من وەك ڕێبەر وخوشك ودایکـی مـیر بـووم، وەك منداڵێکی بچووك گوێڕایەڵم بوو، پەیوەندی نێوانمان بە ساویلکەیی و خانەدانی و پڕ سۆز بوو، ئەمەش تەنها لە لادێیەکان ڕوودەدا، من وشـەی ئەو تۆ نادۆزمەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لـەو هەسـتەم بکـەم... بۆیـە ئـەم مـیرە بەسـتەزمانە ماڵەکـەمی بـیر هاتۆتـەوە، چـونکە دان بـە وەفـاداری دەنێ! من لەماوەی ئەو شەش ساڵەی ڕابردوو کە میرمان لێ دوور بـووە نەمدەتوانی ڕێگری لە خۆم بکەم هەست بە نیگەرانی و خەم نەکـەم !...

ئایا باوەڕ دەکەی من خەونی پێوە دەبینم؟ ئەوان دەڵێن ئەو جانەوەرە زیندانی کردووە و جادووی لێ کردووە، بەڵام تۆ دواجار توانیت لە جڕنوکی ئەو چەپەڵە نەجاتی بدەی! دەبێت ئەم هەلەش بقۆزینەوە بۆ ئەوەی یەکجاری نەجاتی بدەین....بەڵام دووبارە بۆم بگێڕەوە چۆن توانیت ئەم کارە بکەیت، من هەر لە چرکەساتی یەکەم تەواو پەشۆکاوم، تەنها هێڵەکانم بینیوە، وردەکارییەکانیش بۆ من بەهایان هەیە، من حەز لە وردەکارییەکان دەکەم...لە زۆربەی رووداوە گەورەکان من سەرنجم بۆ لای وردەکارییەکان دەڕوات... دەی هەتا میر لە خۆڕازاندنەوە دەبێتەوە...

- بەڵام من پێشتر باسی هەموو شتێکم بۆ کردی، تەواوی شەو لە سەفەر بووم چاوەکانم لێك نەناوە، پەلە پەلەم بوو تا بەپێی توانا زوو بگەم! ( ئەم قسەیەی دوایی بۆ زینا بوو). دواجار ناچار بووم لە وێستگەی گۆڕینی ئەسپەکان تووشی دەمەقاڵێ بم، دان بەوە دەنێم زۆر تووڕە بووم...بەڵام با واز لەوە بهێنن، بەدوایین ویستگەی گۆڕینی ئەسپەکان گەیشتم لە (ئیگیشیفۆ)، ئەوکاتە شەشی بەیانی بوو، بەڵام ئەوەم بەلاوە گرنگ نەبوو، تەنانەت ئەرکی خۆ گەرمکردنەوەشم نەکێشا، بەڵکو هاوارم کرد" ئەسپێکی دیکەم بۆ بێنن!" وا بزانم هاوسەری سەرۆکی وێستگەکەم ترساند- منداڵێکی شیرەخۆرەی لەباوەش بوو- دەترسم شیرەکەی وشکی کردبێ...

مۆزگلیاکۆف ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، هەناسەی هەڵکێشا و دەستی پێکردەوە:

– هەلاّتنی خۆر زۆر نایاب بوو، دەزانی ئەو کرێوە بەفرانەی کە رەنگی شێوە پەمەیی یان رەنگی زیوی دەدەن، بەلاّم من هیچ بایەخێکم بەو شتانە نەدەدا، ئەوەندەی توانیم پەلەم کرد، ئەسپێکم لەلای بەرێوەبەری قوتابخانەیەك وەرگرت، دوای ئەوەی خەریك بوو شەرە شمشێری لەگەڵ بکەم. پێیانگوتم نیو کاتژمێری رابردوو، میرێك بە گالیسکەیەك بەو وێستگەیە تێپەریوە و شەوی لەوێ بەسەربردووە....هەرکە بیستم خۆم هەڵدایە ناو گالیسکەکە و قوچاندم، هەر وەك زیندانییەك کە لە زیندان رادەکات.. ئێمە هەڵوێستێکی هاوشێوەی ئەمە لە یەکێك لە چامەکانی شاعیری روسی (فیت) دەدۆزینەوە، بەلاّم من هیچ نەگەیشتبوومە سێ کیلۆمەترێك دوور لە شار، چاوم بەشتێکی سەیر کەوت، یەکێك لە گالیسکەکان بەسەر لایەکدا کەوتووە، لێخوڕی گالیسکەکە و دوو خزمەتکاری دیکە لە تەك گالیسکەکە وەستابوون، زۆر پەشۆکاوبوون، لەناو گالیسکەکە هاوارێکی جەرگبڕ بەرز دەبۆوە...دەمتوانی وازیان لێ بهێنم و بڕۆم، بەلاّم مرۆڤایەتی بەسەرم زاڵ بوو، وەك (هنری هاینی)ی شاعیر دەڵێ" مرۆڤایەتی خۆی لە هەموو شتێك هەڵدەقورتێنێ".

کەواتە نەڕۆیشتم، من و خزمەتکارەکەم و پیاوێکی دیکەی رووسی، چووینە لای گالیسکەکە، هەر شەشمان بەرزمان کردەوە، هەندێك جووتیار بەرەو شار دەچوون دەستباریان کردین، منیش بەخشیشێکی چەورم پێدان، لەگەڵ خۆم دەمگوت" وا دەردەکەوێت ئەمە ئەو میرەیە کە شەو لە وێستگەکە ماوەتەوە" کاتێك سەیرم کرد... ئەی خودایە ئەمە میر گابرێلە ! ئەی لەو رێکەوتە !...هاوارم کرد" ئەی مامی بچووکم". لەسەیرکردنی یەکەم منی نەناسیەوە، جا بە تەواوی نازانم تا ئێستا منی ناسیوەتەوە یان نا، من باوەڕم وایە زۆر کەم خزمایەتی نێوانمانی بیر دەکەوێتەوە، بۆ یەکەمجار ئەوم لە شاری پترۆسبۆرگ بینیوە، ئەمە بەر لە حەوت ساڵ بوو، ئەو کات مێرمندالێك بووم، بەلام بە تەواوی وەبیرم دێ، ئایا ئەو دەتوانێ منی بیر بکەوێتەوە ؟... خۆم پێ ناساند، زۆر دڵخۆش بوو، ماچی کردم، دواتر لە ترسان دەلەرزی و هێندەی نەبرد دەستی بەگریان کرد... ئەی خودایە ! من بەم دوو چاوانەی خۆم بینیم دەگریا !

هەندێك قسەمان بەیەکەوە کرد، پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد، لەگەڵم بێتە مۆرداسۆف بۆ ئەوەی هەندێك پشوو بدات، تەنانەت ئەگەر بۆ رۆژێکیش بێت، بێ دوودڵی پێشنیارەکەی منی قبوڵکرد، بەمنی وت ئەو بە نیاز بوو بەرەو شارەکەی خۆی بچێ کە ناوی سفیتۆزیسکایە، بۆ ئەوەی قەشە میشێل بەسەر بکاتەوە کە رێزێکی زۆری لێ دەگرێت. دواتر ئەم ستێپاندیا ماتیڤێڤنا کێیە؟ ئێمەی خزمانی میر کەسێك بەو ناوە

ئاناسین؟ هەر ئەو بوو ساڵی رابردوو منی لە دۆخۆنافۆ بە کەسك راونا، ئەو ژنە نامەیەکی پێگەیشتووە دەبێت، بەرەو مۆسکۆ بچێ، چونکە یەکێك لەئەندامەکانی خێزانەکەی مردووە، یان باوکیەتی یانیش کچەکەیەتی، پێویستم بەوە نییە بزانم، لەوانەیە هەردووکیان بێ، لەگەڵئەوەش یەکێك لەخوشکەزاکانی مردووە، کە کورێکی گەنجە فەرمانبەری گومرگی (مەی)یە. جا ئەو دەبووایە دە رۆژێك میرەکەی جێبهێڵێ و بە پەلە بگاتە پایتەخت... بەمشێوەیە میر تەنها ماوەتەوە، رۆژێك دووان بێ ئەوەی بجوڵێتەوە، باروکەکەی تاقی دەکاتەوە، بۆن و بەرام بەکاردەهێنێ، قژی شانە دەکات، بەتەنیا یاری کاغەز دەکات، بە کورتییەکەی دواتر بەرگەی تەنیایی ناگرێت، ئەو کاتە فرمان دەکات ئەسپ وگالیسکەکەی بۆ ئامادە بکەن، جا بەرەو سڤیتۆزیسکا دەکەوێتەرێ، یەکێك لە پیاوەکانی تارمایی ستێپاندیای لەسەر دەبێ، دەیەوێ رێگری لە سەفەرەکەی میر بکات، بەڵام میر پیاوێکی کەلەرەقە، بۆیە دوێنێ دوای سەر لە ئێوارە دەڕوات وشەو لە ئیگیشیڤۆ دەمێنێتەوە، بەیانی زوو وێستگەکە بەجێدەهێڵێ، لەبەر رێگاکە خۆی و گالیسکەکەی دەکەونە چاڵێکەوە، منیش نەجاتم دا و رازیم کرد بێتە لای دۆستە هاوبەشەکەمان (ماریا ئەلیکسەندەرۆفنا)ی بەرێز. بەمنی وت تۆ میهرەبانترین ئافرەتی لە ژیاندا بینیویەتی..ئەوەتا ئێمە لێرەین خاتوونەکەم. میر ئێستا جوانکارەکەی تەواو دەکات، خزمەتکارە تایبەتەکەی لەگەڵە، کە بەردەوام لەگەڵییەتی هەرگیز لێی جودا نابێتەوە. میر بەلایەوە باشترە بمرێ نەوەك بێ جوانکارییەکانی بچێتە

لای خاتوونێکەوە. ئەمە تەواوی چیرۆکەکەیە... بەڕاستی چیرۆکێکی نایابە!

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا وتی:

– چ حیکایەتخوانێکی! ئای لەم بەسەرهاتە؟ ئەی وانییە زینا؟ پاڤێل گوێ بگرە دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم: خزمایەتی تۆ لەگەڵ میر چییە؟ تۆ بە مامە بانگی دەکەی...

پاڤێل وتی:

– ئەی خوادیە! ... خۆشم نازانم خزمایەتی من لەگەڵ ئەو چۆنە! لەوانەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو خزمایەتییە، پێویستمان بەوە بێت، بۆ سەد پشتی باپیران بە درەختی خێزاندا سەرکەوین... بەڵام من پێی دەڵێم مامی بچووک ئەویش منی خۆش دەوێ– تا ئەمڕۆ– خزمایەتیمان هەر ئەوەندەیە...

– خودا ئەوەی لە دڵ نابووی میر بهێنیە لای من، ناتوانم نەلەرزم کاتێك بیر لەوە بکەمەوە ئەگەر دەچووە ماڵێکی دیکە چی دەبوو. لەوانەیە هەڵیان دەلووشی... لە دەوری دەکەوتنە هەڵپە وەك چۆن گەنجینەیەك یان کانگایەکیان دۆزیبێتەوە، لەوانەش بوو جانتاکانی ئەویان تاڵان

بکردبووایە، تۆ ناتوانی وێنای ئەوە بکەی چ دەروونێکی چاوبرسی و فیلباز و چەپەڵ لە مۆرداسۆف هەیە.

– ئای ! ئەی خودایە ! پیاو بۆ کوێ دەچێ ماڵی تۆ نەبێ. !

ناستاسیا پترۆڤنا بە پێشکەشکردنی چای قسەکانی ماریای بڕی و وتی:

– ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا چی دەبوو، ئەگەر ئەو لە شوێنێکی دیکە میوان بووایە، بە تایبەتی لای ئانا نیکۆلیڤنا؟

ماریا بێ ئۆقرە هەڵسایەوە و وتی:

– تۆ ئاسمان! بۆ ئەو ماوە درێژە بە وەستاوی دەمێنێتەوە؟ بەڕاستی ئەمە سەیرە !

پاڤێل وەڵامی دایەوە و وتی:

– مەبەستت مامی بچووکە؟ ئەو هێشتا پێنج کاتژمێری لە پێش ماوە ! لەلایەکی دیکەشەوە، تۆ دەزانی ئەو یادەوەریی نەماوە، ئەگەری زۆرە ئەوەی لەبیر کردبێ میوانی تۆیە.. خاتوونەکەم ئەو پیاوێکی ئاسایی نییە ! ئای ئەگەر دەزانی !

ماریا بە تامەزۆیی وتی:

– چی بزانم؟ دەتەوێ چی بڵێی؟

– ماریا لە ڕاستیدا، میر پیاوێك وەك ئامێر وایە، تۆ شەش ساڵە ئەوت نەبینیوە، بەڵام من بەتەواوی دەزانم...ئەو پاشماوەی مرۆڤە، یادەوەری پیاوێکە خەڵك بیریان چووە بینێژن، چاوی لە شووشە و قاچێکی لە تەپەدۆر و هەموو تێل و قورمیشە، تەنانەت دەنگیشی دەستکردە.

ماریا دەنگی بەرز کردەوە و هەستی بە شەرمەزاریی کرد و وتی:

– ئەی خودایە! ئای پاڤێل تۆ کەسێکی سەرەڕۆیی!. ئایا شەرم ناکەی بەم شێوەیە قسە لەسەر پیرە پیاوێك دەکەی کە خزمی خۆتە؟ بە لایەنی کەمەوە ئەو چاکیانەی لەبیر مەکە کە سنووری نییە...ئەوەشت لەبیر بێت ئەو پاشماوەی ئەرستۆکراتیەتی ئێمەیە!....ئەی هاوڕێ.. ئەو بیرکردنەوە بەرزەفڕانەی تۆ لەو بۆچوونە نوێیانە وەرگیراوە کە هەمیشە تۆ قسەیان لەسەر دەکەی.. ئەی خودایە! من لەگەڵ بەشێك لە بۆچوونەکانتم دەزانم لەسەر چ بنەمایەکی خانەدانی و شەڕەفمەندانە بۆچوونەکانت گەڵاڵە دەکەیت، دەزانی لەپشت ئەم بۆچوونانەوە شتێکی بەرز و مەزن هەیە، بەڵام ناتوانم ڕێگری لە خۆم بکەم، بۆ ئەوەی سەیری لایەنی کردەیی نەکەم. من لەو جیهانە ژیاوم من چاکتر لە تۆ کە هێشتا گەنجی خەڵك و شتەکان دەناسم.. لەوانەیە بۆ تۆ ئەم پیاوە مایەی گاڵتەجاڕیی بێ بەهۆی تەمەنەکەییەوە.. ماوەیەکیش لەمەوبەر تۆ دەتگوت کۆیلەکانم ئازاد دەکەم، گوایە دەبێ مرۆڤ لەسەردەمی خۆی بژی. بێگومان

تۆ ئەو کارانە دەکەی چونکە لێرە و لەوێ شتێکت خوێندۆتـەوە، یان نووسینەکانی شکسپیرت خوێندۆتەوە !... پاڤێل باوەڕم پـێ بکە، ئەم شکسپیرە ماوەیەکی زۆرە مردووە، ئەگەر ئێستا لەگۆڕ زیندوو بێتەوە شتێك لە ژیانی نوێ تێناگات هەرچەندە بلیمـەت بێ: ئەرستۆکراتیەتی ئێمە تاکە شتێکی مەزنـە کە سوارچاکی ئەو کۆمەڵگایە نوێیەی ئێمە لەخۆ دەگرێت، بۆیـە مـیر بـەردەوام وەك میرێك دەمێنێتەوە ئەگەر لە کۆخێکیش بژی، دەزانـیٚ چـۆن بیکاتــە کۆشــك، کەچـی مێردەکـەی ناتالیــا دیمتریڤنــا، کــە کۆشکێکی بۆ خـۆی دروسـت کـردووە، هەمیشـە وەك هاوسـەری ناتالیــا دیمتریڤنــا دەمێنێتــەوە، شــتێك لەمــە زیــاتر نابێــت.. ناتالیاش هەر شتێك بکات هەر ناتالیا دیمتریڤنا دەبێـت... تـۆش پــاڤێلی ئــازیزم، تــۆش ســەر بــە ئەرســتۆکراتیەتی، لــەوێوە پەیــدابووی، منــیش بــوێریی ئــەوەم هەیــە خــۆم لــە چــینی ئەرستۆکراتی هــەژمار بکـەم... باشـە ! قوڕبەسـەر ئـەو کـوڕەی گاڵتە بە باب و باپیرانی دەکات... لەلایـەکی دیکـەوە تـۆ لەگـەڵم کۆك دەبی کە زوو دەستبەرداری ئـەو شکسپیرە دەبیـت، وەلای دەنێی، من پێشبینی ئەوە دەکەم... مـن گومـانم لـەوە نییـە تـۆ کەسـێکی دڵســۆز نییــت، بــەڵکو وا تــۆ ئەوکاتــە وەهــا خــۆت دەردەخـەی... ئـای ! بـەڵام مـن زۆرم ڕێسـت !... پاڤێـل گیـان لێرە چاوەڕێم بکـە، مـن دەچـم سـۆراخی مـیر دەکـەم، لەوانەیـە پێویستی بە شتێك بێت، تۆ خزمەتکارەکانی من دەناسی !

ماریـا ئەلكسـەندەڕۆڤنا لـە دیوەخانەكـە چـووە دەرەوە. ئـەو كاتـە ناستاسیا پترۆڤنا وتی:

– وا دەردەكەوێ ماریا زۆر دڵخۆش بێ، چونكە مـیر میـوانی ئانا نیكۆلیڤنای شۆخ و شەنگ نەبووە، لەگەڵئەوەشدا ئانا خـۆی بـە كەسێكی نزیكی میر دەزانێ، لەوانەیـە ئێسـتا لـە توڕییـان شـەق بەرێ. !

بەڵام ناستاسیا تێبینی ئەوەی كرد كەس وەڵامی نەدایەوە، سەیری زینـا و مۆزگلیـاكۆفی كـرد، بۆیـە زانـی، بـوونی ئـەو لـە ژوورەكـە نیگـەرانییان دەكات، وەك ئەوەی بە دوای شـتێك بگـەڕێ لەژوورەكـە چـووە دەرەوە، بەڵام دوور نەكەوتەوە، بەڵكو لەپشـت دەرگاكـەوە وەسـتابوو بـۆ ئـەوەی گوێی لە قسەوباسی ئەوان بێت!

هەر زوو پاڤێل لە زینا نزیك بۆوە، هەڵچوو بـوو، دەنگـی شـێوا بـوو، بـە شەرم و بە زمانی پاڕانەوە وتی:

– زینا تۆ لەمن توڕەی ؟

زینا بـە چاوە جوانـەكانی سـەیری كـرد و كوڵمـەكانی سـوور هەڵگـەڕا و وتی:

– لە تۆ توڕەم ! بۆچی؟

- چونکە من بەر لە کاتی دیارکراو گەیشتم، من دەمتوانی بۆ پانزە ڕۆژی دیکە بەرگەی چاوەڕوانی بگرم، خەونم بە تۆ دەبینی! هاتووم بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆم بزانم، بەڵام تۆ نێوچەوانت گرژ کردووە، زینا تۆ لە من توڕەی؟ ئایا ناکرێ ئەمڕۆ شتێکی یەکلاکەرەوە بزانم؟

لەراستیدا زینا دڵتەنگ بوو، بەدەنگێکی گڕ، کە لە ئاوازەکەی توڕەیی دەردەکەوت، چاوی دانەواند و وتی:

- هەستم بەوە دەکرد، تۆ قسە لەسەر ئەمە دەکەی! ئەم هەستەش بۆ من زۆر ئازاربەخش بوو، بە بڕوای من هەرچی زووە گومان لە بابەتەکان نەمێنێ باشترە. تۆ پێداگریی دەکەی.. تۆ داوای وەڵام دەکەی، ئەی وانییە؟ باشە با بەدڵی تۆ بێ، وەڵامی من هەر وەك پێشترە، چاوەڕوان بە منیش هەر ئەوە دووبارە دەکەمەوە، من هێشتا لەو بارەیەوە بڕیارم نەداوە، ناشتوانم بەڵێنی ئەوەت پێ بدەم کە شوو بە تۆ بکەم... پاڤێل مرۆڤ بەو پێداگرییە شتێکی دەستناکەوێ.. بۆ ئەوەی دڵنیاش بیت، من بە تەواوی تۆ ڕەت ناکەمەوە، تێبینی ئەوە بکە من دەرفەتی ئەوەت پێدەدەم بڕیارێك لە بەرژوەندی خۆت بدەی. ئەم کارەش وەك بەزەیی هاتنەوە دەکەم بۆ ئەوەی نیگەرانیەکانت کەم بێتەوە. دووبارەی دەکەمەوە من دەمەوێ بەوپەڕی سەربەستی بڕیاری خۆم بدەم، ئەگەر هاتوو بڕیارەکە بەوە کۆتایی هات تۆ ڕەت بکەمەوە، ئەوا نابێت تۆ بەوە

تاوانبارم بکەی گوایە من هیوایەکی زۆری تۆم لەناوبردووە.. بەچاکی لەمە بگە!

پاڤێل هاواری کرد و بە دەنگێك کە هێشتا پاڕانەوەی لێ بەدی دەکرا:

– بەلاَم چی ؟ کەواتە چی ؟ ئایا ئەمە هیوایەکە؟ زینا، ئایا دەتوانم هیوایەك بەم قسانەی تۆ بونیاد بنێم؟

– قسەکەی منت لەبیر بێت، جا بەخواستی خۆت شتی لێ دروست بکە، تۆ تەواو سەربەستی، من شتێکی دیکە لەوە زیاتر ناکەم، من رەتت ناکەمەوە، بەلکو دەلێم تەنها چاوەڕوان بە! مافی ئەوەش بۆ خۆم دەپارێزم رەتت بکەمەوە ئەگەر بە پێویستم زانی... پاڤێل سەرنجی ئەوەش بدە تۆ زووتر هاتووی بۆ ئەوەی پێچ وپەنا بکەی، بە هیوای ئەوەی دەسەلاَتی کەسێکی دیکە بەکاربهێنی– بۆ نموونە دایکم– ئەوا تۆ مەزندەکەت هەلەیە... ئەگەر بابەتەکە بەمشێوەیە بێت ئەوا من هەر ئێستا بەیەکجاریی رەتت دەکەمەوە... لەمە دەگەی؟ ئێستاش تکا دەکەم وازبهێنی! یەك وشەی دیکە لەبارەی ئەو بابەتە مەدرکێنە، تا ئەو کاتەی من خۆم قسەی لەسەر دەکەم.

زینا هەموو ئەو قسانەی بە زمانێکی وشك و یەکلاکەرەوە دەکرد، بێ دوودلی، وەك ئەوەی پێشتر لەسەر دلی ئەزبەر کردبێ، بۆیە پاڤێل هەستی بە بارقورسی کۆستەکە دەکرد و دوو هێندە هەستی بە شەرم

دەکرد. لەو ساتەدا ماریا هاتە ژوورەوە، بەدوای ئەمیش مەدام زیابلۆڤا (ناستاسیا بترۆڤنا) هاتە ژوورەوە.

ماریا وتی:

زینا، خەریکە ئەو دێتە خوارەوە (مەبەستی میرە) من باوەڕم وایە هەر ئێستا دادەبەزێ!

ئاوڕی لە ناستاسیا دایەوە و وتی:

– ناستاسیا پترۆڤنا زووکە چایەکە ئامادە بکە!

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا بە تەواوی شڵەژابوو!

ناستاسیا بەرەو قۆری چایەکە رۆیشت و دەیووت:

– ئانا نیکۆلیڤنا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەوتۆتە خۆ، ئەنیوتکای خزمەتکاری هاتبوو بۆئەوەی زانیاری لە خزمەتکارەکانەوە وەربگرێت، ئای هەست بە چ تورەییەکی توند دەکات!.. ماریا بە موکڕی و بێئەوەی سەیری بکات وتی:

– ئەمەم بەلاوە گرنگ نییە! ...من هەرگیز بایەخ بەوە نادەم ئانا بیر لەچی دەکاتەوە، من لەخۆم دڵنیام کەسێك نانێرم قسە لە دەمی خزمەتکارەکانی ئەو وەربگرێت، سەرەڕای ئەمەش زۆر سەرم سوڕماوە

لەوەی خەڵك من بە نەیاری ئەو ئافرەتە بەستەزمانە دەزانن... ! ئەمە تێڕوانینی هەموو خەڵکی مۆرداسۆڤە ! پاڤێل ئەی بۆچوونی تۆ چییە؟ هەر یەکەمان ئەویتر دەناسیێ، بۆچی من دوژمنی ئەو بم؟ ئایا ئەم ململانێی سەپاندنی دەسەڵاتە بەسەر شارەکە؟ من بایەخ بەو بابەتانە نادەم.. ئەگەر ئەو خانمی یەکەمی مۆرداسۆف بێت، دەچم لەسەر ئەوە ڕیسوای دەکەم، دواجار ئەمە ستەمێکە، من دەمەوێ بەرگری لێ بکەم، ئەمە ئەرکی منە... بۆ دەبێ تۆمەتی بۆ دروست بکەم؟ بۆچی هەر شتێك ڕوودات بیخەینە سەر ئەو؟ ئەو گەنجە حەزی لە خۆ ڕازاندنەوەیە، ئایا ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی تۆمەتباری بکەین؟... من لەلای خۆمەوە پێموایە چاکترە ژن حەزی لە خۆڕازاندنەوە بێت نەوەك حەزی لەو بابەتانە بێت کە ناتالیا دیمتریڤنا زۆر پێیانەوە سەرسام دەبێت. ئەمانە کۆمەڵێك بابەتن مرۆڤ ناتوانێ ناویان بهێنێ! ئایا تۆمەتبارکردنی لەلایەن خەڵکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆر حەزی لە سەردانە و ناتوانێ لە ماڵەکەی بمێنێتەوە؟ بەڵام ئەی خودای من ئەو تۆزێك فێری خوێندەواری نەبووە، بەلایەوە ئەستەمە بتوانێ کتێبێك بکاتەوە، دە خولەك بەسەر یەکەوە خۆی بە خوێندنەوەی سەرقاڵ بکات. ئەو خۆی زۆر دەردەخات، چاولەدەرە، لە پەنجەرەکەوە سەیری ڕێبواران دەکات، سەرەڕای ئەوەش... بۆچی خەڵك وەها قسەی لەسەر دەکەن گوایە خاوەن جوانییەکی سەرنجڕاکێش بێت؟... ئەو تا ئاستێکی ترسناك ڕەنگ زەردە، وەك دەبەنگێك سەما دەکات مایەی گاڵتەپێکردنە، بۆچی خەڵك دەڵێن بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەمای بۆلکا دەکات؟ ئەو کڵاوی

سەیر وسەمەرە لەسەر دەکات، بەلاّم خەتای ئەوە کاتێك سەلیقەیەکی جوانی نییە؟ ئەو ژنە کەسێکی خۆشباوەڕە . کەسێك پێی بلّێ کارێکی باش دەکات، ئەگەر کاغەزی پێچانەوەی شیرینی لەسەری دابنێ، ئەوا بێگومان ئەو کارە دەکات... حەزیش دەکات قسە لەسەر کەسانی دیکە بکات، دەیەوێ هەواڵی خەڵکی دیکە بزانێ، بەلاّم هەموو کەسێك لەشارەکەمانەوە ئەو کارە دەکات، بەرێز سوشیلۆڤ بە قسە قەبە وگەورەکانی لە بەیانییەوە تا ئێوارە لەلای دەمێنێتەوە. وا بزانم لە ئێوارەشەوە تا بەیانی لەلای دەمێنێتەوە... ئای ! ئەی خودای من! بۆ مێردەکەی تا پێنجی بەیانی یاری کاغەز دەکات؟ زۆر نموونەی دیکەی درێو لەم شارەمان هەیە ! لەلایەکی دیکەوە لەوانەیە ئەمانە هەموو تۆمەت وبوختان بێت... بە کورتییەکەی من هەمیشە پارێزگاری لێ دەکەم... هەمیشە.. ئەی خودا ئەوە میر هات... ئەوە خۆیەتی! خۆیەتی! من دەنگی پێیەکانی دەناسم، دەتوانم لە نێو هەزاران کەس جیای بکەمەوە.. دواجار ئەوەتا میری خۆم دەبینم!

# بەشی چوارەم

## لاشەیەكی جولاو

تۆ لە یەكەم تێڕوانین ناتوانی میر بە پیاوێكی بەساڵاچوو بزانی، بەڵكو كاتێك لێی وردبییەوە دەزانی ئەو لاشەیەكە چەندین دوگمە و و قورمیش دەیجولێنیێ، چەندین فێڵی هونەریی و پیشەسازیی بەكارهاتووە بۆ ئەوەی ئەو مۆمیایە بكاتەوە بە مرۆڤێكی هەرزەكار. میر قژێكی دەستكرد لەسەر دەكا، لەگەڵ كڵاوێكی ئیسپانی رەنگ تۆخ كە نیوەی دەموچاوی دادەپۆشیێ، كوڵمەكانی زۆر شارەزایانە رەنگ كراوە، هیچ چرچ و لۆچێك لە دەموچاوی نییە... كوا چرچ و لۆچی؟ نوێترین جلوبەرگی پۆشیوە لەو جۆرانەی كە بەرگدرووەكان بۆ نمایشكردن بە كاری دەهێنن، ئێستا ئەو پێداویستیەكانی خۆڕازاندنەوەی میوانداری بەكارهێناوە، تەواو رێكپۆشە، بە تایبەتی لە میوانداری بەیانیان،

هەروەها پەنجەکێش و بۆینباغ و چاکاتێکی سپی و سادەی پۆشیوە کە نیشانەی زەوقێکی بەرزە.

میر مەی دەنۆشیّ، بەلاّم بە بڕێکی زۆر کەم... لەوە دەچیّ مەینۆشین لەلای ئەو مۆدیلێك بێت.. مۆنۆکلێك لەچاو دەکات، بە تایبەت لەچاوە شووشەکەی، هەموو گیانی لە بۆن و بەرام نقوم کردووە، کاتێك قسە دەکات، بە پچڕ پچڕی وشەکان دەردەبڕیّ، لەوانەیە ئەمە بەهۆی بەساڵاچوونی بێت، یان بەهۆی ددانە تاخمەکەی بێت، هەر بۆیە پیتی ( a) لاواز دەکاتەوە. خەمساردییەك بە میرەوە دیارە، ئەمەش پاشماوەی ئەوەیە ژیانێکی خۆشبەختانە ژیاوە... ئەو بەتەواوی عەقڵی لە دەست نەداوە، بەلاّم بەلایەنی کەمەوە هیچ یادەوەرییەکی نەماوە، لە هەر چرکەساتێك شت لە بیر دەکات، هورێنە دەکات، یان زمانی دەگیریّ، بۆیە پێویست دەکات مرۆڤ زۆر وریا بیّ بۆ ئەوەی بتوانیّ لە گفتوگۆکردن لەگەڵی بەردەوام بێت، بەلاّم ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا، بە تەواوی هێزی خۆی دەناسیّ و متمانەی بە خۆی هەیە. وەك روونە بینینی میر، ماریای خستۆتە جۆش و خرۆشەوە...

ماریا بە هەردوو دەستی میوانەکەی گرت و لەسەر کورسییەکی راحەتنشین، دایینا، ماریا وتی:

– تۆ هەرگیز نەگۆڕاوی، هەرگیز ناگۆڕێی! دانیشە، دانیشە ئەی میر... شەش ساڵ! شەش ساڵی تەواو بێئەوەی چاوت بە ئێمە

بکەویٚ، یان نامەیەك، تەنانەت دێڕێکیشت بۆ ئێمە نەنووسیوە! ئای میر چەند ناهەقییت دەرهەق بە من کردووە، زۆر دڵشکاوم لە تۆ، ئەی میری ئازیزم! بەڵام کوا چای... چا! ناستاسیا پترۆڤنا، چای ئامادە بکە!.

میر بە نقەنق وتی:

– س... س... سوپاس... من .... س ..سوپاسگوزارم.

دواتر تاکە چاوەکەی بە ژوورەکە گێڕا و وتی:

– هـ....هـ.... هەڵەی! بزانە من... د...دەمویست بۆ ێ...ێرە بێم، بەڵام منیان ترساند... وتیان... ك...ك.. کۆلێرا لەلای ئێوە بڵاوبۆتەوە.

ماریا وتی:

– نەخێر میر کولێرا لەلای ئێمە بڵاو نەبۆتەوە.

مۆزگلیاکۆف ویستی خۆی دەربخات و وتی:

– بەڵکو لێرە نەخۆشی سینگ هەبوو، ئەی مامی بچووکم...

ماریا بە تورەیی سەیری مۆزگلیاکۆفی کرد...

میر وتی:

– پ...پەتا... بەڵی شتێکی لەمجۆرە، کەواتە لەوێ مامەوە، بۆ ئێرە نەهاتم... تۆ ... ئا..ئا..زیزم ماریا، هێشتا مێردەکەت لە بواری دادوەری کار دەکات؟

ماریا گوتی : نەخێر

– نەخێر میر، مێردم لە دادگا کار ناکات.

مۆزگلیاکۆف وریا بووەوە و وتی :

– گرەوت لەگەڵ دەکەم، مامی بچووکم، تۆ و ئانا نیکۆلێڤنا لەیەکتر جیاناکاتەوە !

بەڵام هەر زوو لێوەکانی خۆی گەست کاتێك تێبینی کرد ئەم قسەیەی کاریگەری باشی لەدڵی ماریا نابێ!

میر بە دڵنیاییەوە وتی:

– هەڵبەتە... هەڵبەتە... ئەوەیان ئانا نیکۆلیڤنایە.. ج ..ج.... جا من هەردەم بیرم دەچێتەوە... باشە ! ئەنتیبۆڤا... بە دروستی ئەن....تیبۆڤا..

ماریا زەردەخەنەیەکی تاڵی لەسەر لێوانەوە بوو:

– نەخێر ئەی میر... تۆ هەڵەی... من ئانا نیکۆلێڤنا نیم، دان بەوە دەنێم ئەوەم لەخەیاڵ نەبووە تۆ منت لەبیر بچێتەوە ... ئەی میر تۆ سەرسامم دەکەی، من دۆستە کۆنەکەی تۆم ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا.. ئایا بیرت دەکەوێتەوە ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا !.

– ماریا ئەلك...س... سەندەرۆڤنا..! باوەڕ بکە ! من وامزانی تۆ ئانا فاسیلیڤنای... ئەمە شتێکی بەچێژە !... کەواتە من میوانی... مۆزگلیاکۆفی هاوڕێم من لەو باوەڕە بووم تۆ من دەبەیتە ماڵی ئانا ! ئەمە... شتێکی جوانە !... بەهەرحاڵ... زۆرجار لەبری ئەوە بچمە شوێنێك، ڕێگەم دەکەوێتە شوێنێکی دیکە.. بە شێوەیەکی گشتی من د...د.... دڵشادم... هەر چۆنێك بێت... کەواتە تۆ ناستاسیا فاسلییڤنا نیت؟ ئەمە بەزمێکی خۆشە.

بە تکاکردنەوە ماریا وتی:

– من ماریا ئەلکسەندەرۆڤنام ! ئەی میر! ماریااا..... ئەلك سەندەرررۆڤنا ! ئای ! ئەمە چەند ئازاربەخشە ! تۆ چاکترین هاوڕێت لەبیر کردووە !..

میر سەیری زینای دەکرد و وتی:

– بێگومان... تۆ چاکترین دۆستی منی ! بببورە.! ب.... ببورە !

– ئەمە "زینا" ی کچمە... ئەی میر هێشتا تۆ نەتناسیوە. ئەو لە دوایین سەردانت لێرە نەبوو... ئایا لەبیرتە؟

بە منگەمنکەوە، بە پەرۆشەوە سەیری زینای دەکرد و وتی:

– کچەکەت ! زۆر شۆخە.. شۆخە !

هەناسەیەکی هەڵکیشا و بە هەڵچوونێکەوە وتی:

– بەڵام.... ئەی لەو جوانییە !

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا، سەرنجی پیرە پیاوەکەی بۆ منداڵێکی خزمەتکار ڕادەکێشا کە لە نزیکەوە وەستا بوو، سینیەکی بە دەستەوە بوو:

– میر چایەکەت وەربگرە !...

میر پیاڵەیەك چای هەڵگرت و دیقەتی منداڵە کوڵمە سوورەکەی دا، دواتر ڕووی قسەکانی کردە خاوەن ماڵ:

– ئی.. ئی.. ئەوە کوڕەکەی تۆیە؟ زۆر ج...ج.. جوانە !.. لەوانەیە... هەڵسوکەوتیشی جوان بێت.

ماریا بە خێرایی دەستی بە قسەکردن کردەوە و وتی:

- بەڵام.. میر بەسەرهاتی ڕووداوێکی دڵتەزێنیان بۆ گێڕامەوە کە تووشی تۆ بووە، تۆ کەوتویتە چاڵێکەوە ئایا هەستت بە ئازار کرد؟.... پێویستە مرۆڤ خۆی تووشی ئەو سەرکێشیانە نەکات!...

میر بە هەڵچوونێکی سەیرەوە هاواری کرد:

- گالیسکەکە وەرگەڕا! گالیسکەکە وەرگەڕا! لێخوری گالیسکەکە (عەرەبانچییەکە) گالیسکەکەی وەرگێڕا، منیش لەناو گالیسکەکە بووم، وام هەست دەکرد کۆتایی جیهانە یان ش..ش.. شتێکی لەم شێوەیە... پیاوە پیرۆزەکان داوای لێخۆشبوونم بۆ بکەن... من هەستم بە ت..ت..ترس کرد. بە ڕۆژی ڕووناک ئەستێرەم بینی... من چ..چ.. چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد! هەموو بەهۆی ئەو ڤیۆڤیلی عەرەبانچییەوە بوو، کە لەلای من کار دەکات. من ئاگاداری ئەو ش....ش..شتانە نیم، ئەی مۆزگلیاکۆفی هاوڕێم ، تۆ بەدواداچوون بۆ ئەم ڕووداوە بکە... م...م..من دڵنیام ویستویەتی ژیانی من لەناوبەرێ!

پاڤێل وەڵامی دایەوە و وتی:

- باشە .. باشە.. هەموو کارێك دەکەم... بەڵام.. تەنها گوێ لەمن بگرە، چۆنە ئەمجارە ئەگەر لێی خۆش بیت؟

میر وتی:

– نــەخێر.... هــەرگیز....م..م..ن دڵنیــام ویســتویەتی ژیــانم لەناوببات، لاڤێرنتیشی لەگەڵ بووە، کـە ماوەیـەك پـێش ئێستا دەستبەرداری بووم... وێنای ئـەوە بکـە ئـەو هـەواداری هەنـدێك بیرکردنــەوەی نوێییــە، کــە بیرکردنــەوەی نێگــەتیڤن! ئــەو سۆسیالیســتێکی تونـدڕەوە بەتـەواوی مانـای وشـەکە، مـن روو بەڕوو نایبینم، چونکە هەست بە نیگەرانی و ترس دەکەم.

مۆزگلیاکۆف وتی:

– ئای میرەکەم ئەمە هەقیقـەتێکی چـەند تاڵـە! بـاوەڕ ناکـەی مـن چەند بەدەست ئەو شەڕانگێزانەوە دەناڵێنم! ناچـار بـووم دووان لە خزمەتکارەکانم بگۆڕم. ئەو جۆرە کەسانە زۆر دەبەنگن، پیـاو دەبێت لەبەیانییەوە تا ئێوارە سەرزەنشتیان بکات!

مـیر بـە خۆشـحاڵییەوە وەك هـەر پـیرە پیاوێـك کـە دەزانـێ، ئـەوانیتر بەرێزەوە گوێ بۆ هەڵەشەکانی دەگرن، وتی:

– هەڵبەتــە! هەڵبەتــە! مـن حەزدەکـەم خزمـەتکار تۆزێـك گەمـژە بێـت، تەنانـەت لەهەنـدێك بارودۆخـدا د... د...دەبـەنگی لەگـەڵ دڵسۆزیی خەسڵەتێکی بنەڕەتییە بۆ خزمـەتکار، ئەمـەش تۆزێـك هەییەت و م.....م..ماقوڵی پێ دەدا. ئەمـە جێگـای ڕەزامەنـدی

منە. من یەکەم داوام لەو خزمەتکارەکەم ئەوەیە رازیم بکات... د...دواتر تۆ دەبینی (تیرلنتی) م هەیە، ئایا هاورێکەم ئەوت لەبیرە؟ هەرکە چاوم پێی کەوت زانیم بەکەڵکی چ کارێك دێ، چاوەکانی وەك چاوی بەرانە... بەڵام ئای لەو سیما و هەیبەتەی هەیەتی، ئەو بە بۆینباغە سپییەکەی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر دەروون دادەنێ... م....م..من دڵسۆزانە خۆشم دەوێ، من هەندێك جار سەیری دەکەم، بەڵام هـ..هـ..هیوایەك لەسەیرکردنی نییە.. ئەو کتێبێك دەنووسێ.. ئەو فەیلەسوفە بە شێوە ئەڵمانییەکەی، ئەو خودی (کانت)ە، یان دروستتر ئەو وەك عەلەشیشێکە قەڵەو و تێر!... کەسێکی ناتەواوە تەنها بەکەڵکی خزمەتکاریی دێت...

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا، دایە قاقای پێکەنین وچەپڵەکوتان، مۆزگلیاکۆفیش بە دوای ئەو، پاڤێل زۆر بە مام دڵخۆش دەبوو، ناستیاسیاش پێکەنی، تەنانەت زیناش زەردەخەنەیەکی سووکی کەوتە سەرلێوان.

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا قیراندی و وتی:

- ئای ! چەند روحسووکی ! ئای لە بەزمی تۆ میر! ئای لەو بەهرە سەنگینە کە چاوی خەڵك دەخوێنێتەوە.. دوای هەموو ئەوانە لە کۆمەڵگا ون دەبی، بۆ ماوەی شەش ساڵ خەڵك لەو بلیمەتییە بێبەش دەکەی!

دەزانی میر تۆ دەتوانی شانۆنامەی کۆمیدی بنووسی، دەتوانی شکۆی (فۆڤزین) و (گریبۆیدۆف) و (گوگوڵ)مان بۆ بگێڕیتەوە!

– هەڵبەتە... هەڵبەتە! م...م...ن دەتوانم.... ئەو شکۆیە بگێڕمەوە. ئایا دەزانی؟ من لەماوەی رابردوودا زۆر روحسووك بووم، تەنانەت شانۆیەکم لە جۆری ڤ... ڤودڤیل نووسی، چەند برگەیەکی (لیرك)ی تێدابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شانۆنامەیە هەرگیز نمایش نەکرا!

ماریا بە بایەخەوە، رووی قسەکانی لە کچەکەی کرد و وتی:

– ئای! ئەوە چەند بەزم دەبێ!.... ئایا زینا دەزانی ئەو شانۆییەی ڤۆدڤێل لەکاتێکی گونجاو دەبێت؟

دواتر رووی بۆ میر وەرگێڕا و وتی:

– ئەی میر ئێمەی ژن و پیاوانی کۆمەڵگا تیپێکی شانۆمان پێك هێنا، ئامانجەکەی خزمەتی نیشتمانی بوو بۆ برینداران جەنگ، ئێمە پێشوازی لە شانۆنامەکەت دەکەین.

شڵەژانێك لە سیمای میر بەدی دەکرا و وتی:

– هەڵبەتە... هەڵبەتە..من ئامادەم بینووسم، لەگەڵ ئەوەش... بەتەواوی بیرم چووە، هەرچەندە یەك دوو دیمەنم بیرماوە، کە مانایەکی دووسەرەیان هەیە (میر ئەمەی وت و پەنجەکانی خۆی

دەلێستەوە) بەشێوەیەکی گشتی من کاریگەرییم لەسەر دڵی ژنان دادەنا، ئەو کاتەی لە دەرەوە بووم، من لەوێ لۆرد بایرۆنم دەناسی، پەیوەندی هاوڕێیەتیمان لە نێوان هەبوو، لە کۆنگرەی ڤییەنا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەمای رووسی دەکرد...

مۆزگلیاکۆف بە سەرسامییەوە قسەکانی میری بڕی و وتی:

– لۆرد بایرۆن؟ مامە چی؟ ئەوە چ دەڵێی؟

میر بە جۆش و خرۆشەوە وەڵامی دایەوە:

– هەڵبەتە بایرۆن ... لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە کەسێکی دیکە بێ بایرۆن نەبێ... ئا..! بە تەواوی کابرایەکی پۆڵەندی بوو... ئێ... ئێستا بە چاکی بیرم کەوتەوە، ئەو پۆڵەندییە هەڵسوکەوتی سەیر بوو، خۆی وەك (کۆنت) دەردەخست...دواتر خەڵك ئەوەیان زانی پیاوێکی چێشتلێنەر بووە، بەشێوەیەکی سەیر سەمای رووسی دەکرد، دواتر قاچی شکا، هەر بەو بۆنەیەوە چەند دێڕێك شیعرم نووسیوە:

" پیاوە پۆڵەندییەکەمان

بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن سەما دەکات.

ئەی خودایە ! بیرم نەماوە ( میر ساتێك بێدەنگ بوو، دواتر تەواوکەری شیعرەکەی بیرکەوتەوە) بەڵێ:

" قاچەکانی شکا

وازی لە سەما هێنا.

مۆزگلیاکۆف هاواری کرد و لە خۆشیان هەڵدەبەزییەوە:

– ئای ئەی مامی بچووکم! لەوانەیە ئەمە پیاوە پۆڵەندییەکە بێت، نەوەك لۆرد بایرۆن !

– هەڵبەتە لەوانەیە ئەو بێ، یان شتێکی لەم جۆرە بێت، لەوانەشە ئەو نەبێت، بەڵام من تەنیا ئەوەندە دەزانم دێرە شیعرەکانم زۆر سەرکەوتوو بوون، هەندێك شتیشم لە دەست دەچێ، م...من.. تەواو سەرقاڵم.

ماریا بە بایەخەوە پرسی:

– بێگومان میر.. بەڵام لە تەنیایی بەچ شتێکەوە سەرقاڵ بووی؟ من زۆر بیرم لە تۆ دەکردەوە، من لە پەرۆشیان دەسوتام، بۆ ئەوەی هەندێك زانیارییم لەسەر دابڕانی تۆ هەبێت!

میر وتی:

– چ شتێك سەرقاڵی دەكردم؟ باشە... ئەمەیە... من هەمیشە سەرقاڵم... م.... ماوەیەك دەحەسێمەوە، ماوەیەك پیاسە و ئەسپسواری، زۆر شت هەیە...

مۆزگلیاكۆف قسەكانی پێ بڕی و وتی:

– ئەی مامی بچووكم، لەوانەیە خەیاڵت بەپیت و سەوز بێ...

میر وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ ئازیزەكەم خەیاڵم بەپیتە... د.... دواتر هەندێك جار وا خەیاڵ دەكەم، تەنانەت خۆم پێی سەرسام دەبم، كاتێك لە كدۆیڤۆ بووم، بەڕاست هەر ئەو بۆنەیەوە....ت....تۆ ئەی تۆ لەوێ جێگری فرمانڕەوا نەبوویت؟

مۆزگلیاكۆف پەشۆكا و هاواری كرد:

– من؟ ئەی مامی بچووكم.. من! توخوا ئەوا چ دەڵێی؟

– من وام دەزانی تۆ جێگری فرمانڕەوای لە كدۆیڤۆ! من لەگەڵ خۆم دەمگوت، بۆچی بەمشێوەیە گۆڕاوە؟ چونكە فرمانڕەوا خ....خ خاوەنی سیمایەكی بەڕێز بوو، زۆر ڕوحسووك بوو، پیاوێكی س...سەیر بوو، بۆ هەموو بۆنەیەك شیعری دەنووسی، ئەگەر مرۆڤ لە تەنیشتەوە سەیری دەكرد، دەیزانی بە مەلیكی شەترەنج دەچێ.

ماریا بە نمایشکردنی سەرسامییەك، قسەکانی میری بڕی و وتی:

– نەخێر ئەی میر! .... سوێندت بۆ دەخۆم ئەم ژیانە بەرەو فەوتانت دەبات! ماوەی پێنج ساڵ لە تەنیاییەکی تەواو خۆت زیندانی دەکەی و کەس نابینی و گوێ لە کەسیش ناگری؟ بەلاّم گومانی تێدانییە تۆ پیاوێکی فەوتاوی! لە هەر هاوڕێیەکی متمانە پێکراوت بپرسە، ئەوانەی هەمیشە دڵسۆزن بۆ تۆ، دەبینی هەمان قسەی من دەکەنەوە: تۆ پیاوێکی فەوتاوی!

میر دەمی گیرا و وتی:

– ب.... ب... بە ڕاست؟

ماریا بەجەختکردنەوە دووبارەی کردەوە:

– من دڵنیات دەکەمەوە، من وەك خوشکێك ئەو قسەیەت پێ دەڵێم، چونکە من تۆم خۆشدەوێ، یادەوەری رابردوو لەلای من پیرۆزە، دواتر بەرژەوەندیم لە فریودانی تۆ چییە؟ نەخێر، نەخێر، دەبێت شێوازی ژیانت بگۆڕی، ئەگینا تۆ دەمری.

میر تۆقی و هاواریکرد:

– ئای خودایە! من هێندە زوو دەمرم؟...خاتوونەکەم لەوانەیە تۆ بزانی مایسیری ئازارم دەدات بە تایبەت هەندێك کاتدا...

ئەوکاتـەی تووشـی تەنگـەژە دەبم، مـن هـ....هـ... هەسـت بـە نیشانەی سەیر دەکەم ئێستا بە وردی وەسفیان دەکەم...

مۆزگلیاکۆف وتی:

-ئـەی مـامی بچـووک... تکـا دەکـەم کـاتێکی دیکـە بۆمـان بـاس بکـە ئێستا... کەچی ئێستا، ئەی کاتی ئەوە نەهاتووە پیاسەیەك بکەین؟

میر ڕەزامەندی بۆ قسەکەی دا و وتی:

- بێگومان ... بەلاَم ئەوە... بـۆ جـارێکی دیکـە.. بـەلاَم، لەوانەیـە ئەمـــە گرنگـــی نـــەبێت، چـــونکە نەخۆشـــی شـــتێکی زۆر ن...ن...نامۆیە زوو شـوێنی دیکـە دەتەنێتـەوە..! تکـا دەکـەم هاوڕێیەکـــەم ئـــەم ئێوارەیـــە بـــیرم بخەیتـــەوە باســـی وردەکارییـەکانتان بـۆ بکـەم، ئەمـەیان جـۆرێکی تایبەتـە لـە مایسیری.

جارێکی دیکە ماریا ئەلکسەندەرۆفنا قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- ئەی میر گوێ لـە مـن بگـرە... دەبێـت لـە دەرەوە چارەسـەری خۆت بکەی.

بە باوەڕەوە پێی وت:

- بێگومان! بێگومان.. ! هەر دەبێ لەدەرەوە چارەسەری خۆم بکەم، هەر بەو بۆنەیەوە لەبیرمە ئێمە لە ساڵی ۱۸۲۰ لەدەرەوە خۆشمان رادەبوارد، خەریك بوو خاتوونێکی فەرەنسی بخوازم، زۆرم خۆشدەویست، دەمویست ژ...ژ..ژیانی خۆمی بۆ تەرخان بکەم، بەڵام شووی بە کەسێکی دیکە کرد، ئای سەیر بوو! من تەنها دوو ك....ك...کاتژمێر جێمهێشت، لەو ماوەیە بارۆنێکی ئەڵمانی ناسی، چارەنووسەکەی ن...ن...نەخۆشخانەی عەقڵی بوو.

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا وتی:

- بەڵام میری ئازیزم من باسی تەندروستی تۆم دەکرد، من دەمگوت دەبێت بەشێوەیەکی جددی تر بیر لە نەخۆشییەکەت بکەیتەوە، لەوێ پزیشکی گەورە هەن، لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی ژیان گرنگییەکی زۆری هەیە، کەواتە بەلایەنی کەمەوە لەسەر تۆ پێویستە واز لە ژیانی دۆخۆنافۆ بهێنی، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.

- تەواوە... من لەسەر ئەوە مکورم، دەبێت بە ئاوی کانزایی خۆم چارەسەر بکەم

- بە ئاوی کانزایی؟

- هەڵبەتە... هەڵبەتە...من ئەمەم دەگوت، بە ئاوی کانزایی،پ...پ.. پێشتر وەك چارەسەر بەکارم هێناوە، سەردانی ئەو شوێنانەم کردووە، کە سەرچاوەی ئاوی کانزایی لێیە. لە مۆسکۆ ژنێك هەبوو ناوەکەم لەبیر چووە، گیانێکی شاعیرانەی هەبوو، تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵێك دەبوو، کچێکی تەمەن پەنجا ساڵی هەبوو، تەمی لەسەر یەکێك لە چاوەکانی بوو، لە زۆربەی کات بە شیعر یەکتریان دەدواند. ئ.... ئ... ئەو لە کارەساتێك گەڕابۆوە، خزمەتکارەکەی لە تورەییان کوشت بوو، بۆیە کێشەی لەگەڵ پ...پۆلیس هەبوو، من ئەوکاتە چارەسەرم بە ئاوی کانزایی وەردەگرت، ئەوکات نەخۆش نەبووم! خەڵك بەردەوام دەیانگوت: خۆت چارەسەر بکە، خۆت چارەسەر بکە! بۆ د..د...دڵی ئەوان ئاوی کانزاییم دەخواردەوە، هەستم دەکرد تەندروستییم بەرەو چاکبوون دەچێت، بۆیە خواردمەوە، خواردمەوە! تا دەریاچەیەك ئاوم خواردەوە، چارەسەرکردن بە ئاوی کانزایی شتێکی جوانە، زۆر س..س..سوودم لێی وەرگرت، هەرچەندە دواتر نەخۆش نەکەوتم، بۆیە ئێستا ت....ت..تەندروستیم زۆر باشترە!

مۆزگلیاکۆف وتی:

- ئەمە ڕاستە ئەی مامی بچووکم... بەلام پێم بڵێ تۆ لۆژیکت خوێندووە؟

ماریا بەم قسانە تووشی شۆك بوو وتی:

– ئەی خودایە لەم پرسیارە!

میر وەڵامی مۆزگلیاکۆفی دایەوە و وتی:

– بێگومان هاورێیەکەم .. بێگومان.. ئەمە لە زەمەنێکی دوور بوو، ئەو کاتە بوو لە ئەڵمانیا فەلسەفەم دەخوێند، لە موحازەرەکان ئامادە دەبووم، دواتر هەموو شتێکم بیر چۆوە، بەڵام من دان بەوە دەنێم ئێوە بە باسکردنی نەخۆشی منتان تۆقاند، تارادەیەك هەست دەکەم سەراوژێر د...د..دەبم.. هەر ئێستا دەگەڕێمەوە بە ر..ر...ر. رووخسەتی ئێوە؟

ماریا بە سەرسامی هاواری کرد:

– بۆ کوێ ئەی میر؟

– من دەگەڕێمەوە.... هەر ئێستا دەگەڕێمەوە... من د....د...دەچم، تەنها بیرۆکەیەکم بەخەیاڵ هات دەچم یاداشتی دەکەم! خواحافیز...

پاڤێل دایە قاقای پێکەنین و رووی قسەکانی لە ماریا کرد:

- باشە .! ىێت ح ۆنە..؟

ماریا بێ ئۆقرە بوو، بەڵام بەجۆش و خرۆشەوە وەڵامی دایەوە:

-- ..استی تێناگەم... ناتوانم لەوە بگەم چ شتێك مایەی پێکەنینە! ئایا بە خزمێکت پێدەکەنی کە پیرە پیاوێکی بەڕێزە؟ بۆ هەر وشەیەکی دەدەیە قاقای پێکەنین؟ چاکییە

فریشتە ئاساکەی دەقۆزییەوە؟ پاڤێل مـن لەبـەر تـۆ هەسـت بـە شەرمەزاریی دەکەم، چ شـتێك هەیـە مایـەی گاڵتـەجارپی بێـت؟ من خۆم شتێك لەو پیاوە نادۆزمەوە!

مۆزگلیاکۆف وتی:

– بەڵام هورێنە دەکات و کەس ناناسێتەوە !

– ئەمە لە ئەنجامی ئەوەیە پێـنج سـاڵە زیندانـە، ئـەو ژنـە شـەڕانگێزە پاسەوانیەتی، پێویستە بەزییمان پێـی بێتـەوە، نـەرمونیان بـین، نـەوەك گاڵتەی پێ بکەین، ئەو تەنانەت منیشی نەناسیەوە، خۆت ئەمـەت بینـی، ئایـا ئەمـە شـتێکی ترسـناك نییـە؟ دەبـێ ئێمـە نـەجاتی بـدەین، مـن پێشنیاری ئەوەی بۆ دەکەم سەفەری دەرەوە بکات، بـۆ ئـەوەی واز لـەو ئافرەتە شەڕانگێز و مەکربازە بهێنێ.

مۆزگلیاکۆف وتی:

– دەبێ خوازبێنی بۆ بکەین؟...

– هەروەها ! ... بەرێز مۆزگلیاکۆف تۆ مرۆڤێکی هەڵسوکەوتت راست نابێتەوە!

– نـەخێر ماریـا، نـەخێر... مـن ئـەو جـارە بـە ڕاسـتمە، بۆچـی ژنـی بـۆ نـەخوازین، ئـەم بیرۆکەیـە لـەجێی خۆیـەتی، هاوسـەرگیریی چ زیـانێکی پێدەگەینێ؟ رێوشوێنێکی لـەم جـۆرە نـەجاتی دەدات، یاسـایش هێشـتا

ڕێگەی هاوسەرگیری پێ دەدا، بەمەش دەتوانێ لەو چەپەڵە مەکربازە نەجاتی بێت، کەواتە دەمێنێتەوە کچێکی گونجاو یان بێوەژنێکی جوانی چاکی بۆ بدۆزینەوە، دەبێت ژیر و بەسۆز بێت، بەشێوەیەکی گشتی هەژار بێت، تا زۆر بایەخی پێ بدات، دەبێ وەفای بۆ هەبێت، میریش لەمەی باشتر ناوێ، دڵێکی میهرەبان و کەسێکی دڵسۆز، نەوەك ئەم ئافرەتە خەرفاوە، هەروەها دەبێت ئەو ژنە جوان بێت، چونکە هێشتا مام جوانپەرستە، ئەی تێبینیت نەکردبوو، چۆن سەیری زینای دەکرد؟

ناستاسیا بە دیقەتەوە گوێی ڕاگرتبوو وتی:

— ئەم هاوسەرە نموونەییە لەکوێ دەدۆزیتەوە؟

مۆزگلیاکۆف وتی:

— ئەها... ! ئای لەم پرسیارە ! لەوانەیە ئەو کەسە تۆ بیت، ئەگەر بتەوێ... ڕێگەم بدە با پرسیارێکت لێ بکەم، بۆچی شوو بە میر ناکەی؟ تۆ جوانی و بێوەژنی، خانەدانی.... هەژاری ...زۆر ئابڕومەندی، لەوانەیە خۆشت بوێ، بایەخی پێ بدەی، بتوانی ئەو ژنەی لە کۆڵ بکەیتەوە کە زیندانی کردووە، یاوەری میر دەبیت لە دەرەوە، گۆشتاو و کێك و شیرینی دەرخوارد دەدەی، ئەمە بەردەوام دەبێ تا ئەو کاتەی میرماڵئاوایی لە جیهانی ئازارەکان دەکات، لەوانەیە ئەمە لەماوەی ساڵێك ڕووبدات، یان دوو مانگ بێ، ئەوکاتە وەك شازادەیەك و بێوەژنێکی

دەوڵەمەنـد دەمینێتیـەوە، لـەپێناو دەوڵەمەنـدی و دڵسـۆزییت، ژەنەڕاڵێك یان مارکیزێك تـۆ دەخـوازیٚ، ئەمـە بەڕاسـتی شـتێکی جوانە، ئەی وا نییە؟

ناستاسیا بە جۆش و خرۆشەوە هاواری کرد:

– ئای ! ئەی خودای من! چەندم خۆشدەویٚ ئەگەر خـوازبێنی مـن بکات، بەلایەنی کەمەوە تەنها بۆ وەفاداری!...

لە چاوەکانی تروسکەی هیوا دەدرەوشایەوە...

دواتر بە حەسرەتەوە وتی:

– بەڵام هەموو ئەمانە خەونن!

مۆزگلیاکۆف پێی وت:

– خەون ؟.. دەتەویٚ ئەم خەونانە بێتەدی؟ تەنها داوا لە من بکە، بـۆ ئـەوەی هاوکاریـت بکـەم لـە گەیشـتن بـە کامـەرانی، گـرەوت لەگـەڵ دەکـەم هـەر ئـەمڕۆ دەبیتـە دەسـتگیرانی مـیر، چـونکە رازیکردنی میر ئاسانترین شـتە، ئـەو هـەردەم دەڵـیٚ" هەڵبەتـە" خـۆت گوێبیسـتی بـووی. ئێمـە بـە شـووت دەدەیـن بێئـەوەی بزانیٚ.. راستە ئێمە فێڵـی لێدەکـەین، بـەڵام ئەمـە لەبەرژەوەنـدی ئـەم دایـە، ئـەی وانییـە؟ بەهـەرحاڵ ناستاسـیا دەبێـت بـەم بۆنەیەوە خۆت برازێنیتەوە..

هەرچەندە پاڤێل هەر لەخۆوە دەستی پێکرد، بەڵام دواتر بەپەرۆشەوە بەرەو بابەتەکە دەچوو، سەرەڕای ئەوەی ناستاسیا عاقڵ و تێگەیشتووە، کەچی لەخۆشیان لیکی دەڕژا، وتی:

– پێویست بەوە ناکات بیرم بخەیتەوە، من دەزانم لەخۆڕازاندنەوە کەمتەرخەمم، ئایا وەك کابانێك دەردەکەوم؟

ماریا بە توندی نێوچەوانی تێکنابوو، بە نیگەرانی گوێی لە پێشنیارەکەی مۆزگلیاکۆف گرتبوو، دواتر دانی بەخۆدا گرت و بە زمانێکی زبر وتی:

– هەموو ئەمانە زۆر جوانە، بەڵام پەیوەندی نێوان بابەتەکە چنراوێکە درزووەکانی لاوازە و لە شوێنی خۆی نییە!

مۆزگلیاکۆف وتی:

– بۆچی ماریای ئازیزم؟ بۆچی دەزووەکانی لاوازە و لەشوێنی خۆی نییە، وەك خۆت دەڵێی؟

بە زمانێکی توندتر وەڵامی دایەوە و وتی:

– بەڕێزم تۆ لەماڵەکەی منی، میریش میوانی منە، ڕێگە بە هەر بوونەوەرێك نادەم، ئەوە لەبیر بکات ڕێز لەماڵەکەم بگری! پاڤێل من ئەو قسانەی تۆ بە گاڵتەجاریی دەزانم... بەڵام سوپاس بۆ خوا ها ئەوەتا میر گەڕایەوە...

میر لێیان هاتە ژوورەوە هاواری کرد:

- ئەوەتا.... ئەی خاتوونی هاوڕێم بەلاتەوە سەیرە، ئەمڕۆ خەیاڵم راحەت و ئاسوودەیە، لەوانیە باوەڕم پێ نەکەی ئەگەر پێت بڵێم رۆژێکی تەواو هەیە، بیرۆکەیەك بە مێشکم تێپەڕنابێ!

مۆزگلیاکۆف وتی:

- لەوانەیە کەوتنت لە گالیسکەکە مێشکی لەقاندووی.

میر وەلامی دایەوە و وتی:

- م....م...منیش پێموایە هاورێیەکەم، من ئەو رووداوە بە س...س سود دەزانم، بۆیە من مکوڕم لەوەی لە خزمەتکارەکەم خۆش بم. دەزانی؟ ب....بۆم دەرکەوتووە، ئەو نەیویستووە کۆتایی بە ژیانم بهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا من بڕیارم داوە سزای پێویست وەربگرێ، من فرمانداوە ریشی بتاشن...

مۆزگلیاکۆف بە سەرسامییەوە قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- فرمانت کردووە ریشی بتاشن؟ چ دەڵێی؟ ریشی زۆر درێژە!

میر وەك نەریتی خۆی لە گەڵ قسەکە تەبا بوو وتی:

- بێگومان.. زۆر درێژە، دەرئەنجامەکەت دروستە، بەلام ریشەکەی خوازراوە.. ئایا وێنای ئەمەت کردووە؟ ماوەیەك دەبێ

کەتـــەلۆگێکم بەدەستگەیشـــتووە، مـــۆدیلی جـــوانی ریشـــی عەرەبانچی و خانەدانـەکانی تێدایـە، هـەروەها باروکـە و سمێڵی دەستکردنی تێدایـە، لـە نایـابترین ج....جۆر، بـە نرخێکی زۆر گونجـــاویش... بۆیـــە مـــن داوای ر...ڕ...ڕیشـــێکم بـــۆ عەرەبانچـــییەکەم کـــرد، ئـــەوانیش ریشـــێکی جوانیـــان هـ...هـ...هەنارد! بەلاّم ریشی ڤیوڤێل دوو هێنـدە گـەورەتر بـوو، بۆیە تەواو سەرسام بووم، ئایا ریشـە دەسـتکردەکە بگێڕمـەوە؟ یان ریشـی ڤیوڤێـلّ بتاشـم؟ دوای بیرکردنەوەیـەکی زۆر، ریشـە دەستکردەکەم هەڵبژارد.

مۆزگلیاکۆف وتی:

– مامی بچووکم، ئەمە مانـای ئەوەیـە تـۆ هونـەر لـە سروشـت بەچاکتر دەزانی؟

– هەڵبەتـە... ئـەو کاتـەی ریشـی ڤیـۆڤیلّم تاشـی ز...ز...زۆر ئـازاری چەشـت، وەك ئـەوەبوو لێکردنـەوەی هـەر تاڵـە موویـەك ڕۆژێـك لـە ت...ت...تەمـەنی کـەم بکاتـەوە! بـەلاّم ئێسـتا کـاتی چـوونە دەرەوە نەهاتووە، ئەی ئازیزم؟

مۆزگلیاکۆف وتی:

– مامە، من چاوەڕوانی فرمانی تۆم.

ماریا بە هەڵچوونێکی زۆرەوە هاواری کرد:

- ئەی میر... هیواخوازم سەردانەکەت تەنها بۆ لای فرمانڕەوای هەرێمەکە بێت، دواتر یەکسەر بگەڕێیتەوە! تۆ موڵکی منی ئەی میر، تۆ بەتەواوی ڕۆژەکە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەمی، ڕاستە شتێکم نییە لەبارەی مۆرداسۆفەوە بیڵێم، لەوانەی بتەوێ سەردانی ئانا نیکۆلێڤنا بکەی، مافی ئەوەم نییە ڕێگریت لێ بکەم، بەڵام باوەڕیشم بەوە هەیە ئەزموون زۆر شتت سەبارەت بەو ژنە بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەوەت لەبیر بێ من خوشکی تۆم، دایکی تۆم، تەواوی ڕۆژ خزمەتکاری تۆم.. ئای !من لەبەر تۆ هەڵدەلەرزم! نەخێر .... نەخێر تۆ ئەو خەڵکە دەناسی! مرۆڤ پێویستی بە کاتێکی زۆرە بۆ ئەوەی ئەوان بناسیێ!

مۆزگلیاکۆف وتی:

- پشتت بە من قایم بێ "ماریا" هەموو شتێك بەو شێوەیە دەبێ کە بەڵێنم پێت داوە.

ماریا وتی:

- ئەی میر ئێمە بۆ نانی ئێوارە چاوەڕوانت دەکەین، ئێمە زوو نانی ئێوارە دەخۆین... بەو بۆنەیەوە زۆر دڵتەنگم مێردەکەم لە لادێیە، ئەگەر لێرە دەبوو، بە دیدارت زۆر دڵخۆش دەبوو، ئەو ڕێز و پێزانینی بۆ تۆ هەیە، بە دڵسۆزی تۆی خۆشدەوێ!

میر بەسەرسامییەوە وتی:

– مێردت.. کەواتە تۆ م…م…مێردت هەیە؟

ماریا دانی بەخۆداگرت و وتی:

– ئای! ئەی خودایە! یادەوەرییت زۆر لاواز بووە، کەواتە تۆ بە تەواوی رابردووت لەبیر چووە؟ بەڕاستی ئافاناسی مێردەکەی منت بیرچوو؟ ئەو ئێستا لە لادێیە، بەڵام لە رابردوو زۆرت بینیوە، کەواتە میر بیرت بکەوێتەوە "ئافاناسی متیفچ".

– ئافاناسی م…م میتفیچ؟ لە لادێ؟ ئەمە راستە؟ ئەمە شتێکی خۆشە! کە مێردت هەیە؟ ئەمە شتێکی س..س… سەیرە! شانۆنامەیەك هەیە لە جۆری فۆدفیڵ بە ناونیشانی: مێردی دەرکراو، ژنی…. ببوورن… ناونیشانەکەم لەبیر چووە. وابزانم ژنەکە لەو شانۆنامەیە بەرەو شاری تولا یان بەرەو یاروسلاڤ دەڕوات، شانۆنامەیەکی زۆر جوانە…!

مۆزگلیاکۆف چرپاندی بە گوێ میر و وتی:

– مامی بچووك: مێردی دەرکراو، ژنەکە لە شاری تڤیرە..

میر وتی:

– هەڵبەتە.. هەڵبەتە… سوپاس هاوڕێکەم، تەواو لە شاری تڤیرە، ئەمە شتێکی جوانە! ج…ج… جوانە! بەڵێ… ژنەکە لە شاری کسترۆما… دواجار کۆچ دەکات… ئەمە شتێکی جوانە!

ج..... ج. جوانە! بەڵام بیرم چوو دەمویست چی بڵێم، ئا بەڵێ... ئێمە دەردەچین، ئەی وانییە؟ بە نیازی دیدار خاتوونەکەم! بە نیازی دیدار کیژۆلە سیحراوییەکە!

میر پەنجەکانی زینای ماچکرد.

ماریا بە دوای ئەو نەرمە غارێکی کرد، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت:

– نانی ئێوارە... ئێوارە خوانەکەت بیر نەچێت ئەی میر... تا دەتوانی زوو بگەڕێیەوە!

# بەشی پێنجەم

# کۆششێکی بەردەوام

دوای ئـەوەی ماریـا ئەلکسـەندەرۆڤنا تـا بـەر دەرگـا مـیری بـەڕێکرد، گەڕایەوە و وتی:

- ناستاسـیا پترۆڤنـا" کـارێکی چـاك دەکـەی ئەگـەر چـاوێك بـە چێشـتخانەکە بگێـڕی، مـن هەسـت دەکـەم ئـەو تۆمـەتبارە (نیکیتکا) سەرخۆش بووە، خواردنەکانی سووتاندووە.

خاتوو ناستاسـیا (زیاپلۆڤـا) بەچـاوەکانی سـەیری ماریـای کـرد، تێبینـی ئـەوەی کـرد، ئـەو خاتوونـە سـەنگینە زۆر نیگەرانـە. جـا لـەبری ئـەوەی

ناستاسیا بچێ چاودێری نیکیتکا بکات، لە ژوورەکەی دیکە چووە دەرەوە و چووە دالأنەکەوە، دواتریش بەرەو ژوورەکەی خۆی. لەوێشەوە چووە پاشخانەکە کە پڕبوو لە شتومەکی فڕێدراو و جانتا و جلوبەرگی کۆن و کەلوپەلی ناومالّ. دواتر بە ڕۆیشتنی سەرپەنجە لە دەرگایەکی داخراو نزیك بۆوە، هەناسەی خۆی گرت بوو، لە کونی قوفڵەکەوە سەیری ژوورەکەی دەکرد، ئەم دەرگایە هەمیشە داخراوە، یەکێکە لەو سێ دەرگایانەی دەچێتەوە سەر دیوەخانەکە.

ماریا بە تەواوی دەیزانی ناستاسیا مەکربازە و سەلیقیەکی چەپەڵی هەیە، خوویەکی ئەوەیە بێ ویژدانانە لە پشت دەرگاکانەوە گوێ هەڵدەخا، بەلأم خاوەن مالّ ئەو کاتە هێندە سەرقالّ بوو، تەنانەت ئەوەشی فەرامۆش کرد ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر. ماریا لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشت، بە نیگایەکی پڕ ماناوە سەیری زینای کرد و زیناش هەستی بەو نیگایە کرد و دڵی دەگوشرا.

ماریا وتی:

– زینا !

زینا بە سیما ڕەنگ زەردەکەی بە هێواشی ئاوڕی لە دایکی دایەوە و چاوە گەشەکانی بەرزکردەوە:

دایکی وتی:

- زینا بابەتێکی گرنگ هەیە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەین..

زینا وەستا بوو سەیری دایکی دەکرد، قۆڵەکانی لەیەکتر ئالاند بوو و لەسەر سنگی دانابوو، لە سیمای رق و گاڵتەپێکردن دەردەکەوت.

ماریا وتی:

- دەمەوێ بۆچوونی تۆ لە سەر مۆزگلیاکۆف بزانم.

زینا بە رووێکی گرژەوە وتی:

- ماوەیەکی زۆرە بۆچوونی من دەزانی.

- بەڵێ کچەکەم، بەڵام وا بۆم دەردەکەوێ لاسار و بوێر بووی، سەرەڕای ئەوەی پێداگری ئەویش سەرنجم رادەکێشێ.

- گوایە منی خۆشدەوێ، ئەگەر ئەمە راست بێ، ئەوا دەکرێ لە پێداگرییەکەی ئەو خۆش ببین.

- شتێك هەیە سەرسامم دەکات، تۆ لە رابردوو وەها بە ئاسانی لێی خۆش نەدەبووی، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆر دڵڕەق بووی کاتێك قسەم لەبارەی ئەو دەکرد.

- بەڵام من... شتێکی دیکە هەیە سەرسامم دەکات، تۆ لە رابردوو داکۆکیت لەو گەنجە دەکرد، کەچی ئێستا خۆت پەلاماری دەدەی!

- دان بەوە دەنێم ئارەزووم هەبووە، ئەم هاوسەرگیرییە ئەنجام بدرێت، هەروەها دەروونم ئازارم دەدات کە دەبینیم هەمیشە خەمگینی، بە تەواوی لە خەمی تۆ دەگەم، لەگەڵ ئەوەی لە خەمی تۆ دەگەم، هەرچەندە تۆ هەستی پێ ناکەی، بەڵام خەم و پەژارەی تۆ، خەوی لەچاوم تۆراندووە... دواجار گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی تاکە شتێك هەیە دەتوانێ تۆ دەرباز بکات، ئەوەش بە ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت لە ژیاندا، ئەو گۆڕانکارییەش هاوسەرگیرییە. ئێمە دەوڵەمەند نین، تا سەفەری دەرەوە بکەین، دەزانم ئەو دەوڵەمەندانەی لەو شارە نیشتەجێن بەوە سەرسام دەبن کە تۆ شووت نەکردووە و تەمەنیشت بیست وسێ ساڵە، بۆیە ئەفسانەت بۆ دروست دەکەن، بەڵام ئایا دەتوانم بەشووت بدەمە یەکێك لە راوێژکارەکانی ئەو شارە گەمژەیە؟ یان بدەم بە ئیڤان ئیڤانیچ کە پارێزەرێکی نەناسراوە؟ ئایا پیاوێك هەیە شایەنی تۆ بێت؟ بێگومان مۆزگلیاکۆف کەسێکی نەناسراوە، بەڵام تاڕادەیەك کەسێکی پەسەندە، ئەو لە خێزانێکی باشە، خاوەنی زەوییەکە نزیکەی سەد و پەنجا کەسی بەسەرەوە دەژی. ئەمە هەرچۆنێك بێت لە فەرمانبەرێك باشترە بژێوی خۆی بە بەرتیل دابین بکات، خوا دەزانی چەند نەنگی دیکە هەیە، بۆیە بیرم لە مۆزگلیاکۆف کردەوە. بەهەرحاڵ، هەرچۆنێك بێت، من خۆشەویستیەکی راستەقینەم بۆ ئەو نییە، منیش ئەمڕۆ لەوە دڵنیابووم خودای گەورە بۆ ئاگادارکردنەوە ئەوەی لەدڵ ناوم، خوا منی لەو پاراستووە، بۆیە بیر

بکەوە ! مەگەر خودا هاوسەرێکی باشتر بنێرێ، ئەمڕۆ ئەگەر وەڵامت نەداوەتەوە ئەمە بەختێکی گەورەیە، نەکەی ئەمڕۆ بەڵێنێکی پێ بدەی.

زینا بە زمانێکی یەکلاکەرەوەوە وتی:

– دایکە بۆ ئەو هەموو قسەیە دەکەی، لەو کاتەدا کە دەتوانی هەموویان بە دوو وشە باس بکەی؟

– زینا لە بەر قسەکردن گلەییم لێ دەکەی؟ چۆن دەتوانی بەم شێوازە قسە لەگەڵ دایکت بکەی؟ تۆ هەرگیز متمانەت بە من نییە ! تۆ بە دوژمنم دەزانی نەوەك دایك !

– دایکە بەسیەتی... بۆ لە پێناو چەند وشەیەك، دەمەقاڵێ بکەین... هەر یەکێك لە ئێمە بە چاکی ئەویتر دەناسێ...

– بەڵام کیژۆڵەکەم تۆ جنێوم پێ دەدەی...نابینی من هێندە مکوڕم بۆ ئەوەی هەموو شتێك لە پێناو بەختەوەریی تۆ بکەم؟

زینا بە جۆرێك سەیری دایکی کرد، نیگاکەی تێکەڵ بوو لە رق و گاڵتەپێکردن، بە زەردەخەنەیەکی ناڕۆشن پرسیاری لە دایکی کرد و وتی:

– ئایا ئارەزوو دەکەی بۆ بەختەوەریی من، شوو بە میر بکەم؟

– من لەو بارەیەوە وشەیەکم نەدرکاندووە، بەلاّم کاتێك خۆت قسەی لەسەر دەکەی، ئەوا من دەلێم بە زەماوەندت لەگەلّ میر، بەختەوەریی بەدەست دەهێنی.

زینا بە تووڕەیی هاواری کرد:

– من ئەمە بە شتێکی پڕوپووچ دەزانم... پڕوو پوو..چ ! دایکە تۆ خەیاڵت چەند تەڕ و بە پیتە، تۆ ژنێکی شاعیری، خەڵکی مۆرداسۆف لەبارەی تۆوە وا دەلێن، بەردەوام بیر لە پڕۆژەی گەورە دەکەیتەوە، لە بەردەم مەحالّ ناوەستی... من کاتێك میرم بینی، هەستم کرد بیرۆکەیەکی وەها دێتە زەینتەوە، کاتێك مۆزگلیاکۆف گاڵتەی بە میر دەکرد و دەیگوت پێویستە خوازبێنی بۆ میر بکەین، من بیرۆکەکانی تۆم لە سیمات دەخوێندەوە، سەرەڕای ئەوەش لەبارەی مۆزگلیاکۆفەوە دەدوێی بۆ ئەوەی ئاراستەی قسەکانت ببیتەوە لای ئەو پیرە پیاوە، بەلاّم ئەو خەونانەت تا ئاستی مردن نیگەرانم دەکات... تێ دەگەی؟ تکا دەکەم با هێندە بەس بێ، نامەوێ گوێم لە وشەیەکی تۆ بێ.. تکایە ئەو قسانەی من بە هەند وەربگرە.. دایکە تێ دەگەی... یەك وشەم لەسەر ئەم بابەتە ناوێ....

دایکی بە دەنگێکی ناسك وەلاّمی دایەوە:

- زینا تۆ بچکۆڵەی.. منداڵێکی نەخۆشی و زوو هەڵدەچی... بەپێی پێویست ڕێز لە من ناگری، کەرامەتم دەڕۆشێنی. ئەوەی من ڕۆژانە بەرگەی دەگرم، دایکێك نییە بەرگەی بگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئازار دەکێشی. من دایکی تۆم بەر لە هەموو شتێك بە پێی فرمانە ئایینیەکان مامەڵە لەگەڵ کچەکەی خۆم دەکەم، بەرگەی تۆ دەگرم و داوا لە خودا دەکەم لێت خۆش ببێ.. ئەگەر بەڕاستی ئەو هاوسەرگیرییە خەونی تۆیە، چیت لەم بێمانایە داوە؟ من دەزانم مۆزگلیاکۆف هەرگیز وەك ئەمڕۆ لۆژیکیانە قسەی نەکردووە، ئەو دەیسەلمێنێ هاوسەرگیری بۆ میر کارێکی پێویستە، بەڵام هەڵەی کرد کاتێك بیری لە ناستاسیا کردەوە، ئەم ئافرەتە چاوبرسییە...

- دایکە بە ڕاشکاوی بڵێ، تۆ قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەی بۆ خۆهەڵقورتاندنە، یان مەبەستێکی شاراوەت لە ناخ هەڵگرتووە...

ماریا وەڵامی پرسیاری کچەکەی نەدایەوە، بەڵکو وتی:

- تکا دەکەم تۆ وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە: چ پڕوپووچییەك لەو هاوسەرگیرییە دەدۆزیتەوە؟

زینا پێیەکانی لە زەوی دەکوتا و وتی:

- ئای، ئەم هەموو جاڕس کردنە چییە؟ چ چارەنووسێکی نەگریس بۆ من دەستنیشان دەکەی! ئەگەر هێشتا لە من تێنەگەیشتووی

مـن راسـتیەکەت پـێ دەڵـێم، تـۆ خـەرفاوی ئـەو پـیرە پیاوە دەقۆزیتـەوە بـۆ ئـەوەی فریـوی بـدەین، هەرچـەندە لـەڕووی جەستەییەوە لەکار کەوتووە ! ئەمەش تـەنها بـۆ ئـەوەی دەست بەسـەر سـامانەکەی دابگـرین و هـەموو رۆژێـك هیـوای مردنـی بخوازین، بە تێڕوانینـی مـن هـەموو بابەتەکـە ئەوەندەیـە، تـەنها پڕووپووچی نییە، بەڵکو چەپەڵی و ناپاکییـە.. دایکـە مـن لەبـەر ئەو بیرۆکانەت پیرۆزبایییت لێ دەکەم !

ساتێك بێدەنگ بوون..لەناکاو، دایکەکە پرسیاری لە کچەکەی کرد:

- زینا...لە بیرتە ساڵێك بەر لە ئێستا چی روویدا؟

زینا بە هەڵچوونێکی توندەوە وتی:

- بەڵێنت پێدام هەرگیز قسە لە سەر ئەم بابەتە نەکەیتەوە !

- من تا ئەم ساتە هەرگیز ئەمەم نەکردووە...باشە کچەکەم، تکا دەکەم جـارێکی دیکـە بەڵێنەکـەی منـت لـە بـیر بێـت...ئێسـتا تێگەیشـتنێکی راشکاوانە لە نێوانماندا دروست بووە، ئـەم دوو سـاڵەی بێـدەنگی بۆ من کوشندە بوو، ناکرێ بابەتەکە بەمشـێوەیە بـەردەوام بـێ...مـن ئامـادەم لەسەر ئەژنۆ لێت بپاڕێمەوە تا رێگام بدەی قسە بکـەم...زینـا لـەمن تـێ بگـە...خـوودی دایکـت لەبـەردەمت دەکەوێتـە سـەر ئـەژنۆ. لەلایـەکی دیکەوە بەڵێنت پێ دەدەم-ئەم وشـانە لـەدەمی دایکێـك دەردەچوو کە

کچەکەی بێ ئەندازە خۆشدەویست- کە هەرگیز قسە لەسەر ئەم بابەتە نەکەمەوە، جا هەر چییەك بێ، لە هەر بارودۆخێك بێ، تەنانەت ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە ژیانمەوە هەبێ، ئەمە یەکەم و دوایین جارە لەم بارەیەوە قسەت لە گەڵ دەکەم، دەبێت ئەم کارەش بکەم..

زینا بە رەنگێکی هەڵبزرکاو وتی:

- قسە بکە...!

ماریا بە تەواوی هەموو شتەکانی هەڵسەنگاند بوو، بە کچەکەی وت:

- سوپاس زینا گیان... دوو ساڵێك دەبێت، مامۆستایەکی تازە پێگەیشتوو هاتە ماڵەکەمان، کە مامۆستای لادێ بوو، ئەمەش لەپێناو میتای جوانەمەرگی برا بچووکت بوو.

زینا بە قێزەوە قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- بەلآم دایکە... بۆ ئەو زمانە پڕ شکۆیە؟ بۆ ئەو هەموو رەوانبێژییە، بۆ ئەو هەموو وردەکارییە بێکەڵکە، بۆ بابەتێك کە هەمووسان بە تەواوی دەیزانین؟

- چونکە من لەسەرمە وەك دایکێك، لەبەرامبەر تۆ پاساو بۆ خۆم بهێنمەوە، سەرەڕای ئەوەش دەمەوێ تەواوی بابەتەکە سەر لەنوێ لە بەرگێکی نوێ بۆ تۆ نمایش بکەمەوە، کە بۆ تۆ - بە تێڕوانینی من-

بەرگێکی نویێ بێت، دواجار بێ ئەو هەموو پێشەکییە ناتوانی بە تەواوی لەو ئەنجامانە بگەی کە من بە دەستی دەهێنم، تکا دەکەم کچەکەم وا تێنەگەی من دەمەوێ یاری بە هەست و سۆزت بکەم، نەخێر زیناکەم، تۆ بە واتای وشە دایکێتی لەمن دەدۆزیتەوە، تەنانەت لەوانەیە بگریت و بکەویتە سەر ئەژنۆ و بپارێیتەوە، ئەگەرهاتوو ئەو گرێیە بکرێتەوە کە ماوەیەکە لوتبەرزی بۆ تۆ دروست کردووە... بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە سەرچاوەی بابەتەکان یانیش بێدەنگ بم...

زینا لە دڵەوە نەفرەتی لە رەوانبێژی دایکی دەکرد، دووبارە وتی:

- قسە بکە...!

- ئەو کاتە دەتوانی بە دوای قسەکانمەوە بچی. ئەم مامۆستایەی قوتابخانەی لادێ هێشتا بچووك بوو، بەلاَم کاریگەرییەکی سەیری بەسەر تۆوە هەبوو، تەنانەت ئێستاش نازانم چۆن! من باوەڕم بە دانایی و بەرزی هەست و سۆزی تۆ هەبوو، هەروەها باوەڕم وابوو ئەو شایەنی تۆ نەبوو- ئێستا بە ئەرکی خۆم دەزانم هەموو شتێك بڵێم- بۆیە وامدەزانی رووداني شتێك لە نێوان تۆ و ئەو کارێکی مەحاڵە، کەچی لەناکاو تۆ هاتی و راشکاوانە وتت نیازت هەیە شوو بەو کوڕە بکەی. زینا ئەمە وەك خەنجەرێك بوو لە دڵمت وەشاند، بۆیە کەوتمە قیژە و هۆشی خۆم لە دەست دا، بەلاَم تۆ هەموو ئەمانەت لەبیرە... بێگومان بە پێویستی دەزانم هەموو دەسەلاَتی خۆم بەم بۆنەیەوە بەکاربهێنم، تۆش

سڵت لەوە نەکردەوە بە ستەمکار وەسفم بکەی... کەواتە بیر بکەوە کوڕەکە هێشتا مێرمنداڵ بوو، باوکی خزمەتکاری کڵێسا بوو، مووچەی مانگانەی نزیکەی دوانزە ڕۆبڵ بوو، شیعری خراپی دەنووسی، کەچی کتێبخانەی گوندەکە لە بەزەییان بۆی چاپ دەکرد، نەیدەزانی قسەیەك بکات تەنها لە بارەی شکسپیری نەفرەتییەوە نەبێت.. ئەم .... ئەم کوڕە ببێتە مێردی تۆ؟ مێردی زینا مۆسکالیقا؟ بەڵام ئەمە ڕووناداتا تەنها لە شانۆنامە لادێییەکان نەبێت کە لەلایەن شاعیری فەڕەنسی فلۆریان نووسراوە... ببوورە زینا، بەڵام ئەم یادەوەرییە یەکجار تووڕەم دەکات. ڕەتم کردەوە شووی پێ بکەی، کەسێك لە کەسەکان سەرکەوتوو نەبوو لەوەی سنوورێکت بۆ دابنێ، فێڵێك سەری نەگرت، بێگومان باوکت بێلایەن وەستاوە، چونکە کاتێك بابەتەکەم بۆی ڕوونکردەوە نەیتوانی تێ بگات، تەنها وەك نەریتی خۆی چاوی دادەگرت...

کەواتە لە پەیوەندییەکەت لەگەڵ ئەو گەنجە بەردەوام بووی، تەنانەت هەندێك ژوانت لەگەڵ بەستووە، ئای لەو شتە ترسناکە ! بوێری ئەوەت هەبوو نامەی بۆ بنووسی ! خەڵکیش خێرا لەبارەی تۆوە کەوتنە قسەوقسەڵۆك، دەستیانکرد بەوەی بە توانجەکانیان بریندارم بکەن، بەو شکستە دڵخۆش بوون، دەستیان کرد بە بووختان نانەوە...

ئەو شتە ڕوویدا کە من بە پیتێك پێشبینیم نەکرد بوو، ناکۆکی کەوتە نێوانتان، کەوتنە دەمەقاڵێ، پێی گوتی ئەو شایەنی تۆ نییە، هەڕەشەی

ئەوەی کرد نامەکانت دەداتە دەست خەڵك، تۆش شێتانە هەڵچووی، زللەیەکت لێ دا.. بەڵێ زینا، من هەموو شتێکیش لەو بارەیەوە دەزانم، هەموو شتێك دەزانم، هەموو شتێك دەزانم!...

لەهەمان ڕۆژدا، ئەم مێردمنداڵە، نامەیەکی تۆی دایە دەست (زارۆشین)ی شەرانگێز، دوای کاتژمێرێك نامەکە کەوتە دەست ( ناتالیا دیمتریڤنا) کە دوژمنێکی سەرسەختی منە، لە هەمان ئێوارە ئەو گەمژەیە (کوڕەکە) لە کارەکەی خۆی پەشیمان بۆوە، بۆیە ویستی بە ژەهر خۆی بکوژێ، بەکورتییەکەی : ئابڕووچوونێکی گەورە بوو! دواتر ناستاسیای چاوبرسی هات و ئاشکرای کرد ئەو نامەیەی تۆ لە چنگی ناتالیایە، بە کاتژمێرێك هەموو شار باسی ئابڕووچوونەکەی تۆیان دەکرد، منیش فشارێکی ترسناکم خستبووە سەر مێشکم بۆ ئەوەی هۆشی خۆم لەدەست نەدەم، ئایا لەو زەبرەی ئەو ژنە لاسار و بێ ئابڕوویە لە ئێمەی دا.

ناستاسیا لەسەر نامەکە سازشی لەگەڵ کردین، داوای دوو سەد ڕۆبڵی کرد بۆ ئەوەی نامەکەمان بۆ بگێڕێتەوە، پێڵاوێکی سووکم لەپاکرد، بەسەر بەفر ڕۆیشتم بۆ ئەوەی قوتووی گەوهەرەکانم لەلای بومشتاینی جولەکە وەك بارمتە دابنێم، ئەمەش یادگارییەکی دایکە چاکەخوازەکەم بوو، دوو کاتژمێر بەسەر نەچوو تا نامەکەم گێڕایەوە. ناستاسیا نامەکەی دزی بوو، دوای ئەوەی سندوقێکی شکاندبوو، بەمشێوەیە جارێکی دیکە شەرەفی تۆ گەڕایەوە.. هەموو شوێنەواری نامەکەمان سڕییەوە، ئای

ڕۆژێکی ترسناك بوو!... ڕۆژی دواتر هەستم کرد چەند تاڵەموویەکی سەرم سپی بووە، زینا ئەمەشیان یەکەم جار بوو تاڵە مووی سپی بکەوێتە قژمەوە.

خۆت لەوە گەیشتی کە ئەم هەرزەکارە شایەنی تۆ نییە، ئێستا دان بەوە دەنێی — لەوانەوە دانپێنانێکی تاڵ بێت — شێتییە چارەنووسی خۆت بە چارەنووسی ئەو کوڕە گرێ بدەی، کەچی لەو کاتەوە ئەشکەنجەی خۆت دەدەی، ئازارت هەیە و ناتوانی لەبیری بکەی، هەڵبەتە ئەو کوڕە وەك تۆ ناکات، ئەو هەمیشە چەپەڵ بووە، شایەنی ئەوە نییە سەیری بکەی... کەچی بەلای تۆوە یەکەم خەونی خۆشەویستیە، ئەمڕۆ ئەو لاسارە لە سەرەمەرگە، دەگوترێ تووشی نەخۆشی سیل بووە، تۆش ئەی فریشتەی ڕەحمەت، ئامادە نیت شوو بکەی، چونکە ئەو زیندووە و بۆ ئەوەی ئازاری نەدەی... لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیام ئەو هەرگیز بە ڕاستگۆیی و بەرزی تۆی خۆش نەویستووە! ئەمەش ڕێگر نییە بۆ ئەوەی سیخوڕی لەسەر هەڵسوکەوتی مۆزگلیاکۆف بکات، هەروەك چۆن سیخوڕی بەسەرماڵەکەی ئێمەوە دەکات و زانیاری لەبارەی ئێمە بەدەست دەهێنێ... کیژۆڵەکەم تۆ بەزەییت بە حاڵی ئەو دێتەوە، لە دڵەوە لە تۆ دەگەم، خوا دەزانێ چەندە فرمێسکی گەرمم بەسەر سەرینەکەم ڕشتووە..

زینا بە قێزبوونەوە قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- بەلام.... دایکە پێویست بەمە ناکات، لێرەدا باسکردنی سەرینەکەت هەرگیز گونجاو نییە!...ئایا ناتوانی بە سادەیی بدوێی؟

- زینا تۆ باوەڕ بە من ناکەی! کیژۆڵەکەم وەها خراپ هەڵسوکەوتم لەگەڵ مەکە. ماوەی دوو ساڵە دەگریم و فرمێسکەکانم دەشارمەوە، زینا دڵنیات دەکەمەوە من زۆر گۆڕاوم، ئای بەداخەوە ئەم دوو ساڵە زۆر کوشندە بوو!...ماوەیەکی زۆرە من لە هەستی تۆ تێ دەگەم. هەموو لایەکی خەمی تۆم هەڵسەنگاندووە.. دەستەخوشکەکەم ئایا دەکرێ بڵێم من وا سەیری ئەم پەیوەندییەم کردووە، خەیاڵێکی رۆمانسییە، لە ژێر کاریگەی شکسپیری نەفرەتی دروست بووە؟... هەر دایکێك دەتوانێ گلەیی ئەوەم لێ بکات ئەو رێوشوێنانەی ئەنجامم داوە، یان دەسەلاتەکەم زیاد لە پێویست توند و دڵڕەقانە بووە؟ لەگەڵ ئەوەش من ئازارە دووروودرێژەکانی وەبیر خۆم دەهێنمەوە، تێدەگەم و بەها بۆ هەستیاریی تۆ دادەنێم... باوەڕم پێ بکە، کە پێت دەڵێم من چاکتر لە تۆ تێدەگەم، من دڵنیام تۆ ئەوت خۆشناوێ، ئەم هەرزکارێکی پێکەنیناوییە، بەڵکو لە خەونی ئەڤینداری عاشق بوویت، منیش دڵرەق بووم، منیش خەیاڵی خۆم هەیە! من بێ ئەزموون قسە ناکەم، ئەگەر پێت بڵێم هاوسەرگیریت لەگەڵ میر بۆ من وەك دەربازبوونێکە، ئەوا ئەوکاتە شایەنی ئەوەم گوێگرم بیت!

* * *

زینا بەسەرسامیەوە گوێی لەو وتارە درێـژەی دایکـی گـرت، بـە تـەواوی دەشـزانیٚ دایکـی هـەرگیز ئـەم زمانـە کاریگـەرە بـەکارناهێنیٚ، ئەگـەر ئامانجێکی شاراوەی نـەبیٚ، پێشـتر پێـداگری نـەبیٚ، ئەنجامەکـەش ئـەوە بوو کیژۆڵەکە کەوتۆتە حاڵەتێکی پەشۆکانەوە!

سەرسـامییەك بەسـەر زینـا زاڵبـوو، سـەیری دایکـی دەکـرد، کـە خـۆی بەشکۆ و سەنگینی دەردەخست، زینا هاواری کرد و وتی:

- کەواتە هاوسەرگیرییم لەگەڵ میر تەنها پرۆژەیەك نییە لـە خـۆوە هاتبیٚ، بەڵکو نیازێکی شاراوە هەیە؟ بـەڵام ... چۆن دەکرێـت ئەو شووکردنە دەربازم بکـات؟ ئایا پەیوەنـدی ئـەم بابەتـە بـەو چیرۆکە دوورودرێژ چییە کە تازە گێڕاتەوە؟..دایکە بەڕاستی من لە تۆ ناگەم!

دایکەکە تووشی سەرسامی بوو، لە ناکاو هەڵچوو و وتی:

- فریشتەکەم مـن سـەرم سـوڕدەمێنی کـە تـێم ناگـەی؟..یەکـەم، ئەمە ڕاستییەکە تۆ دەچیتە کۆمەڵگایەکی تر،جیهـانێکی تـر، بـە یـەکجاریی ئـەم شـارە بچـووکە بەجێـدەهێڵی کـە مایـەی قێزبونەوەیە، بۆ تۆ پڕیەتی لە یادەوەری ناخۆش، هیچ سۆزێکت بۆ ئەم شارە نییـە، هـەر لـەم شارە قسەوقسـەلۆك لـە سـەر تـۆ دەکـرا، هـەموو ژنـە زۆربلێیـەکانی ئـەم شـارە بـەهۆی جوانییەکەتەوە رقیان لە تۆیە... دەڵێم ئەمە تـەنها هەقیقەتێکە

که گرنگییه‌کی گه‌وره‌ی هه‌یه‌.. دواتر تۆ ده‌توانی هه‌ر له‌م به‌هاره سه‌فه‌ری ده‌ره‌وه بکه‌یت: بۆ ئیتالیا، سویسرا، ئیسپانیا بچیت، ئه‌ی زینا، کۆشکی سوور، دۆڵی گه‌وره له غرناته!... به‌سیه‌تی چیتر سه‌یری ئه‌م رووباره بچووك و پیسه‌ی مۆرداسۆف مه‌که، که ته‌نها بیستنی ناوه‌که‌ی تووشی بێزاریی و جارسبوونت ده‌کات!

زینا وتی:

– به‌لام... دایکه رێگه ده‌ده‌ی؟... تۆ به‌شێوه‌یه‌ك قسه ده‌که‌ی وه‌ك ئه‌وه‌ی به‌ڕاستی شووم کردبێ، یان به‌لایه‌نی که‌مه‌وه، میر خوازبێنی منی کردبێ!...

دایکی به‌زمانێکی نه‌رمتر وه‌لامی دایه‌وه:

– له‌م لایه‌نه‌وه تۆ نیگه‌ران مه‌به... فریشته‌که‌م نیگه‌ران مه‌به، من ده‌زانم چ ده‌ڵێم... رێگه‌م بده قسه‌کانم ته‌واو بکه‌م، ته‌نها باسی خاڵی یه‌که‌مم کردووه، ئێستا نۆره‌ی دووه‌میانه، کیژۆڵه‌که‌م من درك به‌وه ده‌که‌م چه‌ند ئازاربه‌خشه شوو به مۆزگلیاکۆف بکه‌ی.

زینا به هه‌ڵچوونێکی زۆره‌وه قسه‌کانی پێ بڕی:

– من ده‌زانم هه‌رگیز نابم به هاوسه‌ری ئه‌و، پێویست به‌وه ناکات هیچ مرۆڤێك ئه‌مه‌م پێ بڵێ...

- ئای ئازیزە بچکۆلانەکەم ئەگەر دەزانی هەست بە چ قێزەوەنییەك دەکەم! بەڕاستی چەند ترسناکە مرۆڤ لە بەردەم قوربانی پیرۆز سوێندی خۆشەویستی و وەفاداری بۆ کەسێك بخوات، کە خۆشی ناوێ و ناشتوانێ خۆشی بوێ.. بەڵێ ترسناکە ژن بدرێتە پیاوێك، ئەو ژنە نەتوانێ ڕێز لەو پیاوە بگرێ! .. کەچی ئەو بە خۆشەویستی خوازبێنیت دەکات.... ئەو هاوسەرگیریت لەگەڵ دەکات بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی تۆ، دەتوانی لە تێڕوانینەکانی بۆ تۆ هەست بەوە بکەیت، کاتێك تۆش سەیری ناکەی ...!

بەلام چۆن دەکرێت مرۆڤ هەمیشە خۆشەویستی بنوێنێ؟ ئای کیژۆلەکەم! من ئەوەتا نزیکەی بیست و پێنج ساڵە بەهۆی ئەو گاڵتەجارییەوە کە بەسەرم سەپێنراوە، ستەم لەخۆم دەکەم، باوکت منی لەناوبرد، تەنانەت دەتوانم بڵێم سەراپای جحێڵی منی ژەهراوی کرد، چەند جارت بینیوە فرمێسك دەڕێژم!...

جارێکی دیکە زینا قسەکانی ماریای بڕی و بە تووڕەیی و جۆش و خرۆشەوە وتی:

- باوکم لە لادێیە... تکا دەکەم، بە پشتەملە هێرش مەکە سەر باوکم!

- بەڵێ... تۆ هەمیشە داکۆکی لێ دەکەی... من ئەمە دەزانم.. ئای زیناکەم ! لەدڵەوە هەستم بە ئازارێك دەکرد کاتێك هیوام دەخواست بە ناچاری شوو بە مۆزگلیاکۆف بکەی! کەچی سەبارەت بە مێر، پێویستیت

به نواندنی دووڕوویی نییه، راسته تۆ ناتوانی پڕ به مانای وشەکه میرت خۆش بوێ، لەلایەکی دیکەشەوه ئەو ناتوانێ داوای ئەم جۆره خۆشەویستیەت لێ بکات...

زینا هەڵچوو، به تۆنێکی یەکلاکەرەوه دەیگوت:

– ئەی خودایه ! ئەی لەم گەمژەییه ! دڵنیات دەکەم تۆ هەر لە سەرەتا تا کۆتاییەکەی هەڵەی، به نیازیش نییم خۆم بکەمه قوربانی و لەبەر ئامانجێکی دیکه ئەو کاره بکەم... ئێستا ئەوه بزانه من نامەوێ شوو بکەم.. شوو به هیچ کەسێك ناکەم، وەك کیژێکی پاکیزه دەمێنمەوه.. لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا تۆ هۆکاری ئازارەکانی من بووی...

دایکی به پاڕانەوه و تکاکردن قسەکانی زینای بڕی و وتی:

– توخوا زینا توڕه مەبه، گوێ لەمن بگره هاوڕێیه بچووکەکەم! ئای کەللەڕەقی!.. رێگەم بده لەتێڕوانینی خۆمەوه بابەتەکەت بۆ باس بکەم، ئەو کاته لەگەڵم کۆك دەبی... لەوانەیه میر ساڵێکی دیکه بژی، یان دوو ساڵ زیاتر.. وا باشتره بێوەژنێکی گەنج بی، نەوەك قەیره کچێکی بەساڵاچوو. سەرەڕای ئەمەش تۆ لە دوای مردنی میر وەك شازادەیەکی دەوڵەمەند و ئازاد دەمینێتەوه... ئازیزەکەم لەوانەیه رقت لەو چارەنووسه بێت کە بەهۆی مردنی پیاوێکەوه دێته پێشەوه، بەڵام منیش دایکم

کێ دەتوانێ لەسەر دووربینی و ئامادەگی بۆ ئاینده گلەییم لێ بکات؟ دواجار تۆ — ئەی فریشتەی رەحمەتم— ئەگەر هێشتا بۆ ئەو هەرزەکارە پەشیمانی، ئامادە نییت (من گومانم لەوە هەیە) شوو بە پیاوێکی دیکە بکەی مادەمەکی ئەو لە ژیان مابێت، ئەوا بیربکەوە کە شوو بە میر دەکەیت، ئەو کەسەت خۆشدەوێ کە خۆشت دەوێ.. ئەگەر ئەو کەسە تۆزێك بیرکردنەوەی لۆژیکیانەی هەبێت، ئەوا دەزانێ ناکرێت ئیرەیی بە میر ببات، چونکە ئیرەیی لەو کاتە مایەی گاڵتەجارییە، دەشزانێ تۆ تەنها لەبەر بەرژەوەندی و لەژێر فشار شووت بەمیر کردووە، دواجار ئەو کەسە لەمە دەگات تۆ لەدوای مردنی میر دەتوانی شوو بەو کەسە بکەی کە دڵخوازی خۆتە...

زینا بە سارد وسڕی و بە گاڵتەکردنەوە وتی:

– تۆ دەتەوێ من شوو بە میر بکەم، بۆ ئەوەی سامانەکەی ببەم، دواتر چاوەڕوانی مردنی ئەو بکەم ، بۆ ئەوەی دوای ئەو شوو بەو کەسە بکەم کە خۆشم ویستووە، ئەی وا نییە؟ تۆ زۆر کارامەی، دەتەوێ فریوم بدەی بەوەی پێشنیارم بۆ دەکەی.... ! من چاك لە تۆ دەگەم دایکە، زۆر چاك؟.. هۆکارەکە ئەوەیە تۆ توانات نییە هەست و سۆزی بەرز دەربخەی تەنانەت لە مەسەلەیەکی وەها بێزراویشدا ! .. وا باشتر بوو شەرەفمەندانە، بەوپەڕی سادەیی بڵێی: زینا..ئەمە کارێکی چەپەڵە...

بەلأم قازانجی تێدایە، کەواتە قبوڵی بکە. ئەمە زۆر باشتر دەبوو، چونکە بەلایەنی کەمەوە زۆر ڕاشکاوانەیە.

– بەلأم، بۆچی مکوڕی لە ڕوانگەی فرت و فێڵ و چاوچنۆکی سەیری بابەتەکە بکەی.. ئەو مەزندەیەی منیش بە چەپەڵ و ناپاك دادەنێی؟ سوێند بخۆ بە هەر شتێ پیرۆزە، بۆم روون بکەوە چەپەڵی و ناپاکییەکەی لەچی دایە؟ لە ئاوێنە سەیری خۆت بکە، تۆ هێندە جوانی، تەنها بە چاوەکانت دەتوانی دەوڵەتێك داگیر بکەی!.. دواتر بەو هەموو جوانیەتەوە، جوانترین ڕۆژەکانی ژیانت دەکەیتە قوربانی پیاوێکی بەساڵاچوو.. تۆ ئەی ئەستێرە درەوشاوەکە، ئاوابوونی خۆری ئەو پیاوە دەڕازێنیتەوە، وەك ڕووەکێکی هەڵواسراو و گوڵدار، پیربوونی جوان دەکەی! .. ئەو ئێستا لەگەڵ ژنێکی جادووگەر دوور لە جیهان دەژی، تۆش لە دەستی ئەو جادووگەرە ڕزگاری دەکەی... کەواتە سامان و نازناوی میر بۆ تۆ زۆرە؟ لێرە تۆ چ چەپەڵی و ناپاکییەك دەنوێنی؟.. زینا، تۆ نازانی چ دەڵێی!

زینا بە گاڵتەپێکردنێکی زیاتر وتی:

– بێگومان!... نرخی من سامان و نازناوی ئەوە، بۆ ئەوەی بەدەستیان بهێنم دەبێت سازش بکەم و شوو بە پیاوێك بکەم کە لەپیاوەتی کەوتووە... گوێ بگرە دایکە.. با شتەکان بە ناوی خۆیان ناو ببەین و خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین: ئەمە کارێکی چەپەڵ و پیسە!

- بە پێچەوانەوە دۆستەکەم، بە پێچەوانەوە! ئێمە دەتوانین بە تێڕوانینێکی بەرزەوە بۆ بابەتەکە بچین، لە تێڕوانینی ئایینەوە... ڕۆژێك لە ڕۆژان کە تۆ لە حاڵەتێکی دڵتەنگی دابووی، بە منت گوت ئەخوازی ببیتە ڕاهیبەیەك لە ڕاهیبەکانی رەحمەت، ئەو کاتە بە بیرۆکەی تێگەیشتن لە ئازارەکانی مرۆڤایەتی، دڵت پڕ دەبێ لە خۆشەویستی، هەر خۆشەویستیەکی دیکە بە بەر چاوی تۆ بچووك و بێ تام دەبێت. باشە، ئەگەر تۆ باوەڕت بە خۆشەویستی نییە، ئەوا بەوپەڕی پاکییەوە من بە دڵسۆزی و قوربانی دەزانم... خۆت بۆ کەسێکی دیکە تەرخان بکە خودا بەرەکەتت پێ دەدا! ئەم پیرە پیاوە ساڵانێکە مەینەتی دەکێشێ، کەسێکی بەدبەختە لەوەتەی دەیناسم خەڵك نیگەرانی دەکەن، هەمیشە لە بەرامبەر ئەو هەستم بە سۆزێك کردووە کە وەسف ناکرێت، تەنانەت جۆرێك لە خۆشەویستیم بۆی هەبووە، پێشبینی ئایندەم دەکرد، تۆ ببە بە هاوڕێ و کچی ئەو، بەڵکو ببە بە یاری ئەو، گەرموگوڕی بخە دڵییەوە... تۆ دەڵێی ئەو مایەی گاڵتەجاڕییە، بەڵام ئەو هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە... دەڵێی ئەو نیوە زەلامێکە، کەواتە بەزەییت هەبێت دەست بە ئایینەوە بگرە. فشارێك بخە سەر دەروونی خۆت، مرۆڤ دەتوانێ ئەو کارە بەرزانە بکات، برینپێچی لە نەخۆشخانەکان کارێکی ئازاربەخشە، هەڵمژینی هەوای پڕ میکرۆبی نەخۆشخانەکان شتێکی بێزراوە... بەڵام کەسانی فریشتەئاسا ئەو کارە تایبەتانە دەکەن بێئەوەی هەست بە قێزبوونەوە بکەن، سوپاسگوزاری خوداش دەبن لەو چارەنووسە خەمناکەیان... ئەمە ئەو دەرمانەیە کە دڵشکاوەکەی تۆ پێویستیەتی،

ئەمە کارێکە هەمووی پاڵەوانێتییە! لێرەدا چ چەپەڵی وخۆپەرستییەك بەدی دەکەی؟ تۆ باوەڕ بەمن ناکەی، وا دەزانی کاری نواندنت لەگەڵ دەکەم و ناتوانی لەوە بگەی خاتوونێکی وەك من کە لە کۆمەڵگایەك لە کەشوهەواییەکی سەرەڕۆ و لادەر دەژی، چۆن دەکرێت هەست و سۆزێکی بەرزی هەبێت!.. کیژۆڵەکەم باوەڕ ناکەی! گومان لە دڵی دایکت دەکەی، دەشزانی قسەکانی من دانایانە و فریادڕەسە... چاوت بنوقێنە و پشتت لە من بکە، وا خەیاڵ بکە دەنگێکی شاراوە ئەو قسانەی منت بۆ دووبارە دەکاتەوە... ئەوەی تۆی گیرۆدە کردووە بابەتی پارەکەیە، ئەمەش رواڵەتێکی کڕین و فرۆشتنە.... باشە، پارەکە رەت بکەوە ئەگەر هێندە رقت لێیەتی، پارەی لێ قبوڵ مەکە تەنها بەگوێرەی پێویست نەبێت، ئەوانی دیکە ببەخشە هەژارەکان، بۆ نموونە دەستی هاوکاریی بۆ ئەو بەستەزمانە درێژ بکە کە لە سەرەمەرگە، مەبەستم ئەو کەسەیە کە بە نیاز بووی شووی پێ بکەی...

زینا لێرە دا بە نەرمی وەك ئەوەی قسە لەگەڵ خۆی بکات وتی:

— ئەو هیچ شتێك قبوڵ ناکات... هیچ شتێك!

دایکەکە زانی ئێستا لە ژنییەکی هەستیاری کچەی دەژەنێ، بۆیە وتی:

— ئەگەر رەتی بکاتەوە، دایکی لەبری ئەو قبوڵی دەکات، بێنەوەی کوڕەکە بزانێ... تۆ گوارەکەت فرۆشت— کە دیاری پوورت بوو— بۆ ئەوەی لە شەش مانگی رابردوودا هاوکاری بکەی، من ئەوە دەزانم،

هەروەها دەشزانم دایکە بەساڵاچووە بەستەزمانەکە لە ماڵان جلشۆری دەکات، بۆ ئەوەی نانێك بۆ کورە نەخۆشەکەی دابین بکات..

- خەریکە ئەو ئێستا پێویستی بە هیچ شتێك نییە...!

ماریا ئەم وشەیەی لە دەمی کچەکەی قۆزتەوە، وەك ئەوەی لەناکاو سروشی بۆ هات بێ، بە زمانێکی کاریگەر وتی:

- من لە تۆ دەگەم، تێت دەگەم... دەڵێن ئەو بەنەخۆشی سیل دەمرێ، بەڵام ئەمە قسەی کێیە؟ چەند رۆژێك لەمەوبەر لەبارەی ئەو پرسیارم لە کالیست ستانزلاڤیچ کرد.. چونکە منیش بایەخ بەو هەرزەکارە بەستەزمانە دەدەم، زیناکەم منیش دڵم هەیە، کالیست پێی گوتم، بەراستی نەخۆشییەکەی ئەو کورە کوشندەیە، بەڵام هێشتا وا نازانرێت نەخۆشییەکانی لە سییەکانی بێت، سەرەڕای ئەوەش وتی، گۆڕینی کەشوهەوا و بارودۆخی دەروونی لەوانەیە چاکی بکاتەوە، جگە لەمەش لە ئیسپانیا- منیش بیستوومە و خوێندومەتەوە- دوورگەیەك هەیە، وابزانم بە (مالکا) ناسراوە.. ئەم ناوە جۆرێك لە شەڕابم بیر دەخاتەوە، لەو شوێنە ئەوانەی تووشی نەخۆشییەکانی سی دەبن، تەنانەت تووشبووانی سیلیش بە تەواوی چاك دەبنەوە، ئەمەش بەهۆی کەشوهەوای شوێنەکە. لەڕاستیدا کۆشکی سیحری سوور، رێحان و لیمۆ، ئیسپانییەکان بەسەر

هێسترەکانیانەوە، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی سەیریان بەسەر دەروونی شاعیرانەی ئەو دەبێت.

تۆ بڕوات وایە شتەکانی تۆ ڕەت دەکاتەوە... فریوی بدە ئەگەر خۆشت دەوێ، خوا لە درۆ دەبەخشێ، ئەگەر پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤێکەوە بێت.. بە ئەڤینی خۆت هیوای پێ ببەخشە، پێی بڵێ تۆ ئەو کاتەی بێوەژن دەکەویتەوە شووی پێ دەکەی، چەندین ڕێگا هەیە مرۆڤ دەتوانێ بە کاریان بهێنێ بۆ ئەوەی ئامانجە بەرزەکانی خۆی بپێکێ، دایکی خۆت ئامۆژگاری زیانبەخشی بۆ تۆ نییە، تۆ هەموو شتێك لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو دەکەی... ئەمەش پاساوە بۆ هەموو شتێك... ئازایەتی دەگەڕێتەوە کاتێك هیوای ئەوەی پێ دەبەخشی ڕۆژێك لە ڕۆژان شووی پێ دەکەی.. ئەویش خۆی چارەسەر دەکات، پەیڕەوی ڕێنماییەکانی پزیشك دەکات، هیوای ئەوە دەخوازێ بۆ ئەوەی بژی بە شادییە چاوەڕوانکراوەکە بگات. ئەگەر هاتوو چاك ببێتەوە– تەنانەت ئەگەر شووت پێ نەکرد– ڕزگاربوونەکەی بەهۆی تۆوە دەبێت! ئەگەر نەهامەتی ئەوی گۆڕی و وایکرد شایەنی تۆ بێت، ئەوکاتە تۆ دەتوانی شووی پێ بکەی، دوای چاکبوونەوەی ئەو دەتوانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو بدۆزیتەوە، ڕێگای نوێی لە بەردەم واڵا بکەیت، لەو کاتەدا شووکردنت کارێکە لەگینە، بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر شووی پێ بکەی کارێکی شێتانە دەکەی، چاوەڕوانی چی دەکەی، هەموو خەڵك ڕقیان لە ئێوە دەبێتەوە، لە نەهامەتییەکی هەمیشەیی دەژیت، ئایا پێتوایە

خوێندنەوەی شکسپیر سەبووریتان پێ ببەخشێ؟ ئێوە بە یەکەوە لەم مۆرداسۆفە نەگریسە دەژین، تا ئەو دەمرێ، هێندەی پێناچێ ئەمە روودەدات... بەڵام لەبری ئەمە دەتوانی چاکە لە دەروونی ئەو بروێنی، مەیلی کارکردنی پێ بدەی.. لە گوناهەکەی خۆش بە دەبینی تۆ دەپەرستێ... هەستی پەشیمانی لەبری ئەو کارە پڕ شەرمەزارییەی ئەنجامی داوە، وا دەکات رقی لەخۆی ببێتەوە، لێبووردەیی تۆ وا دەکات هەموو شتێك بسڕێتەوە، ئەویش لەگەڵ خۆی ئاشت دەبێتەوە.

ئەو دووبارە دەگەڕێتەوە سەر کارکردن، پلەکەی بەرزدەبێتەوە، ئەگەر هاتوو مرد ئەوا بە لایەنی کەمەوە بە دڵشادی لەنێو باوەشی تۆ دەمری– چونکە دەتوانی تۆ لەسەرینی بیت– ئەو لە خۆشەویستی تۆ دڵنیایە، لە ژێر سایەی لێ خۆشبوونی تۆ لە ژێر سێبەری رێحان و درەختی لیمۆ، لە ژێر ئاسمانێکی شینی ساماڵ دەبێت، ئای زینا! هەموو ئەو شتانەی بە دەست تۆ دەبێت، کەواتە چارەیەك نییە تەنها ئەوە نەبێ شوو بە میر بکەی.

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا لە قسەکانی بۆوە، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، زینا لەو ماوەیەدا زۆر هەڵچوو بوو...

ئێمە لەم کاتەدا وەسفکردنی هەستی زینا، لە ئەستۆی خۆمان ناگرین، چونکە ئێمە نایناسین، بەڵام وەك دەردەکەوێ ماریا ئەو رێگا راستەی دۆزیوەتەوە کە دەچێتەوە دڵی کیژۆڵەکەی. بەڕاست ئەم دایکە نایابە،

هەرچەندە هەندێك پەرتەوازە بوو، بەڵام دواجار توانی ژێیە هەستاریەکە بدۆزێتەوە، ئەو لەسەرەتا بێ سڵکردنەوە باسی ئەو بابەتە هەستیارانەی کرد کە هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێ، سەرەڕای ئەمەش هەندێك هەست و سۆزی بەرزی بە زمانێکی ڕەوان دەربڕی، ئێستا سەرکەوت لەوەی بیرۆکەکە بخاتە زەینی زیناوە، بە ئەنجامی خوازراو گەیشت، ئامانجەکەی پێکا... ئەوەتا زینا بە بێدەنگی گوێی بۆ دەگرێ و کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕاون، سینگی بەرز و نزم دەبێتەوە...

هەرچەندە ڕەنگی بزرکابوو، ئاشکرا دیاربوو پێداگری دەکات، بەڵام بەڕشتی گوتی:

– دایکە گوێ بگرە... دایکە گوێ بگرە..

بەڵام لەو کاتەدا دەنگێك لە داڵانەکانەوە بیسترا، دەنگێکی تیژ بوو، بانگی ماریا ئەلکسەندەرۆڤنای دەکرد

ماریا هەڵسایەوە سەر پێ و وتی:

– ئای، ئای خودا! ئەمە هاوسەری کۆلۆنیلە، شەیتان ئەو توتییە لەناوبەرێ!...

ماوەیەك بێدەنگ بوو، دواتر لە دڵتەنگییان وتی:

– بەر لە پانزە ڕۆژ لە ماڵەکەم دەرمکردووە! بەڵام ئێستا...مەحاڵە پێشوازی لێ بکەم... مەحاڵە!... لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان ئەو ژنە هاتووە هەواڵی پێیە، ئەگینا بوێری

هاتنی نەبوو..زینا لەوانەیە شتێکی ترسناك هەبێت، دەبێت بزانم، نابێت هیچ شتێك فەرامۆش بکەم.

هاواریکرد و بەرەو دیداری هاوسەری کۆلۆنێل:

– زۆر دان بەچاکییەکەت دەنێم، بۆ ئەو سەردانە جوانە! ئای لەو رێکەوتە دڵخۆشکەرە، کە وایکردووە منت بیر بکەوێتەوە، ئەی ئازیزەکەم سۆفیای پترۆڤنای بە نرخ! ئای لەو سەردانە لەناکاو و سیحراوییە!

لەم کاتەدا وەك نیمچە راکردنێك زینا لە ژوورەکە هاتە دەرەوە......

***

# بەشی شەشەم

## هاوسەری کۆڵۆنێل

سۆفیا پترۆڤنای هاوسەری کۆڵۆنێل تەنها لە تووتی ناچێ، کە زۆربڵێ و زۆریش لە قسەکردن کاوێژ دەکات، بەڵکو لە شێوەی جەستە و جوڵدا لە چۆلەکە دەچێ...ئەم ژنە بالآیەکی کورتی هەیە، تەمەنی پەنجا ساڵ دەبێت، پەڵەی سوور وزەرد لە دەموچاوی هەیە، چاوەکانی هەمیشە لە جوڵەدایە، لەشە لاوازەکەی لە ژێر کراسێکی ئاوریشمی کەشوفش داپۆشیوە، کە بەردەوام خشەی دێ، چونکە هەرگیز ناتوانێ لە شوێنێك ئۆقرە بگرێ...سۆفیا ژنێکی شەڕانگێزە، حەز بە تۆڵەکردنەوە دەکات و شەیدای قسە هێنان وبردنە، ئەو بەو بیرۆکەیەوە شێت بووە" گوایە هاوسەری کۆلۆنێلە!". مێردەکەی ئەفسەری خانەنشینە بە پلەی

کۆلۆنێـل، سـۆفیا بـەردەوام دەمـەقالێ لەگـەڵ دەکـات، لـە سـیمای پیاوەکەش شوێنەواری ئەم دەمەقاڵێیە دیارە.

سـۆفیا پترۆڤنـا، بـەیانیان چـوار پێکـی بچـووك ڤۆدگـا دەخواتـەوە، ئێوارانیش بە هەمان شێوە، ئەم ژنە رقێکی شێتانەی بۆ ئانا نیکۆلێڤنا و ناتالیا دیمتریڤنا هەیە، هەردووکیشیان هەشت رۆژێك لەمەوبەر لەماڵەکەی خۆیان سۆفیایان وەدەرنا بوو.

سۆفیا پترۆڤنا وتی:

-فریشتەکەم، تەنها بۆ چرکەساتێك هاتووم، تەنانەت نامەوێ دابنیشم، تەنها دەمەوێ باسی هەندێك رووداوی سـەیر بکـەم، کـە لـە شـارەکەمان روویـداوە. مـیر مۆرداسـۆفی سـەراوژێر کـردووە، خەڵکـە فێڵبازەکـەی شارەکەمان – وەك دەزانی– لە هەموو شوێنێك بەدوای دەڕۆن، لەهـەموو ئاراسـتەیەکەوە دەیبـەن، شـەمپانیای پـێ دەدەن، ئەمـە شـتێکە باوەڕ ناکەی... چۆن رێگەت داوە بچێتە دەرەوە؟ ئایا دەزانـی ئێسـتا لەلای ناتالیا دیمتریڤنایە؟

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا لـە شـوێنی خۆی لەسـەر کورسـییەکە راپـەڕی و هاواری کرد:

- له لای ناتالیا دیمتریڤنایه! بەڵام تەنها بۆ سەردانی فرمانڕەوا ڕۆیشتبوو، نەوەک بۆ لای ناتالیا، تەنانەت ئەوەشیان بۆ ماوەیەکی کورت!

هاوسەری کۆلۆنێل به زمانێکی پڕ واتاوه وتی:

- ئا... بەڵێ... بۆ ماوەیەکی کورت! بەڵام... ئێستا به دوای بگەڕێ! ... ئەو فرمانڕەوای نەدیبوو، بۆیه چووه ماڵی ئانا نیکۆلیڤنا، بەڵێنی به ئانا داوه نانی ئێواره له ماڵەکەی ئەو بخوات، ئەوکاتەش ناتالیای چەپەڵ لەلای ئانا دەبێ، خۆت دەزانی هەمیشه لەلای ئانایه، بۆیه بۆ نانی نیوەڕۆ میر دەباته ماڵەکەی خۆیان!

- ئەمه چۆن دەکرێ، خۆ مۆزگلیاکوف بەڵێنی به من داوه....

هاوسەرەکەی کۆلۆنێل به جۆشەوه وتی:

- ئا... بەلی، مۆزگلیاکوفی دۆستت، که زۆر بەشان و باڵی هەڵدەدەی؟ ئەویش له گەڵیانه! ئاگاداریه نەوەک وا له میر بکەن قومار بکات و دووباره وەک جاران بدۆڕێ... گومانم لەوه نییه، ئەوان میر تێوەدەگلێنن، تێوەگلانی میریش ئاسانه... ئای لەو درۆ و دەلەسانەی ناتالیای چەپەڵ بڵاوی دەکاتەوه! ناتالیا خۆی ئەمانەی به میر وتووه، میر لەوێ دانیشتووه له شتێك ناگات، وەك پشیلەکی تەڕبووه، وەڵامی هەموو شتێك به "هەڵبەته... هەڵبەته" دەداتەوه. با بزانین خودی

ناتالیا چی کردووە، سۆنیای کچی نمایش کردووە...وێنای بکە! ئەو کیژۆڵەیە تەمەنی پانزە ساڵە هێشتا کراسی کورت دەپۆشیٚ کە لەسەر ئەژنۆکانیەتی! ... هەروەها ناتالیا بەدوای ماریای هەتیوی ناردووە، کە ئەویش کراسی کورتتر دەپۆشیٚ، هەردوو کیژۆڵەکە کڵاوی بچووکیان لەسەر داناوە کە نازانم بۆچی پەڕەمووچی سووری بەسەروەیە، هەردووکیان لە بەردەم میر سەمای کۆزاچۆکی رووسی دەکەن... خۆشت لاوازی میر دەزانی، میر لیکاوی دەڕژیٚ و دەڵیٚ" ئای لەو د.....د..دیمەنە جوانە... ئای لەو د....د....دیمەنە جوانە!". بە مۆنۆکڵەکەی سەیریان دەکات! ئەو کیژۆلانەش بە لەشسووکی سەما دەکەن، لەبەر زۆر بەرزکردنەوەی قاچیان، لەشەرمان سوور هەڵگەڕاون!....من وازت لیٚ دەهێنم خۆت وێنای ئەوە بکەی، هەموویان چۆن پێدەکەنن!... ئای !... ئەوان ئەمە بەسەما ناودەبەن !... منیش ئەو کاتەی لە قوتابخانەی ناوخۆیی و ئەرستۆکراتی( جارِنی) بووم، سەمام دەکرد و شاڵم دەخستە سەرشانم، ئەمە کاریگەرییەکی سەرسوڕهێن و بەرزی هەبوو، تەنانەت جارێکیان چەندین ئەندامی ئەنجومەنی پیران چەپڵەیان بۆ سەماکەی من کوتا.. لەو قوتابخانەیە تەنها کچی میر وخانەدانەکان وەردەگیران، ئەو سەمایەی بە کۆزاچۆک ناودەبرێت شتێك نییە تەنها سەما ئاست نزمەکەی (فرنیش کان کان) نەبیٚ! ! سوێند بە شەرەفی خۆم دەخۆم، لە شوێنی خۆم لەشەرمان ئارەقم دەڕشت!. بەڵی ئارەقم دەڕشت... کاتێك دەڵێم ئارەقم دەڕشت بۆیە نەمتوانی لە شوێنی خۆم لەگەڵ ئەوان بمێنمەوە...

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا بە زمانێکی تایبەت، قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- بەلام... ئایا تۆش لە لای ناتالیا دیمتریڤنا بووی؟ وا بزانم تۆ......

- ئا... بەڵێ... هەفتەی رابردوو ریسوای کردم، پێم شەرم نییە لەلای هەموو کەس باسی ئەوە بکەم.. بەلام ئازیزەکەم من خوازیاربووم میر ببینم، تەنانەت ئەگەر لە پەنجەرەش بووایە... سەرەڕای هەموو شتێك چوومەوە ماڵەکەی ناتالیا! ئەگەر بوونی میر نەبووایە ئەوا ئەم ژنە دەبوایە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی من بکات!... وێنای ئەوە بکە ئەوان نوقڵیان بەسەر هەموو ئامادەبووان دابەشکرد ! بەلام من ؟ هیچ . تەنانەت بە وشەیەکیش قسەیان لەگەڵ نەکردم ! ناتالیا بە ئەنقەست ئەو کارە دەکات، ئەو وەك بەرمیلە ! من خۆم دەزانم چۆن تۆڵەی لێ دەکەمەوە... بەلام ئێستا ئەی فریشتەکەم خوات لەگەڵ، من بە پەلەم دەبێت بچمە لای ئەکۆلینا بنڤیلۆڤنا، بۆ ئەوەی بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕمەوە.... ئای ! تۆ دەتوانی بۆ لەدەستدانی ئەو میرە جوانە سوێت بێتەوە.. ئەو نایەتەوە لای تۆ.. وەك دەزانی ئەو مێشکی لەدەست داوە، دواتر دەتزانی چۆن ئانا نیکلۆلیڤنا رێگری هاتنە دەرەوەی لێ دەکات، هەموو دەترسن... هەڵبەتە تێدەگەی... مەبەستم زینایە ....

- ئای لەو هەموو دزێوییە !

- بابەتەکە تەواو بەمشێوەیەیە کە وتم، تەواوی شارەکە قسەی لەسەر دەکات... ئانا بۆ نانی ئێوارە میر لەلای خۆی دەهێڵێتەوە. دواتر ڕێگەی نادات بڕوات... ئازیزەکەم ئانا لە دژی تۆ پلانەکەی دادەڕێژیٚ، من بەچاوی خۆم حەوشەی ماڵەکەی ئەوم بینی، ئای لەو بەزم و ڕەزمە! .. ئەوان سفرە بۆ سی کەس حازر دەکەن، ناردوویانە شامپانیا بکڕن.. من جارێکی دیکە ئاگادار دەکەمەوە لەناکاو بڕۆ لەو کاتەی میر لە ماڵەکەی ناتالیا دەگەڕێتەوە... ئەو موڵکی تۆیە.. ئەو میوانی تۆیە ! ڕێگە مەدە ئەو مەکریازە چەپەڵە یارییت پیٚ بکات، ئەو ناگاتە تاکە پێڵاوێکی تۆ، هەر چەندە هاوسەرەکەی فەرمانبەرێکی بەڕێزە...منیش هاوسەری کۆڵۆنێلم، لەلای خاتوو جاڕنی لە قوتابخانەیەکی ئەرستۆکراتی بەشە ناوخۆیی پەروەردەکراوم... ئای... خواحافیز فریشتەکەم! گالیسکەکەم لەدەرەوەیە ئەگینا یاوەرییم دەکردی.... ئاژانسە گەڕۆکەکەی هەواڵ چۆن لە ناکاو هات، هەر بەمشێوەیەش ون بوو.

ماریا تەواو هەڵچوو بوو... بەڕاستی ئامۆژگارییەکەی هاوسەری کۆڵۆنێلٚ کرداریی و دڵنیاکەرەوەیە، کەواتە کاتێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نییە، بەلاّم هێشتا ئاستەنگێکی دیکە هەیە، ماریا بەرەو ژوورەکەی زینا ڕۆیشت، زینا لەویٚ ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد، دەستەکانی لەسەر سنگی دانابوو، سەری کز کردبوو، ڕەنگی وەك مردوو بزرکابوو، پەشۆکانێکی زۆری هەبوو، فرمێسك لەچاوەکانی دەهاتە خوارەوە، بەلاّم کاتێك چاوی بەدایکی کەوت، مکوڕبوونێکی سەیری نیشاندا د

فرمێسکەکانی شاردەوە، زەردەخەنەیەکی دڵڕفێنی کرد و لێوەکانی گەست، بەر لەوەی دایکی قسە بکات، زینا وتی:

- دایکە..! تۆ بەرەوانبێژییە مەزنەکەتەوە زێدەڕۆییت لە باسی شەرەفی من کرد، زۆر زێدەڕۆییت کرد، بەڵام نەتوانی چاوەکانم بگری بۆ ئەوەی هەقیقەت نەبینم، من ئێستا منداڵ نیم.... تۆ دەتەوێ بەوە رازیم بکەی گوایە ئەگەر شوو بە میر بکەم، ئەوا کارێکی خێر و چاکە دەکەم- من لەلای خۆمەوە مەیلم بۆ خێر و چاکە نییە- بە ئامانجێکی بەرز پاساو بۆ خۆپەرستییەکی چەپەڵ دەهێنیتەوە... ئەمەش هەموو ئامانجەکەیە کە پڕییەتی لە چەپەڵی و بەدکاریی... ئایا لەمن دەگەی؟

دایکەکە وتی:

- بەڵام ... کچەکەم...

زینا بە توندی قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- دایکە بێدەنگ بە... دان بەخۆت بگرە و تا کۆتایی گوێت لە من بێ... کەواتە من تەواو درکم بە چەپەڵی تۆ کردووە. من تەواو بڕوام بەوە هەیە ئامانجێکی راستەقینە لەپشت هەموو چەپەڵی و ناپاکییەکەیە.. لەگەڵ ئەوەش پێشنیارەکەت قبوڵ دەکەم، تێ دەگەی؟.. بە تەواوی قبوڵی دەکەم، من ئامادەم شوو بە میر بکەم، تەنانەت هاوکارییشت دەکەم لەو کۆششەی کە رازی دەکەی خوازبێنی

من بکات... کارت بەسەر ئەوە نییە چ هۆکارێك وایکردووە ئەم بڕیارە بدەم، تەنها پێویستە ئەوەندە بزانی من ئامادەم بۆ هەر شتێك.. کاتێ پێڵاوەکانی لەپێ کرد هاوکاری دەکەم، دەبمە خزمەتکاری، سەما دەکەم بۆ ئەوەی پێکەنێ و سەرگەرم بێ، هەرچییەك بتوانم ئەنجامی دەدەم تا لەوە پەشیمان نەبێتەوە کە منی خواستووە، بەلآم لە بەرامبەردا تکا دەکەم پێم بڵێ دەتەوێ چۆن هەڵسوکەوت بکەی بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەی. هەڵبەتە کاتێك بە شێلگیری بیر لەو بابەتە دەکەیتەوە، ئەوا پێشینەش پلانت بۆی داڕشتووە، تەنها جارێك لەژیانت لەگەڵم ڕاشکاو بە... ئەمە تاکە مەرجی منە...

سەرسامی بەسەر ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا زاڵ بوو، تەنانەت ماوەیەك بێدەنگ مایەوە، بێ جوڵە و چاوەکانیشی نەدەتروکاند، ماریا ئامادەیی هەبوو داکۆکی لە بیرۆکە ڕۆمانسیەکانی کچەکەی بکات، بەلآم تووشی سەرسامی بوو کاتێك بینی کچەکەی پێداگری دەکات بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی ئەو بیرۆکانە هەڵسوکەوت بکات کە باوەڕی پێیەتی، لەو ساتەوە مەسەلەکە بە ڕاستی بەرجەستە ببوو، ڕووخسارێکی دیکەی وەرگرتبوو، دڵی ماریا لە خۆشیان کەوتە خورپەوە، بە جۆش و خرۆشەوە بە کچەکەی وت:

- ئاخ زینای ئازیزم... تۆ لە گۆشت و خوێنی منی!

نەیتوانی وشەیەکی دیکە زیاد بکات، بەڵکو خۆی خزاندە ناو قۆڵەکانی زینا، ئەویش بە قێزبوونەوە وتی:

- ئای... ئەی خوادیە! ... تکا دەکەم دایکە ماچم مەکە، ئێرە شوێنی ئەو جۆش و خرۆشە نییە! من پێداگری دەکەم بۆ ئەوەی وەڵامێکم بۆ پرسیارەکەم دەست بکەوێ، هەر هێندە..

- بەڵام زینا... من تۆم خۆشدەوێ و دەتپەرستم، چۆن وەها دەست بەڕووم دەنێی؟ من کار بۆ کامەرانی تۆ دەکەم!

چەند دڵۆپ فرمێسکێکی دڵسۆزانە بە چاوی دایکەکە، هاتە خوارەوە، بەراستی ئەو زینای خۆشدەوێ، بەڵام بە شێوازی خۆی. لەلایەکی دیکەوە هەڵچوونەکەی وایکردبوو، ئەو ئافرەتەی کە لەسەرکردەیەکی سەربازی دەچوو، ببێتە ژنێکی لادێی پڕ هەست و سۆز. سەرەڕای هەموو شتەکان زینا هەستی کرد دایکی ئەوی خۆشدەوێ، بەڵام ئەو خۆشەویستیە لەسەر دڵی گران بوو، بەڵکو بەلایەوە باشتر بوو رق وکینەی بۆی هەبێت.

کیژۆڵەکە بۆ ئەوەی دایکی دڵنیا بکاتەوە وتی:

- باشە!.... توڕە مەبە.... لەڕاستیدا من نازانم چی دەکەم، چونکە زۆر شڵەژاوم!..

دایکی وەك مریشکێکی ترساو بێت، ئازایەتی دایەوە بەر خۆی و وتی:

– من توڕە نابم... من توڕە نابم فریشتە بچووکەکەم، بە تەواوی لە شلەژانی تۆ تێ دەگەم... هاوڕێیەکەم تۆ دەخوازی لە گەڵت راشکاو بم.. باشە.. با وا بێ، باوەڕم پێ بکە، لەگەڵت راشکاو دەبم...من هێشتا نەمتوانیوە پلانی کۆتایی دابنێم، تەنانەت ناتوانم پلان دابنێم، هەموو شتەکان لەسەر بارودۆخەکە وەستاوە... زیاتریش لەوە دەتوانم پێشبینی هەندێك ئاستەنگ بکەم، ساتێك لەمەوبەر سۆفیای تووتی کۆمەڵێك هەواڵی شوومی بۆ هێنام ( ئای خودایە کاتێکی وەهام بەدەستەوە نییە، بەفیڕۆی بدەم! ) کەواتە راشکاو دەبم...سوێندت بۆ دەخۆم من بە ئامانجەکەم دەگەم. وا مەزانە من بە دوای سەراب رادەکەم و خەیاڵپلاوی دەکەم، هەموو پلانەکەم لەسەر بێ عەقڵی میر وەستاوە، ئەو وەك پارچە قوماشێکە مرۆ دەتوانێ بەخواستی خۆی شتی لێ هەڵبڕێ، هۆکاری گرنگ لە مەسەلەکە ئەوەیە هەلێکمان هەبێت سەربەستانە هەڵسوکەوت بکەین...

دایکەکە چەند چرکەیەك بێدەنگ بوو، بۆ ئەوەی هەناسەی بێتەوە بەر، دواتر مشتێکی لەمێزەکە دا و بە قیڕەکردنەوە وتی:

– لە لایەکی دیکەوە ئەم ئافرەتە زۆربلێیانە، ناتوانن شتێك لە دژی من بکەن!... متمانەت هەبێت، دەبێت بەخێرایی هەڵسوکەوت بکەین! بەتایبەتی ئەمڕۆ ئەگەر کرا، کارە سەرەکییەکە ئەنجام بدەین...

زینا زۆر بە بایەخەوە وتی:

- باشە دایکە... گوێ لە شتێکی دیکە بگرە کە لێتی ناشارمەوە.. دەزانی بۆچی هێندە بایەخ بەو پرۆژەیە دەدەم؟ چونکە من لەناخی خۆم دڵنیام.... پێم وتی من سوورم لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە چەپەڵە... بەڵام ئەگەر هاتوو وردەکاری پلانەکەت بێزراو بێت، ئەوا من بە راشکاوی دەڵێم ناچارم پاشگەزببمەوە.. چونکە دەزانم تووشی کارێکی دیکەی چەپەڵ دەبم، کاتێک ئامادەم لە چڵپاو مەلە بکەم، کاتێك ئازایەتیم نەبێت، ئەوا ناتوانم بەردەوام بم، ئەو کاتە چی دەبێ؟ بێگومان کارەکە بەمشێوەیە.

دایکی بە شەرمەوە وەڵامی دایەوە:

- بەڵام زینا، ئەی فریشتەکم... بابەتەکە پەیوەندی بە هاوسەرگیرییەکی چاکەوە هەیە، پەیوەستە بە بابەتێکی ئاسایی، سەیری من بکە... لەم تێڕوانینەوە بابەتەکەت زۆر بەلاوە ماقوڵ دەبێ...

- توخوا دایکە پێچاوپەنام لەگەڵ مەکە، تۆ دەبینی من تەواو ئامادەم.. لەمە زیاتر چیت دەوێ؟.. تکایە هەستم بریندار مەکە، با شتەکان بەناوی خۆیان ناوبنێین، لەوانەیە ئێستا ئەمەش دوایین ماتەمم بێت.

زینا لە خەمان زەردەخەنیەکی کرد.

دایکی پێی گوت:

– دەی دەی... زۆر باشــە فریشــتە بچــووکەکەم... دەکــرێ هەریەکەمان رێز لەویتر بگرێت، بێئــەوەی هــەمان بیروبۆچــوومان هــەبێت. ســەبارەت بــە پلانەکــەم، دڵنیــات دەکەمــەوە، زیــانی بــۆ تــۆ نابێــت... سوێندت بۆ دەخۆم، ئایا ماقوڵــە مــن ئــابڕووی تــۆ بخەمــە مەترسییەوە؟ هــەموو شــتێك بــەدڵی ئێمــە دەبێــت، بــە شــەرەفمەندی و خانــەدانی دەبێــت.... هــیچ ئابڕووچــوونێك نییــە، ئەگــەر هــاتوو بــە هــەر هۆکارێك ئابڕووچوونێك روویدا، ئەو کاتە ئێمە لە مۆرداسۆف دوور دەکەوینــەوە... ئێمە مۆرداسۆف جێدەهێڵین.. ئەوکاتــەش بــا ژنــەکان بــە کــەیفی خۆیان بکەوەنە قیژە قیژ، ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە... ئایا ئەوان شایەنی ئەوەن ئێمە خۆمانیان پێ سەرقاڵ بکەین؟ زینا تۆ چۆن دەترسی، کە تۆ کیژۆڵەیەکی لە هەموو کەسێك بێباکی؟

زینا بە توڕەیی وتی:

– ئاخ!... دایکە من هەرگیز لەوان ناترسم... تۆ لە من ناگەی...

– باشە روحە بچووکەکەم... توڕە مەبە! من دەمەوێ تەنها ئەوە بڵێم ئەو خەڵکە هەموو رۆژێك کارێکی چەپەڵ ئەنجام دەدەن، تۆش تەنها یەك جار، چی بڵێم؟....ئەوەی گێژی کردووم! بابەتەکە پەیوەندی بە کارێکی ماقوڵەوەیە، هەموو شتێك لەسەر تێڕوانینی ئێمە وەستاوە...

زینا بە تورەیی هاواری کرد:

- دایکە.. بەسە... بەسە!

پێیەکانی لە ئەرزەکە دەکوتا...

- با وابێ فریشتە بچووکەکەم، هیچ کارێك ناکەم!...

ماوەیەك بێدەنگ بوون، بە چاوی شەرمەوە، دایکەکە ملکەچانە سەیری زینای دەکرد، کە لە ژوورەکە دەهات و دەچوو...

کچەکە دەستی بە قسەکانی کردەوە و بە قێزەوە وتی:

- تەنانەت ناتوانم لەوە بگەم چۆن دەتوانی لە بارودۆخێکی وەها هەڵسوکەوت بکەی..من دڵنیام تۆ تەنها ریسواییت دەستدەکەوێ، من لەلایەن خۆمەوە بێباکم، بەڵام تۆ مەینەتی دەکێشی!

- ئۆی! فریشتەکەم کەواتە ئەمە نیگەرانت دەکات، دڵنیابە... مادامەکی تەبایین، ئەویتر گرنگ نییە، ئای کە دەزانی لە چەند ئاوم دا و تەڕ نەبووم! دواجار، رێگەم بدە، با بەوپەڕی خێرایی رووبەڕوو مێر ببینم، هەموو شتێك لەسەر ئەوە دەوەستێ، ئەوجا دەتوانم پێشبینی کارەکانی دواتر بکەم.. لە مۆزگلیاکۆفیش ناترسم..

زینا بە رقەوە وتی:

- مۆزگلیاکۆف؟

- هەڵبەتە مۆزگلیاکۆف! لەگەڵ ئەوەشدا زیناکەم، مەترسە، خۆم دەزانم چۆن بە کاری دەهێنم تا هاوکارییمان بکات، تۆ هەلی ئەوەت بۆ نەڕەخساوە سەیری کارەکانی من بکەی.. ئاخ.. ئەو کاتە ئەم بیرۆکەیەم بە خەیاڵ هات کاتێك گوێم لێ بوو قسەیان لە سەر میر دەکرد! ئەمە جۆرێك بوو لە ئیلهام و دۆزینەوە... کێ باوەڕی دەکرد ڕۆژێك لە ڕۆژان میر بێتە ماڵەکەی ئێمە؟ بەڵکو لەوانە بوو هەزار ساڵ چاوەڕوان بین، تا هەلێکی وەهامان بۆ بڕەخسێ! چەندە جوانی زیناکەم! ئای لەو شۆخ و شەنگییەت!

- ئەگەر من پیاو دەبووم ئەوا تەواوی مەملەکەتێکم دەخستە ژێر پێتەوە... مرۆ چۆن ئەم دەستە بچووکانە ماچ ناکات؟ (ماریا زۆر بەسۆزەوە دەستی کیژۆڵەکەی ماچ کرد). ئەم گۆشتە پارچەیەکە لەمن... دەبێت شوو بەو دەبەنگە بکات... دواتر ژیانمان چەندە خۆش دەبێت، زینا! کەواتە ئێمە لەیەکتر جیانابینەوە..ئەی وا نییە؟ تۆ کاتێك دەکەویتە خۆش و شادییەوە دایکەکەت وەدەرنانێی؟ ... ڕاستە ئێمە دەمەقاڵێمان بوو، بەڵام دەستەخوشکێکی وەك من لە هیچ شوێنێك نادۆزیتەوە! من لەگەڵ ئەوەشدا....

زینا قسەکانی پێ بڕی و بێ ئۆقرە وتی:

- دایکە ! ئەگەر تۆ بڕیارت داوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە شتێك بکەی.. تۆ کاتێکی بە نرخ بە فیڕۆ دەدەی!

- بەڵێ، بەڕاستی کاتەکە هاتووە، منیش زۆربڵێم! لێرە ! ئەو ژنانە دەیانەوێ میر بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیانەوە ! من هەر ئێستا دەڕۆم، دەچمە ئەوێ، بە دوای مۆزگلیاکۆف دەنێرم، ئەگەر پێویست بوو میر دەگێڕمەوە، بە نیازی دیدار زیناکەم، لێرەوە خەمبار مەبە، هەموو شتێك شەرەفمەندانە کۆتایی دێت، هەموو شتێك لەسەر تێڕوانین دەوەستێ، دواجار... بەنیازی دیدار! بە نیازی دیدار!

دایکەکە نیشانەی خاچی لەسەر زینا کێشا و چووە دەرەوە، دواتر چووە ژوورەکەی، لە بەردەم ئاوێنە وەستا، دە خولەك تێنەپەڕی، بە گالیسکەکە کەوتە سەر شەقامەکانی مۆرداسۆف...

ماریا ئەلکسەندەرۆفنا لەگەڵ خۆی کەوتە قسە و دەیگوت:" نەخێر ئەی مۆزگلیاکۆف ئەوە تۆ نییت، کە دەتوانێ ئەو یارییە بە دیقەت لەگەڵ من بکات... ئەوا زینا رازی بوو... ئەمە نیوەی سەرکەوتنەکەیە... شکست دەبەنگییەکی گەورەیە !... ئای زیناکەم! کەواتە هۆکاری دیکە کاریگەرییان لەسەر تۆ هەیە، من ژێیەکی هەستیارم لە تۆ دۆزییەوە کاتێك ئایندەیەکی شیرینم بۆ تۆ وێناکرد.. ئەمڕۆ چەندە جوان بووی! بەڵام من دەتوانم بەو جوانییە تۆ نیوەی ئەورووپا سەرنخوون بکەم... دواجار با کەمێك چاوەڕوان بین، زینا کاتێك دەبێتە هاوسەری میر

بیروڕاکانی شکسپیر لە یاد دەکات! ئەو تەنها مۆرداسۆف و دەوروبەری پیێ دەزانیێ!... ئای لەم شازادەیە؟ دواجار ئەو تێگەیشت! من لەگەڵی دەمێنمەوە هەر شتێك بخوازم ئەوە قبوڵی دەکەن... بێ من ناتوانێ هەڵسوکەوت بکات. لێی جیا نابمەوە، منیش دەبمە شازادە. خەڵك تا پترۆسبۆرگ لە بارەی منەوە دەدوێن، ماڵئاوا ئەی شارە گەمژەکە... میر و هەرزەکارە نەخۆشەکە دەمرن، دواتر زینا بە شوو دەدەمەوە، دەیدەم بەمەلیکێك!... تەنها لەیەك شت دەترسم، ئەویش وەك ئەوەیە نەتوانم وەك پێویست لەگەڵی راشکاو بم، ئەویش زیاد لە پێویست هەستیارە؟ ئەو دەمترسێنیێ! ئای چەندە دەمترسێنیێ!

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا لە خەونەکانی نقوم ببوو...

کاتێك زینا بە تەنیا مایەوە، ماوەیەکی زۆر لەژوورەکەی ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد، دەستەکانی خۆی لەسەر سنگی دانابوو، خەیاڵی رۆیشت بوو، هێندەی بیرۆکە هەبوو، بیریان لیێ بکاتەوە، بە شێوەیەك قسەیەکی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت" کاتی هاتووە... بە تەواوی کاتەکەی هاتووە.. دەبووایە لەمێژە ئەمە رووبدات!"... مەبەستی لەم قسەیە چی بوو. زیاتر لە جارێك فرمێسك بە برژانگە ئاوریشمیە درێژەکانی دەبریسکایەوە، تەنانەت بیری لە سڕینەوەی فرمێسکەکانی نەدەکردەوە، دایکی لە نیگەرانی ئەو هەلە بوو، چونکە زینا تەواو بۆ هەموو شتێك ئامادەیە...

ناستاسیا پترۆڤنا دوای رۆیشتنی هاوسەری کۆلۆنێل لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، بیری دەکردەوە و لە دڵی خۆی دەیگوت" تۆزێک چاوەڕوان بکە...پێشبینم دەکرد من شوو بە میر بکەم! ئای کە گەمژەم!... خەونم بەوە دەبینی شووی پێ بکەم! ئای لە تۆ ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا! کەواتە من ژنێکی لاسار و زۆربلێم. دووسەد روبلم لە تۆ وەرگرت بۆ ئەوی چەکمەجەیەک بشکێنم و نامەکە بدۆزمەوە... ئای! بەڵێ! من هەڵەکەم قۆزتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بە پاڵنەری بەخشەندەیی ئەو کارەم کرد.. لەسەرووی ئەمانەشەوە، بەشێك پارەم بەوان داوە... تۆزێک چاوەڕوان بکە.. نیشانتان دەدەم کە زۆر بلێیم، جا دەزانن چۆن ناستاسیا پترۆڤنا دەناسن!

## بەشی حەوتەم

## پڕۆژە مەزنەکە

ماریـا ئەلکســەندەرۆڤنا، کــەوتبووە ژێــر رکێفــی بلیمەتییەکــەی، پڕۆژەیەکی گەورە و بوێرانەی ئامادەکرد، ئـەو کچەکەی بەشـوو دەدات، دەیدا بە پیـاوێکی زەنگـین، کـە لـە سـەرمەرگ دایـە، بـە شـووی دەدات هەرچەندە هـەموو خەڵکەکـە کەللـەپوتی میوانەکـەیان کردۆتـە هـەلێك.. هـەموو ئەمانــە بابــەتێکی بوێرانەیــە، تەنانــەت بابــەتێکی چــەپەڵە... بەڕاستی ئەم پرۆژەیە زۆر فریودانی تێدایە، بەلام لەکاتی نووشتییدا ئـەوا خاوەنەکەی دەکەوێتە حاڵـەتێکی ئابڕووچـوون و شـڵەژانەوە کـە هـەرگیز پێشتر بەخۆیەوەی نـەدیوە.. ماریا چاك ئـەم چارەنووسـەی دەزانـی... بەلام یەکێك بوو لەو جۆرە مرۆڤانە کە هەرگیز سڵکردنەوەیان نییە.

بێگومان پڕۆژەکە لە هەندێك لایەنەوە، لە کاری چەتە و ڕێگرەکان دەچوو، بەلام ماریا زۆر لەم لایەنە ورد نەدەبۆوە، لەو بارەیەوە قسەیەکی زۆر ڕاستی هەبوو کە دەیگوت" ئەوەی شوو بکات، بۆ هەتا هەتاییە شوو دەکا" ئەمەش بیرۆکەیەکی ئێجگار سادە بوو، بەلام بۆ بیرکردنەوەی ئەو، ئەم بیرۆکەیە خەسڵەتێکی گەورەی هەبوو، تەنانەت وایکرد بوو ماریا بلەرزێ...

ماریا وەك ژنێکی خەیاڵ فراوان و بە فرتوفێڵ زوو پڕۆژەکەی ئامادەکرد. ئەم پڕۆژەیە لە زەینی ئەودا تەنها چەند هێڵێکی پان بوو، تۆزێکیش ناڕۆشن بوو، چونکە وردەکاری نەبوو، دەبوایە پشت بەو بارودۆخە ببەستێ کە ناتوانێ پێشبینیان بکات، بەلام تەواو متمانەی بەخۆی هەبوو.... نەخێر ئەو لە شکست نەدەترسا، بەڵکو بێ ئۆقرەییەکەی لە ئەنجامی پەلەکردنی بوو لە کۆششەکانی. لە لایەکی دیکەشەوە چاوەڕوانی بەربەستی نوێی دەکرد کە لەلایەن خەڵکە خانەدانەکەی مۆرداسۆف بۆی دروست بکرێت، بە تایبەتی لە لایەن ژنانی خانەدانی مۆرداسۆفەوە. ئەزمونی ماریا لەگەڵ ئەوان وای دەکرد رقی لەو ژنانە ببێتەوە، بۆ نموونە گومانی لەوە نەبوو هەموویان لەو ساتەدا بە نیازەکەی ماریا دەزانن، هەرچەندە هیچ کەسێك تا ئێستا قسەی لەسەرە ئەو بابەتە نەکردووە، بەلام ماریا بەئەزمونە تاڵەکەی دەزانێ هیچ ڕووداوێك نەبووە لە بەیانی بەسەری هاتبێ- هەرچەندە مکوڕ بووە لەسەر شاردنەوەی- ئێوارە هەموو ژنان نەیانزانی بێ، تەنانەت ئەو

ژنانەی کە زۆربلێ و بەهەڵەشەش نیین. جا ماریا هەستی بە مەترسی داهاتوو دەکرد، پێشتر لەم جۆرە بابەتانە هەستەکەی هەرگیز فریوی نەداوە، ئەمجارەش فریوی نادات..

لەڕاستیشدا هەر ئەمە روویدا، کە پێشتر ماریا نەیدەزانی، نزیك نیوەڕۆ، واتە سێ کاتژمێر دوای گەیشتنی میر، قسە و قسەلۆکی زۆر سەیر لە ناو مۆرداسۆف بڵاو کرایەوە، کەس نەیدەزانی سەرچاوەکەی لە کوێیە. هەر زوو قسەکان بڵاو دەبووەوە، زانیارییەکان بە نیمچە دڵنیایی باسیان لەوە دەکرد کە ماریا، زینای کچی کە تەمەنی بیست و سێ ساڵە داوەتە میر، مارەییشی نییە، مۆزگلیاکۆفیش بە پیلانگێری دوورخراوەتەوە!...

هۆکاری ئەو قسە و قسەلۆکانە چییە؟ ئایا خەڵك هێندە بە چاکی ماریایان دەناسی تا بەمشێوەیە بچنە بنج و بنەوانی بیرۆکەکانی؟ هیچ شتێك نەبوو وا لە خەڵکی مۆرداسۆف بکات لە باوەڕهێنان بەو زانیاریانە پاشگەز ببوونەوە، تەنانەت کەموکوڕی هەواڵەکە لەڕووی لۆژیکەوە، یان چۆن پڕۆژەیەکی وەها گەورە لە کاتژمێرێك ئەنجام دەدرێت، تەنانەت ئەوان سەرچاوەی زانیارییەکانیشیان نەدەزانی. لە هەمووی سەیرتر ئەو قسە وقسەلۆکانە رێك لەو کاتە بڵاوبوونەوە کە ماریا قسەی لەسەر بابەتەکە دەکرد، ئەمەیە پێشبینی زگماکی خەڵکی لادێ! غەریزەی خەڵکی گوندە بچووکەکان لە دروستکردنی هەواڵ هەندێك جار دەگاتە پلەیەکی سەرسوڕهێنەر. لەگەڵ ئەوەشدا لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردەیە هەیە، ئەم لێکدانەوەیەش پشت بە لێکۆڵینەوە نزیك و بە بەڵگەوە

دەبەستێت لەگەڵ کۆشش کردن بۆ سەرقاڵبوون بە کاروباری خەڵکی دیکەوە، هەر کەسێك لەو هەرێمانە بژیت وەك ئەوەیەماڵەکە شووشەبەند بێت، بۆیە بەلایەوە مەحاڵ دەبێت شتێك لە خەڵکی زێدی خۆی بشارێتەوە، تەنانەت خەڵك شتی وەها لەبارەی ئەو دەزانن کەسەکە خۆیشی نازانێ. ئەوەی لە لادێ نیشتەجێیە بە سروشتی خۆی دەروونناسێکی بەدیقەتە، بۆیە زۆرجار سەرسام دەبم بەوەی زۆرێك لە گەمژە لەنێو خەڵکی لادێ دەبینم، بەلام هەندێکیان هەیە زۆر سەیر شارەزاییان لە سروشتی مرۆڤ هەیە... بەلام ئەمە بابەتێکی دیکە با جارێ فەرامۆشی بکەین.

هەواڵەکە وەك هەورە تریشقە بلاوبۆوە.. زەماوەندی میر بەلای هەموویانەوە بابەتێکی ڕۆشن بوو، بۆ زینا و دایکیشی هێندە بە سوود بوو، تەنانەت کەس بە نامۆیی بابەتەکەوە سەرسام نەبوو، بەلام بارودۆخێکی دیکە لە ئارادا بوو، بە لایەنی کەمەوە زینا وەك دایکی بێزراو بوو. ... بۆچی؟ کەسێك بە دیارکراوی هۆکاری ئەمەی نەدەزانی... لەوانە جوانییەکەی زینا بەشێك بێت لە هۆکارەکە. لەوانەشە سەرەڕای هەموو شتەکانی، ماریا زیاتر لە کچەکەی لە خەڵکی مۆرداسۆفەوە نزیك بوو لەوان دەچوو.. کێ دەزانێ؟ لەوانەشە خەڵك سوویان ببێتەوە، کاتێك ماریا دەڕوات، چونکە ئەو ژنە بە چەندین شێوازی جیاواز جموجۆڵی خستبووە کۆمەڵگاکەوە، بۆیە بە نەمانی خەڵك نیگەران دەبن. بە پێچەوانەشەوە زینا لووتبەرز بوو، وەك ئەوەی

لە سەر ئەستێرە بێت، نەوەك خەڵكی مۆرداسۆف بێت. ئەو لەهەمان کانزا نەبوو، لەوانەیە زیاتر لە پێویست خەسڵەتی فیزی هەبووبێ. کەواتە ئەمە خودی زینایە کە کۆمەڵێك چیرۆکی ئابڕۆچوون دەوری لوتبەرزییەکەی داوە، ئەمە ئەو کیژۆڵەیە دەبێتە ملیۆنێر و دەچێتە چینێکی ئەرستۆکراتی. لەوانەیە ساڵێك یان دوو ساڵی دیکە بێوەژن بکەوێتەوە، ئەو کاتەش پەیوەندی لەگەڵ دۆقێك یان ئەفسەرێکی بەرز دروست دەکات. کێ دەزانێ؟ ئەوەتا خودی فرمانڕەوای مۆرداسۆف بێوەمێردە و عاشقی جوانییەوە...ئەو کاتە زیناش دەبێتە خانمی یەکەم لە هەرێمەکە، بەلأم خەڵكی مۆرداسۆف ناتوانن بەرگەی بیرۆکەیەکی وەها بگرن، هیچ وا ڕێکنەکەوتووە هەواڵێکی دیکە هەبێت، هێندەی ئەم هەواڵە رق وکینەی لە شاری مۆرداسۆفەوە دروست کردبێ.

هاواری توڕەبوون لەهەر شوێنێك بەرز دەبۆوە، دەیانگوت ئەمە شتێکی چەپەڵە، پیرە پیاوەکە عەقڵی لە دەست داوە، ئەوان هەڵیان خەڵەتاندووە و کلأویان لە سەرناوە، دەبێت لە چرنۆکی ئەم باڵندە شەهێن ئاسایانە دەرباز بکرێت...دواجار ئەمە کارێکە پێچەوانەی ئاکارە و کاری ڕێگر و چەتەکانە، لەولاشەوە کچی دیکەی هاوشانی زینا هەیە ئەوانیش دەتوانن شوو بە میر بکەن.

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا، بەر لەوەی ئەو ڕووداوانە بزانێ، گریمانەی هەمووی کرد بوو، بۆیە ئەمە زۆر شەکەتی دەکرد. بە تەواوی دەیزانی هەموو ئامادەن بۆ ئەوەی لەمپەر بۆ پڕۆژەکەی دروست بکەن. ئەی

دەستیان بەسەر میر دانەگرتووە؟... ئایا دەبێت ئەویش سەرسەختانە داکۆکی بکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە میر بخاتەوە ژێر دەستی خۆی؟ دواتر ئەگەر ماریا لەوە سەرکەوتوو بوو، دەست بە سەر میر دابگرێت و بیگێرێتەوە ماڵەکەی خۆی، کەچی ناتوانێ زامنی ئەوە بکات رێگەی لە ژنانی مۆرداسۆف بگرێت سەردانی میر نەکەن، چونکە دوای دوو کاتژمێر ئەوا خەڵکەکە بە پەلە بۆ سەردانی میر دێن، ئەگەر دەرگاش دابخات خەڵکەکە لە پەنجەرەوە دێنە ژوورەوە، بە کورتیەکەی، ماریا ساتێکی ئەوتۆی نەبوو لەدەستی بدات، کەچی هەتا ئێستاش هیچی نەکردووە...

لەناکاو، بیرۆکەیەکی بلیمەتانە لە زەینی دروست بوو، هەر زوو بیرۆکەکەی گەشەی کرد، دواتر قسە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکەین، بەلاّم ئێستا، دەبینین پاڵەوانەکەمان، بە پەلە بە شەقامەکانی مۆرداسۆف دەگەرێ، سوورە لە سەر ئەوەی جەنگێك بەرپا بکات بۆ ئەوەی دووبارە دەست بەسەر میر دابگرێتەوە...دواتر نازانێ چۆن هەڵسوکەوت دەکات و لەکوێ دەیدۆزێتەوە، بەلاّم بە دڵنیاییەوە دەزانێ چاکتر هەموو مۆرداسۆف شەکەت بکات، ئەوەك یەکێك لە پرۆژەکانی پووچەڵ بێتەوە..

لە هەنگاوی یەکەم ماریا توانی سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بهێنێ، ئەو لە شەقامێك میر و یاوەرانی دۆزییەوە بۆ ئێوارەخوانێك بانگهێشتی کردن.. ئەگەر پرسیاری ئەوەم لێ بکرێ، ماریا چۆن توانی ئەو کارەبکات و ئەم زللەیە لە ئانا نیکۆلێفنا بدات، ئەمە سەرەرای ئەو

تەڵەیەی لەلایەن خانمانی مۆرداسۆف بۆی دانرا بوو، من ئەم پرسیارە بۆ ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا بە سووکایەتی دەزانم...ئەو هەرکە گەیشتە ماڵی رکابەرەکەی توانای میری وەستاند...سەرەڕای هەموو شتێك توانی ئەو پیرەپیاوە بچووکە بخاتە گالیسکەکەیەوە، ئەمە سەرەڕای هەموو شتێك، سەرەڕا نارەزاییەکانی خودی مۆزگلیاکۆف، ئەمە باروودۆخێکی یەکلاکەرەوە بوو، نەدەبووایە لە بەرامبەر ئابڕوچوون پاشەکشەی لێ بکرێت. ماریا پێیوابوو سەرکەوتن پاساو بۆ هەموو شتێك دەهێنێتەوە. هەڵبەتە میر بەرەنگاری نەبۆوە، بەڵکو وەك نەریتی خۆی بەتەواوی خۆشحاڵ بوو، هەموو شتێکی لەبیرکردبوو.

لەکاتی نانی ئێوارە میر وازی لە زۆربڵێی خۆی نەهێنا، زۆر خۆشحاڵ بوو، زیاتر لەگێڕانەوەی نوکتە، قسەکانی بە رەوانبێژی و هونەری رەگەزدۆزی دەگێڕایەوە، بێئەوەی ئاگای لێ بێ لە چیرۆکێك دەچووە سەر چیرۆکێکی دیکە، پێشتر لەلای ناتالیا دیمتریڤنا سێ پێك شامپانیای خواردبۆوە، ئەم ئێوارەیەش سێ پێکی دیکەی خواردەوە، بۆیە دواجار بەزمی خۆش ببوو. ماریا بەدەستەکانی خۆی پێکی بۆ میر دروست دەکرد، خواردنەکان بێ وێنە بوو، نیکتیکای چێشتلێنەر بیری چوو بوو خواردنەکان بیسوتێنێ! خانمی خاوەن ماڵ دەیویست بە ئەفسونی خۆی هەموان بخاتە جۆش وخرۆشەوە، بەڵام زینا تەواو بێدەنگ بوو، مۆزگلیاکۆفیش لەوپەری نیگەرانی دابوو، کەمی خوارد و زۆر بیری دەکردەوە، زۆر دەگمەن حاڵەتێکی لەمجۆرەش بەسەر مۆزگلیاکۆف دێ.

ماریا سەرقاڵ بوو، ناستاسیاش لەوپەڕی نیگەرانی بوو، ئاماژەی نهێنی بۆ مۆزگلیاکۆف دەکرد، بەلاّم ئەو تێبینی نەدەکرد، بۆیە ئەگەر ماریا و میر نەدەبوون، ئەوا ئێوارە خوانەکە تەواو لە ماتەمین دەچوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ماریا هەڵچوونێکی قوڵی دەشاردەوە.. زیناش نیگەرانییەکەی خۆی بە ڕووخسارە خەمناك و بە چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی دەشاردەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا کاتی هێندە بەدەستەوە نەبوو، بوونی مۆزگلیاکۆف بەربەستێکی بۆ دروست کردبوو.

ماریا کاتێك لەسەر خوانەکە هەڵسا، نێچیری دەستی دڵەڕاوکێیەکی توند بوو، بەلاّم سەرسام بوو کاتێك مۆزگلیاکۆف لێی نزیك بۆوە، داوای لێبوردنی خواست، گوایە ناچارە دەبێت بڕوات!

ماریا بەشێوەیەکی دۆستانە وتی:

– کەواتە بۆ کوێ؟

بەشڵەژاوی وتی:

– شتێکی سەیرم بەسەر هاتووە... تەنانەت نازانم چۆن بۆت باس بکەم.. توخوا ئامۆژگارییم بکە..

ماریا بەسەرسامییەوە وتی:

– چی؟... چی بووە؟

- ئەمڕۆ بۆردۆنیڤم بینی، تۆ دەیناسی... بازرگانەکە، زۆر دڵگران بوو، گلەیی دەکرد گوایە من لوتبەرزم، چونکە سێ ڕۆژە لە مۆرداسۆفم نەچوومەتە ماڵەکەی ئەو. پێی وتم: ئەمڕۆ وەرە لام پیاڵە چاییەك بخۆینەوە. ئێستا چواری ئێوارەیە، ئەو وەك نەریتی کۆن لەدوای پشوودان و نانخواردن کاتژمێر پێنج چا دەخواتەوە.. چی بکەم؟ من لەوە دەگەم ماریا، لەگەڵم بیر بکەوە! کاتێك باوکم سامانی دەوڵەتی لە قومار دۆڕاند، خەریك بوو خۆی بکوژێ... لەوکاتەوە بۆردۆنیڤ خۆی وەك بەرپرسیارێك دەزانێ (دەیەوێ لەمەراسیمی زەواجەکەم ئەو یاوەری زاوا بێ). ئەگەر من هاوسەرگیری لەگەڵ زینا بکەم خۆت دەزانی من تەنها زەوییەکەم هەیە سەد و پەنجا کەسێکی لەسەر دەژی، کەچی ئەم پیاوە ملۆنێرە، تەنانەت دەڵێن لەمەشی زیاتر هەیە، ئەگەرهاتوو پەیوەندیم لەگەڵی باش بێت، ئەو دەتوانێ سەد هەزار ڕۆبڵم بۆ بەجێبهێڵێ، ئەو ئێستا تەمەنی لە حەفتاکانە، جا بیر بکەوە...

ماریا قیڕاندی و خەریك بوو نەیدەتوانی دڵخۆشییەکەی بشارێتەوە:

- ئای، ئەی خودایە! بەڵام ئەو کاتە...تۆ چی دەکەی لێرە؟ بۆچی خۆت دوا دەخەی؟ ... بڕۆ! ناکرێت بەکەم سەیری ئەو بابەتانە بکەین، کەواتە تۆ لە کاتی نانخواردن بەم بابەتەوە سەرقاڵ بووی...کەواتە بڕۆ هاوڕێیەکەم! بڕۆ... دەبووایە لەبەیانییەوە بچیتە لای، بۆی بسەلمێنی کە تۆ بایەخ بە هەست و سۆزی ئەو دەدەی.. ئای لە گەنجان!

مۆزگلیاکۆف بە سەرسامییەوە هاواری کرد:

– بەلاّم ئەو کاتە هەر خۆت گلەییت لە من دەکرد، هەر تۆ بووی دەتگوت جووتیارە و خزمەکانی....

ماریا قسەکانی پیّ بڕی بەشێوەیەك گوایە پەشیمانی دەردەخات، وتی:

– ئای... ئەی هاوڕێیەکەم... مرۆڤ بیّ بیرکردنەوە زۆر شتی دێتە سەر زار... لەوانەیە منیش هەڵە بکەم، من دوور نیم لە هەڵە، لەگەڵ ئەوەشدا من ئەوەم لەبیر نییە، لەوانەیە ئەو کاتە بارودۆخی دەروونییم خراپ بوویێ...دواجار ئەو کاتە تۆ خوازبێنی کچەکەی منت نەکردبوو، بەڕاستی لەوانەیە ئەمەش بەهۆی خۆپەرستی دایکایەتی بێت، بەلاّم دەکرێت بە تێڕوانینێکی نویّ سەیری شتەکان بکەم، لەوانەیە هەموو دایکێك بتوانیّ گلەیی لە من بکات... بڕۆ چرکەساتێك بە فیڕۆ مەدە. ئێوارەکە لەلای ئەو بەسەر بەرە... گویّ لە من بگرە: باسی منی بۆ بکە، بلّیّ من ڕێز و خۆشەویستیم بۆی هەیە.. بە شارەزایی ئەمە بکە.. ئەی خودای من! ئاگام لەوە بڕاوە، دەبووایە خۆم باسی ئەو بابەتەی بۆ بکەم...

مۆزگلیاکۆف بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە وتی:

– ئەی ماریا ژیانت بۆ من گێڕایەوە! لەمەودوا لە هەموو شتێك گوێڕایەڵت دەبم، من بوێری ئەوەم نەبوو لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵت

بدوێم.. باشە... ماڵئاوا... من دەڕۆم... داوای لێبوردن لە زینا بەنرخەکەم دەکەم.. پێی بڵێ من دەگەڕێمەوە.

ماریا دۆستانە وتی:

- بەرەکەتی منت لەگەڵ بێ هاوڕێیەکەم، لەبیر نەکەی باسی من بکەی، ئەو پیاوێکی زۆر باشە، ماوەیەکە تێڕوانینم لەسەر ئەو گۆڕاوە.. لەسەرووی ئەمەشەوە من هەمیشە بە دەمارێکی رووسیانەی کۆن خۆشم ویستووە، خوات لەگەڵ هاوڕێیەکەم.

ماریا بیری دەکردەوە، خەریك بوو لەخۆشیان باڵی دەگرت، لەگەڵ خۆی دەیگوت:

- ئای لەو کامەرانییە! شەیتان لەگەڵ خۆی بیبات! نەخێر... خودا خۆی دەستی یارمەتی بۆ من درێژ دەکات.

مۆزگلیاکۆف هێشتا لە هەیوانەکە بوو پاڵتۆکەی دەپۆشی، کاتێك ناستاسیا لەناکاو دەرکەوت، نازانین لەکوێ دەرکەوت، قۆڵی مۆزگلیاکۆفی گرت و وتی:

- بۆ کوێ دەچی؟

بە کەمتەرخەمی وەڵامی دایەوە و وتی:

– بۆ لای بۆردۆنیف ئەی ناستاسیا، ئەو لە شوێن باوکی منە، ئەو پیاوێکی بەساڵاچووە، زۆر دەوڵەمەندە میراتم بۆ جێدەهێڵێ... پیاوێکە شایەنی ئەوەیە بایەخی پێ بدەم..

ئەویش بە زمانێکی زبر وتی:

– کەواتە دەچیتە لای بۆردۆنیف ؟ باشە کەواتە واز لە دەستگیرانەکەت دەهێنی!

مۆزگلیاکۆف بە سەرسامی وتی:

– چۆن ؟

ناستاسیا بە هەمان شێوازی خۆی:

– هەروەها... ئایا وادەزانی بۆ تۆ دەبێ؟... باشە! ئەو هەر ئێستا شوو بە میر دەکات!

بە سەرسامی و بایەخەوە وتی:

– میر! ناستاسیا ئەوە چی دەڵێی؟

– چی؟ چی دەڵێم! دەتەوێ بە چاوەکانی خۆت ببینی؟ کەواتە پاڵتۆکەت دابنێ، لەگەڵ من وەرە..

ترس بەسەر مۆزگلیاکۆف زاڵ بوو، پاڵتۆکەی جێهێشت، بەدوای ناستاسیا بەرەو ئەو ژوورە تاریکە رۆیشت کە دەرگایەکی داخراوی دەچێتەوە سەر دیوەخانەکە.. مۆزگلیاکۆف وتی:

- بەڵام ناستاسیا تێم بگەینە.. من تێناگەم چی ڕوودەدات. !

ناستاسیا بە متمانەوە وەڵامی دایەوە:

- تۆ ئەو کاتە تێدەگەی کە خۆت گوێبستی دەبیت، وا خەریکە گاڵتەجاڕییەکە دەست پێ دەکات.

- گاڵتەجاڕیی؟ ... کامە گاڵتەجاڕیی؟

ناستاسیا پەنجەی خستە سەر لێوەکانی خۆی وتی:

- وس بە ! دەنگت بەرز مەکەوە... کامە گاڵتەجاڕیی! ئەو گاڵتەجاڕییەی لەسەر حسێبی تۆ دەکرێت... ئەوان فریوت دەدەن، ئەم بەیانییە کاتێك تۆ لەگەڵ میر ڕۆیشتی، ماریا کاترژمێرێك قسەی لەگەڵ زینا کرد بۆ ئەوەی ڕازی بکات شوو بەو پیرە پیاوە بکات، دەیگوت لەمە ئاسانتر نییە... هۆکاری سەیر وعەجایبی باس دەکرد کە دڵی بخاتە خورپەوە. من هەر لێرە گوێبیستی قسەکان بووم، دواجار زینا ڕازی بوو. بە دووان فێڵیان لە تۆ کرد، تۆیان بە گەمژە و دەبەنگ زانی.. زینا ڕاشکاوانە وتی هەرگیزا و هەرگیز شوو ناکات! منیش – ئای لە دەبەنگی خۆم!– خەریك بوو خۆم بۆ میر دەڕازاندەوە... بەڵام ئێستا خۆت گوێ بگرە !

بە بێ ئۆقرەیی وتی:

- بەڵام!... وا باشترە بۆت گوێ بگری! کەواتە گوێ بگرە، شتی جوان دەبیستی!

مۆزگلیاکۆف وتی:

– لەکوێ گوێ بگرم؟

– گوێ لە کونی دەرگاکەوە نزیك بکەرەوە...

کوڵمەکانی مۆزگلیاکۆف لەناکاو سوور هەڵگەڕا و وتی:

– بەڵام ناستاسیا... من ئەم جۆرە پیاوە نییم لەپشتی دەرگاکانەوە گوێ بگرم!

– تۆ بە خۆڕایی کاتێکی بە نرخ بەفیڕۆ دەدەی! کوڕە بچووکەکەم لێرە گوێ بگرە، ئێستا واز لەو شەرمەندییەی خۆت بهێنە... تازە هاتووی، گوێ بگرە..

– لەگەڵئەوەشدا...

بە سۆز و گاڵتەپێکردنیشەوە ناستاسیا قسەکانی پێ بڕی و وتی:

– ئەگەر ناتوانی گوێ بگری، کەیفی خۆتە.. بەلامەوە گرنگ نییە؟ تەنها بەزەییم بەتۆ دێتەوە... ئەوەتا ناتوانی! منیش کاری خۆم مەیسەر دەکەم. ئەمشەو ئەم ماڵە جێدەهێڵم و هەرگیز ناگەڕێمەوە.

مۆزگلیاکۆف چەماوەیە و بە ناچاریی گوێی هەڵخست.. خوێنی دەکولا، لەو شتانە نەدەگەیشت کە لە دەوروبەری دەگوزەرێ!

## بەشی هەشتەم

## تەفرەدان

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا وەها سەیری میری دەکرد، وەك ئەوەی تەیرێکی گۆشتخۆر بێت بەدوای نیچیرەکەی بێت، پرسیاری لە میر کرد و وتی:

- ئەی میر لەلای ناتالیا دیمتریڤنا خۆشت رابووارد ؟

ماریا دوای نانخواردن، بە ئەنقەست بەم پرسیارە هێرشەکەی دەست پێکرد، هەرچەندە لە دڵەوە هەڵچوو بوو، بەڵام لەڕووخسار بە بەڕائەتەوە خۆی دەردەخست. هەردووکیان میریان بردە ئەو دیوەخانەی کە بەیانی میر لێی دانیشتبوو. ئەم پیرە پیاوە بچووکە شەش پێك شەمپانیای خواردەوە، تەواو مەست ببوو، هاوسەنگی خۆی لەدەست دابوو، لە زۆربڵێیەکەی خۆی بەردەوام بوو، ماریا دەیزانی حاڵەتی میر تەنها

سەرمەستییەکی کاتییە، هەر زوو دەکەوێتە خەوەوە.. بۆیە دەبوایە ئەو هەلە بقۆزێتەوە.. تێبینی ئەوەی کرد ئەم پیرە پیاوە شەهوەتباز و ئارەزووبازە، بەچاوێکی برسییەوە سەیری زینا دەکات، ئەمەش هەستی دایکیەتی لەلای ماریا خۆش دەکرد.

میر لە وەڵامی پرسیارەکەی ماریا وتی:

– بە ت.... ت...تەواوی.. دەزانی ئەم خاتوونە.. ب...بێ وێنەیە. ناتالیا دیمتریڤنا، ئافرەتێکی بێ وێنەیە؟

سەرباری هەموو خەمەکانی، ماریا ئیرەیی بەو ستایشکردنە هات کە لەبارەی نەیارەکەیەوە بوو.

چاوەکانی دەبرسیکایەوە، وتی:

– چی ئەی میر؟ ناتالیا خاتوونێکی بێ وێنەیە؟ کەواتە من شتێکم نییە بیڵێم!... بەڵام دیارە تۆ کۆمەڵگای شارەکەی ئێمە ناناسی، ئەمە تەنها نمایشێکی بەدفەڕە، هەست وسۆزی تێدا نییە، گاڵتەجاڕی و رووکەشە. پەردە لەسەر ئەمە لابدە، دەبینی لە دوای ئەو گوڵانەوە دۆزەخی سوور و چەندین مار هەیە خۆی بۆ تۆ ئامادەکردووە.

– ب...ب... بەڕاست؟ تۆ س...س...سەرسامم دەکەی!

- سوێندت بۆ دەخۆم... ئەی میر!... گوێ بگرە زینا... من ناچارم ئەو سەرکێشیە بۆ میر بگێڕمەوە کە مایەی گاڵتەجاڕییە، هەفتەی رابردوو بەسەر ناتالیا هات، زینا لە بیرتە؟ بەڵی میر، ئەم ناتالیایەی کە زۆر پێیوە سەرسامی... ئاخ! میرە ئازیزەکەم دڵنیات دەکەمەوە، من حەزم لە قسە و قسەلۆک نییە، بەڵام دەبێت ئەم بەسەرهاتەت بۆ بگێڕمەوە، تەنها بۆ ئەوەی نموونەیەکی زیندوو، پڕ شەرمەزاری کۆمەڵگای خۆمانت نیشان بدەم. پانزە رۆژێك لەمەوبەر ناتالیا هاتە لام، قاوەم پێشکەش کرد، ناچار بووم بۆ کارێك بچمە دەرەوە، تەواو دەمزانی چەند پارچە قەند لە شەکردانە زیوەکە هەبوو، بەڵام کاتێك گەڕامەوە چیم بینی؟ لە شەکردانەکە تەنها سێ پارچە قەندە شەکر مابوو، ناتالیا بە تەنها لە ژوورەکە مابوو، ئەم کارەت بەلاوە چۆنە؟ ئەو ماڵ و سامانی هەیە، هەر شتێك بخوازێ و ئارەزووی بکات هەیەتی، کەچی ئەم کارە دزێوەی مایەی گاڵتەپێکردنە، بەڵام لەوانەیە وێنەیەکی رۆشن لە بارەی کۆمەڵگای مۆرداسۆف بە تۆ نیشان بدات.

- بەڕاست! ئای لەم چاوچنۆك و برسییە! بەڵام چۆن توانیویەتی ئەو هەموو قەندەی ناو شەکردانەکە بخوات؟

- ئەمەیە ئەو خاتوونەی تۆ کە نموونەی نییە! ئایا ئەمە شتێك نییە مایەی شەرمەزاری بێت؟ ئەگەر من بوومایە ئەوا بەلامەوە باشتر بوو بمرم، نە وەك کارێکی وەها بێزراو ئەنجام بدەم کە مایەی قێزبوونەوەیە.

– هەڵبەتە ! هەڵبەتە ! بەلاّم دەزانی سەرەڕای هەموو شتەکان خانمێکی جوانە ؟

– ناتالیا دیمتریڤنا جوانە ؟ چی دەڵێی ئەی میر؟ ئەو تەنها بەرمیلێکە... ئاخ! ئەی میر.. تۆ چ دەڵێی؟ وام دەزانی زەوق و سەلیقەت زۆر لەمە بەرزترە !

– هەڵبەتە... ئەو بەرمیلە.. بەلاّم.... تەنها... دەزانی جەستەی زۆر جوانە ؟ دواتر ئەو کیژۆڵەیەی سەمای دەکرد ز...ز... زۆر جوان بوو؟

– مەبەستت سۆنیایە ! ئەی میر هێشتا بچووکە، ئەو تەمەنی تەنها چواردە ساڵە.

– هەڵبەتە... ئەو کیژۆڵەیەکی هەتیوە...کچێکی چڵکنە، بەلایەنی کەمەوە دەبووایە دەستەکانی بشوات..بەلاّم..ئەو زۆر ...س..س..سیحراوی بوو؟

میر لە کاتی قسەکردن بە تامەزرۆیی سەیری زینای دەکرد.. بە تەواوی شڵەژابوو بە منگەمنگ وتی:

– بەلاّم ، ئای لەم جوانی و ئەفسوونە !

ماریا وتی:

– زینا... شتێکمان بۆ بژەنە.. یان گۆرانییەك بچرە.. ئەی میر، کچەکەم بە شێوەیەکی ئەفسووناوی گۆرانی دەچڕێ. دەتوانم بڵێم بەهرەیەکی عەجایبی لە ژەنینی مۆسیقا هەیە..

ماریا بە دەنگێکی نزم بابەتەکانی دەگۆڕی و زیناش بە لارولەنجەیەك لە پیانۆیەکە نزیك بۆوە، پیرە پیاوەکەی دەوروژاند.

- ئاخ میر ئەگەر دەتزانی! ئای ئەگەر دەزانی چ گەنجینەیەکە، ئەو دەزانێ چۆن ئەڤین بکات، ئەو زۆر بە سۆزە، ئای لەو دڵە! ئای لەو هەست و سۆزە.

میر لیکی دەهاتەوە و وتی:

- هەڵبەتە... هەست و سۆز... دەزانی من تەنها خاتوونێکم بینیوە، دەتوانی بەم جوانەی بەراورد بکەی... ئەویش خواڵیخۆشبوو کۆنتس داینسکایا بوو، سی ساڵێك دەبێ مردووە...ئای لەم ژ....ژنە... سەرنجڕاکێشە وجوانە! بەلاّم دواتر شووی بەو چێشتلێنەرە کرد کە لە لای ئەو کاری دەکرد...

ماریا ئەلسکەندەرۆڤنا بەسەرسامییەوە وتی:

- ئەو چێشتلێنەری لەلای ئەو کاری دەکرد..

- هەڵبەتە... چێشتلێنەر کە لەلای ئەو کاری دەکرد.پیاوێکی فەڕەنسی بوو... لە دەرەوەی ولاّت ش... ش... شووی پێکرد... وایکرد ژنەکە لە دەرەوە نازناوی کۆنتی هەبێ.. ئەو پیاوێکی تەواو ڕ...ڕ ڕۆشنبیر بوو، سمێلێکی بچکۆلانەی هەبوو.

- کەواتە میر ئەوان لەگەڵ یەك ژیان؟

- ژیانێکی خۆش دەژیان، بەڵام هێندەی پێ نەچوو جیابوونەوە، پیاوەکە پارەکانی دزی و ڕایکرد، وا بزانم ئەوان لەسەر بابەتێك کێشەیان بوو..

زینا پرسیاری لەدایکی کرد:

- دایکە دەتەوێ چ مۆسیقایەك بژەنم ؟

- گۆرانی بڵێ... ئای میری ئەگەر دەزانی گۆرانییەکانی زینا چەند سیحراوییە ! ئایا حەزت لە مۆسیقایە؟...

میر وتی:

- ئەی! بەڵێ! ش....ش...شتێکی ئەفسوناوییە ! ئەفسوناوییە! من زۆر حەزی لێ دەکەم، بیتهۆڤنم لە دەرەوە ناسی..

ماریا بە سەرسامییەوە وتی:

- بیتهۆڤن! زینا وێنای ئەوە بکە، میر بتهۆڤن دەناسێ! ئای لە تۆ میر! بەڕاستی بیتهۆڤنت دەناسی؟

- هەڵبەتە دۆستی نزیکی یەکتر بووین، هەردەم بۆنی تووتنی لە لووت دەهات... ئای پیاوێکی ساویلکە بوو، مایەی گاڵتەپێکردن بوو!

- بیتهۆڤن ؟

- هەڵبەتە... بیتهۆڤن... لەوانەیە پیاوێکی ئەڵمانی دیکە بێت، ئەڵمانەکان زۆرن.... لەوانەیە هەڵە بم....

زینا جارێکی دیکە پرسیاری لە دایکی کرد:

- دایکە دەتەوێ چ گۆرانییەك بڵێم؟

دایکەکە وتی:

- گۆرانییەکی غەزەلخوانی بخوێنە، کە پێشتر دەتخوێند، ئا ئەوەیان کە خەسڵەتی سوارچاکی تێدایە، باس لە خانمی کۆشکەکە دەکات گوایە شاعیرێکی هەبووە، ستایشی خانمەکەی کردووە..ئاخ میر! چەندە حەز لە سوارچاکی و ژیانی کۆشکەکان دەکەم، ژیانی سەدەکانی ناوەڕاست و شاعیرانی ستایشنووس، یارییەکانی سوارچاکی، سوارەکان لەسەر پشتی ئەسپەکانەوە.

میر بە تاکە چاوێك، دیقەتی زینای دەدا و دەیگوت:

- هەڵبەتە .. کۆشکەکان... منیش حەز بە کۆشکەکان دەکەم... بەڵام ئەم غەزەلە.. لەمێژە بیستوومە.. ئەو شتەم بیر دەخاتەوە.... ئای خودای من!

با ئێمە ئەرکی گێڕانەوەی بەشێك لە ڕووداوەکانی ئەو کاتە بگرینە ئەستۆی خۆمان، کە زینا گۆرانی دەچڕی.. زینا قەسیدەیەکی غەزەلی لەڕەنسی کۆنی بەشێوازە کۆنەکەی سەدەکانی ڕابردوو چڕی، زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، دەنگێکی پاك و سیحراوی هەبوو، ڕاستەوخۆ

دەچووە دڵەوە، پیرەمێردی بەستەزمان کەوتبووە ژێر سیحری سیما جوان و چاوە نایابەکانی زینا، پەنجە ناسکەکانی زینا لاپەڕەی نۆتەکانی هەڵدەدایەوە، قژە ڕەش و بە بریقە و بۆڕەکەی، سنگی کە بەرز و نزم دەبۆوە، بە هەموو کەسایەتییە جوان و بەرزەکەی.. ئەوکاتەی گۆرانی دەچڕی میر چاوەکانی لەسەر زینا لا نەدا، لە هەڵچوونێکدا بوو خەریك بوو دەخنکا. دڵی ئەم پیاوە پیرە کە بە شامپانیا و مۆسیقا و یادگارییەکان گەرم ببوو، خێرا تر دەکەوتە خورپەوە، وەك ئەوەی پێشتر لەزەمەنێکی دوورەوە نەکەوتبێتە خورپەوە. ئەو کاتەی زینا گۆرانییەکەی تەواو کرد، میر قورگی پڕ بوو لە گریان..

میر هاواری کرد و سەرەپەنجەکانی زینای ماچ دەکرد:

— ئای کچە نایابەکەم! بۆ من چەندە سیحراوی! من تازە بیرم دەکەوێتەوە هەرگیز.... بەڵام... بەڵام... ئەوەتا کچە سیحراوییەکەی من!

میر نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، ماریا هەستی کرد کاتەکە لەبارە، قسەکانی بەشێوەیەکی سەنگین دەستپێکرد و وتی:

— ئەی میر بۆچی خۆت دوورە پەرێز گرتووە؟ تۆ هێشتا دڵت پڕ هەست و سۆزە، بە هێز و چالاکی، سەروەتێك لە ئاکاری مەزنت هەیە؟ لەگەڵ ئەوەدا، خۆت لەنێو چوار دیوار زیندانی کردووە! لە دەست کۆمەڵگا و هاوڕێیەکانت رادەکەی! ئەمە کارێکە لێ خۆشبوونی بۆ نییە!

کەواتە بیر بکەوە، بەڕۆشنی سەیری ژیان بکە، رابردووت بیر بێتەوە... با گەنجێتی زێرینت بیربکەوێتەوە، ئەو رۆژگارانەی کە بێ خەم بوون... جارێکی دیکە ئەو رابردووە زیندوو بکەوە.. جارێکی دیکە لە کۆمەڵگای زیندووان بژی... سەفەری دەرەوە بکە.. بۆ ئیتالیا... بۆ ئیسپانیا... ئەی میر پێویستە کەسێك یاوەرییت بکات، دڵێك تۆی خۆشبوێ، رێزت بگرێ، لە بەرامبەر تۆ هەست بە خۆشەویستییەك بکات.

باشە! تۆ هاورێت هەیە... بانگیان بکە بە پەلە بەرەو پیرت دێن، من یەکەم کەس دەبم دەستبەرداری هەموو شتێك دەبم و بە پەلە بەرەو بانگەوازەکەی تۆ دێم! من دۆستایەتی کۆنم لەبیر نەچووە ئەی میر.. تەنانەت دەستبەرداری مێردەکەشم دەبم... تەنانەت ئەگەر لە ئێستا جاحێڵ تر بم، وەك کیژۆڵەکەم جوان بم، ئەوا دەبمە هاورێ و دۆستت.. تەنانەت شووت پێ دەکەم، ئەگەر تۆ ئەمە بخوازی...

میر چڵمی دەسرییەوە و وتی:

– من دڵنیام تۆ خاتوونێکی ئەفسووناوی بووی لە س...س.. سەردەمی خۆت، چاوانی میرت پڕ کردووە لە فرمێسك..

ماریا بە جۆش و خرۆشەوە وتی:

– ئێمە لە منداڵەکانمان بەردەوامی بە ژیان دەدەین، ئەی میر! من فریشتەیەکی پاسەوانم هەیە... کچەکەم، هاوڕێی دڵ و بیرمە! پێشتر حەوت خوازبێنی ڕەتکردۆتەوە، ئەو نایەوێ لە من جیا ببێتەوە...

میریش بە جۆش و خرۆشەوە وتی:

– کەواتە ئەویشت لەگەڵت دێ... ک...ک... کاتێ تۆ بۆ دەرەوە یاوەرییم دەکەی، لەو حاڵەتەدا هەڵبەتە من سەفەری دەرەوە دەکەم، هەڵبەتە.. هـ...هـ.. هەڵبەتە..ئاخ! .ئایا دەتوانم...ئومێدێك بە خ...خۆم بدەم؟... بەڵام ئەو کچێکی سەرسووڕهێنەرە! ئای کچە نایابەکەم.

جارێکی دیکە میر پەنجەکانی زینای ماچ کرد.. تەنانەت پیرەمێردی بە ستەزمان هەوڵی دا بۆ زینا بکەوێتە سەر ئەژنۆ...

ماریا ئەم هەڵەی قۆزتەوە، دووبارە کەوتەوە ناو تەوژمێکی دیکەی ڕەوانبێژی، بەمیری وت:

– بەڵام... بەڵام ئەی میر... تۆ دەتگوت خوازیاری ئومێدێکم... ئای میر تۆ سەیری! بۆچی خۆت بە شایەنی ئەوە نازانی سەرنجی خانمان ڕاکێشی؟ هەموو جوانییەك لەلای گەنجان نییە! ئەوەت لەبیر بێ تۆ پاشماوەی ئەرستۆکراتیەتی ڕووسیای، تۆ بەرزترین هەست سوارچاکی، خانەدانی ئاکار دەنوێنی! ئەی کاتیای کچی میر کۆچۆبی عاشق نەبوو؟ تۆ ئەمەت خوێندۆتەوە، لۆزان کە مارکیزێکی کۆشکی

سەرنجڕاکێش بووە، لە تەختی یەکێك لە لویسەکان، نازانم کامەیانە، نزیك بووە، ئەم لۆزانە پیاوێکی بەساڵاچوو بوو، کەچی دڵی جوانترین خانمی سەردەمی خۆی داگیرکردووە! سەرەڕای ئەمانەش، کێ بە تۆ دەڵێ پیر؟ کێ پێیوایە تۆ پیری؟ ئایا پیاوی وەك تۆ پیر دەبێ؟ ... دڵت پڕە لە هەست و سۆز، رووخۆشی، روحسووکی، ئاکارێکی بەرزت هەیە! بە یاوەری کیژۆڵەیەکی شۆخی وەك زینا بڕۆ ئەو شوێنانەی ئاوی کانزایی هەیە– من لێرە تەنها زینا بە نموونە دەهێنمەوە– بزانە چ کاریگەرییەکی گەورە دروست دەکەی تۆی خانەدانی رەسەن یاوەری کیژۆڵەیەکی لەو جۆرە بیت... یاوەریی ئەو جوانییە شاهانە بیت.. ئەو سەنگین دەڕوات، قۆڵی تۆ دەگرێ. لە کۆمەڵگایەکی ئەرستۆکراتی گۆرانی دەڵێ، تۆش لەلایەن خۆتەوە تەژی لە وشەی نایاب، روحسووکی ! ئەو کاتە هەموو خەڵکی هەرێمەکانی ئاوی کانزایی دێنە سەیرانتان! هەموو ئەوروپا باستان دەکات. ناوتان دەکەوێتە سەرجەم رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە... ئای میر... ئای میر.. کەچی تۆ دەڵێی : دەتوانم ئومێدێکم هەبێ؟

لە رۆرگوتنەکەی ماریا، میر تەنها لە بەشێکی گەیشت، بەرە بەرە کپ دەبوو، بە منگەمنگ وتی:

– رۆژنامەکان... هەڵبەتە... هەڵبەتە! گۆڤارەکان... بەڵام کچەکەم... ئەگەر ماندوو نابی، جارێکی دیکە ئەو غەزەلەم بۆ بخوێنە، کە تازە خوێندنت!

ماریا وتی:

– ئاخ... ئای میر! بەڵام زینا غەزەلی دیکە دەزانیّ زۆر لەوەیان جوانترە! ئایا قەسیدەی پەرەسێلکەی بەهەشت دەزانی؟ پێشتر بیستووتە.

میر وەك منداڵ پاڕایەوە وتی:

– هەڵبەتە... بەلاّم لەبیرم چووە... نەخێر... نەخێر! من ئەو قەسیدەیەی ئێستا دەخوازم... قەسیدەی پەراسێلکەی بەهەشتم ناویّ... ئەو غەزەلەم دەویّ کە ئێستا خوێندی..

زینا دووبارە کەوتەوە غەزەلخوانی. میر نەیتوانی دان بە خۆی بگریّ، بۆ زینا کەوتە سەرئەژنۆ و دەستی بە گریان کرد...

دەنگی میر لە هەڵچوون و هوڕێنەکردن دەلەرزی، دەیگوت:

– ئاخ... ئەی خاتوونە جوانەکەی ك..ك...کۆشکەکەم! ئەی خاتوونە سیحراوییەکەی کۆشکەکەم! ئەی کچە ئازیزەکەم! چەندین شتی ر...ڕ...ڕابردووم بەبیر دەهێنیتەوە! کە هیواخواز بووم لە ئایندەیەکی نویّ بگەڕێتەوە! ئەو کاتە منیش هەمان غەزەلم دەچڕی لەگەڵ..فیکۆنتس... ئێستاش... ئاخ! نازانم چی چاوەڕوانم دەکات...

میر بە هەناسەبڕکێ و دەنگێکی پچڕ پچڕ ئەو وشانەی درکاند، زمانی قورس ببوو، تەنانەت هەندێك وشەی ناڕۆشن بوو، وەك دەردەکەوت لە لوتکەی هەڵچوون بوو، ماریا بە پەلە ئاگری بابەتەکەی خۆشترکرد و وتی:

- ئەی میر خەریکە دەکەویتە داوی دڵداری زیناوە.

وەڵامی میر هەر ئەوە بوو کە ماریا پێشبینی کردبوو.

میر هێشتا لەسەر ئەژنۆ بوو، بە جۆش و خرۆشەوە هاواریکرد:

- تا ئاستی...ش..ش..شێت بوون خۆشم دەوێ! من.. ئامادەم.. ژ...ژیانی خۆم لەپێناوی بکەم بە قوربانی! ئاخ خ...خ..خۆزگە ئومێدێکم دەبوو... تکا دەکەم ژیرم بکەوە... من هەست بە لاوازی دەکەم... خۆزگە دەمتوانی تەنها هـ...هـ...هیوایەکم دەبوو... من دڵی خۆم پێشکەش دەکرد.. ئەو کاتە هەموو رۆژێك غەزەلێکی بۆ من دەخوێند.. بێوچان سەیرم دەکرد... بەردەوام سەیرم دەکرد،.. بەردەوام.... ئاخ... خودایە !

ماریا پێی گوت:

- ئەی میر! تۆ خوازبێنی کچەکەم دەکەی، دەتەوێ لە منی ببەی، تۆ دەتەوێ کچە بەنرخەکەم ببەی. زینای فریشتەکەم! زیناکەم من لە تۆ جیا نابمەوە! ئایا لە باوەشی دایکی جیای دەکەیتەوە!

ماریا کچەکەی خستە باوەشی خۆیەوە، هەرچەندە هەستی دەکرد کچەکەی خۆی دووردەخاتەوە... ئەم دایکە زێدەڕۆیی لە نواندنەکەی دەکرد، هەر لەبەر ئەمەش زینا دڵتەنگ بوو، هەستی بەشتێکی قێزەوەن دەکرد، کەچی هەر بێدەنگ بوو، دایکەکەش هەر هێندەی لە کچەکەی دەویست بێدەنگ بێ.

ماریا وتی:

- ئەو تۆ خوازبێنی رەتکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە دایکی دانەبڕێ، بەلاّم ئێستا دڵم خەبەر دەدات، ئەو لەمن جیا دەبێتەوە. من ساتێکە هەستم کردووە، ئەو نیگایەکی تایبەتی بۆ تۆ هەیە، کەوتۆتە ژێر سیحری خانەدانی و هەست ناسکی تۆ..! ئاخ.. لەیەکترمان جیا مەکەوە... من هەست بەوە دەکەم...

میر وەك گەلاّیەك دەلەرزی و بە منگەمنگ وتی:

- من.... د...د... دەیپەرستم!

ماریا دووبارە دەستلەملانێی کچەکەی بوو و وتی:

- کەواتە دایکت جێدەهێڵی!

زینا دەستە جوانەکەی بۆ میر درێژ کرد، تەنانەت زەردەخەنەشی بۆ کرد، بۆ ئەوەی ئەم دیمەنە ئازاربەخشە زوو کۆتایی بێت، میر بەرێزەوە دەستی گرت و کەوتە ماچکردنی دەستەکانی زینا، وتی:

- ئێستا وا خەریکە دەژیم!

دایکەکە بە زمانێکی شکۆمەندەوە وتی:

- زینا سەیری ئەم پیاوە بکە.. ئەو خانەدانترین پیاو و بە شەرەفترینە! ئەم پیاوە سوارچاکێکی سەدەکانی ناوەڕاستە... میر، زینا ئەمە دەزانێ، بە تەواوی دەزانێ.. ئەمەش هۆکاری نەهامەتی منە!... ئاخ... بۆچی هاتیتەماڵەکەی ئێمە؟... من گەنجینەکەم بە تۆ دەبەخشم... فریشتەکەم... ئەی میر پارێزگاری لێ بکە، گوێ لە تکای دایکەکە بگرە، چ دایکێك دەتوانی گلەییم لێ بکات؟

زینا بەچرپەوە گوتی:

- دایکە بەسیەتی..

ماریا وتی:

- میر دەبێت تۆ داکۆکی لە زینا بکەیت، ئەوکاتەی قسە و قسەلۆکیان بۆ هەڵبەست دەبێت تۆ شمشێرت هەڵکێشی!

زینا وتی:

- دایکە بەسیەتی..

میر بە منگەمنگ دەیگوت:

- هەڵبەتـە... شمشـێرم!... مـن دەمـەوێ م...م..ماربڕینەکـەمان ئێستا بێ. . من تەنها ئێستا هەست بـە ژ..ژ..ژیـان دەکـەم! دەمـەوێ ئێستا قاسیدێك بنێرمە دۆخوناقۆ، لەوێ هەندێك گەوهەر هەیـە، دەمـەوێ بیخەمە ژێر پێی!

ماریا وتی

- ئای لـەو گەرموگوڕییـە! ئـای لـەو جـۆش و خرۆشـە! ئـای لـەو نەفس بەرزە! لەگەڵ ئەوەشـدا خـەریك بـوو لـە چـۆڵەوانی ون دەبـووی! واز لە دووبارەکردنەوەی ئەم قسەیە ناهێنم، من دەتـۆقم کاتێـك بـیر لـەو ژنە دۆزەخییە دەکەمەوە، کە تۆی لەوێ زیندانی کردووە.

میر دەستی بە گریان کرد و وتی:

- بـەڵام چـییم لـە توانـا هەیـە بیکـەم؟ مـن زۆر دەترسـم... کەسوکارەکەم دەیانویست من بخەنـە شـێتخانەوە، هەسـتم بـە ترسـێکی گەورە کرد...

ماریا بە سەرزەنشتکردن و سەرسامییەوە وتی:

- شێتخانە؟؟! ئاخ لەو سەرەڕۆییانە، ئای لەو خەڵکە دڵڕەق و چەپەڵانە! ئەی میر، من گوێبیستی ئەوە بووم، بەڵام ئەو جۆرە خەڵکە شێتن، بۆچی تۆ دەخەنە نەخۆشخانەی عەقڵییەوە؟ بۆچی؟

لە شەکەتیان پیرەپیاوی بچووک کەوتە سەر کورسییەکی نەرم و گەورە، وتی:

- من هۆکارێکم بۆ ئەو کارە نەدۆزییەوە. تۆ دەزانی من لە ئاهەنگێکی سەماکردن بووم، دەمەویست هەندێك نوکتەیان بۆ بگێڕمەوە، دیاربوو نوکتەکەیان بە دڵ نەبوو.. دواتر ئەو بەسەرهاتە درێژە روویدا...

ماریا وتی:

- تەنها لە بەر ئەو هۆکارە؟!

- نەخێر من لەگەڵ میر (بترۆس دیمنچ) یاری کاغەزم دەکرد، پارەیەکی زۆرم دۆڕاند، لە کاغەزی قومارەکە دوو (کوڕ) و سێ (کچ)م لە دەست بوو، یان دروستتر سێ کچ و دوو کوڕ بوو...نەخێر.. کاغەزێك کوڕەکە بوو، ئەوانی دیکە کچ بوون.. تەنها!

- تەنها لەبەر ئەم هۆکارە؟!.. لەبەر ئەم هۆکارە؟! ئای لەم چەپڵەییە دۆزەخییە! ئەی میر ئەوا دەگری، ئەو جۆرە رووداوە دووبارە نابێتەوە... من بەردەوام لە نزیکت دەبم، میرەکەم. زینا من وازتان لێ

ناهێنم... جا دەزانین کێ جورئەت دەکات وشەیەك بەڕووی ئێوە بدرکێنێ.

ماریا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو وتی:

- ئەی میر دەزانی هاوسەرگیریی تۆ سەرسامیان دەکات، هەست بە شەرمەزاری دەکەن! ئەوان دەبینن هێشتا تۆ لەسەر... ئەوان لەوە دەگەن نموونەی جوانێکی وەك کچەکەم ناکرێ شوو بە پیاوێکی شێت بکات، تۆ لەمەودوا دەتوانی سەرت بەرز بکەیتەوە، ڕووبەڕوو تەماشای نێوچاوییان بکەیت!

میر چاوەکانی دەنوقاند، بە منگەمنگ وتی:

- هەڵبەتە ڕووبەڕوو!

ماریا لەدڵی خۆی وتی:" ئەو تەواو بێئاگا بووە، وا بزانم قسەکردن بۆی بێ سوودە". بە سۆزێکی دایکانە وتی:

- ئەی میر... تۆ زۆر هەڵچووی، وا باشترە پشوو بدەی...

- هەڵبەتە.. من دەمەوێ س....س...سەرخەوێك بکەم؟

- بەڵێ... ئەو هەموو هەڵچوونە... بوەستە... من بەخۆم بۆ ژوورەکەت یاوەرییت دەکەم، ئەگەر پێویست بوو خۆم دەتخەوێنم...

بۆچی وەها سەیری ئەو وێنەیە دەکەی، ئەمە وێنەی دایکمە.. زیاتر لە ئافرەتێك، فریشتە بوو... ئاخ! ئەوە بۆچی دایکم لێرە نییە؟ ئافرەتێکی پاك و دادپەروەر بوو، ناتوانم لەمە زیاتر وەسفێکی دیکەی بۆ بکەم!

- ئافرەتێکی پاك... د...د...دادپەروەر.. ئەمە شتێکی جوانە، منیش دایکم هەبوو شازادە بوو، بەڵام وێنای ئەمە بکە، ئەو ژنە زۆر ق...ق...قەڵەوە، من نەمدەویست قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەم...من هەست بە ماندوێتی دەکەم... خوات لەگەڵ!...

میر ویستی جوڵەیەکی سیحراوی بنوێنێ، بەڵام پێی خلیسکا و کەوتە سەر عاردە دارەکەی ژوورەکە...

ماریا هاواری کرد:

- میر ئاگادار بە! خۆت بە قۆڵی من بگرە!

- ئەو کچە ئەفسوناوییە!.. ئەف...س...سوناوییە! من تەنها ئێستا خەریکە دەژیم!

زینا بە تەنیا مایەوە، رقی لەخۆی بوو، دڵی دەگوشرا... کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕا بوو.. دەستەکانی رەق ببوون، جیڕەی ددانی دەهات، بێ جوڵە وەستابوو، فرمێسکی شەرمەزاری لە چاوەکانی هاتەخوارەوە...

لـەم چرکەسـاتەدا دەرگاکـە کرایـەوە، مۆزگلیـاکۆف خـۆی کـرد بـە دیوەخانەکە، لە توڕەییان ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو!

# بەشی نۆیەم

# پێچ وپەنایەکی ترسناک

مۆزگلیاکۆف گوێبیستی هەموو شتێك بوو... هەموو شتێك!

زینا بە سەرسامیەکی زۆرەوە سەیری کرد...

مۆزگلیاکۆف بە دەنگێکی خنکاو وتی:

- ئەوها! کەواتە ئێوە بەمشێوەیەن!

لە تورەییان چاوەکانی زینا سوور هەڵگرا، بە هاوارکردنەوە وتی:

- چۆن جورئەت دەکەی بەم شێوەیە بمدوێنی؟

هەنگاوێك بەرەو گەنجەکە رۆیشت...گەنجەکەش بەناچاریی هەنگاوێك گەڕایەوە، قسەکەی پێشووی دووبارە کردەوە و وتی:

– گوێبیستی هەموو شتێك بووم!...

زینا بە رقەوە سەیری کرد و وتی:

– گوێبیستی هەموو شتێك بووی؟ بڵێ سیخوڕییت کردووە.

تەواو بە نیگاکانی زینا شڵەژا بوو، بە بۆڵەبۆڵ وتی:

– بەڵێ... سیخوڕییم کردووە! بەڵێ... مکوڕبووم بۆ ئەوەی کارێکی وەها چەپەڵ ئەنجام بدەم!.. بەڵام بەهۆی ئەم کارەوە زانیم ئێوە لەمن دزێوترن.. ئاخ! من ناتوانم وەسفی رەفتاری ئێوە بکەم..

– دوای ئەوەی گوێبیستی هەموو شتێك بووی، دەتوانی بە چ شتێك تۆمەتبارم بکەی؟ چۆن رێگە بە خۆت دەدەی تۆمەتبارم بکەی و بەم زمانە لەگەڵم بدوێی؟

– من؟ کامە ماف؟ تۆ چۆن دەتوانی ئەم پرسیارەم ئاراستە بکەی؟ تۆ دەتەوێ شوو بە میر بکەی، من هەقم بە سەر ئەوە نییە؟ بەڵام تۆ بەڵێنت بە من داوە!

– ئەمە کەی؟

– کەی؟

– ئەم بەیانییە، کاتێك لەسەر ئەم بابەتە قسەم لەگەڵ کردی، بەراشکاوی پێم وتی ناتوانم شتێکی ئەرێنی لەو بارەیەوە بە تۆ بڵێم...

- بـەلاّم منـت رەت نـەكردەوە... تـۆ منـت بـە هەلّواسـراوی هێشتەوە، نەدەویست بە یەكجاری رەتم بكەیەوە، لەبەر ئەم هۆكارە!

لەسیمای زینا گوزارشتێكی ئازاربەخش دەردەكەوت، بەلاّم ئـەو رقـی لـە خۆی بوو..بە زمانێكی جددی و سـەنگین وەلاّمـی مۆزگلیـاكۆفی دایـەوە، لەگەلّ ئەوەش تۆزێك دەلەرزی:

- ئەگـەر لێـرە تـۆ دەرناكـەم، ئەمـە تـەنها لەبـەر بەزەییـە.. تـۆ دەپاڕاییەوە و داوات دەكرد چاوەڕوان بم، نەلّێم: نەخێر... رۆژێك بـەمنت وت" چاك من بناسە، ئەگەر باوەڕت بـەو هێنـا مـن پیـاوێكی خانـەدانم، ئـەوا مـن رەت ناكەیـەوە". ئەمـە قسـەكانی تـۆ بـوو لەسـەرەتای پەیوەندییەكەمان. تـۆ نـاتوانی نكۆلّی لەمـە بكـەی، ئێسـتاش ئـەوە تـۆ جورئەتت هەیە دەلّێی ئێمە تۆمان وەك یەدەگ هێشتۆتەوە! كەواتە تـۆ لەوە تێنەگەیشتی ئەم بەیانییـە مـن چـەندە نیگـەران بـووم، چونكە تـۆ پانزە رۆژ زووتر لە كاتی خـۆت هـاتووی. لەگـەلّ ئەوەشـدا مـن نیگـەرانی خۆم لە تۆ نەشاردەوە، تـۆش تێبینـی ئـەوەت كردبوو، خـۆت پرسیارت كرد ئایا زووهاتننت منـی تـوڕە كـردووە. ئایا كاتێـك مـن نیگـەرانی خـۆم نەشاردۆتەوە، تـۆ وا دەزانـی خـاتری تـۆم گرتـووە؟ ئاخ! مـن تـۆ وەك دەستگیرانێكی یەدەگ دەهێلّمەوە! نەخێر. نەخێر.. مـن لـە بـارەی تـۆ دەمگوت" ئەگـەر زیـرەكیش نـەبێت، ئـەوا كەسـێكی باشـە". بـەلاّم مـن ئێستا دەزانم- لـە بەختـەوەرییم كـە شـتەكان تێپـەڕبوو دەزانم- تـۆ

کەسێکی شەڕانگێزی، لەهەمان کاتیش گەمژەی. شتێك نەماوە تەنها ئەوە نەبێ هیوای سەفەرێکی خۆشت بۆ بخوازم... ماڵئاوا!

زینا رووی لە مۆزگلیاکۆف وەرگێڕا و بەهێواشی بەرەو دەرگاکە رۆیشت، مۆزگلیاکۆف درکی بەوە کرد هەموو شتێك لەناوچوو، بۆیە لە رقان دەکولا...

هاواریکرد و وتی:

— ئا. ! من گەمژەم! باشە... ماڵئاوا... بەلام ... بەر لەوەی بڕۆم دەبێ هەموو خەڵك یارییە چەپەڵەکەی تۆ و دایکت بزانن! بە هەموو کەسێك دەڵێم ئێوە میر سەرخۆش دەکەن و فێڵی لێ دەکەن، ئەو کاتە لە مۆزگلیاکۆفەوە گەلێك هەواڵتان پێ دەگات!

زینا وەستا بۆ ئەوەی وەلامی بداتەوە، بەلام دوای چرکەساتێك لە بیرکردنەوە، بەرقەوە شانی هەڵتەکاند و دەرگاکەی بەدوای خۆی داخست. لەوکاتە ماریا لە بەردەم دەرگاکە بوو، گوێی لە هاوارەکانی مۆزگلیاکۆف بوو، لە هەموو شتێك گەیشت، ماوەیەك لەگەڵ خۆی دوا و وتی: " مۆزگلیاکۆف هێشتا سەفەری نەکردووە! هێشتا دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ میر هەبێ، بە هۆی ئەو کوڕەوە نهێنی پلانەکەم لە تەواوی شار بلاودەبێتەوە! کەچی ئەم کارە دەبێ بە نهێنی بمێنێتەوە!".

لە یەك چرکەساتدا ماریا تـوانی هـەموو بارودۆخەکـە لەبەرچـاو بگرێـت و پێشبینی هـەموو شـتـەکان بکـات، بۆیــە پلانێکـی بـۆ هێورکردنــەوەی مۆزگلیاکۆف دانا، دەستی دۆستانەی بۆ درێژکرد و وتی:

- ئەوە چیتە هاوڕێیەکەم؟

مۆزگلیاکۆف بەڕقەوە وتی:

- چـۆن دەڵـێی هاوڕێیەکـەم؟ دوای ئـەو هـەموو رووداوە.. بـە مـن دەڵێی هاوڕێیەکەم! مالئاوا خاتوونەکـەم، وا دەزانـی جارێکی دیکـە مـن فریو دەدەی؟

- بـە داخـەوە... زۆر بـە داخــەوە مۆزگلیـاکۆف کـە دەبـیـم تـۆ حاڵەتێکی دەروونـی سـەیرت هەیـە!... ئـای لـەم شـێوازە؟ تەنانـەت تـۆ نازانی وشەکانت بەکاربهێنی کاتێك لەگەڵ خانمێك دەدوێی!

- لەگەڵ خانمێك دەدوێم! تۆ هەر شتێکی کە دەخوازی... بـەڵام تەنها خانم نیت..

" نازانم مەبەستی لەم قسـەیە چـی بـوو، بـەرحاڵ جۆرێك بـوو لەپیسـوا کردن".

ماریا سەیری مۆزگلیاکۆفی کرد، زەردەخەنەی بەزەیی بۆ کرد، دەستی بۆ کورسییەکی گەورە ڕاکێشا، کە پانزە خولەك لەمەوبەر میر لەسەری دانیشتبوو، فەرمووی لێکرد و وتی:

– دانیشە...

مۆزگلیاکۆف شڵەژابوو، هاواریکرد:

– بەڵام ماریا تا کۆتایی گوێ بگرە... تۆ وا هەڵسوکەوتم لە گەڵ دەکەی وەك ئەوەی من گوناهبار بم، تۆش بێ گوناه. ئەمە شتێکی مەحاڵە ! تەنانەت لەسەر هەموو سەبر وقەرارێکە... ئەمە دەزانی؟

– هاوڕێیەکەم... ڕێگەم بدە بەم شێوەیە بانگت بکەم. بەڵام دۆستێکت نییە لەمن باشتر بێ. تۆ هەڵدەچی و ئازار دەکێشی، دڵت زامدارە، لەسەر منە لێت خۆش بم کاتێك بەدڕەفتاری لەگەڵ من دەکەی... باشە. من دڵم بۆ تۆ دەکەمەوە، بە تایبەتیش کە دەزانم تاڕادەیەك خەتام لە بەرامبەر تۆ هەیە... لێرە دانیشە و با قسە بکەین..

دەنگی ماریا لەوپەڕی ناسکی بوو، ڕواڵەتەکەشی مایەی بەزەیی بوو. مۆزگلیاکۆف دانیشت... ماریا بەسەرزەنشت و لێبوردنەوە وتی:

– لە پشت دەرگاکە گوێت گرتبوو!

– بەڵی ... لە پشت دەرگاکە... بۆ نا؟ ئای کە من گەمژەم !

چرکەساتێك بێدەنگ بوو، دەیویست ئازایەتی بداتە بەر دڵەکەی خۆی، وتی:

- بەلایەنی کەمەوە ئێستا دەزانم چ پیلانێکت لەدژی من هەبوو!

- بە پەروەردە و ئاکارە بەرزەکەت، توانیت ئەم یارییە لەگەڵ من بکەی! ئاخ! ئەی خودایە...

مۆزگلیاکۆف لەشوێنی خۆی راپەڕی و وتی:

- من نامەوێ لەم بارەیەوە زۆر گوێ لە تۆ بگرم! بۆ تۆ وا باشترە ئەوەت بیر بێتەوە کە خۆت چ کارێك دەکەی، ئەمە سەرەڕای پەروەردە و رەفتارەکەت، ئەو کاتە دەزانی مافی ئەوەت هەیە خەڵکانی دیکە تۆمەتبار بکەی.

ماریا بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، وتی:

- پرسیارێکی دیکە هەیە لەتۆی دەکەم... کێ بیرۆکەی گوێراگرتن لە پشت دەرگای خستە مێشکی تۆوە؟ ئەوە کێیە لێرە سیخوڕی لەسەر من دەکات؟ تەنها دەمەوێ ئەوە بزانم؟

- ببوورە... من ناتوانم ئەوەت پێ بڵێم!

- باشه... من دواتر دەیزانم... ئەی پاڤیل من دەرهەق بە تۆ تاوانبارم، بەڵام دواتر هەموو شتێك دەزانی، دەتوانی حوکمم لەسەر بدەی، ئەو کاتە دەبینی من تەنها بۆ چاکەی تۆ ئەو کارەم کردووە...

- ئەوها؟ چاکەی منت ویستووە؟ تۆ گاڵتە بە من دەکەی، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە، لەمەودوا ناتوانی فریوم بدەی، من هێندە ساویلکە نییم!

مۆزگلیاکۆف پەشۆکاو بوو، لەسەر کورسییەکە ئۆقرەی نەدەگرت، ماریا پێی وت:

- تکا دەکەم هاوڕێیەکەم... ئەگەر دەتوانی هێمنتر بە! بە دیقەت گوێ لە من بگرە، ئەوکاتە لەگەڵم هاوڕا دەبی. من سەرەتا ویستم هەموو شتێکت پێ بڵێم، بە شێوەیەك هەموو وردەکارییەکانت بۆ باس بکەم، تەنانەت پێویستت بەوە نەبێ لەپشت دەرگاوە گوێ بگری. من کاتێك ئەوەم نەکرد، تەنها لەبەر ئەوە بوو مەسەلەکە هێشتا پرۆژەیەك نەبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو سەرنەگرێ.. دەبینی لەگەڵ تۆ چەندە راشکاوم.. بەتایبەتی کیژۆڵەکەم بە هیچ شتێك تۆمەتبار مەکە، ئەو شێتانە شەیدای تۆیە. من ناچاربووم کۆششێکی زۆر بکەم بۆ ئەوەی لە تۆی جیابکەمەوە و رازی بکەم شوو بە میر بکات.

مۆزگلیاکۆف بە گاڵتەوە وتی:

- خۆم بە بەڵگە گوێم لەو ئەڤینە شێتانەیە بووە!

- باشە... بەڵام تۆ بە چ زمانێک قسەت لەگەڵ کردووە! ئەمە زمانی عاشقێکی شەیدایە؟ ئەمە زمانی پیاوێکی بە ئەدەبە؟ تۆ ریسوا و سووکت کرد..

- بابەتەکە لێرە پەیوەندی بە چاکی پەروەردەوە نییە، تۆ و کچەکەت ئەم بەیانییە بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیتان لە من کرد، کەچی دواتر کە لەگەڵ میر چوومە دەرەوە منتان دزێو کرد... من هەموو شتێك دەزانم!

- بێگومان لە هەمان سەرچاوەی بێزراو و چەپەڵ، ئەمەت زانیوە....

ماریا ئەمەی وت، زەردەخەنەیەکی پڕ لە رق و قینەی کەوتە سەر لێو، دواتر لە قسەکانی بەردەوام بوو:

- بەڵێ من پشتم لە تۆ کردووە، لاپەڕەی تۆم داخستووە.. من دان بەوە دەنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە ئازارێکی زۆر دەکەم چونکە ئەو کارەم کردووە، دەبووایە بە توندی بەرەنگاری هەست و سۆزم ببمەوە. کاتێك کە ناچاربووم تۆمەت بۆ تۆ هەڵبەستم، ئەو کاتە زانیم چەند ئەستەمە کچەکەم لە تۆ جیا بکەمەوە، ئایا نابینی لە پێیەکانیشت نزیکە؟ ئەگەر ئەو تۆی خۆشنەدەویست، ئەوا من ناچار نەدەبوو بوختان

بۆ تۆ دروست بکەم... تۆ هێشتا هەموو شتێکت نەزانیوە، من وەك دایکێك دەسەلاتی خۆم بەکارهێنا بۆ ئەوەی لە دڵی کچەکەم جیات بکەمەوە.. دواجار پاش کۆششێکی زۆر توانیم شتێك بە دەست بهێنم، لە رەزامەندی نزیك بێ.. لەبەرئەوەی تۆ لەپشت دەرگاوە گوێت راگرتووە، کەواتە تێبینی ئەوەت کردووە، ئەو لەلای میر بە وشە و جوڵەیەك پاڵپشتی منی نەکردووە، وەك ئامێرێك گۆرانی دەچڕی، زۆر بەڕۆشنی ئازار بە سیمای دیار بوو، کاتێك میرم بۆ خەوتن برد، تەنها لە ڕوانگەی بەزەییەوە بوو، من دڵنیام کاتێك تەنیا ماوەتەوە گریاوە، تۆش کاتێك هاتوویتە دیوەخانەکە، دەبێ تێبینی ئەو شتانەت کرد بێ!.

مۆزگلیاکۆف ئەوەی بیرهاتەوە، بەراستی زینا دەگریا کاتێك هاتە دیوەخانەکەوە! بۆیە وتی:

– بەلام تۆ.. تۆ ئەی ماریا، بۆچی لە دژی من بووی؟ بۆچی بوختانم بۆ دەکەی وەك تازە خۆت ددانت پێدانا؟

– ئا...! ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە.. ئەگەر تۆ لەسەرەتاوە ئەم پرسیارەت دەکرد، ئەوا دەمێك بوو وەلامەکەت زانی بوو.. بەلێ.. تۆ لەسەر هەقی... من تەنها هەموو کارێکم کردووە... زینا بە هیچ شتێك تۆمەتبار مەکە... بەلام.. بۆچی من ئەو کارەم کردووە؟ ئەوە یەکەم هۆکار، لە پێناو زینا ئەو کارەم کردووە.

میر دەوڵەمەندە، لە بنەماڵەیەکی خانەدانە، پەیوەندی باشی هەیە، ئەگەر زینا شووی پێ بکات ئەوا بەرژەوەندییەکی گەورەی بۆ دروست دەبێت.. دواجار، ئەگەر مرد- ئەمەش هەر ڕوودەدا، زوو یان درەنگ هەموومان دەمرین- ئەو کاتە زینا دەبێتە بێوەژنێکی دەوڵەمەند، لە چینێکی بەرز و زۆر دەوڵەمەند. ئەوکاتە بەدڵخوازی خۆی شوو دەکات، گومانیشی تێدا نییە شوو بەو کەسە دەکات کە خۆشی ویستووە، شوو بەو پیاوە دەکات کە یەکەم ئەڤینی بووە، زینا کە شووی بە میر کردووە، دڵی ئەو پیاوەی تێکشکاندووە، بۆیە پەشیمان دەبێتەوە، هەموو شتێک لە پێناو چاککردنەوەی هەڵەکەی دەکات...

مۆزگلیاکۆڤ سەیری پێڵاوە درێژەکانی خۆی کرد، لە نێو خەونەکانی نقوم بوو، بە ورتە ورتێکەوە کە زیاتر لە چرپەیەک دەچوو وتی:

- ئاوها !.

ماریا دەستی بەقسەکانی کردەوە و وتی:

- دووەم... من بابەتەکە درێژ ناکەمەوە، لەوانەیە لە من ئەگەی. تۆ شتێك نازانی، تەنها خوێندنەوەی شکسپیری هاوڕێت نەبێت، هەموو هەست و سۆزە بەرزەکەی خۆت لەو هەڵدەهێنجی. سەرەڕای ئەمەش تۆ ئەمەنێکی کەمت هەیە.. بەلام پاڤێل من دایکم.. من زینا بە میر دەدەم، ئارادەیەك هەر لە پێناو میرە، چونکە ئەم هاوسەرگیرییە ژیانی دەرباز دەکات، من ئەو پیاوە بەرێز و خانەدانەم خۆشدەوێ، خەسڵەتەکانی

دەچێتەوە سەردەمی سوارچاکی، لەمێژە خۆشم دەوێ، دەمەوێ لەچەنگی ئەو ژنە پاسەوانە دۆزەخییە دەری بهێنم، کە میر بەرەو گۆڕ دەبات.. خودا شاهێدە نەمتوانی زینا رازی بکەم، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە بۆم روونکردەوە ئەم کارە چ پاڵەوانێتیەك لەخۆدەگرێت، ئەویش پێی لەدڵی خۆی نا و رازی بوو، حەزکردن بە قوربانیدان پاڵنەر بوو، ئەمەش بەشێکە لە قارەمانێتی و سواچاکی. ئەم بابەتەم بەشێوەیەك بۆ دەرخستووە کە ئەرکی ئایینی دەیخوازێ، پێم وتووە زینا تۆ پاڵپشت و دڵنەوایی و هاوڕێ و کچ و شادی ئەم پیاوە دەبی، کە لەوانەیە زیاتر لە ساڵێك نەژی، بەلایەنی کەمەوە کە دەمرێ هەست بە گەرموگوڕی دەکات، خۆشەویستی، دوایین رۆژانی وەك فیردۆسێك دەبێت.. ئەی پاڤێل چ خۆپەرستییەك لەم کارە دەبینیەوە؟ نەخێر، ئەمە کاری راهیبەکانی رەحمەتە...

مۆزگلیاکۆف بەگاڵتەوە وتی:

– کەواتە تۆ تەنها لە پێناو میر ئەم کارەت کردووە؟... بۆیە راهیبەی رەحمەتت بۆ داناوە؟

– ئەی پاڤێل ... من لە پرسیارەکەی تۆ دەگەم.. ئەمە زۆر رۆشنە. تۆ پێتوایە من بە ئەنقەست بەرژەوەندی خۆم و بەرژەوەندی میرم تێکەڵ کردووە.. باشە.. لەوانەیە من حیسابێکم بۆ بەرژەوەندی خۆم کردبێ، بەلام دڵنیات دەکەمەوە تەنها بە ئەنقەست ئەو کارەم

نەکردووە.. راشکاوی من سەرسامت دەکات؟ من تەنها یەك شتت لێ دەخوازم، تەنها ئەم کارە نەخەیتە سەر زینا، ئەو وەك کۆترێك پاکە.. هیچ پیلانێکی نەگێڕاوە، هیچی لەبەرچاو نەگرتووە، هیچ شتێك نازانێ ئەڤین نەبێ.. ئەوەی هەموو ئەو کارانەی کردووە منم، تەنها من... بە دڵسۆزی لە ویژدانی خۆت بپرسە و جا پێم بڵێ: هەر کەسێك لە شوێنی من بووایە بەمشێوەیە کاری نەدەکرد؟ ئێمە هەموومان بەرژەوەندی خۆمان لەبەرچاو دەگرین، هەرچەندە دەست و دڵیشمان بە سەخاوەت بێ. بێئەوەی گومانمان هەبێت ئەمە بەپاڵنەری ڕەمەکە، بۆیە ئەوانەی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کارێکیان تەنها بە نەفسبەرزی ئەنجام داوە، ئەوانە خۆیان فریو دەدەن، منیش خۆم فریو نادەم.. من دان بەوە دەنێم هەموو باردۆخەکەم لەبەرچاو گرتووە.. بەڵام دڵنیات دەکەمەوە تەنها بە پاڵنەری بەرژوەندی کەسی نەبووە، من پێویستم بە شتێك نییە، ئەی پاڤێل، من تەمەنی خۆم ژیاوم، ژیانم کۆتایی هاتووە، بەڵام بابەتەکانم بۆ کچەکەم لەبەرچاوە، ئەو فریشتەمە، تەنها بۆ ئەو، چ دایکێك دەتوانێ لەمە گلەییم لێ بکات؟..

فرمێسك بە کوڵمەکانی ماریاوە هاتەخوارەوە.. مۆزگلیاکۆف بە سەرسامییەوە، گوێبیستی هەموو ئەو ئیعترافانە بوو، چاوەکانی دەتروکاند، هەوڵی دەدا لە ئامانجە دوورەکەی ماریا بگات..

دواجار لە وەڵامی پرسیارەکەی ماریا وتی:

– هەڵبەتە...هەر دایکێك؟

بەلاَم بە پەلە پاشگەزبۆوە، وتی:

– ئەی خانمەکەم، تۆ پێچوپەنات زۆرە.. بەلاَم تۆ بەڵێنت بە من دابوو، هیوایەکت بەمن بەخشی.. ئێستا گریمانی چی بکەم؟. ئای چەندە هەست بە شەرمەزاری دەکەم!

– کەواتە پێتوایە من بیرم لە تۆ نەکردۆتەوە ئەی پاڤێلی ئازیزم؟... بابەتەکە تەواو بە پێچەوانەوەیە..لە هەموو هەڵسەنگاندنەکانم پێگەیەك بۆ تۆ هەیە.. بەڵکو دەتوانم بڵێم، من لە پێناوی تۆ بەم پڕۆژەیە هەڵساوم...

ئەمجارە مۆزگلیاکۆف تەواو شڵەژا، هاواری کرد:

– لە پێناو من؟! ئەمە چۆن؟

ماریا چاوەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و وتی:

– ئەی خودایە! چۆن دەکرێ مرۆ هێندە سادە بێ، تا ئەو ئاستە کورتبین بێ؟ ئای لە گەنجان!... ئای لە کاریگەری شکسپیر!.. ئەمە بە کاریگەریی ئەو نووسەرە خەیاڵ عەجایبە لە سەر ئێوە! ئێوە بە بیرکردنەوە و زیرەکی کەسانی دیکە دەژین!.. هاوڕێیە باشەکەم، تۆ پرسیاری ئەوەم لێ دەکەی لێرەدا بەرژەوەندی تۆ چییە؟ ڕێگەم بدە بە

ورد و بە درێژیی بۆت باس بکەم. گومانی تێدا نییە زینا تۆی خۆشدەوێ.. لەگەڵ ئەوەشدا تێبینیم کردووە سەرەڕای خۆشەویستیەکەی هەندێك جار لە تۆ رادەکات، لە هەڵسوکەوت وبیرکردنەوەکانت..هەندێك جار بە ئەنقەست سڵ لە تۆ دەکاتەوە و ساردوسڕ خۆی دەردەخات.. ئایا پاڤێل تۆ تێبینی ئەمەت نەکردووە؟ ئەمەش هەموو لە ئەنجامی بیرکردنەوە سەیر و سەمەرەکانت بووە؟

- بەڵێ... بە تایبەتی ئەم رۆژە تێبینیم کردووە... بەڵام ماریا مەبەستت چییە؟

- بەشێوەیەکی تایبەت زینا گومانی لە سەقامگیریی خەسڵەتەکانی تۆ هەیە، گومانی لە مکوڕبوونی تۆ هەیە لە سەر خۆشەویستەیەکەت بۆ ئەو... چۆن دەکرێت دایك بم و نەزانم چ لە دڵی کچەکەم هەیە؟...ئێستا وێنای ئەمە بکە: لەبری ئەوەی بچیتە لای گلەیی بکەیت و جنێوی پێ بدەی، دەبوایە بیوروژێنی، پیرۆزبایی بکەی، برینی سارێژ بکەی- ئەو پاك و بێگەردە، جوان و لووتبەرزە- تەنانەت تۆ واتکردووە پێداگری لە بۆچوونەکەی بکات کە تۆ لەخۆشەویستی ئەو زۆر مکوڕ نییت.. وێنای ئەمە بکە: تۆ هەواڵەکەت بە نەرمونیانی وەردەگرت، بە خەم و پەژارەوە، تەنانەت دڵتەنگیش دەبوو، بەڵام بە خانەدانی....

مۆزگلیاکۆڤ قسەکانی پێ بڕی و بەهەڵچوونەوە وتی:

- ئەها...

– نەخێر... قسەم پێ مەبڕە.. پاڤێل... من دەمەوێ تابلۆیەك بکێشم بۆ ئەوەی سەرنجت رابکێشم.. خەیاڵی ئەوە بکەت تۆ لێی نزیك دەبوویتەوە، دەتگوت: زینای ئازیزم... من زیاتر لە ژیانی خۆم تۆم خۆشدەوێ، بەڵام چەند هۆکارێکی خێزانی لەیەکترمان جیا دەکاتەوە، من لەو هۆکارانە دەگەم. بابەتەکە پەیوەندی بە بەختەوەریی تۆ هەیە، منیش نامەوێ کۆسپ لەنێوان تۆ و بەختەوەریی دروست بکەم.. ئەی زینا بەنرخەکەم.. من لێت دەبوورم.. ئەگەر دەتوانی بەختەوەر بە، لێرەدا بە دڵتەنگی سەیرت دەکرد، وەك ئەوەی لەسەرە مەرگ بییت... پاڤێل بیر لە هەموو ئەمانە بکەوە، چ کاریگەرییەکی لەسەر دڵی زینا دەبوو...

– بەڵێ ماریا.. با گریمانەی ئەوە بکەین هەموو ئەمانە روویداوە..من دەمتوانی بەمشێوەیە قسەی لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەمانە رێگر نەدەبوو لەوەی من رەت بکاتەوە..

– نەخێر... نەخێر.. هاوڕێیەکەم... قسەم پێ مەبڕە.. من دەمەوێ ئەو تابلۆیە تەواو بکەم کە کاریگەریەکی بەرز و تەواوی بەسەر دەروونی تۆ دەبێت... خەیاڵی ئەوە بکە، تۆ دواتر بەدیداری زینا دەگەیتەوە.... دوای ماوەیەکی زۆر.. لە کۆمەڵگایەکی بەرز، لە ئاهەنگێکی گەورە سەماکردن، لە ژێر کاریگەری سیحری مۆسیقا، لەنێو چەندین ژنی شۆخ و شەنگ، تۆ لەنێو ئەو خۆشی و شادییە تەنهای، دڵتەنگ و رەنگ زەردی، پشتت بە ستوونێك داوە، بەشێوەیەك تۆ

دەبینی، لەنێو ئەلقەی سەماکردن تۆ سەیری دەکەی، گوێچکەکانت بۆ مۆسیقای (شتراوس) هەڵدەخەی، لێرە و لەوێ دەبینی گاڵتە و گەپ و روحسووکی و قسەکردنی چینە بەرزەکانە، تۆش تەنها ماویتەوە، رەنگ زەرد، دڵتەنگ، نقومبوو لە هەست و سۆزەکانت... بیربکەوە ئەو کاتە چ بەسەر کیژۆڵە ئازیزەکەم دێ، کاتێك بەوحاڵەوە تۆ دەبینی؟ ئەو لەگەڵ خۆی بیردەکاتەوە و دەڵێ" چۆن توانیم گومان لەو پیاوە بکەم؟ هەموو شتێکی لەپێناو من کردە قوربانی! دڵی بۆ من پارچە پارچە دەبێ؟ " گومانی تێدا نییە ئەڤینە کۆنەکەی دووبارە لەدڵدا زیندوو دەبێتەوە.. بەشێوەیەك ناتوانێ بەربەرەکانێی ئەڤینەکەی بکات.

ماریا چرکەساتێك وەستا بۆ ئەوە هەناسەیەك هەڵمژێ، مۆزگلیاکۆف لەسەر کورسییەکەی هێندە شڵەژابوو، خەریك بوو کورسییەکە بشکێنێ..

ماریا گەڕایەوە سەرقسەکانی:

- زینا بەرەو دەرەوە دەچێت. بۆ ئیتاڵیا یان ئیسپانیا.. بەرەو وڵاتی رێحان و دار لیمۆ... بەرەو ئاسمانی شین.. بەرەو وڵاتی ئەڤین... بەرەو ئەو وڵاتانەی کە مرۆڤ ناتوانێ لەوێ بێ ئەڤین بژی.. بەرەو ئەو وڵاتانەی کە لە ئاسمانەکەیدا ماچ و گوڵ بەر یەکتر دەکەون! تۆش بەدوای ئەو دەڕۆی.. لەوێ پێگە و پەیوەندییەکانت لەدەست دەدەی.. تەنانەت هەموو شتێك لەدەست دەدەی.. لێرەوە چیرۆکی ئەڤینداری تۆ دەست پێدەکات: ئەڤین. گەنج.. ئیسپانیا...

ئەی خودایە! گومانی تێدا نییە، خۆشەویستی نێوانتان ئەفلاتونی و بێگەردە. بەلآم دواجار هەردووکتان لە بەرامبەر یەکتر سیس دەبن..هاوڕێیەکەم تێدەگەی؟ لەوانەیە زۆر نەفس نزم و بەدکار بلێن تۆ تەنها بەهۆی خزمایەتی میرەوە بەرەو دەرەوە نەڕۆیشتووی، بە ئەنقەست باسی ئەفلاتونی ئەڤینداری ئێوەم کرد، بێئاگا نیم لەوەی خەلکانێك هەن مانایەکی دیکە بەم خۆشەویستیە دەبەخشن، بەلآم پاڤێل من دایکم، ئەو من نیم بەرەو ڕێگای خراپەت دەبەم...

بەدلنیایی میر ناتوانێ چاودێریتان بکات، بەلآم ئەوە گرنگ نییە، خەلکێك زۆر تۆمەت هەلدەبەستن، دواجار ئەو دەمرێ و سوپاسگوزاری خودا دەبێت لەبەر چارەنووسەکەی، پێم بلێ ئەو کاتە جگە لەتۆ زینا شوو بەکێ دەکات؟ خزمایەتیت بۆ میر هێندە دوورە، نابێتە ڕێگر لەوەی زەماوەند لەگەڵ زینا بکەی، ئەوکاتە تۆ دەیخوازی کاتێك ئەو جحێڵ و دەولەمەند و شازادەیە، ئەو کاتە هەر خانەدانێك هیوای ئەوە دەخوازێ شووی پێ بکات، شانازی بە زیناوە بکات، ئەو کاتە دەچێتە ناو چینێکی بەرز.. پێگەی گرنگ و نازناوی بەرزی دەبێ...

ئەو زەوییەکی هەیە سەد وپەنجا کەسی لەسەر دەژی. ئەوکاتە ئێوە بەڕاستی دەولەمەند دەبن، من زامنی ئەوە دەکەم، دەبێت میر وەسیەتەکەی لەبەرژەوەندی زینا بنووسێ، دواجار- ئەمەش لە هەموویان گرنگترە- زینا لەهەست و سۆزی تۆ دلنیا بۆتەوە، تۆ بە بەرچاوی ئەو بوویتە قارەمانێکی چاکە و داوێنپاکی و بێبەش لە خۆشەویستی. جا دێی

لێم دەپرسی بەرژەوەندی تۆ لەو کارە چییە؟ مرۆ لێرەدا دەبێ کوێر بێ ئەگەر بەرژەوەندی تۆ نەبینی! ئەوەتا بەرژەوەندی تۆ لە پێش چاوتە و سەیرت دەکات، بە رووت پێدەکەنێ و دەڵێ " ئەوەتا لێرەم" مۆزگلیاکوف بەخۆ وەرەوە؟

لێرەدا مۆزگلیاکوف هاواری پەشیمانی کرد و وتی:

- ئێستا لە هەموو شتێك دەگەم، وەك پیاوێکی چەپەڵ هەڵسوکەوتم کرد!

هەڵسایەوە سەرپێ و بەتوندی قژی خۆی رادەکێشا...

ماریاش وتی:

- بەڵکو وەك پیاوێك هەڵسوکەوتت کرد کە رێزی خۆی ناگرێ!

مۆزگلیاکوف بێ ئومێد هاواریکرد:

- ئەی ماریا من کەرم.. هەموو شتێکم لەکیس چوو! من شێتانە خۆشم دەوێ..

ماریا وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی قسە بکات، بەچرپەوە وتی:

- لەوانەیە هەموو شتێك لەکیس نەچوو بێ!

- ئاخ! خۆزگە وا دەبوو! پشتم بگرە! ئامۆژگارییم بکە! رزگارم بکە!

مۆزگلیاکۆف کەوتە گریانەوە..

ماریا دەستی بۆ درێژ کرد، بە دەنگێکی پڕ بەزەییەوە وتی:

– هاوڕێیەکەم تۆ بە جۆش و خرۆشی خۆشەویستی ئەو کارەت کردووە، هەستت بە نائومێدی کردووە، بەڵکو نەتدەزانی چی بکەی، دەبێت ئەویش ئەمە بزانێ...

مۆزگلیاکۆف هاواری کرد:

– من شێتانە خۆشم دەوێ، من ئامادەم هەموو شتێك لەپێناو ئەو بکەم بە قوربانی!

– من پۆزش بۆ کارەکەت دەهێنمەوە...

– لێت دەپاڕێمەوە خاتوونەکەم، ئەم کارە بکە!

– بەڵێ.. من هەموو ئەو شتانە لە ئەستۆی خۆم دەگرم، رووبەڕووی یەکترتان دەکەمەوە، وەك تازە پێم گوتی هەموو قسەکانی بەمشێوەیە بۆ بکە..

– ئاخ.. ئەی خودایە! دڵت چەند باشە! بەڵام... ئایا ناکرێ هەر ئێستا ئەو کارە بکەین؟

ماریا بە نکۆڵی کردنەوە وتی:

- توخوا!...ئێستا ناکرێ... هاوڕێیەکەم تۆ سەرەڕۆی، ئەویش زۆر لووتبەرزە، بۆیە ئەمە بە بێئەدەبی و سووکایەتیەکی نوێ دەزانی. من هەلێکی دیکەت بۆ دەرەخسێنم... کەچی ئێستا تۆ بڕۆ لای بازرگانەکە، یان بڕۆ هەر شوێنێك کە حەزدەکەی... ئەگەر ویستت شەو وەرەوە ئێرە، بەلاّم من ئامۆژگاری ئەوەت ناکەم، چونکە هێشتا دەروونەکان هێمن نەبۆتەوە.

- من دەڕۆم! من دەڕۆم! ... ئەی خودایە! تۆ ژیانم بۆ دەگێڕیتەوە! بەلاّم رێگەم پێ بدە دوا پرسیارت لێ بکەم: چی دەبێت ئەگەر میر لەماوەیەکی ماقوڵدا نەمرد؟

- ئاخ! کە تۆ زۆر ساویلکەی پاڤێلی ئازیزم!...بەلاّم دەبێت نزا لە پێناو تەندروستی ئەو پیاوە چاکە بکەین، کە خەسڵەتی سوارچاکی تێدا ماوەتەوە. دەبێت لە دڵەوە هیوای ئەوە بخوازین رۆژگارێکی درێژ بژی، من شەو و رۆژ نزای بۆ دەکەم، چاوەکانیشم بۆ بەختەوەریی کچەکەم پڕە لە فرمێسك... بەلاّم... بەداخەوە! تەندروستی میری بەستەزمان تەواو داڕووخاوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو ناچارە بچێتە پایتەخت، زینا بەرێتە ئاهەنگەکانی سەماکردن، چەند دەترسم ئەمە سەرگەردانی بکات! بەلاّم پاڤێلی ئازیزم با نزای بۆ بکەی، خودا خۆی کارەکانی دەزانێ... بەرەکەتی من بۆ تۆ هاوڕێیەکەم، با سەبر و هیوات هەبێ... پیاو بە.. بەڵێ پیاوبە، بەشێوەیەکی تایبەتیش من هەرگیز گومانم لە هەست و سۆزە بەرزەکانی تۆ نییە...

ماریا بە هێزەوە دەستەكانی پاڤێلی گوشی، ئەویش دواتر لەسەر نوكی پەنجەكانی ڕۆیشت و لە ژوورەكە چووە دەرەوە. ماریا لەبەر خۆی وتی" دواجار لەو دەبەنگە قوتارم بوو، ئێستا نۆرەی ئەوانی دیكەیە".

دەرگاكە كرایەوە زاینا هاتە ژوورەوە... زیاتر لە جاران ڕەنگی هەڵبزركابوو... بریسكی ماتەم لەچاوەكانی بوو..

بەدایكی وت:

– دایكە ! بە پەلە كۆتایی بەو هاوسەرگیرییە بهێنە، من ناتوانم زیاتر بەرگە بگرم.. هەموو شتەكان قێزەوەنن تاڕادەیەك وا دەكات بیر لەوە بكەمەوە لێرە رابكەم.. ڕێگەم مەدە زیاتر لەمە مەینەتی بكێشم... با لەمە زیاتر نەكەومە چڵپاوەكەوە... ئایا تێدەگەی ؟

ماریا بە دیقەت لە كیژۆڵەكەی رادەما و هاواری كرد:

– زینا.. ئەوە چییت بەسەر هاتووە فریشتەكەم؟ ئایا لەپشت دەرگا گوێت گرتبوو؟

– بەڵێ لەوێ گوێم گرتبوو... بەڵام لەو كارە هێندە شەرمەزار نابم، بەقەد ئەوەی تۆ لەگەڵ ئەم گەمژەیە كردووتە... سوێندت بۆ دەخۆم ئەگەر بەردەوام بی لەوەی لەناو ئەو گاڵتەجارییە پڕ شەرمەزارییە، یاری بە من بكەی، ئەوا منیش بە یەك وشە هەموو

شتەکان دەوەستێنم... گومانی تێدا نییە من چەپەڵییە گەورەکەم قبوڵ کردووە، بەڵام من درکم بە هەقیقەتی بارودۆخەکەی خۆم کرد بوو، کەچی ئێستا لە شەرمەزاریان من خەریکە دەخنکێم..

زینا بەرەو دەرەوەی ژوورەکە رۆیشت و بە توندی دەرگاکەی لە دوای خۆی داخست..

دایکی چاوەکانی لەسەر کچەکە بوو، بیری دەکردەوە: دەبێ پەلە بکەین! دەبێ پەلە بکەین! هەموو شتێك لەسەر ئەو وەستاوە، ئەو گەورەترین مەترسییە رووبەڕووی دەبینەوە... ئەگەر ئەو لاسارانە بکەونە نێوان ئێمە و میرەوە، ئەگەر قسە و قسەلۆك بلاوبکەنەوە، ئەوا ئێمە هەموو شتێکمان لەکیس دەچێ... زیناش ناتوانێ بەرگەی ئەو هەموو نیگەرانکردنە بگرێت... ئەوکاتیش ئەو لە شووکردن بە میر پاشگەز دەبێتەوە.. دەبێت هەر ئێستا هەموو رێکارییەکان بگرمە بەر، هەر چەندە کۆشش و ماندوبوونی بوێ... دەبێت میر لەگەڵ خۆم بەرمە لادێ لای مێردەکەم...من سەرەتا بۆ ئەوێ دەچم، دواتر لەگەڵ مێردە گەمژەکەم بۆ ئێرە دەگەڕێینەوە، دەبێ ئەو پیاوەی من بەکەڵکی شتێك بێ، ئەوکاتەی میریش بێدار دەبێتەوە، هەموومان دەڕۆین.

زەنگەکە لێی دا، یەکێك لە خزمەتکارەکان هاتە ژوورەوە، ماریا پێی گوت:

- باشە... ئەسپەکان ئامادەن؟

خزمەتکارەکە وەڵامی دایەوە:

- خانمەکەم دەمێکە ئامادەیە، بەگالیسکەکانەوە بەستراونەتەوە..

{ ماریا ئەو کاتەی میری بردە ژووری نووستن، داوای ئامادەکردنی ئەسپەکانی کردبوو.}

بە پەلە جلەکانی گۆڕی، دواتر چووە ژوورەکەی زینا، بۆ ئەوەی لە دوایین پلانی خۆی ئاگاداری بکاتەوە و هەندێك زانیاری پیّ بدات، بەڵام زینا گوێی لێی نەگرت، لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵکەوتبوو، رووی خستبووە سەر بالیفەکە، نقومی گریان ببوو، قۆڵەکانی بەتەواوی رووت بوو. لەنێو هەرساتێکدا لەرزێك تەواوی جەستەی دەگرتەوە..دایکی بەردەوام بوو لە قسەکردن ئەویش سەری خۆی لەسەرینەکە بەرز نەکردەوە!

ماریا چرکەساتێك بێدەنگ بوو، هێندەی نەبرد چووە دەرەوە، نیگەرانییەکی توندی هەبوو... هەر زوو لەدەرگای حەوشەکەوە چووە دەرەوە بۆ گالیسکەکە سەرکەوت، فرمانی بە پیاوەکەی کرد، تا دەتوانی قامچیەکانی لە ئەسپەکان بوەشێنی، بۆ ئەوەی بە خێرایی گالیسکەکە بڕوات.

هەرکە دوو خولەك یان سیّ، گالیسکەکە رۆیشت، ماریا لەگەڵ خۆی کەوتە قسەکردن و وتی" خراپترین شت ئەوە بوو زینا گوێبیستی

گفتوگۆکەی من و مۆزگلیاکۆف بوو، منیش هەمان پاساو و شێوازم بەکارهێنا، کە لەگەڵ زینام بەکارهێنابوو!" ئەو لوتبەرزە، شانازی بە کەرامەتی خۆی دەکات، لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆکارە هەستی بەسوکایەتی کردبێ.. ئاخ! دەبێ زوو کارەکە بکەم بەر لەوەی هەواڵەکە لە شار بڵاوبێتەوە... چ کارەساتێکی گەورە دەبێ، ئەگەر مێردە گەمژەکەم ئێستا لە ماڵەکەی گوند نەبێ!

ئەم بیرۆکەیە ناخی ماریای تورە کرد. ئەم تورەییەش بەسەر ئافاناسی متیڤچی بەستەزمان دەرژێنێ، ماریا بەتەواوی لەبەر دڵەڕاوکێ و بێ ئۆقرەیی شڵەژابوو، کەچی ئەسپەکە بەهێزەوە بەسەر خاکەکە تێپەڕ دەبوو.

## بەشی دەیەم

## مێردە دوورخراوەکە

گالیسکەکە وەك تیرێك ڕێگاکەی دەبڕی.. پێشتر وتمان بیرۆکەیەکی بلیمەتانە کەوتە مێشکی ماریاوە، ئەمەش ئەو بەیانییە بوو کە لە شەقامەکانی مۆرداسۆف بەدوای میر دەگەڕا. بیرۆکەکە ئەوەبوو دەست بەسەر میر دابگریّ و ئەوەندی بکریّ لەگەڵ خۆی بباتە لادیّ، ئەو لادێیەی کە مێردە گەمژەکەی ژیانێکی هێمنانەی تێدا بەسەر دەبات.. کەواتە خەریکە ئەم بیرۆکەیە جێبەجیّ دەبێت؟ بەڵام نابێت ئەوە لە خوێنەر بشارینەوە، ماریا لە ناخیدا هەستی بە نیگەرانییەك دەکرد کە پاساوی بۆ نەبوو، ئەمەش حاڵەتێکە بەسەر ئەو کەسانە دێت کە عاشقی جەربەزەیین، بە تایبەتیش ئەو کاتە دڵەڕاوکیّ دەیانگریّ کە لە ئامانجەکانیان نزیك دەبنەوە. ڕەمەکی ماریا پێشبینی ئەوەی پێدەدا،

ئەگەر لە مۆرداسۆف بمێنێتەوە، ئەوا تووشی مەترسییەك دەبێتەوە، بۆیە لەگەڵ خۆی دەیگوت" هەرکە گەیشتمە گوندەکە، بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر مۆرداسۆف سەراوژێر بێ".

بێگومان ئەو هێندە کاتی بەدەستەوە نەبوو، تا بە فیڕۆی بدات – تەنانەت ئەگەر لەگوندیش بێ– دەکرێت هەموو شتێك ڕوو بدات.. هەموو شتێك .. بۆیە ماریا مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی هاوسەرگیرییەکە هەر ئێستا ئەنجام بدرێت. هەموو سەرە داوەکان بەدەست ماریا بوو، قەشە ڕۆژی دواتر لە ماڵەکەی لادێ ڕێوڕەسمی هاوسەرگیرییەکە ئەنجام دەدا، یان بەلایەنی کەمەوە ڕۆژێکی دیکە دوا دەکەوێت. چەندین هاوسەرگیریی دیکەمان بینی بە پەلە بە دوو کاتژمێر ئەنجام دراوە... بەلام سەبارەت بە میر ماریا دەزانێ چۆن رازی بکات، ئەو زەواجە هەروەها قبوڵ بکات و ئاهەنگ نەکات، بیرکردنەوەی دروستیش هەر ئەمە دەخوازێ... ماریا پێی دەڵێ بۆ پێگەی تۆ، وا بەرزتر و شیاوترە کە ئاهەنگ نەگێڕی.. هەروەها لەوانەیە بتوانی بەوە رازی بکات کە ئەمە هەڵسوکەوتێکی ڕۆمانسی و سەرکێشی تێدایە، ئەو کاتەش ژێیە هەستیارەکەی دڵی میر دەژەنێ.... ئەگەر پێویستیش بوو میر سەرخۆش دەکات، تا هەموو کارەکان تەواو دەبێت...ئەگەر بەشێك لەخزمەکانی میر لە مۆسکۆ و پترۆسبۆرگ بابەتەکەیان بە ئابڕۆچوون زانی، لەبەرامبەردا زۆرێك لەو خزمانە بە هاوسەرگیرییەکە رازی دەبن، بەلام یەکەم شت ئەو بابەتە پەیوەندی بە داهاتوو هەیە، دووەمیش ماریا باوەڕی وایە هەر شتێك لە

چینی بەرز رووبدات ئەوا خەڵکەکە بە ئابڕووچوونی دەزانن، بە تایبەتی ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە هاوسەرگیرییەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوابوو ئابڕووچوونەکانی چینی بەرز رەنگێکی تایبەت و مەزنێتی هەیە، وەك ئەوەی لە سەرکێشییەکانی (مۆنت کریستۆ) یان لە (یاداشتەکانی شەیتان) هەیە. دواجار هێندە بەسە زینا دەرکەوێ و ماریاش بەدواوەی بێت، پشتی بگرێ و ئامۆژگاری بکات، هەموو چەکەکانی خۆی بەکاربهێنێ، هەموو شازادە و کۆنتیسەکان هێندەی (ماریای مۆرداسۆف) زۆرزان نین، ئەو وەها دروستکراوە لەسەرووی هەموویانەوە بێت، هەموویان بەیەکەوە بن لە ماریا نابەنەوە، ئەی چی ئەگەر یەکێکیان بە تەنیا بێ!

ماریا بەو هەموو بیرۆکانە رۆیشت، تا مێردەکەی ئامادە بکات، ئافاناسی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی ماریا پێویستە... دەرکەوتنی گەورەی ماڵ، کە پیاوێکی بەساڵاچووە، چاکەت دەپۆشێ و بۆینباغە سپییەکەی دەبەستێ، هەمیشە کڵاوەکەی بەدەستەوەیە، هاتنەوەی لەلادێ کاتێك دەزانێ میر لە مۆرداسۆفە... هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی باشی لە دەروونی پیرەپیاوی بچووك دەبێت.

دواجار، دوای ئەوەی گالیسکەکە سێ کیلۆمەتری بڕی، لەبەردەم خانوویەك وەستا، (سوفرۆن)ی عەرەبانچی لەبەردەم دەرگاکە وەستا، ئاندرمەیەك لەبەردەم دەروازەی خانووەکە هەبوو، خانوویەکی یەك

نهۆمی ریزێـك پـەنجـەرەی تێدایـە، بەچـەندین درەخـت دەوردراوە، ئـەم شوێنە هاوینەهەواری ماریا بوو.

پەنجەرەكانی ماڵەكە رووناك بوو.

ماریا وەك هەورە تریشقە بە هاواركردنەوە چووە هەیوانەكە:

– كوا خەیاڵی سێبەر– مەبەستی مێردەكـەی بـوو– ئـەم خاولییـە لێرە چی دەكا؟ ئاخ.. ئەو نیگەران بوو، دیسان لە حەمام بوو! هەمیشە چا دەخواتـەوە... باشـە... بـۆ ئـەوە چاوەكانت زەق كردۆتـەوە، ئـەی گەمـژەی هەمیشـەیی؟ (جریشـكا) بۆچـی قـژەكانی ئـەو پیـاوەت چاك نەكردووە ! جریشكا؟ جریشكا ! بۆچی قـژی ئاغاكـەت نەتاشـیوە، ئـەی هەفتەی رابردوو فرمانم پێ نەكردی؟

ماریا نیازی ئەوەی نەبوو، لەگەڵ مێردەكەی بەڕەقی هەڵسوكەوت بكات، بەڵام كاتێك بینی ئەو پیاوە بێباكە، بە هێمنی چا دەخواتەوە، ئەوا ماریا نەیتوانی رقی خۆی قوت بداتەوە، چەندین خەم ماریای سەرقاڵ كردووە، كەچی ئەو پیاوە چێژ لە هێمنی وەردەگرێ، ئەم پیاوە بێ كەڵكە. ! ئەم جیاوازییە ماریای تووشی شۆك كرد..

خەیاڵی سێبەر– وەك ماریا نـاوی دەبـات– لـە بەرامبـەر قـۆری چایەكە دانیشتووە، وەك گەمژەیەك دەم و چاوەكانی كراوەتەوە، زیاتریش لەبەر هـاتنی ژنەكـەی وا بـێ جوولـە بـووە، تارمـایی جریشـكای خزمـەتكار لە

هەیوانەکە دەردەکەوت، ئەو لەوێ سەیری ئەو دیمەنەی دەکرد. جریشکا بەدەنگێکی خۆشەوە وتی:

– ئەو رێگا نادات قژی بتاشم.. زیاتر لە دە جار مقەستم بەدەست گرتووە، ئەو رێگەی نەداوە، پێم وت: ئەگەر خاتوونەکەم بێتە ئێرە، ئەوا دەزانی چیمان بەسەردێنێ. کەچی ئەو وتی: چاوەڕوان بکە من بۆ رۆژی یەک شەممە قژم دەهێڵمەوە، دەبێ قژم درێژ بێت.

– چۆن؟ ئێستا قژی دەهێڵێتەوە! ئافاناسی کەواتە تۆ لە کاتی ئامادەنەبوونی من بیر لەوە دەکەیتەوە قژت درێژ بکەی.. ئەم ئاکارە چییە؟ ئایا پێتوایە بەمە، رووخسارە دەبەنگەکەت جوان دەبێ؟ ئەی خودایە! ئەو ئاژاوەیە چییە ئێرەی تەنیوەتەوە.

ماریا بە هەڕوگیڤەوە لە مێردە داماوەکەی نزیک بۆوە و وتی:

– ئەم بۆنە ناخۆشە لەکوێ دێ! من لەتۆ دەپرسم ئەی بەدبەخت... سەرچاوەی ئەم بۆنە ناخۆشە چییە...

پیاوەکە سەیری سوپاسالاری جەنگی کرد (مەبەست ماریایە)، بە ترس و لەرزەوە وتی:

– ئەی دایکی بچووکم....

ماریا بەرقەوە وتی:

- چەند جار دەمەوێ ئەوە بخەمە سەرتەوە- ئەو سەرە کەرانییە- کە من دایکت نییم، ئەی کورتەبالاً من دەتوانم بۆ تۆ چ دایکێك بم؟ چۆن جورئەت دەکەی ، وەها قسە لەگەڵ خاتوونێکی خانەدان بکەی، پێگەی لە تۆ بەرزترە، کەچی لەگەڵ کەرێکی وەك تۆیە؟

مێردەکە بە ناڕەزایی دەربڕینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستی لەسەر سەری خۆی دانابوو، بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆی بکات، وتی:

- سەرەڕای ئەمەش ماریا... لەبەردەم یاسا هاوسەری منی. منیش وەك هاوسەرێك لەگەڵت دەدوێم!

- ئاخ ئەی گەمژە ! .. هەرگیز نموونەی وەك تۆم نەدیوە.. هاوسەری تۆ لەبەردەم یاسا، ئەمە مانای چییە؟ کەسێك لە چینی بەرز هەیە وشەی (لەبەردەم یاسا) بەکار بهێنێ؟ دواتر چۆن دەوێری، ئەوەم بیر بخەیتەوە من هاوسەری تۆم، من هەردەم هەوڵدەدەم ئەوە لەبیر بکەم؟ بۆچی دەستت بەسەرتەوە گرتووە؟

سەیری قژە تەڕەکانت بکە.. ئەوە سێ کاتژمێر وشك نابێتەوە.. چۆن لەگەڵ خۆمت بەرم کە تۆ بەم رووخسارەی؟ چی بکەین بۆ ئەوەی رووخسارێکی شیاوت هەبێ؟

ماریا بە پەلە لە ژوورەکە دەهات و دەچوو، دەستەکانی خۆی گرتبوو، بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی بچووکە هەر ئێستا دەبێ بەسەری زاڵ بێ..

بەڵام نەیدەتوانی گیانی زاڵبوون، یان ئەو بێ ئۆقرەییە سەرکوت بکات کە لەکاتی دروستبوونی لەمپەڕ، بۆی دروست دەبێت. ئەو دەبێ ناخی خۆی بە ئافاناسی دابمرکێنێتەوە... ئەوەی لە ستەم راهاتووە، ستەمکردن بەلای ئەو دەبێتە کارێکی پێویست.. هەموو دەزانین ئەو جۆرە ژنانە کۆمەڵێك خەسڵەتی دژبەیەکتریان هەڵگرتووە، بۆیە لە پەناوە پێچەوانە رەفتار دەکەن، کاتێك بەبەرچاوانەوە نین.

ئافاناسی وەك گەمژەیەك دەلەرزی، چاوەکانی بەدوای هەموو هەڵسوکەوتی هاوسەرەکەی بوو، دواجار ماریا هاواری کرد:

- دەی جریشکا... جلوبەرگی پێویست بۆ ئاغاکەت ئامادە بکە، چاکەت و پانتۆڵەکەی.. بۆینباغە سپییەکەی... بەپەلە ئەی شانەی قژی؟

ئافاناسی بە پاڕانەوە وتی:

- بەڵام... دایکە بچووکەکەم... من تازە لە حەمام هاتومەتە دەرەوە.. سەرمام دەبێ..

ماریا وتی:

- نەخێر...

- بەڵام سەرم تەڕە!

– بانگی خزمەتکارەکە دەکەم بۆت وشك بکاتەوە... جریشکا.. دەی شانەی قژی ئاغاکەت بێنە، قژی شانە بکە تا وشك دەبێتەوە... دەی توندتر توندتر .. بەڵێ... ڕێك ئەوها.

خزمەتکارە دڵسۆزەکە بە توندی قژی ئاغاکەی وشك دەکردەوە، بۆ ئەوەی جوان بوەستێ شانی گرتبوو، دواتر ئاغاکەی لەسەر قەنەفەکە ڕاکشاند... ئافاناسی خەریك بوو دەگریا!

ماریا بە زمانێکی توند وتی:

– ئێستا بوەستە.. جریشکا من وا دەکەم بوەستێ، ڕۆنی قژم بدەرێ.. بەڵام .. سەرت نەوی بکە... سەرت نەوی بکەی ئەی پیاوی بێکەڵك. !

ماریا بە دەستەکانی خۆی، بێ ڕەحمانە، قژە چڕ و ماش و برنجەکەی مێردەکەی چەور دەکرد. جا لە بەدبەختی پیاوەکە قژیشی درێژ بوو.. لەگەڵ ئەوەی مێردەکە بە داخ و پەژارە بوو، کەچی تا کۆتاییش لە بەرامبەر ئەم تاقیکردنەوەیە دانی بەخۆدا گرت!

ماریا وتی:

– ئەی بەدبەخت... تۆ گوڵی گەنجێتی منت ژاکاند.. بەڵام.. سەرت نەوی بکە... سەرت نەوی بکە..

ئافاناسی کە لەسەر سک، لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوتبوو، بە منگەمنگ وتی:

- چۆن گوڵی گەنجێتیت ژاکا.. دایکە بچووکەکەم؟

- ئەی خەیاڵی سێبەر... تۆ هێشتا لە خوازە و رەوانبێژیی ناگەی.. ئێستا قژت شانە بکە... دەی جریشکا هاوکاری بکە... لە پۆشینی جلەکانی هاوکاری بکە..

ماریا لەسەر یەکێك لە کورسییەکان دانیشت، وەك دادوەرێکی پشکنین چاودێری مێردەکەی دەکرد، ئەو کاتەی بۆینباغەکەی دەبەستی، لیکی قوت دایەوە و جورئەتی ئەوەی نواند بۆچوونی خۆی لەبارەی بۆینباغەکە بڵێ.. دواجار کاتێك قاتەکەی پۆشی، تەواو متمانەی بۆ گەڕایەوە، بەرێزەوە لە ئاوێنەکە سەیری خۆی دەکرد... ئەو کاتە نێوچەوانی گرژکرد و وتی:

- ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا... بۆ کوێ دەچین؟

ماریا باوەڕی بە گوێچکەکانی خۆی نەکرد و وتی:

- باشە! باشە! ئای... ئەی پیاوی سێبەر... چۆن بوێرییت هەیە ئەم پرسیارە بکەی؟

- ئەی دایکی بچووکم پێویستە بزانم...

- وس بــه.. جــارێکی دیکــه بــه دایکــی بچــووك نــاوم نــههێنی.. بهتایبهتی لهو شوێنهی بۆی دهچین.. لهویش مانگێك بێ چا دهبی...

پیاوهکه تۆقی .. بێدهنگ بوو..

ماریا سهیری چاکهتی مێردهکهی دهکرد، که هیچ نیشـانهیهکی ڕێزلێنـانی لهسهر نهبوو، بۆیه بهرقهوه وتی:

- من کهسی وهك تۆم نهدیوه.. تۆ ههرگیز نیشانهیهکت بهدهست نههێناوه.. ئهی گهمژه..

دواجار، ههستی ئافاناس برینداربوو، به ڕقهوه وتی:

- دایکی بچووکم... من ڕاوێژکارم.. نهوهك گهمژه.

- چی؟ چی؟ .. ئهوه ئێستا بیر دهکهیتهوه... ئاخ! ئـهی لاسـار.. چهند داخم ههیه، لهوهی کاتم نییه دهمهقاڵێیت لهگـهڵ بکـهم.. بـهڵام... باشه! ئهوه لهبیر ناکهم.. دهی جریشکا، کڵاو و پاڵتۆیهکـهی بـۆ بێنـه، دواتر ههر که ڕۆیشت ههر سێ ژوورهکه پاك بکهرهوه.. گهسـکیان بـده.. ئهوهش لهبیر مهکه ئاوێنه و کاتژمێرهکانی دیـوار بسـڕیتهوه.. بـا هـهموو شتێك لهماوهی کاتژمێرێك ئامـاده بـێ.. تـۆ جلوبـهرگی ڕێـك بپۆشـه، بـا هـهموو خزمـهتکارهکان پهنجـهکێش لهدهسـت بکـهن... جریشـکا لـهمن دهگهی؟

هەردووکیان بۆ گالیسکەکە سەرکەوتن، مێردەکە پەشۆکابوو.. ماریا هەوڵی دەدا مێردەکەی تێبگا و ڕێنماییە سەرەکییەکان لەبیر نەکات، کە پێی دابوو، بەڵام مێردەکە دوای ماوەیەك بێدەنگی وتی:

- من ئەمشەو خەونێکی سەیرم بینی..!

- وس بە، خەیاڵی سێبەر.. چۆن جورئەت دەکەی باسی خەونە بێ ماناکانی خۆتم بۆ بکەی؟.. گوێ بگرە... من ئەوە دوایین جارە پێت دەڵێم: ئەگەر ئەمڕۆ بوێری باسی خەونەکانت یان هەر شتێکی دیکە بکەی.. دواتر خۆم دەزانم چییت بەسەر دەهێنم.. باش گوێ بگرە.. میر (ك) ئەمڕۆ لەلای ئێمەیە.. میرت بیر دەکەوێتەوە؟

- بەڵێ دایکی بچووکم لەبیرمە.. لەبیرمە.. بەڵام بۆچی هاتۆتە لای ئێمە؟

- بێدەنگ بە، ئەمەیان پەیوەندی بە تۆوە نییە، بەڵکو تۆ بەوپەڕی ڕێزەوە، وەك خاوەن ماڵ، بۆ ماڵەکەی لادێ بانگهێشتی بکە.. هەر ئەمڕۆ سەفەر دەکەین.. بەڵام بە درێژایی شەو.. یان سبەی... یان لە تەواوی ساڵ قسەیەك بکەی، ئەوا حیسابت لەگەڵ من دەبێ... یەك وشە مەدرکێنە.. تەنها ڕۆڵی تۆ ئەوەندەیە... تێ دەگەی؟.

ئافاناسی بەسەرسامییەوە وتی:

– بەڵام ئەگەر پرسیاری لێکردم؟

– ئەمە گرنگ نییە.. هەموو کاتەکە بێدەنگ بە.

– بەڵام پیاو ناتوانێ هەمیشە بێدەنگ بێ!

– بە پیتێک.. یان بەشتێکی بێ مانا وەڵام بدەرەوە، تا ئەو کەسەی پرسیار دەکات بزانێ تۆ کەسێکی ڕوحسووکی، تۆ بیر دەکەیەوە، یان وەڵام دەدەیەوە..

– ئا..!

ماریا بە تووڕەیی هاواری کرد:

– ئەی گەمژە! جارێکی دیکە مەڵێ" ئا" بەڵکو وەڵامم بدەوە.

مێردەکە بە ملکەچی وتی:

– باشە دایکە بچووکەکەم.. هەموو شتێك بە دڵی تۆ دەبێ.. بەڵام تەنها... بۆچی بانگهێشتی میر بکەم؟

– بۆچی؟ بۆچی؟ تۆ ئێستا بیر دەکەیتەوە! ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نییە.. چۆن دەوێری ئەم پرسیارە لە من بکەی؟

– بەڵام چۆن دەکرێ بانگهێشتی بکەم و بێ ئەوەی قسە بکەم؟

– من لە بری تۆ قسە دەکەم.. بەڵام تۆ تەنها سڵاوی لێ بکە.. کڵاوەکەت بەدەستەوە بێ..

- من تێدەگەم هاوڕێیەکەم ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا..

- میر گاڵتە و گەپی زۆرە... هەر شتێکی وت.. تەنانەت ئەگەر قسەکانی بۆ تۆش نەبێ، بە زەردەخەیەکی سادەوە وەڵامی بدەوە.. تێدەگەی؟

- ئا..!

ماریا دەستی بۆ مێردەکەی رادەوەشاند و هاواری کرد:

- ئەوە دیسان وتت (ئا).. مەڵێ (ئا) بەڵکو وەڵامم بدەوە، تێگەیشتی؟

- تێگەیشتم ماریا.. تەواو تێگەیشتم... چۆن تێناگەم؟ من تەنها بۆ راهێنان دەڵێم (ئا) تۆ دەتەوێ سەیری میر بکەم و زەردەخەنەی بۆ بکەم، بەڵام چی ئەگەر رووی قسەکانی لە من کرد...

- ئای لە تۆی زۆربڵێ! ئای لە تۆی دەبەنگ! بێدەنگ بە... بێدەنگ بە... تەنها سەیری بکە و زەردەخەنەی بۆ بکە..

- بەڵام وا دەزانێ من لاڵم!...

- ئەمە کارەساتێکی گەورە نییە.. بەلایەنی کەمەوە خۆ نازانێ تۆ گەمژەیی..

- ئا.. ئەی چی کاتێك کەسێکی دیکە پرسیاری لێکردم؟

– کەس پرسیار لەتۆ ناکات، کەسیش لەوێ نابێ. ئەگەر کەسێك لەوێ بێت– خودا پارێزگاریمان لێ بکات– پرسیار لە تۆ بکرێت ئەوا کارەسات روودەدا، ئەوا تۆش بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەپێکردن وەڵامی بدەوە...دەزانێ زەردەخەنەی گاڵتەپێکردن چۆنە؟

– ئەوە دەبێت لەگەڵ بەزم و گاڵتەکردنەوە بێت... ئەی وا نییە دایکە بچووکەکەم؟

– ئەی خەیاڵی سێبەر من فێرت دەکەم، چۆن خەڵك سەرگەرم بکەی! ئەی گەمژە کەس داوا لە تۆ دەکات گاڵتە بکەی؟.. چاك گوێم لێ بگرە... زەردەخەنەی گاڵتەجارییم دەوێ، تێدەگەی؟ پڕ بێ لە رق و کینە...

– ئا!

ماریا بە بۆڵەبۆڵ و بێ ئۆقرە وتی:

– ئا! زۆر لەو خەیاڵی سێبەرە دەترسم! بەڕاستی دەتوانم سوێند بخۆم، ژیانم لە ناو دەبات، دەبوایە نەیهێنمە ناو ئەو بابەتەوە...

ماریا بەردەوام لە پەنجەرەی گالیسکەکەی سەیری دەرەوەی دەکرد، ناوە ناوە هانی عارەبانچییەکەی دەدا، خێراتر بێ و هەردەم بیری دەکردەوە. ئەسپەکان بەخێرایی رێگایان دەبڕی، کەچی ماریا پێیوابوو

بە مێواشی دەڕۆن، ئافاناسی خۆی لە سوچێکی گالیسکەکە مەڵاس دابوو، وانەکانی ماریای ئەزبەر دەکرد، دواجار گالیسکەکە گەیشتەوە بەردەمی ماڵی ماریا لە مۆرداسۆف.

خەریك بوو لەگالیسکەکە دادەبەزی وبەقاندرمەکانی ماڵەکەی سەردەکەوت، کاتێك بینی گالیسکەیەکی دوو کەسی لە تەك گالیسکەکەی ماریا وەستا.. ئەمەیان گالیسکەکەی ئانا نیکۆڵیڤنا بوو. لەناو ئەم گالیسکەیە ئانا نیکۆڵیڤنا و ناتالیا دیمتریڤنا دانیشتبوون، ئەم دووانە تازە بوونەتە هاوڕێ. ماریا سەیری ئەوانی کرد دڵی کەوتە خورپەوە، خەریك بوو بە چەند وشەیەکی ئاسایی پێشوازیان بکات، کاتێك گالیسکەیەکی دیکە لەبەردەم ماڵەکەی وەستا، میوانی سێیەم هات، بۆیە گوێبیستی هاواری خۆشحاڵی بوو دەیانگوت" ئەوەتا ماریاش لەگەڵ ئافاناسی هات.. ئای لەم دیدارە جوانە! هاتووین ئێوارەیەك لەلای تۆ بەسەربەرین... ئەی لەو ڕێکەوتە جوانە!"

ژنە میوانەکان لە قاندرمەکە سەردەکەوتن، وەك چۆلەکە لەگەڵ یەکتر کەوتنە جریوە جریو. ماریا بە پەشۆکاوی سەیری دەکرد و لەدڵی خۆی دەیگوت" زەوی شەق بەرێ، ئێوە قوت بدات... من بۆنی پیلانگێڕی دەکەم! بەڵام هاوڕێیە چاکەکانم ئێوە ئەو ژنە بەدەسەڵاتانە نیین! تۆزێك بۆم بوەستن!".

# بەشی یانزەم

## خەونێکی جوان

کاتێک پاڤێل مۆزگلیاکۆف ماڵی ماریای جێهێشت، هەستی بە دڵنەواییەکی گەورە دەکرد، بۆیە نەچووە ماڵەکەی برۆدۆنیف، چونکە زیاتر پێویستی بە تەنیایی بوو. مێشکی پڕبوو لەخەونی رۆمانسی، لەخەیاڵی خۆیدا ئەو لێککەیشتنەی دەهێنایە پێش چاو کە لەگەڵ زینا، ئەنجامی دەدا، لەگەڵ لێبوردەیی دایکە میهرەبانەکەی، وا خەیاڵ دەکات، بە غەمباری لە یەکێك لە سەماگاکانی پترۆسبۆرگ، سەیری زینا دەکات، لە ئیسپانیا و لەدۆڵی گەورە دەخولێتەوە، میریش لەسەرەمەرگ دەبێت، دەست دەخاتە ناو دەستی زینای خۆشەویست... ئەڤینداری.. ئەڤینداری بۆ خاتوونێك کە ئەو هەموو جوانییەی هەیە، دواجار خۆی رادەستی پاڵەوانێتی پاڤێل کردووە... دەیخوازی، زینا دەبێتە یەکێك لە

شازادەکانی بەرزترین کۆمەڵگا لە جیهاندا، بێگومان پاڤێل خۆیشی دەبێتە یەکێك لە چینە بەرزەکە، پۆستی جێگری فرمانڕەوا وەردەگرێت، سامانێکی زۆری دەبێ.. بە کورتییەکەی خەیاڵی پاڤێل لە لای ئەو وەسفە جوانانە بوو، کە ماریا ئەلکسەندەڕۆڤنا بۆی کێشا.

لەناکاو، ئەو گەنجە تێبینی ئەوەی کرد لە ڕۆیشتنەکەی گەیشتۆتە شوێنێکی دوور، لە دەوروبەری شاری مۆرداسۆف. شەو داهاتبوو، خۆی لەو شەقامانە بینیوە، کە لە هەردوو لای خانووی وێرانەئاسا هەبوو. وەك نەریتی هەر شارێکی هەرێمەکان سەگێکی بێ شووماریش دەوەڕیین، بەتایبەتی لەو گەڕەکانەی دەکەونە دەوروبەری شارانەوە، کە هیچ شتێکیان نییە پاسەوانی لێ بکرێت، یان بدزرێت. سەهۆڵەکان خەریك بوو دەتوانەوە، ناوە ناوە مۆزگلیاکۆف تووشی سەرخۆشێك دەبوو، کە درەنگ دەگەڕایەوە ماڵ، یان ڕێکەوتی خزمەتکارێکی دەکرد، کە شاڵی لەسەر بوو، جزمەی لە پێ بوو...

هەموو ئەو شتانە مۆزگلیاکۆفی تووڕە دەکرد... ئەمە نیشانەیەکی شووم بوو... چونکە مرۆڤ کاتێك دڵشاد دەبێ هەموو شتێك بە جوانی دەبینێ.. بەڕقەوە مۆزگلیاکۆف ئەو ساتانەی بە بیرهاتەوە کە هەموو خەڵکی مۆرداسۆف لە (مۆدا) لاساییان دەکردەوە، لە هەموو شوێنێك وەك گەنجێکی خاوەن پێگە پێشوازی لێ دەکرا، هەر خێزانێك هیوای دەخواست ئەو گەنجە ببێتە زاوای، ئەمەش دەرۆونی ئەوی پڕ کردبوو لە فیز و لەخۆبایی بوون، بەڵام دەمێکی دیکە، ئەوانە دەزانن مۆزگلیاکۆف

شکستی هێناوە، بۆیە لە هەموو شوێنێك گاڵتەی پێ دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کەسێك نهێنی (ئاهەنگەکانی سەمای پترۆسبۆرگ و ستوونە خەمبارەکە کە پشتی پێ دەدا، یان دۆڵەکە گەورەکە) نازانێ!

ئەو کاتەی مۆزگلیاکۆف بەخەمبارییەوە خەیاڵی دەکرد، ئەم بیرۆکەیەی کەوتە زهنییەوە: ( بەڵام ئەمانە هەمووی راستن؟ هەموو شتێك بەمشێوەیە دەبێت کە ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا باسی دەکرد؟). لەم چرکەساتەدا، بیری کەوتەوە، کە ماریا ژنێکی زۆر مەکربازە، ئەو دووزمانێکی ترسناکە، هەرچەندە هەموو رێزی دەگرن، کەچی ئەو بەدرێژایی رۆژ درۆ دەکات، بۆیە لەوانەیە هۆکاری تایبەتی هەبێت بۆ دوورخستنەوەی ئەو، دواجاریش هیچ شتێك بە ماریای نابەستێتەوە، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو قسانەی کردوویەتی و ئەو وێنانەی کێشاویەتی.

پاڤێل بیری لە زینا دەکردەوە، دوا نیگای ماڵئاوایی بیرکەوتەوە، بەهیچ شێوەیەك ئەو نیگایەی لەگەڵ ئەڤینێکی شێتانە یەك ناگرێتەوە. ئەوەشی بیرهاتەوە بەر لەکاتژمێرێك زینا، بە گەمژەی وەسف کردووە! لەو بیرهاتنەوەیەی دوایی، لەناکاو وەستا، لە شوێنی خۆی وشك بوو، ڕووخساری لە رق وکینەدا سوور هەڵگەڕا، هەر زوو چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک.

دوای ماوەیەکی کورت، وەك ئەوەی ڕووداوێکی ئەنقەست بێت، مۆزگلیاکۆف کەوتە سەر تەپۆڵکە بەفرێك، ئەو کاتەش هەموو سەگەکان بۆی دەوەڕین، یەکێك لەو سەگانە، کە بچووکترینیان بوو، پاڵتۆکەی مۆزگلیاکۆفی گرت. بەپەلە مۆزگلیاکۆف خۆی لەسەگەکە دەرباز کرد، نەفرەتی لە سەگەکە و لەچارەنووسی خۆیشی دەکرد، قاچەکانی بەدوای خۆی ڕاکیشا و پاڵتۆکەی دڕابوو، دواتر بە دەروونێکی پڕ لە خەمەوە بەرەو شەقامەکە ڕۆیشت.

لێرەدا تێبینی کرد، ڕێگاکەی ون کردووە... ئێمە دەزانین کاتێك پیاوێك لە گەڕەکێکی نەناسراو ڕێگاکەی ون دەکات، بە تایبەتی ئەگەر شەو بێت، ئەوا هەرگیز بڕیاری ئەوە نادات لە شەقامە سەرەکییەکە بە پێ بەرەو پێشەوە بڕوات، چونکە هێزێکی شاراوە هانی دەدات بچێتە کۆڵانەکانەوە. پاڤێلیش لەم ڕێسایە دەرنەچوو، ئەو هاواری دەکرد و بە قێزەوەنی تفی لەسەر ئەرز دەکرد و دەیگوت:" شەیتان هەموو ئەو خەیاڵە لەناو ببات! شەیتان هەموو ئەو هەست بەرزانە و دۆڵی گەورە بۆ خۆی ببات!".

مەزندەی ئەوە ناکەین ڕووخساری مۆزگلیاکۆف لەم ساتەدا ئەفسوناوی بێت، بەڵکو زۆر ماندوو و شەکەت دیاربوو... بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە تەواوی ڕۆیشت تا گەیشتەوە بەردەمماڵەکەی ماریا، بەوە سەرسام بوو ژمارەیەکی زۆر گالیسکە لەبەردەم دەرگاکەیە..بیری کردەوە و وتی" میوانێکی زۆر، ئاهەنگ دەگێڕن؟ بە چ بۆنەیەك؟".

لە خزمەتکارێك زانی ماریا، ئافاناسی لە لادێ گەڕاندۆتەوە، ئافاناسیش بۆینباغە سپییەکەی بەستووە.... میر لە خەو هەڵساوە، بەڵام هێشتا نەهاتۆتە خوارەوە.. پاڤێل بێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنێ، بەو بارودۆخە دەروونییە خراپەوە، بە قاندرمەکانەوە سەرکەوت، لەم حاڵەتەدا لەو جۆرە پیاوانە بوو کە هەست بە لاوازی دەکەن و بە پاڵنەری تۆڵەکردنەوە، شەرانگێزترین کار ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی هەست بکەن، کە لە تەواوی ژیانی داهاتوویان لەو کارانە پەشیمان دەبنەوە.

کەوتە پاڤێل سەرکەوت، چاوی بە میر کەوت لە بەردەم مێزی رازاندنەوە دانیشتووە، تەواو سەری رووتە، بەڵام رووخساری مکیاژ کردبوو، ریشی دانابوو، باروکەکەی بەدەستی خزمەتکارە پیرەکە بوو کە دڵسۆزییەتی، ناوی (ئیڤان باخۆمیچە)، ئەو خزمەتکارە بەرێز و بایەخەوە قژە دەستکردەکەی شانە دەکرد، بەڕاستی رووخساری میر شایەنی ماتەمگێڕان بوو، هێشتا سەرخۆشییەکەی مابوو، بەبێ تاقەتی لەسەر یەکێك لە کورسییەکان دانیشتوو، چاوەکانی دەتروکاند و چرچ و لۆچییەکەی دیاربوو، وەها سەیری مۆزگلیاکۆفی کرد وەك ئەوەی نەیناسێ، مۆزگلیاکۆف وتی

- مامی بچووك تەندروستیت چۆنە؟

مام وەڵامی دایەوە:

- تەندروستیم چۆنە؟ ئەها؟ تۆ! براکەم ماوەیەکی کەم خەوتم...

ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوون، لەناکاو میر بە پەرۆشەوە وتی:

– ئەها ! ئەی خودایە ! باروکەکەم !

مۆزگلیاکۆف بەزمانێکی دڵنیاکەرەوە وتی:

– نیگەران مەبە مامی بچووکم... ئەگەر دەتەوێ هاوکارییت دەکەم..

– ئەها ! ئەوە تۆ نهێنی منت زانی ! بەڵام وتم پ...پ...پێویستە دەرگاکە قوفڵ بدەن !.. باشە هاوڕێیەکەم..تۆ هەر ئێستا بەڵێنی شەرەفم پێدەدەی کە نهێنییەکەم نادرکێنی، چونکە کەس نازانێ قژەکەی من دەستکردە !

مۆزگلیاکۆف دەنگی بەرزکردەوە، دەیویست خۆی لەبەر بەرچاوی میر خۆشەویست بکات:

– ئای! ئەی مامی بچووك.. ئایا پێتوایە من دەتوانم کارێکی وەها دزێو ئەنجام بدەم؟

– هەڵبەتە هەڵبەتە...لەوانەیە تۆ بە پیاوێکی خانەدان بزانم... با وابێ.. من س...س..سەرسامت دەکەم... نهێنی خۆمت بۆ ئاشکرا دەکەم، ئازیزەکەم س... س...سمێڵم چۆنە ؟

– مامەکەم سەرنجڕاکێشە.. سەرنجڕاکێشە.. چۆن توانیوتە ئەم ماوە درێژە پارێزگاری لەم سمێڵە بکەی؟

سەرکەوتووانە سەیری مۆزگلیاکۆفی کرد و وتی:

- دڵنیابە هاوڕێیەکەم... ئەمەش دەستکردە.

- دەستکرد! ئەمە باوەڕناکرێ.. باشە، ئەی ریشەکانت؟ وا بزانم مامی بچووکم، تۆ بە بۆیە رەشیان دەکەی؟

- مـن تـەنیا بـە ڕەنگـی رەش بۆیـەیان دەکـەم، ئـەویش هـەر دەستکردە!

- دەستکرد! نەخێر مامی بچووکم... تۆ گاڵتەم پێدەکەی ... من باوەڕت پێناکەم!

میر بە فیزەوە وتی:

- هاوڕێیەکەم سوێند بـە شـەرەفم دەخـۆم.. وێنـای ئـەوە بکـە... هەموویان بێ جیاکردنـەوە.. هـ...هـ..هەڵـەیان کـردووە، لـەریش و سمێڵم هەڵەیان کـردووە، تەنانـەت (سـتێپانیدا)ش، بـاوەڕ ناکـات، کەچـی خـۆی دەیلکێنێ..بەڵام هاوڕێیەکەم من دڵنیام تـۆ نهێنیـەکانی مـن دەپـارێزی.. بەڵێنی شەرەفم پێ بدە..

- بەڵێنی شەرەف، ئەی مامی بچووك، بەڵام دووبـارە دەیڵێمـەوە: پێتوایە من دەتوانم کارێکی وەها درێو ئەنجام بدەم؟

- ئای... هاوڕێیەکەم...گالیسکەم سـەرنخوون بۆیـوە !ئـای ئەگـەر دەزانـی! مـن لـەناو گالیسـکەکەم بـووم، عارەبانچییەکەم گالیسـکەکەی سەرنخوون کردەوە...

– جارێکی دیکەش گالیسکەکە سەرنخوون بوو؟ ئەمە کەی؟

– بەڵام... ئەمە ئەوکاتە بوو کە ئێمە لە د....د..دێرەکە نزیک دەبووینەوە...

مۆزگلیاکۆف بەسەرسامی وتی:

– مامی بچووکم من پێشتر ئەمەم زانیوە!

– نەخێر، نەخێر.. ئەمە تەنها دوو کاتژمێر دەبێت روویداوە... م...م..من چوومە دێر، عەرەبانچییەکەم منی برد، گالیسکەکە وەرگەڕا منیشی تێدابوو... ئاخ! چەندە ترسام!. هێشتا لەترسان.. د...د...دڵە کوتەمە؟

مۆزگلیاکۆف بەسەرسامییەکی زیاترەوە وتی:

– بەڵام مامی بچووکم تۆ خەوتبووی!

میر بە شڵەژاوی وتی:

– هەڵبەتە... خەوتبووم...دواتر سواری گالیسکەکە بووم...لەلایەکی دیکەوە... ل.... ل... لە لایەکی دیکەوە، لەوانەیە... ئا! ئەوەی ر...ر..روویدا، بەڕاستی کارێکی سەیر بوو!

– دڵنیات دەکەمەوە مامی بچووکم تۆ خەونت بینیوە.. تۆ دوای نانی ئێوارە زۆر بە ئارامی خەوتی!

میر بەتەواوی خەیاڵی پەرتەوازە ببوو:

- بەڕاستی؟

میر لەزیندە خەونێك بوو....

ماوەیەك بێدەنگ بوون، دواتر میر قسەی لەبارەی خۆی دەكرد:

- هەڵبەتە.. ڕاستە... لەوانەیە خەون بێ.. لەلایەكی دیكەوە...من تەواوی خەونەكەم لەبیرە.. سەرەتا خەونم بە گایەك بینی قۆچێكی ترسناكی هەبوو... دواتر بە بەڕێوەبەری پۆلیس...

مۆزگلیاكۆف قسەكانی پێ بڕی:

- لەوانەیە ئەم بەڕێوەبەرە (نیكۆلای ئەنتیبۆف) بێ، مامی بچووكم ...!

میریش هەمان بڕوای هەبوو:

- هەڵبەتە... زۆر لەو دەچوو.. دواتر ن...ن...ناپلیۆن پۆناپارتم بینی... یان لە ناپلیۆن دەچوو؟ پ...پ...پێموایە ڕووخساری من لە یەكێك لە پاپاكان دەچێ؟ بڕوای تۆ چییە... ت...تۆ؟ ئایا ب...ب...بەڕاستی من لە پاپا دەچم؟

- بەڵكو لە ناپلیۆن پۆناپارت دەچی.

میر بەساویلکەیی و خۆشحاڵییەوە وتی:

– هەڵبەتە.. هەڵبەتە.. سەرەڕای ئەمەش... منیش پێموایە... ئ...ئ...ئازیزەکەم.... ناپلیۆنم لەخەو بینی، لە د...د..دوورگەکەی خۆی دانیشتبوو؟ ئایا دەزانی؟ ئەو زۆربلێ و خۆش بەزم بوو...چوست و چالاك بوو... زۆر دڵخۆشی کردم!

لەناکاو پاڤێل بەبایەخەوە سەیری میری کرد و وتی:

– ئایا لەبارەی ناپلیۆن پۆناپارتەوە دەدوێی، مامی بچووکم؟

بیرۆکەیەکی زۆر نایاب، کەوتە زەینی پاڤێلەوە، تەواو گەلاڵە دەبوو، میر وەڵامی پرسیارەکەی مۆزگلیاکۆفی دایەوە:

– هەڵبەتە! هەڵبەتە!... نا...ناپلیۆن... بەیەکەوە قسەمان لەسەر فەلسەفە ولۆژیك کرد.. ئایا ئەمەت زانیوە؟... ز...ز...زۆر بەداخم لەوەی ئینگلیز بەمشێوەیە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرد! ڕاستە... ئەگەر ئەوان زیندانیان نەدەکرد هێشتا هێرشی دەکردە سەرخەڵك! ئەو پیاوێکی شەڕانگێز بوو، ب... ب... بەڵام.. ئەوەی ئینگلیزی دەرهەقی ناپلیۆن کردی... ج...ج..جێگای داخە.. ئەگەر من بوومایە، بەمشێوەیە مامەڵەم لەگەڵ نەدەکرد... بەڵکو... د...د..دەمخستە دوورگەیەکی چۆڵەوە...!

مۆزگلیاکۆف تەواو خەیاڵی رۆیشتبوو وتی:

- بۆچی چۆڵەوانی مامەکەم؟

- هەڵبەتە تەواو چۆڵەوانی نییە... بەڵکو خ...خ...خەڵکی عاقڵی تێدا نیشتەجێیە... هەموو هۆکارەکانی ک...ک...کات بەسەربردم بۆ دابین دەکرد... شانۆ... مۆسیقا... بالیە... لەسەر خ...خ..خەرجی دەوڵەت، رێگەم دەدا پ...پ..پیاسە بکات، بۆ نموونە چاودێریشم دەکرد، ئەو رادەکا... یان حەزی لە هەندێك ش..ش..شیرینییە.. باشە. هەموو رۆژێك ئەو ش...ش...شیرینییەم بۆ دروست دەکرد... چۆن باوکێك ئاگاداری ک..ک...کوڕەکەی دەبێ، منیش بەمشێوەیە ئاگاداری دەبووم... ئەو لەگەڵ من بووایە... لەکارەکانی خۆی... پ...پ...پەشیمان دەبۆوە...

مۆزگلیاکۆف ئامێر ئاسا، گوێی لە زۆربلێیی پیرە پیاوەکە راگرتبوو، بێ ئۆقرە بوو نینۆکەکانی بە ددانەکانی دەقرتاند، ئەو دەیویست قسەکان بچێتەوە سەر بابەتی هاوسەرگیرییەکە، خۆیشی نەیزانی ئامانجی لەمە چییە.. بەڵام دەیزانی شەڕانگیزییەکی چەپەڵ لەناخی دەکوڵێ!

لەناکاو پیرە پیاو دەنگی بەرزکردەوە، نیشانەی سەرسامی لە سیمای دەرکەوت و وتی:

– ئەها! هاوڕێیەکەم! لەبیرم چوو پێت بڵێم! و...و...وێنای ئەوە بکە، ئەمڕۆ خوازبینی کچێکم کردووە!

مۆزگلیاکۆف لەناکاو تووشی جۆش و خرۆش بوو، وتی:

–مامی بچووک، خوازبینی کچێکت کردووە!

– هەڵبەتە پاڤێل، خوازبێنم کردووە... بۆچی.. د... د.. دەتەوێ بەپەلە بڕۆی؟ باشە...ک..ک...کچێکی ئەفسووناوییە... بەڵام هاوڕێیەکم..دان بەوە دەنێم...ن..ن..نازانم کەی ئەم کارەم کردووە...ئایا ئەویش خ...خ..خەون بووە؟ بەڕاستی ئەمە ش...ش..شتێکی سەیرە!

مۆزگلیاکۆف لە خۆشیان هەڵچوو، بیرۆکەیەکی ناوازە زەینی ڕۆشن کردەوە، دوو هێندە بێ ئۆقرە بوو، پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– بەڵام خوازبێنی کچەکەت لە کێ کردووە؟ کەی خوازبێنیت کردووە؟

میر بەشڵەژاوی وتی:

– خوازبێنم لە خ...خ...خاوەنی ئەم ماڵە کردووە، هاوڕێیەکەم! کچێکی زۆر جوان و نایابە... لەلایەکی دیکەوە... ن...ن...ناوی کچەکەم

بیرچووە؟. بەلآم، هاوڕێیەکەم... م..م..مەحاڵە... هاوسەرگیری بکەم، ئەی چی بکەم؟

مۆزگلیاکۆف بە گەرم وگوڕی وتی:

– بەلآم، بێگومان ئەم هاوسەرگیرییە لەناوت دەبا! بەلآم، ڕێگەم بدە پرسیارێکت لێ بکەم: تۆ دڵنیای لەوەی خوازبێنی کچەکەت کردووە؟

– هەڵبەتە! من دڵنیام...

– چی ئەگەر خەون بوو، وەك وەرگەڕانی دووەمی گالیسکەکە؟

– ئەها.. ئەی خودایە! بەڕاستی... ل...ل...لەوانەیە ئەمەش خەون بێ... بەلآم نازانم چۆن رووی خۆمیان بۆ دەربخەم! هاوڕێیەکەم چ...چ...چۆن بزانم بەڕاستی ئەمە بەسەر من هاتووە؟ دڵنیا ببمەوە... ب...ب..بێ ئەوەی ئەوان تێبینی بکەن...دەمەوێ ب...ب..بزانم خوازبێنی کچی ئەوانم کردووە؟

مۆزگلیاکۆف بەزمانی رازیکردنەوە وتی:

– دەزانی مامی بچووکم... من پێموایە کارێکی باش نەبێ، ئەگەر ئێمە زمانی ئەوان لەم رووداوە تاقی بکەینەوە..

– بۆچی؟

– چونکە من دڵنیام ئەوەی تۆ خەون بووە!

– منیش پێموایە ئ...ی..ئازیزەکەم... بە تایبەتی ئەم ج...ج... جۆرە خەونانە زۆر دەبینم!

– ئەوها تۆ دەبینی تەواو لەسەر هەقی... کەواتە مامی بچووک دەزانی تۆ لەکاتی خوانی نیوەڕۆ زۆرت خواردەوە، دووبارە لەکاتی نانی ئێوارەت چەندین پێکت خواردەوە... دواجار...

میر قسەکانی پێ بڕی و وتی:

– هەڵبەتە... هاوڕێیەکەم... هەڵبەتە! ئەمە ڕاستییەکەیە، لەوانەیە ئەمە هۆکارەکە بێ...

– لەلایەکی دیکەوە مامی بچووکم... هەرچەندە زۆر چوست و چالاکی، بەڵام تۆ هەرگیز ناتوانێ ئەم کارە شێتانەیە ئەنجام بدەی، تۆش وەک دەزانم پیاوێکی عاقڵ و سەنگینی...

– هەڵبەتە.. هەڵبەتە.

– کەواتە مامی بچووک بیر بکەوە... چی دەبێت ئەگەر یەکێك لە خزمە بەدنیازەکانت ئەم کارە بزانێ؟ ئەو کاتە چی ڕوو دەدا؟

میر ترسێکی بەسەر زاڵ بوو هاواری کرد:

– ئای! ئەی خودای من! ئەو کاتە چی ڕوودەدا؟

- ها ئەوەتا خۆت دەبینی مامی بچووکم! ئەوان پڕ بەدەم هاوار دەکەن دەڵێن، تۆ شێتی، دەبێ لەژێر راسپاردەیی بیت، تۆ بوویتە قوربانی فێڵ و فریودان، بۆیە بە توندی پاسەوانییت دەکەن!

پاڤێل چاک دەیزانی، دوایین پاساوی، ترس و تۆقاندن دەخاتە دڵی میرەوە، میر لە ترسان دەلەرزی و هاواری کرد:

- ئەی خودایە! دەمخەنە شێتخانەوە! بەڵێ... ئەوە دەزانم!

مۆزگلیاکۆف هەستی کرد لە ئامانجەکەی نزیک دەبێتەوە، وتی:

- ئەی مام بەچاکی بیر بکەوە.. ئایا بەڕاستی ئەم کارە شێتانەت کردووە؟... سەرەڕای ئەمەش... تۆ بە تەواوی دەتوانی خۆت چاک بکەیتەوە! ... منیش دڵنیات دەکەمەوە ئەمە تەنها خەون بووە! تەنها خەون!

- بێگومـــــان بەتــــــەواوی..خ..خ...خــــــەون بــــــووە! ئازیزەکەم..ت...ت..تۆ بەتەواوی لەوە دەگەی چ روویداوە! من دان بەو چاکەیەت دەنـێم... بـۆ د...د..دڵسـۆزییەکەت... واتکـرد گـوێ لـە د...د...دەنگی عەقڵ بگرم.

مۆزگلیاکۆف بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- مامی بچووکم منیش زۆر دڵخۆشم لەوەی بە دیدارت گەیشتم! لەوانەیە تۆ بێ من داخوازیکەر بیت، رەفتاری زاوایان بنوێنی!... سەیری ئەو مەترسییە بکە کە چاوەڕوانت دەکات!

- هەڵبەتە! هەڵبەتە! چ مەترسییەك!

- کەواتە ئەوەت لەبیر بێ ئەو کچە تەمەنی بیست و سێ ساڵە، کەس خوازبێنی ناکا، کەچی لەناکاو پیاوێکی دەوڵەمەند وخانەدانی وەك تۆ خوازبێنی دەکات! ئەوان ئەم هەلە دەقۆزنەوە، پێداگری لەوە دەکەن گوایە خوازبێنیت کردووە، وا دەکەن هاوسەرگیریی لەگەڵ بکەی، ئەوکاتەش بێ ئۆقرە چاوەڕوانی مردنی تۆ دەکەن..

میر بەترسەوە وتی:

- بەڕاست؟

- دواجار ئەی مام...ئەم کارە بۆ کەسێکی وەك تۆ شیاو نییە کە ئەم پێگەیەت هەیە....

- بەڵی پێگەکەم...

- لەگەڵ زیرەکی و ئاکاری تۆ...

میر قسەکانی پێ بڕی و دووبارە دەیگوتەوە:

- بەڵی زیرەکی و ئاکاری من...

- دواتر... ئەی میر... ئایا ئەم هاوسەرە، کە بۆ هەر مەبەستێك بیخوازی، بەڕاستی بەکەڵکی تۆ دێ؟ بیر بکەوە خزمەکانت چی دەڵێن..

- بە زیندوویی د....د...دەمخۆن! ئای چەندین ئازار و مەینەتیم بەدەست ئەوانەوە چەشتووە! وێنای بکە! گومانم هەیە ئەوان دەیانەوێ من بخەنە ش...ش...شێتخانەوە! وێنای بکە... ێ...ێ...ئەمە ماقوڵە؟ چ...چ..چی بکەم لە شێتخانە؟

مۆزگلیاکۆف بەدڵنیاکردنەوە وتی:

- مامی بچووکم تۆ لەسەرهەقی.. بۆیە، من لەگەڵ تۆ دەبم... کاتێك دێیتە خوارەوە یاوەرییت دەکەم... ئەوان میوانیان هەیە..

میر هەر لە ژێر کاریگەری ترسەکەی وتی:

- ئای! دان بە چاکەکەت دەنێم! ئەی پافێلی ئازیزم! ئەی فریادڕەسم! بەڵام دەزانی...؟ م...م...من پێم باشترە بڕۆم؟

- مامی بچووم سبەی دەڕۆین... سبەی کاتژمێری حەوتی بەیانی.. ئێستا، خاتر بخوازە، بڵێ تۆ بەیانی دەڕۆی...

- بەدڵنیاییەوە دەڕۆم!... ب... ب.. بەدڵنیاییەوە! دەچمە لای قەشە..بەڵام هاوڕێیەکەم... چ...چی ئەگەر بەناچاری هاوسەرگیرییان پێکردم؟

مۆزگلیاکۆف بە زمانی دڵنیاکردنەوە وتی:

– مامی بچووکم نیگەران مەبە... منت لەگەڵدایە...هەرچییان وت، تۆ هەمیشە بڵێ خەون بووە... سەرەڕای ئەمەش، ڕاستییەکە هەر ئەوەیە...

– هەڵبەتە.. لەخەون... بەڵام... ت...ت..تەنها...ئایا دەزانی هاوڕێیەکەم... خەونێکی بەچێژ بوو؟ ئەو کچە سەرسووڕهێنەرە، جوانیەکەی ناوازەیە !

– باشە مامی بچووکم بەنیازی دیدار... من دەچمە خوارەوە ، تۆش؟

میر بەنیگەرانی وتی:

– چۆن؟ بەجێم دەهێڵی؟

– نەخێر... تەنها بەیەکەوە ناچینە خوارەوە... من دەچمە خوارەوە، دواتر تۆش بەدوام وەرە... وەها باشترە..

– وەها ب..ب..باشترە.. بەر لەوەی بێمە خوارەوە دەبێت بیرۆکەیەکی مەزن یاداشت بکەم..

– باشە مامی بچووکم... بیرۆکەکەت یاداشت بکە، دواتر بە پەلە وەرە خوارەوە، سبەی...

میر بە شڵەژاوی قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- بەیانی لەلای قەشە.... دەبم... ئەمە سەرسووڕهێنەرە! ئایا هاوڕێیەکەم دەزانی ئەو کچە ئ...ئ...ئەفسووناوییە؟ ئای لەو لەشولارە! ئای لەو جوانییە! من دەبووایە هاوسەرگیریی بکەم... ئەو کاتە...

- خوا بتپارێزی مام!

- هەڵبەتە.. هەڵبەتە... خوا بمپارێزێ... باشە! خوات لەگەڵ ئازیزەکەم... هەر ئێستا دێمە خوارەوە... بەڵام....ت...ت..تەنها ئەم بیرۆکەیە یاداشت دەکەم... بەم بۆنەیەوە... د...د..دەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم... ئایا تۆ یاداشتەکانی کازانۆفات خ...خ..خوێندۆتەوە؟

- بەڵێ مامی بچووکم، خوێندومەتەوە.. بۆچی؟

- هەڵبەتە... بۆچی؟ نەخێر!... ب...ب...بیرم چوو دەمەویست چییت پێ بڵێم!

- دواتر بیرت دەکەوێتەوە مامە.. بەنیازی دیدار!

- بەنیازی دیدار هاوڕێیەکم... بەنیازی دیدار... ب....ب...بەڵام خەونەکە بەچێژ بوو! خ..خ...خەونێکی بەچێژ بوو!

# بەشی دوانزەم

## دوژمنە سەرسەختەکە

ئانـا نیکۆلێڤنـا، کاتێـك هاتـە دیوەخانەکـەوە، بـە خۆهەڵقورتاندنـەوە سەیری هەموو شتێکی دەکرد، بە دەنگێکی بەرز وتی:

- هەمووسان هاتووینەتە لای ئێوە ! هـەمووسان! لـویزا کارلۆڤنـاش دەیویست ئامادە بێ...

ئانا خانمێکی جوانە، باڵایەکی کورتی هەیە، جلی گران بـەها دەپۆشـێ، بەڵام جلەکانی رەنگی زەقیان هەیە، ئەو بەتەواوی دەزانێ خـۆی جوانـە، ئەو پێیوابوو دەبێ میر لەسووچێکی ئەم ماڵە لەگـەڵ زینـا خـۆی حەشـار دابێ...

بەدوای ئاناوە، ناتالیا دیمتریڤنا دەستی بەقسە کرد.. ئەمیش ژنێکی بالآبەرزە، بەڕۆژوو بوون، تاڕادەیەکی زۆر کێشی ناتالیای دابەزاندووە، ناتالیا وتی:

– هەروەها (کاترینا پترۆڤنا)یش دێ..( فیلیستا میخایلۆڤنا) یش دەیویست بێ..

ناتالیا کلاوێکی پەمەیی و بچووکی لەسەرنا بوو، سێ هەفتە دەبێت، ناتالیا بۆتە چاکترین هاوڕێی ئانا نیکۆلێڤنا ، کە ماوەیەکی زۆر بوو، هیوای ئەوەی دەخواست.

ماریا دوای ئەوەی کەمێك هاتەوە سەرخۆی وتی:

– لە خۆشی ئەوەی بەیەکەوە لەلای منن، من ناتوانم شتێك بڵێم.. بەلآم.. پێم بڵێن: ئەمە چ ڕێکەوتێکی دڵخۆشکەرە بەیەکەوە هاتوون، من لە بەدەستهێنانی ئەو شەرەفە نائومێد ببووم؟

ناتالیا بەدەنگێکی تیژ، بەشێوەیەك قسەی دەکرد پێچەوانەی رووخسارە ساردوسڕەکەی بوو، وتی:

– ئەی خودا! ئەی ماریا چەندە میهرەبانی!

ئانا نیکۆلیڤنا وەك مریشك دەیقڕاند و دەیگوت:

-خانمە بەنرخەکەم، دەبووایە تا ئەمڕۆ شانۆنامەکە تەواو بکەین، (پیتەر میخایلۆڤیچ) بە (کالێست ستانزلاڤیچی) وتووە، کاری ئەم شانۆیە بەرەو پێش ناچێ، بۆیە ئەو هەست بە نائومێدی دەکات. ئێمە بە یەکەوە دەمەقالێمان بوو، دواتر هەر چوارمان لەسەر ئەوە کۆك بووین و وتمان: بۆچی نەچینە لای ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا ئەم ئەرکە تەواو بکەین؟ ناتالیا هەواڵی بە خانمەکانی دیکە داوە، هێندەی نابات ئەوانیش ئامادە دەبن... بەمشێوەیە دەتوانین لە بارەی ئامادەکردنەکە ڕێکەوین، هەموو شێتێکیش بەدڵی ئێمە دەبێ..

ئانا نیکۆلێڤنا هەناسەیەکی هەڵمژی و دواتر ماریای ماچ کرد و وتی:

- با خەڵك لەبارەی ئێمە نەڵێن، تەنها شەڕ دەکەن، ئەی وا نییە فریشتەکەم؟..

دواتر ڕووی قسەکانی لە زینا کرد و وتی:

- ئەها! ئەی خودایە! زینای بەنرخ... تۆ هەموو ڕۆژێك جوانتر دەبی! ئانا بەرەو زینا چوو بۆ ئەوەی ماچی بکات!...

ناتالیا دەستەکانی لەیەکتر دەخشاند، بە کوشکێشی وتی:

- ئەم کیژۆڵەیە کارێکی نییە بیکات، تەنها ئەوە نەبێ هەموو ڕۆژێك جوانتر بێ!

ماریا خەریك بوو لە رقان دەتەقی، لەدڵی خۆی دەیگوت:

– شەیتان ئەو تووتیانە بۆ خۆی بەریَ! بەڕاستی ئێستا زۆرزانن!

ئانا نیکۆڵیڤنا وتی:

–بەتایبەتی فریشتەکەم، ئێستا میری ئازیز لەلای ئێوەیە. ئایا دەزانی دانیشتوانی دۆخۆناڤۆ، گوندەکەی میر، هەمیشە بایەخ بە شانۆ دەدەن، زانیاری ئەوەمان هەیە، کۆگایەك لەویَ هەیە پڕیەتی لە دیکۆری شانۆی کۆن، تەنانەت پەردە و هەندێك جلوبەرگیش هەیە. ئەمڕۆ میر هاتە لای من، بەڵام من هێندە بە سەردانەکەی ئەو سەرسام بووم، تەنانەت لەبیرم چوو، لەبارەی ئەم بابەتەوە لەگەڵی بدوێم، بۆیە تکا دەکەم هاوکارییمان بکەی میر فەرمانێك بدات ئەو کەلوپەلە کۆنانەی شانۆمان بۆ بنێرن، چونکە لە شارەکەی ئێمە کەسێك نییە بتوانیَ دیکۆرمان بۆ دروست بکات... ئێمە دەمانەویَ میر خۆیشی لەم پرۆژەیە بەشدار بیَ، ئەرکی ئێمەیە داوای لیَ بکەین لەو کارە بەشدار بیَ، چونکە لە پێناو هەژارەکانە... لەوانەشە میر رازی بیَ رۆڵ لەشانۆکە بگێڕیَ، چونکە ئەو کەسێکی زۆر باش و پڕ ئاشتەواییە! ئەو کاتە هەموو شتێك بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچیَ..

ناتالیا بە تەواوی یاری بە واتای ئەو وشانە دەکرد کە لەدەمی دەردەچوو، تەنانەت دەیزانی ئامانجەکەی چییە، بۆیە وتی:

- بێگومان میریش ڕۆڵێکی لە شانۆیەکە دەبێ! لەلایەکی دیکەوە مرۆڤ هەر ڕۆڵێکی پێ بدات، کە ئەو دەیەوێ!

کاتێك ئانا نیکۆلیڤنا بە ماریای گوت، ئێستا خاتوونەکانی دیکە دەگەن، مەبەستی فریودانی ماریا نەبوو، بەڵکو بەڕاستی میوانەکان یەك لەدوای یەك دەهاتن، تەنانەت ماریا هێشتا بە پێی نەریت و ڕێوڕەسمەکان پێشوازی لەیەکێکیان نەکردبوو، کە میوانێکی دیکە دەگەیشت!

ئێمە ئەرکی ئەوە ناگرینە ئەستۆی خۆمان وەسفی ئەو ژنانە بکەین کە بە میوانداریی دەهاتنە ماڵەکەی ماریا، تەنها ئەوە نەبێت دەڵێین هەریەکەیان بە چاوێکی مەکربازیی و زۆرداریی سەیری خاوەن ماڵیان دەکرد، لە سیمایان هەست بە فزوڵییەکی زۆر دەکرا، تەنانەت هەندێك لەو ژنانە هاتبوونە ماڵی ماریا بە ئومێدی ئەوەی بە چاوی خۆیان ئابڕوچوونێك ببینن، ئەگەر ئەمەش ڕووی نەدەدا، ئەوا هەستیان بە بێئومێدییەك دەکرد!... بە ڕواڵەت هەموویان خۆیان ناسك و بەئەدەب نیشان دەدا، کەچی ماریا خۆی ئامادەکردبوو بۆ بەرەنگاربوونەوە... لەهەموو لایەکەوە پرسیاری لەبارەی میرەوە لێ دەکرا، هەرچەندە پرسیارەکان ئاسایی بوون، بەڵام مەبەستی دیکەی لەپشتەوە بوو.

چا پێشکەشی میوانەکان کرا، هەر کۆمەڵێك بە ژمارە جیاوە بەیەکەوە دانیشتبوون، هەندێك لەوان دەوری زینایان دابوو، پێداگرییان دەکرد

شتێکیان لە مۆسیقا بۆ بژەنیّ، یان گۆرانیەکیان بۆ بچڕیّ، کەچی زینا بە وشـك و بریشـکی پێـی وتـن هەسـت بـە مانـدوێتی دەکـات، ڕەنـگ و ڕووخساریشی بە ڕاستی بەڵگە بوو بـۆ پاسـاوەکەی. چـەندین پرسـیاریان لە زینـاش کـرد، ئـەو پرسـیارانە لەناواخنـدا توانجیـان لـەخۆوە دەگرت، هەرچەندە لەڕواڵەتیشدا مانای گاڵتەوگەپ و خۆشەویستی بـوو، هـەروەها پرسیارەیان لە بارەی مۆزگلیاکۆفیشەوە کرد.

ماریا لـە هـەموو شـوێنێك ئامـادەبوو، لـە هـەمان کاتـدا لـە سووچـی دیوەخانەکە بوو، نەیدەویست هـەلی ئـەوەی لـە کـیس بچـێت گوێبیسـتی میوانەکان بێـت، هەرچـەندە ژمـارەی ئـەو ژنانـە نزیکـەی دە ژن دەبـوو، کەچی ماریا وەلاّمی هەموو پرسیارەکانی دەدایەوە، بـیّ ئـەوەی کۆشش بکـات، بـەدوای بەڵگـە بگـەڕێت و پاسـاوبهێنێتەوە. ماریـا دەلـەرزی، بـە تایبەتیش لە پێناو زینا تووشی سەرسامی ببوو، چونکە ئەو وەك نـەریتی خۆی تووشی نیگەران نەببوو، کە پێشتر لەو جۆرە بۆنانە دەبیبوو..

میوانەکان تێبینی ئامادەبوونی ئافاناسیان کرد، ئەوان پێشتر گاڵتـەیان پیّ دەکـرد بـۆ ئـەوەی هەسـتی ماریـا برینـدار بکـەن... بـەلاّم ئـەمڕۆ بۆ شـتێکی دیکـە هـەوڵیان دەدا، دەیانویسـت ڕاسـتییەکان لـە ئافاناسـی ساویلکە دەربهێنن!

ماریا بە نیگەرانییەکی زۆرەوە چاودێری مێردە ئابلۆقەدراوەکەی دەکرد، ئەویش بـە (ئـا) وەلاّمـی هـەموو پرسـیارەکانی دەدایـەوە، ئەمـەش ڕق و

کینەی میوانەکانی زیاتر دەکرد. خانمێك کە بالآیەکی کورت، دووچاوی بە بریسکە و لەڕواڵەت بوێر دیار بوو، بەجۆرێك هەستت دەکرد لە هیچ کەسێك ناترسێ و هەرگیز تووشی شڵەژان نابێ، بە زمانێکی گاڵتەئامێزەوە وتی:

- بەلآم... ئەی ماریا... ئافاناسی نایەوێ قسەمان لەگەڵ بکات، پێی بڵێ با لەگەڵ ژنان میهرەبانتر بێ!

ماریا قسەکانی ئەوی لەگەڵ ئانا و ناتالیا بڕی و بەزەردەخەنە وتی:

- بەڕاستی نازانم ئەمڕۆ چی بەسەرهاتووە، ئەو زۆر کەم قسە دەکات... تەنانەت منیش نەمتوانی یەك وشەی پێ بدرکێنم!.. ئافاناسی بۆچی وەلآمی فیلیستا نادەیتەوە؟ فیلیستا چیت پێ وتووە؟

ئافاناسی ئەو کاتە تووشی سەرسامی و شڵەژان بوو، بە منگە منگ وتی:

-بەلآم.... بەلآم... ئەی دایکی بچووکم! بەلآم تۆ خۆت...!

لەو کاتەدا ئافاناسی لەتەنیشت زۆپاکە وەستا بوو، بە یەکێك لە دەستەکانی پیاڵەیەك چای گرتبوو، دەستەکانی دیکە بۆ خۆدەرخستن خستبووە نێو چاکەتەکەی، ئافرەتەکان لە هەموو لایەکەوە پرسیاریان لێدەکرد، ئەویش لە شەرمان وەك کچێکی پاکیزە سوورهەڵگەڕابوو... بەلآم کاتێك ویستی قسە بکات و پاساو بهێنێتەوە، چاوی لەچاوەکانی

ژنەکەی بڕی، چاوەکانی ماریا پڕبوو لە ڕق و تووڕەیی، بۆیە ئافاناسی لە ترسان لە شوێنی خۆی وشك هەڵگەڕا!

ئافاناسی نەیدەزانی چی بکات، زۆر ئارەزووی دەکرد جارێکی دیکە هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، ڕێزی هاوسەرەکەی بەدەست بهێنێتەوە، چایەکەی فرکرد، بەڵام چاکە هێندە گەرم بوو، زمان و قورگی سووتا، پیاڵەکەشی کەوتە سەر ئەرزەکە! چەند چرکەیەکی نەخایاند تووشی کۆکەیەکی توند بوو، بۆیە یەکسەر ژوورەکەی جێهێشت و هەموویان پەشۆکا بوون!

میوانەکان لەهەموو شتێك گەیشتن.. ماریاش گومانی لەوە نەبوو، ژنانی میوان هەموو شتێك دەزانن و بۆ نیازێکی خراپ هاتوون! بەڕاستی بارودۆخەکە بۆ ئەو ترسناك بوو، چونکە هەر یەکێك لە میوانەکان دەیتوانی بێ ماندووبوون زمانی ئافاناسی بۆ قسەکردن بکاتەوە، کەواتە نهێنیەکانی بەهۆی مێردەکەی ئاشکرا دەبێ..

* * *

قەدەر ماریای خستە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی نوێ، دەرگاکە کرایەوە، پاڤێل مۆزگلیاکۆف بەزوور کەوت، ماریا وایدەزانی پاڤێل لەلای بۆردۆنیفی بازرگانە، ماریا دڵی کەوتە خورپە و کەوتە لەرزینەوە!

مۆزگلیاکۆف بە دوودڵی لە دەرگای دیوەخانەکە وەستا، هەستی بە شەرمێك دەکرد، بە وردی سەیری میوانەکانی دەکرد، نەیدەتوانی ئەو هەڵچوونەی بشارێتەوە، کە بەتەواوی لە سیمای دەرکەوتبوو..

چەندین دەنگ بەرز دەبۆوە:

- ئای ، ئەی خودایە ئەوە پاڤێلە..

- ئای... ئەوە پاڤێل مۆزگلیاکۆفە...

ناتالیا دیمتریڤنا، دەنگی بەرزکردەوە، رووی قسەکانی لە خاوەن ماڵ کرد:

- ئەی ماریا بۆچی دەتگوت لەلای بۆردۆنیڤە؟

دواتر رووی لە مۆزگلیاکۆف کرد:

- هەندێك پێیانوابوو، تۆ خۆت حەشار داوە!

مۆزگلیاکۆف وشەکانی ناتالیای دووبارە دەکردەوە، بە رواڵەت زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

- خۆم حەشارداوە! ئای لەم قسە سەیرە! ببوورە ناتالیا دیمتریڤنا، من خۆم ناشارمەوە، شتێك نییە تا خۆم لەکەسێك بشارمەوە!

مۆزگلیاکۆف ئەم قسانەی دەکرد، بە نیگایەکی پڕ ماناوە سەیری ماریای دەکرد. ماریا دڵی کەوتە خورپەوە، بەوردی سەیری گەنجەکەی دەکرد و لەگەڵ خۆی دەیگوت: ئەمە چۆن دەبێ؟ ئەویش لێم یاخی دەبێ... ئەم گەمژەیە کەسایەتیەکی پڕوپووچی هەیە؟ ئەمە کارەساتێکی گەورەی هەیە!

فیلیستای چەپەڵ، سەرکێشی کرد، بە گاڵتەوە سەیری مۆزگلیاکۆفی کرد و وتی:

– پاڤێل ڕاستە تۆ خانەنشین کراوی...؟

مۆزگلیاکۆف بە ساردوسڕی وتی:

– خانەنشین کراوم؟ خانەنیشین کراوم؟ ... بەڵکو تەنها کارەکەی خۆم گۆڕیوە، خانمەکەم، کارێکم لە پترۆسبۆرگ دۆزیوەتەوە!

فیلیستای لە قسەکانی لەگەڵ مۆزگلیاکۆف بەردەوام بوو وتی:

– باشە، کەواتە پیرۆزباییت لێ دەکەم، چرکەساتێکیش بێت ئێمە لەوە ترساین، کە گوتیان لە مۆرداسۆف بەدوای کار دەگەڕێ، کار و وەزیفەکانی ئێرە جێگیر نییە، ڕەنگە لەنێو ئان و ساتێکدا مرۆ دەربکرێ!

ناتالیا دیمتریڤنا:

- بەلام ئەگەر لە دوای پیشەی مامۆستایەتی دەگەڕێی ئەوا قوتابخانەی ئەنجومەنی شارەوانی هەیە! لەوێ شوێنی خالی هەیە.

ئەم توانجەی دواییەی هێندە دلڕەقانە بوو، تەنانەت ئانا نیکۆلیفنا لە شەرمان سوورهەلگەڕا، شانێکی لەهاوڕێیە دەمشڕەکەی دا !

فیلیستا بەردەوام بوو لەوەی ئاگرەکە خۆش بکات، بۆیە وتی:

- بەلام پێتوایە بەڕاستی پاڤێل دەتوانی لەسەر ڕێگای مامۆستا تازە پێگەیشتووەکەی قوتابخانەکە بڕوات؟

مۆزگلیاکۆف نەیزانی، ئەو ژنە مەبەستی چییە، ڕووی وەرگێڕا و دوورکەوتەوە، بەلام لە ناکاو بەر ئافاناسی کەوت، ئەویش دەستی تەوقەکردنی بۆ پاڤێل درێژکرد، بەلام ئەو تەوقەی لەگەل ڕاوێژکار ئافاناسی نەکرد، بەلکو بۆ سلاوکردن بە توندی سەری دەلەقاند، ئەمەش وەك گالتەپێکردنێك بوو، دواتر پاڤێل مۆزگلیاکۆف لە زینا نزیکبۆوە، نیگاکانی لەسەر ئەو جێگیرکرد، بە منگەمنگ و گالتەپێکردنەوە وتی:

- تۆ هۆکاری هەموو ئەو شتانەی... بەلام.... سەیر بکە... ئەم ئێوارەیە دەبینی من گەمژەم یان شتی دیکە!

زینا بەدەنگێکی بەرز، ڕووبەڕووی ئەو کوڕە بۆوە کە خوازبینیەکەی ڕەتکردۆتەوە، بەچاوێکی پڕ لەرق و کینەوە وتی:

– چاوەڕوان بە ! ئێستا تەواوی بابەتەکە روون دەبێتەوە !

مۆزگلیاکۆف بە هەڵچوونەوە، کشایەوە، دەنگی بەرزی کچەکە ئەوی ترساند... ساتێك بەسەرچوو، ماریا پرسیاری لە مۆزگلیاکۆف کرد:

– تۆ لەلای بۆردۆنیڤ دەگەڕێیتەوە ؟

مۆزگلیاکۆف بە ساردوسڕی وتی:

– نەخێر.. من لەلای مامم هاتوومەتەوە !

ماریا بە سەرسامییەوە وتی:

– کێ لە لای مامت بوو!... کەواتە تۆ لەلای میر بووی؟

ناتالیا دیمتریڤنا بە چاوی زاڵبوون و رقەوە پرسیاری لە ماریا کرد:

– ئاخ. ! ئای خودایە ! کەواتە میر لەخەو هەڵساوە... ئەوان دەیانگوت هێشتا خەوتووە !

مۆزگلیاکۆف وتی:

– ناتالیا نیگەران مەبە.... لە خەو هەڵساوە... سوپاس بۆ خوا عەقڵی هاتۆتەوە سەرخۆی.. ئەو تۆزێك شەڕابی لەلای تۆ خواردۆتەوە.. لێرەش هەروەها، تا بە تەواوی هۆشی لەدەستدابوو، خۆت دەزانی ئەو یادەوەریی لاوازە، بەڵام تازە قسەمان بەیەکەوە کرد، بیرکردنەوەی نلۆ هاوسەنگە.

مۆزگلیاکۆف ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، دواتر دەستی پێکردەوە و ڕووی قسەکانی لە ماریا کرد:

- خانمەکەم، دوای ساتێکی دیکە میر لێرە دەبێ، بۆ ئەوەی خاتر بخوازێ و سوپاسی میوانداریيەکەت بکات... بەیانی دەچینەوە چۆڵەوانی، بەرەو دۆخۆناڤۆ یاوەری دەکەم، بۆ ئەوەی لە کەوتنێکی وەها بەدووری بگرم کە ئەمڕۆ تووشی هاتبوو.. ئەو دەگەڕێتەوە، لەوێ لەژێر چاودێری ستێپاندیا دەبێ کە لەوانەیە لە مۆسکۆ گەڕابێتەوە، ئەویش ڕێگا نادات، میر خۆی تووشی مەترسییەکانی سەفەر بکات.. لەوە دڵنیات دەکەمەوە!

بە نیگایەکی دڵڕەقانە و تاڵ سەیری ماریای کرد، تێبینی ئەوەی کرد ماریا وشکهەڵاتووە، ئەوە یەکەمجارە لە ژیانی هەست بە ترس بکات!

ناتالیا پرسیاری لە ماریا کرد:

- میر سبەی دەڕوا؟ بەڵام... چۆن؟

ئانا نیکۆلێڤناش بەسەرسامی وتی:

- بەڕاست!... ئەمە چۆن ؟

دەنگی دیکەش لێرە و لەوێ بەرز دەبۆوە:

- بەڵێ... ئەمە چۆن؟ ... ئێمە وامانزانی ئەو... ئاخ! ئەی خودایە! ئەم هەواڵە سەیرە!

خاتوونی خاوەن ماڵ نەیدەزانی چی بڵێ!

لەناکاو، شتێکی ئەوتۆ ڕوویدا سەرنجی هەموو ئامادەبووانی راکێشا، هەموویان گوێبیستی دەنگێکی تیژ بوون لە هەیوانەکەوە دەهات، چرکەیەکی پێنەچوو، سۆفیا پترۆڤنا هاتە دیوەخانەکەوە!

بێگومان سۆفیا لە هەموو خانمەکانی مۆرداسۆف هەڵسوکەوتی سەیرتر بوو...ئەو هێندە هەڵسوکەوتەکانی سەیرە، وایکردووە هەموویان سووربن لەسەر ئەوەی لە کۆمەڵگای شارەکە دووری بخەنەوە! لەڕاستیدا، وەك نەریتێك سۆفیا کاتژمێر حەوتی ئێوارە ژەمێکی سووك دەخوات و دواتر سەربەست و ئازاد دەبێ- نازانم لەمە زیاتر چی بڵێم- ئەو کاتەش کە لەناکاو لە ماریا بەژوورکەوت، هەر لەم حاڵەتە دابوو!

سۆفیا بە دەنگێکی بەرز وتی:

- ئاخ! کەواتە تۆ بەم شێوەیەی ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا! تۆ بەمشێوەیە لەگەڵ من هەڵسوکەوت دەکەی! ... باشە! نیگەران مەبە، تەنا بۆ چرکەساتێك هاتووم.. تەنانەت دانانیشم!

تەنها بۆ ئەوە هاتووم بزانم ئەوەی بەمن گوتراوە راستە.. تۆ ئاهەنگی سەما و خوان سازدەکەی کەچی سۆفیا لە ماڵەکەی گۆشەگیر بێ خەریکی چنینی گۆرەوی بێت. هەموو خانمانی شار لەماڵەکەی خۆت کۆدەکەیتەوە جگە لە من! کەچی من بووم ساتێك لەمەوبەر هاوڕێ و فریادڕەست بووم، هاتم بەتۆم وت کە ناتالیا دیمترڤنا لەبارەی میرەوە پیلانگێری دژی تۆ دەکات.. کەچی ئەوەتا ئێستا ناتالیا لە ماڵەکەی تۆیە، ئەوەی تۆ ئەمڕۆ لەبارەی ئەو گوێبیستی بووی، هەرگیز گوێبیستی نابیت، لەلایەکی دیکەوە ئەو هەر ئەو قسانە لەبارەی تۆ دەکات، کە تۆ لەبارەی ئەو دەیکەیت.

هاوسەری کۆلۆنێل ماوەیەك وەستا بۆ ئەوەی هەناسەیەك هەڵمژێ و دواتر دەستی پێکردەوە و قسەکانی بۆ ناتالیا دیمتریڤنا بوو:

- ناتالیا نیگەران مەبە، من پێویستیم بەو چوکلێتە نییە کە تۆ پێشکەشی منی دەکەی، تەنانەت یەکێکیان لە دە ملم زیاتر نییە، من زیاتر لەتۆ لە ماڵەکەی خۆم کاکاو دەخۆمەوە... ئا!

ناتالیا بە گاڵتەپێکردنەوە وتی:

- بەڕوونی ئەمە دیارە!

ماریا تووڕەیی لە ڕووخساری دیاربوو، کە وتی:

– بەلاّم... ئەمە چیتە سۆفیا پترۆڤنا؟ ئەمە چیتە؟ عەقلّت بێتەوە سەرخۆ؟

سۆفیا بەدەنگێکی تیژ هاواری کرد، هەموو ژنانی میوان دەورەیان دابوو، بە خۆشحالّییەوە سەیری ئەو ئابڕوچوونە چاوەڕواننەکراوەیان دەکرد:

– لەبارەی منەوە نیگەران مەبە... هەموو شتێکم زانیوە... ناستاسیای هاوڕێت هەموو شتێکی بۆ من گێڕاوەتەوە.. هەموو شتێك! تۆ میری بچووکت سەرخۆش کردەوە، ناچارت کردەوە خوازبینی کچەکەت بکات، کە ئێستا نایەوێ هاوسەرگیریی لەگەلّ بکات! تۆ خۆت بە دۆق و شازادە دەزانی لە بالاّترین چین! ئاخ.. نیگەران مەبە، منیش کەمتر نییم لە هاوسەری دۆق، هاوسەرەکەم کۆلۆنێلە!

ئاخ! تۆ بانگهێشتی ئاهەنگی نیشانکردنەکەم ناکەی! ...منیش تف لەو نیشانکردنە دەکەم! من خەلّکانێکم بینیوە خۆیان بە سەرداری تۆ دەزانن... لە لای (کۆنتیسە کالیخفاتسکایا) نانی ئێوارەم خواردەووە، کۆمیسیاری گشتی (کۆربشکین) داوای کرد شووی پێ بکەم، من گالّتە بەو ئێوارەیەی تۆ دەکەم!

ماریا هۆشی لەکەللە نەما و وتی:

- سۆفیا پترۆڤنا، بێدەنگ بە... حەز دەکەم بزانی مرۆڤ بەم حاڵەی تۆ، بەمشێوەیە ناچێتە ماڵێکی بەرێزەوە.. ئەگەر زوو نەڕۆی.. خۆم دەزانم رێوشوێنی گونجاو دەگرمەبەر...

سۆفیا پترۆڤنا قسەکانی پێ بڕی و بە گاڵتەوە شانی هەڵتەکاند:

- ماریا مەترسە، من خۆم رێگای چوونە دەرەوە پێ دەزانم... ماڵئاوا! کچەکەت بەخواستی خۆت بە شوو بدە!...

دواتر ئاوڕی لە ناتالیا دیمتریڤنا دایەوە و وتی:

- تۆش ئەی ناتالیا... چیتر گاڵتە بە من مەکە... من تف لە چوکلێتەکەی تۆ دەکەم! من بانگهێشتی ئەویٚ مەکە! هۆکارەکە بە ئاشکرا دیارە، من ئەو کیژۆڵە بچووکانە نیم، بە سووکی سەما لە پێش میرەکان بکەم..

ماوەیەکی کورت هاوسەرەکەی کۆلۆنێل بێدەنگ بوو، دواتریش بەدەنگێکی بیستراو، قسەی بە ئانا نیکۆلێڤنا وت:

- تۆش.. بەچی پێدەکەنی؟ سۆشیلۆفی هاورێت تازە دەمێکە قاچی شکاوە، ناچار بوو بەکۆڵ بۆ ماڵەوەی بەرن، بێگومان ماوەیەك لێی بێبەش دەبی! ..

دواتریش رووی قسەکانی لە فیلیستا میخابلۆڤنا کرد و وتی:

– تۆش ئەی فیلیستا... فرمان بە کارەکەرە پێی خاوسەکەت بکە، کە ناوی ماتریشکایە، رێگری لەوە بکات مانگاکەت لە ژێر پەنجەرەکانی من ببۆرێنێ، بێگومان قاچەکانی دەشکێنم!

دواجار رووی قسەکانی لە خاوەن ماڵ کرد و بە گاڵتەجارییەکی تاڵەوە وتی:

– ماڵئاوا ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا! ماڵئاوا... ئاگاداری خۆت بە، گوێ بگرە دراوسێ!.

هەر زوو هاوسەرەکەی کۆلۆنێل ون بوو..

هەموو کەوتنە پێکەنین.. ماریا کەوتە شڵەژان و سەرسامییەکی سەیر کە وێنەی نەبوو!

ناتالیا دیمتریڤنا بە بەزەییەوە وتی:

– وابزانم سۆفیا پترۆڤنا زۆری مەی خواردۆتەوە!

خاتوونێکی دیکە وتی:

– ئای لەو بێ ئەدەبە..

– ئەی لەو ژنە بێزراوە..

- ئای چەندە پێکەنین...

- ئای لەو وشە پیسانەی لەدەمی دەردەچوو...!

فیلیستا بەزمانێکی گاڵتەئامێزەوە لە ئامادەبووانی پرسی:

- سۆفیا پترۆڤنا قسەی لەسەر چ خوازبینی و نیشانەیەك دەکرد؟

ماریا دواجار قیڕاندی و وتی:

- ئەمە شتێکی ترسناکە! نموونەی ئەو جانەوەرانە قسەوقسەڵۆك لەو شارە بڵاو دەکەنەوە... ئەی فیلیستا بوونی ئەو جۆرە ژنانە لە کۆمەڵگاکەی ئێمە جێگای سەرسوڕمان نییە، بەڵکو سەیرتر ئەوەیە کەسانێك هەن پەنا بۆ ئەو جانەوەرانە دەبەن، گوێیان لێ دەگرن و باوەڕ بە قسەکانیان دەکەن...

خاوەنی ماڵ نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات، هاواری ئامادەبووان بەرز بۆوە، هەموویان دەیانگوت:

- میر! میر! ئەی خودایە میر! ئەوەتا میر!

فیلیستا میخایلۆڤنا سەری بۆلای دراوسێیەکەی نزم کردەوە بە چرپەوە وتی:

- سوپاس بۆ خودا! دواجار هێندەی پێناچێ ڕاستییەکە دەزانین!

## بەشی سێزدەم
## لەنێوان خەون و هەقیقەتدا

میر کاتێك هاتە دیوەخانەکە، زەردەخەنەیەکی شیرینی لەسەر لێو بوو، هەرکە خانمەکانی بینی، بێباکانە ئەو نیگەرانی و ترسەی لەدڵ نەما، کە مۆزگلیاکۆف بۆی دروست کردبوو.. تا ئەم بەیانییە فیلیستا میخایلۆڤنا دەیگوت- بێگومان بۆ خۆشی وایدەگوت- ئامادەم لەسەر کۆشی میر دانیشم، ئەگەر ئەو بخوازێ، چونکە پیرە پیاوە بچووکەکە زۆر ئەفسوناوییە... تا ئەوپەڕی ئەفسون..!

ماریا بەچاوەکانی پشکنینی بۆ میر دەکرد، هەوڵی دەدا لەو بارودۆخە ناسکەدا، لە هێماکانی سیمای ئەم پیاوە، هەڵوێستەکەی بخوێنێتەوە... دیارە مۆزگلیاکۆف تاڕادەیەکی زۆر بارودۆخەکەی تێکداوە، بۆیە ئێستا خەریکە پڕۆژەکەی ماریا لەناوبچێ، لەگەڵئەوەشدا کەس نەیدەتوانی شتێك لە سیمای میر بخوێنێتەوە، وەك نەریتی خۆی ئەفسوناوی بوو، هیچ گوزارشتێکی لە سیمادا بەدی نەدەکرا....

خاتوونەکان پێکڕا کەوتنە هاوارکردنەوە:

– ئای... ئەی خودایە! ئەوەتا میر! چەندە چاوەڕوانیین.

هەندێکی دیکە، دەنگیان وەك قیڕەی مریشك دەهات:

– بێ ئۆقرە چاوەڕوانی تۆ بووین ئەی میر... بێ ئۆقرە!

میر لە نزیك ئەو مێزەی کە چایەی لەسەر دەکولاّ، لەسەر کورسییەك دانیشت و وتی:

–بەڕاست... ئەوە شەرەفێکی گەورەیە بۆ من.

خاتوونەکان بە پەلە دەوری میریان دا، تەنها ئانا نیکۆلیڤنا وناتالیا دیمتریڤنا نەبێ، بەتەنیا لەتەك ماریا مانەوە، ئافاناسی بەوپەڕی رێزەوە زەردەخەنەیەکی کرد، هەروەها مۆزگلیاکۆف زەردەخەنەی دەکرد و سەیری زینای دەکرد، بەلاّم زینا هیچ بایەخێکی پێنەدا، بەڵکو لە باوکی نزیك بۆوە و لە تەنیشتی دانیشت..

فیلیستا میخایلۆڤنا بە میری وت:

– ئاخ! ئەی میر... راستە تۆ دەڕۆی؟

بەزەردەخەنەوە وەلاّمی دایەوە:

- هەڵبەتە... ئەی خانمەکانم... هەڵبەتە...من دەڕۆم، یەکسەر ب...ب....بۆ دەرەوە.

هەموو ژنەکان بەیەکەوە کەوتنە هاوار:

- بۆ دەرەوە ئەی میر؟ ... ئای لەم بیرۆکەیە!

میر بەناز و فیزەوە، وتی:

- هەڵبەتە... بۆ دەرەوە! ئایا دەزانن من س...س...سەفەر دەکەم، بۆ دەرەوە، تەنها ب.... ب... بە هۆی بیروڕای نوێیەوە؟

خانمێك سەیری ئەوانی دیکەی دەکرد و دەیگوت:

- ئەمە چۆن دەبێت؟ ئەو بیروڕا نوێیانە چییە؟...چی ڕوویداوە؟

میر بە قەناعەتێکی تەواو وتی:

- هەڵبەتە! بە هۆی بیروڕای نوێیانەوە، هەموو مرۆڤێك ئێستا دەچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بیروڕای نوێ وەربگرێ، م....م...منیش دەچم بۆ ئەوەی ئەو بیروڕایە نوێیانە وەربگرم..

مۆزگلیاکۆف خۆی هەڵقورتاندە ناو بابەتەکەوە، بۆ ئەوەی روحسووکی خۆی لە پێش خانمەکان دەربخات:

- ئەی مامی بچووکم دەتەوێ لە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی ماسۆنییەت ببی بە ئەندام؟

– هەڵبەتە هاورێیەکەم... هەڵبەتـە ! مەزندەکـەت هەڵـە نییـە، لـە رابردوودا ئەندامی یەکێك لە رێکخراوەکـانی ماسـۆنییەت بـووم.. چـەندین بیروڕام هەبوو، زۆر پ....پ....پەرۆش بووم بۆ ئـەوەی شـتی نـوێ فێـر بم، دەمویست سیدۆری کۆیلەکەم ئـازاد بکـەم، بـەڵام بـەر لـەوەی ئ.... ئ...ئەو کارە بکەم، رایکرد، زۆر لەوە سەرسام بووم! دوای رۆژگارێك لـە پ....پ....پاریس بینیمەوە، زۆر پۆشتە و کەشخە بوو، لـە شـەقامەکان بـە یـاوەری کچـێکی جـوان پیاسـەی دەکـرد، بـە سـەرلەقاندێکی نـەرم سـڵاوی کـرد، خاتوونەکـە زۆر ژیـر دیـاربوو، هـەموو پیاوێـك بـۆی لیکـی دەهاتەوە!

مۆزگلیاکۆف وتی:

– جا مامی بچووکم، ئەگەر تـۆ جـارێکی دیکـە بچیتە دەرەوەی وڵات، ئەوا هەموو کۆیلەکانت ئازاد دەکەی!

میر وتی:

– ئازیزەکـەم بـە تـەواوی لـە نیـازی مـن گەیشـتووی... مـن دەمـەوێ هەموویان ئازاد بکەم..

فیلیستا میخایلۆڤنا وتی:

- بەڵام ئەی میر ئەو جارە هەموویان لە زەوییەکەت رادەکەن، ئەی کێ قازانجی زەوییەکانت دەدا؟

ئانا نیکۆڵیڤنا بە نیگەرانی وتی:

- بێگومان هەموویان را دەکەن!

میر بە شڵەژاوی وتی:

- ئەی خودایە! بەڕاستی ئەوان رادەکەن؟ بەڕاستی.. ئەوان.... ڕ...ڕ...ڕادەکەن؟

ناتالیا دیمتریڤنا وتی:

- ئەوان رادەکەن... گومان لەوەدا نییە ئەی میر... ئەوکاتە تەنیا دەبیت!..

میر تووشی دڵەڕاوکێ بوو:

- ئەی خودایە... کەواتە ئازادیان ناکەم... سەرەڕای ئەمەش بێ بیرکردنەوە من ئەو قسەیەم دەکرد. !

مۆزگلیاکۆف وتی:

- مامی بچووکم ئەوە باشترە..

ماریا ئەو ماوەیە گوێی گرتبوو، بە وردی چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد، وەك دەردەکەوت میر تەواو ماریای لە بیرکردووە، ئەمەش هەرگیز کارێکی ئاسایی نەبوو..

ماریا بە دەنگێکی بەرز و بەفیزەوە وتی:

– رێگەم بدە میر مێردەکەمت پێ بناسێنمەوە.. ئافاناسی میتیفچ ...ئەو کاتەی زانی تۆ هاتووی، گوندەکەمانی بەجێهێشتووە هاتۆتەوە ئێرە...

ئافاناسی زەردەخەنەیەکی کرد و دەماری لاملەکانی ئەستوور بوو، چونکە ژنەکەی ستایشی کرد...

میر وتی:

– ئەها ! من زۆر خۆشحالم ئافاناسی میتیفچ .. رێگەم پێ بدە... ئافاناسی... وا بزانم شتێکم بیر کەوتەوە !...ئەمەیە لە لادێ دەژی... کارێکی زۆر مەزنە.... زۆر مەزنە ! زۆر مەزنە ! من زۆر خۆشحالم..

دواتر دەنگی بەرز کردەوە و رووی لە مۆزگلیاکۆف کرد:

– بەلام هاورێیەکەم، ئەو ئافاناسییە ئەوەیە کە...کە... نازانم چۆن پێت بلێم؟ مێردەکە لەمال دوورە... مێردەکە... مێردەکە لە مال دوورە... ژنەکەشی... لە ش...ش...شاری... هەلبەتە هەلبەتە؟

مۆزگلیاکۆف وتی:

- ئەها... میر تۆ مەبەستت شانۆیەکەی فۆدفیلە..ئەوەی سالی رابردوو تیپی شانۆی گەڕۆك لەلای ئێمە نمایشی کرد، نازناوەکەی: مێردەکە لەماڵ دوورە، ژنەکەشی لە شاری تفۆرە...

میر لە شوێنەکەی خۆی هەڵسایەوە و دەستی تەوقەکردنی بۆ ئافاناسی درێژکرد:

- هەڵبەتە! ژنەکە لە شاری تفۆرە.... هـ...هـ..هەردەم ئەوەم لەبیر دەچێ! کارێکی زۆر مەزنە...کەواتە تۆ مێردەکەی؟ من زۆر خۆشحاڵم بەناسینت ... باشە.. تەندروستیت چۆنە؟

ئافاناسی وتی:

- ئا...!

ماریا وتی:

- تەندروستی باشە... تەندروستی باشە..

میر وتی:

- هەڵبەتە... ئەمە ڕوونە... هەمیشە لە لادێی؟ ... باشە من زۆر خۆشحاڵم! کولمەکانی چەندە سوورە... چەندە پێدەکەنی!

ئافاناسـی زەردەخەنەیـەکی کـرد، پێیـەکانی لـە زەوی دەکوتـا، کاتێـك دوایین تێبینی مـیری بیسـت، نـەیزانی چـی بکـات، بۆیـە وەك گەمژەیـەك بەدەنگێکی بەرز پێکەنی، هەمووان لاساییان کردەوە، خانمەکان کەوتنـە قاقای پێکەنین، تەنها زینا نەبێ شـەرم دایگـرت و نیگایـەکی شـەڕانگێزی بۆ دایکی کرد، ماریـاش تـەواو تـووڕە بـوو، دەبووایـە بابەتەکـە بگۆڕێ. ماریـا نیگایـەکی تۆقینـەری بـۆ مێردەکـەی کـرد، ئـەویش تێگەیشـت گەڕایەوە شوێنی خۆی. دواتر ماریا بە دەنگێکی هێمن وتی:

– میر خەوەکەت چۆن بوو؟

میر گوڕاحی خۆش بوو وتی:

– خەوێکی قوڵم کـرد... ئایـا دەزانـن خـەونێکی بـە چـێژم بینـی.. خەونێکی خۆش؟

فیلیستا میخایلۆڤنا وتی:

– خەون... من زۆر حەز دەکەم گوێم لە خەون بێ!

ناتالیا دیمتریڤنا:

– منیش هەروەها!

میر زەردەخەنەیەکی جوانی کرد و وتی:

– خەونێکی خۆش بوو.. ب....ب...بەڵام نهێنییەکی گەورەشە!

ئانا نیکۆلیڤنا بە زمانێکی کاریگەر وتی:

- ئەمە چۆنە ئەی میر؟ ئایا ناتوانی بۆمان بگێڕییەوە؟

میر دووبارە وتی:

- ئەمە نهێنییەکی گەورەیە!

فزولی ژنانی ئامادە بوو زیاتر بوو، لە هەموو لایەك دەنگی بەرز بۆوە:

- بەلأم لەوانەیە ئەم خەونە چێژبەخش بێ!

فیلیستا هاواری کرد و وتی:

- گرەو دەکەم، میر لە خەونەکەی لەبەردەم کیژۆڵەیەکی جوان کەوتۆتە سەر ئەژنۆ، شەیدابوونی خۆی دەرخستووە.. دەی! میر دانی پیانێ؟ کەواتە باسی بکە میری ئازیز!

لە هەموو لایەك دەنگی ئامادەبووان بەرز بۆوە: دەی میر دانی پیانێ....

میر چێژی لەو هاوارە وەردەگرت، دوایین داواکاریی،میری تووشی لووتبەرزی کرد، لەخۆشحاڵییان بەزمانی لێوەکانی خۆی دەلێستەوە، دواتر رووی لە فیلیستا کرد و وتی:

- خاتوونەکە سەرەڕای ئەوەی خەونەکەم نهێنیەکی گەورەیە، کەچی ن..ن..ناچارم باسی نەکەم، من تەواو لەوە سەرسامم کە تۆ مەزندەی خەونەکەی منت کردووە!

فیلیستا بە جۆش و خرۆشەوە وتی:

- مەزندەکەم ڕاست بوو... باشە ئەی میر! کەواتە دەبێ پێمان بڵێی ئەو کیژۆڵە نازدارە کێ بوو؟

یەکێك لەخانمەکان وتی:

- دەبێ پێمان بڵێی کێ بوو؟

یەکێکی دیکە وتی:

- ئەو ئێستا لێرەیە؟

سێیەم ژن وتی:

- میری ئازیز ناوەکەی بڵێ...

چوارەم وتی:

- ئەی میر بیڵێ... تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەشدا بمری!

میر بە شڵەژاوی وەڵامی دایەوە:

- خانمەکانم... خانمەکانم... ئەگەر ئێوە... ب...ب...بەدڵنیایی دەتوانێ بیزانن، من تەنها دەتوانم... ی...ی..یەك شت ئاشکرا بکەم،

ئەو چاكترین كچە و لە هەموویان سیحری زیاترە... نایابترین كچە كە ناسیومن!

خانمەكان بە نیگای پڕ واتاوە سەیری یەكتریان دەكرد، پرسیاریان لە یەكتر دەكرد:

- ئایا سیحراویترین كچە... لەم شارەمان؟

ناتالیا پترۆڤنا، دوو دەستە گەورە و سوورەكەی لە یەكتر دەدا، ئابڕووبەرانە سەیری زینای دەكرد و وتی:

- بێگومان ئەو كچەیە كە بە جوانترین كچی شارەكەمان دادەنرێت...

هەموویان سەیری زینایان كرد...

فیلیستا لە میری پرسی:

- كەواتە چۆن ئەی میر... بۆچی خوازبێنی ناكەی مادام ئەو جۆرە خەونانە دەبینی؟

خاتوونێكی دیكە وتی:

- خەریك بوو ئێمە زەماوەندێكی مەزنمان ساز دەكرد!

ژنێكی دیكە وەك مریشك قیڕەی دەهات:

– کەواتە میری ئازیز هاوسەرگیریی بکە !

لە هەموو لایەك ژنەکان دەیانگوت:

– ژن بهێنە ! ژن بهێنە ! بۆچی ژن ناهێنی؟

لەگەڵ ئەو دەنگانە میر هاتەوە سەرخۆی و وتی:

– هەڵبەتە... هەڵبەتە ! بۆچی ژن ناهێنم؟

مۆزگلیاکۆف هاواری کرد:

– ئەی مامی بچووکم... خزمەکانت لەبیر بێت !

میر پێی گوت:

– هەڵبەتە هاوڕێیەکەم... من ت...ت... تێدەگەم... من دەمەویست بڵێم... بەڵام بەڕێزەکەم من ناتوانم هاوسەرگیریی بکەم.. من دوای ئەو میواندارییە جوانە بەیانی زوو دەچمەوە چۆڵەوانی (مەبەست گوندی دۆخانۆڤۆ) دواتریش دەبێ بچمە دەرەوەی وڵات بۆ خ...خ...خوێندنی ئەورووپی...

زینا ڕەنگی هەڵبزڕکابوو، بە نیگایەکی پڕ قینەوە سەیری دایکی کرد، بەڵام ماریا لەسەر بابەتەکە مکوڕ بوو، تا ئەو ساتە چاوەڕوان بوو، تەنانەت هەستی بە ئەرزەکەی ژێر پێی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی دەکرد خەریکە بابەتەکە تەواو لە دەستی دەردەچێ و نەیارەکانیشی بە توندی هێرشی دەکەنەسەر... دواجار لەهەموو شتێك گەیشت، بۆیە

ویستی بە تەواوی لە داوی ئەو دوژمنە ببێتەوە کە سەدان پێی هەیە.

ماریا بەشکۆوە لەشوێنەکەی خۆی هەڵسایەوە، بە چەند هەنگاوێك لە مێزەکەی ناوەڕاست نزیك بۆوە، بە فیزەوە سەیری خاتوونە "کورتەباڵاکانی" کرد، لە بریسکەی چاوەکانی دەردەکەوت ئێستا بەسەر هەموو ئەو ژنانە زاڵ دەبێت کە بە دوای قسە و قسەلۆکن. لەشێوەی مێشوولەیەکی بچووك مۆزگلیاکۆفیش لەناو دەبات.. بە یەك گورزیش دەسەڵاتە لەناوچووەکەی لە لای میری گەمژە دەگێڕێتەوە...بێگومان لەو کارانەشدا پێویستی بە بوێرییەکی سەرسوڕهێنەر هەیە، بەڵام ماریا هەرگیز کەموکوڕیی لە جورئەت نەبووە، بۆیە بە زمانێکی سەنگینەوە وتی:

- خاتوونەکانم.... من ماوەیەکی زۆرە گوێ لە قسە چاکەکانی ئێوە دەگرم..ئێستا نۆرەی من هاتووە کە چەند قسەیەکی چاك بکەم.. ئێوە دەزانن هەموومان بە ڕێکەوت لێرە کۆبووینەتەوە.. منیش تەواو بەم ڕێکەوتە خۆشحاڵم. من نەمدەویست بەتەواوی ئەو نهێنیە ئاشکرا بکەم کە گرنگییەکی زۆری هەیە،چونکە وا دەخوازێ ڕەچاوی هەست و سۆزی یەکتر بکەین، من بە شێوەیەکی تایبەت داوای لێبوردن لە میوانە ئازیزەکەم دەکەم، بەڵام وا دیارە لە دەوری بابەتەکە دەخولێتەوە، ئامازەش بۆ من دەکات تا بابەتەکە ئاشکرا بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەترسێ، ئەی میر من لە قسەکانم هەڵە نیم... ئەی وا نییە؟

هەرچەندە میر لە مەبەستی ماریا نەگەیشت، کەچی وتی:

– هەڵبەتـە... هەڵـەت نـەکردووە... مـن لەوپـەڕی خۆشـحاڵییم.. لەوپەڕی خۆشحاڵی..

بـۆ ئـەوەی ماریـا کاریگـەری زیـاتری هـەبێت و ئامانجەکـەی بپێکـێ.. هەناسەیەکی هەڵمژی، بە وردی سەیری ئامادەبووانی کرد، هـەموویان بـە دڵەڕاوکێیەوە سـەیری ماریایـان دەکـرد، مۆزگلیـاکۆف دەلـەرزی، کەچـی زینـا لـە شـەرمان سـوور هەلگـەڕابوو، هەڵسـایەوە سـەرپێ، ئافاناسـیش چلّمنییەکەی راگرتبوو...

ماریا دەستی پێکردەوە و وتی:

– بـەڵێ.. خاتوونـەکانم... مـن بەوپـەڕی خۆشـحاڵییەوە ئـەو نهێنییـە خێزانییە دەدرکێنم، دوای نانی ئێوارە... میر بە شۆخ و شەنگی کچـەکەم سەرسام بوو، گەورەی کردین، خوازبینی زینای کرد...

بە دەنگێکی لەرۆزك کۆتایی بە قسەکانی هێنا و وتی:

– ئەی میر... میری ئازیز... نابێ لەمن تورەبی چونکە ئـەو نهێنییـەم ئاشـکرا کـرد...خۆشـحاڵی مـن ئـەو نهێنییـە بەنرخـەی لـەدڵی مـن دەرخست... چ دایکێك لەمەدا دەتوانی گلەییم لێ بکا..؟

من بە پێی پێویست وشە نادۆزمەوە، تا وەسفی ئەو کاریگەرییەی پێ بکەم، کە لە بۆمبە چاوەڕوان نەکراوەکـەی ماریـا کەوتـەوە.. هـەموویان

وشك بوون، ماريا وای لە مێر كرد بزانیّ، كە هەموويان نهێنييەكەی دەزانن.. بەمەش پەردەی لەسەر نهێنييەكە لادا... لەبەر ئەو راشكاوييە بوێرانەی ماريا، ئامادەبووان سەرسام ببوون، ئەم بوێرييە نيشانييەك بوو لە نيشانەكانی سەركەوتن..

ئامادەبوون لەدڵی خۆيان دەيانگوت" كەواتە مێر بە ويستی خۆی خوازبێنی كردووە، ئەوان فريويان نەداوە و سەرخۆشيان نەكردووە! ئەم كارەيان وەك دز و رێگرەكان نەكردووە، ناچار نيين بە نهێنی هاوسەرگيرييەكە ئەنجام بدەن...ماريا ئەلكسەندەرۆڤنا لە كەس ناترسیّ، كەسيش ناتوانیّ رێگری لەو هاوسەرگيرييە بكات!

بۆيە مقۆ مقۆ كەوتە نێو ژنەكانەوە.. دواتر بووە هۆی دەنگە دەنگی خۆشحاڵی دەربرين.. ناتاليا ديمتريڤنا زوو ماريا ئەلسكەندەرۆڤنای ماچ كرد.. ئانا نيكۆلێڤنا و دواتريش فيليستا ميخايلۆڤنا ئەو كارەيان كرد... ئامادەبووان تێكەڵ بە يەكتر ببوون، هەندێكيان لە تووڕەييان رەنگيان هەڵبزڕكابوو..هەندێكی ديكەش پيرۆزباييان لە زينا دەكرد كە لە شەرم نقووم ببوو..

ماريا لە مەزنێتی خۆی، قۆڵەكانی درێژ كرد، دواتر كچەكەی بە توندی لەباوەش گرت، تەنانەت مێر لە شوێنی خۆی كەوتبووە جوڵەوە، بە سەرسامی سەيری ئەو ديمەنەی دەكرد.. لە لايەك ديمەنەكەی بە دڵ بوو، كاتێك كچەكەی لە باوەشی دايكی بينی، بۆيە دەستەسڕەكەی لە

گیرفـانی دەرهێنـا فرمێسـکی لـە چـاوە سـاغەکەی سـڕی، ئامـادەبووان دەوریان دا و پیرۆزباییان لە میر دەکرد..

دەنگی پیرۆزبایی کردن لە میر لە هەموو لایەك بەرز دەبۆوە: پیرۆزباییت لێ دەکەم.. پیرۆزباییت لێ دەکەم!

خاتوونێك وتی:

– کەواتە ژن دەهێنی؟

یەکێکی دیکە وتی:

– بەڕاستی ژن دەهێنی؟

سێیەم وتی:

– ئەی میر ئازیز ! کەواتە ژن دەهێنیێ!

میر لە خۆشحاڵییان، تووشی جۆش و خرۆش ببوو، وتی:

– هەڵبەتـە.. هەڵبەتـە... ئـەو خۆشەویسـتییەی ئێـوە کاریگەرییـەکی گـەورەی لـە دڵـی مـن هەیـە... هـ...هـ...هـەرگیز لـەبیری ناکـەم... ئەمـە شتێکی نایابە.... نایاب.... واتان لێکردم فرمێسك لە چاوم بڕژێ....

فیلیستا دەنگی لە هەموویان بەرزتر کردەوە و هاواری کرد:

– ماچم بکە میر...

میر دەستی بە قسەکانی کردەوە و وتی:

- ئەوەی بە راستی سەرسامم دەکات ئەوەیە ئەم خاتوونە بەڕێزە "فیلیستا میخایلۆڤنا" بە پێشبینیەکانی خۆی، لێکدانەوەی بۆ خەونە سەیرەکەی من کردبوو، ئەو لە بری من پێشبینی کردبوو...

یەکێك لە ئامادەبووان وتی:

- ئای! ئەی میر ئازیز... تۆ هێشتا قسە لە سەر خەون دەکەی؟

هەموو ئامادەبووان دەوری میریان دا و دەیانوت:

- دەی ددانی پێدابنێ میر... کەواتە ددانی پێدابنێ!

ماریا بە زمانێکی یەکلاکەرەوە وتی:

-بەڵێ ئەی میر، شتێك نەماوە بیشاریتەوە. ئێستا دەتوانی چیت لە دڵ دایە بیدرکێنی.. من لە ناز و فیزی تۆ دەگەم کە پڕیەتی لە جوامێری... بۆیە بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەت بەوە دەدا کە خوازبینی کچەکەی منت کردووە...بەڵێ خاتوونەکانم... ئەمە راستە، ئەمڕۆ میر لەبەردەم کچەکەم کەوتە سەر ئەژنۆ، ئەمە خەون نەبوو، بەڵکو بە فەرمی خوازبێنی کردووە..

میر وتی:

- به تەواوی ئەمە ڕوویدا وەك ئەوەی بە راستی بێ.. تەنانەت لە هەمان بارودۆخ بوو...

میر بەوپەڕی نواندنی ئەدەبەوە رووی قسەکانی لە زینا کرد، کە هێشتا لە شەرم نقووم ببوو، میر وتی:

- کیژۆڵەکەم.. من هەرگیز بوێری ئەوەم نەبوو ناوی تۆ بدرکێنم، بەڵام ئامادەبووان کاریگەریان لەسەر من هەبوو..ئەمە خەونێکی شیرین بوو.. خ....خ..خەونێکی بەچێژ..! ڕێگەم بدە من هەست بە بەختەوەرییەکی دووسەرە دەکەم... شتێکی ئەفسوناوی بوو!

ماریا کە هێشتا هەستی بە نیگەرانی دەکرد و رەنگی بزرکابوو، ئانا نیکۆلیڤنا بەچرپەوە وتی:

- بەڵام هێشتا دەڵێ خەون..! بەداخەوە لەو ساتەدا دڵی ماریا بەهۆی خەمێکەوە شەق دەبوو...

ئامادەبووان بە منگەمنگەوە دەیانگوت: کەواتە چی بووە؟

ماریا زەردەخەنەیەکی ترش و تاڵی بۆ میر کرد و وتی:

- چ ڕوویداوە ئەی میر؟! ...دان بەوە دەنێم سەرسامم دەکەی! ئەو خەونەی تۆ هەراو زنای ناوەتەوە! من تا ئێستا پێموابوو تۆ گاڵتە

دەکەی... بەلاّم ئێستا ئەو گاڵتەپێکردنە لەسنووری خۆی دەرچوو.. بڕوام وایە ئەمە هەڵەیەکی بچووك بێ..

ناتالیا دیمتریڤنا کە دەنگی وەك فیکەیەك بوو وتی:

- بەڕاست! دەبێ بەهەڵە چوو بێ!

میر بێ ئەوەی تێ بگات، وتی:

- هەڵبەتە... بەهەڵەداچووم...سەهوم کردووە... من ڕووداوێکی خۆشتان بۆ دەگێڕمەوە، ڕۆژێك بانگهێشتی ماڵێکی سادە کرابووم. لە پترۆسبۆرگ.. چونکە ماتەم بوو ... نەخێر بابەتەکەم لێ تێکەڵ بوو.. من پێموابوو بابەتەکە پەیوەندی بە ڕۆژی لەدایکبوونەوە هەیە، کەچی هەفتەیەك بەسەرچووبوو.. چەپکێك گوڵم کڕیبوو.. چوومە ماڵەکەوە... بێنیم پیاوێکی بەساڵاچووی بەڕێز لە سەر مێزەکە ڕاکشاوە، بەلامەوە سەیر بوو، لەکوێ دابنیشم..... لەکوێ چەپکە گوڵەکەم دابنێم..

ماریا بە ڕق و قینەوە وتی:

- ئەی میر بابەتەکە پەیوەندی بە بابەتی بەزمەساتەوە نییە... بێگومان کچەکەم بە هەڵە ڕاو ناکرێ... تۆ ماوەیەك لەمەوبەر لەلای پیانۆکە خوازبینی کچەکەمت کرد..کەس ناچاری نەکردی.. منیش تەواو سەرسام بووم.. بەلاّم من دایکم و ئەوەش کچەکەمە.. تازەش بە بە پێچ

ویپەنا باس خەونەکەت دەکرد کە گوایە خوازبێنیت کردووە، من دڵنیام ئەوان وایان کردووە، دەزانم کێ ئەم کارەی کردووە، تۆی وەك پەنجەکێش لەدەست کردووە...بەڵام ئێستا خۆت یەکلا بکەوە.. ئەی میر... بە پەلە... ئەم جۆرە گاڵتانە لەماڵێکی بەڕێز ناکرێ. !

میر بە زمانێکی پڕ نیگەرانی و بە پاڵنەری نەستەوە وشەکانی دووبارە دەکردەوە:

– هەڵبەتە... ئەم جۆرە گاڵتانە لەماڵێکی بەڕێز ناکرێ!

– بەڵام میر تۆ وەڵامی منت نەدایەوە !من داوات لێ دەکەم خۆت یەکلا بکەیتەوە... زوو ئێستا ئەمە پشتڕاست بکەوە کە تۆ خوازبینی کچەکەی منت کردووە..

– هەڵبەتە... من ئامادەم پشتڕاستی بکەمەوە... سەرەڕای ئەوەش من باسم بۆ کردن... فیلیستا یاك...کووو فلنا... خەونەکەی منی بەچاکی لێکداوەتەوە...

ماریا بەو پەڕی رقەوە وتی:

– خەون نا ! خەون.. نا ! بابەتەکە خەون نەبوو... بەڵکو بەڕاستی ڕوویدا... گوێت لەمنە میر؟ راستی بوو.. راستی بوو.. !

میر بە سەرسامییەوە لە شوێنی خۆی هەڵسایەوە و وتی:

- ڕووداوێکی ڕاستی بوو.. !

دواتر ڕووی قسەکانی لە مۆزگلیاکۆف کرد:

- هەموو شتێك بەو جۆرە دەبێ کە تۆ پێشبینیت کردبوو..

دوای چەند چرکەیەك ڕووی لە ماریا کرد و وتی:

- دڵنیات دەکەمەوە ماریای ئازیزم... بە تەواوی خەون بوو..

ماریا ئەلسکەندەرۆڤنا وتی:

- ئەی خودایە !

ناتالیا دیمتریڤنا هاتە ناو بابەتەکەوە:

- ماریا بەمشێوەیە خەمبار مەبە، میر بابەتەکەی بیر چووە، دواتر بیری دەکەوێتەوە !

ماریا بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە:

- ناتالیا تۆ سەرسامم دەکەی.. چۆن پیاو بابەتی لەم جۆرەی بیر دەچێتەوە؟

دواتر ماریا ڕووی قسەکانی لە میر کرد و وتی:

- دەی میر... تۆ گاڵتەمان پێ دەکەی... دەتەوێ نواندنی شانۆ بکەی؟ بەڵام من پێت دەڵێم ئەمە لە تەمەنی تۆ ناوەشێتەوە.. سوێندت

بۆ دەخۆم تۆ سەركەوتوو نابی.. كچەكەی من وەك فیكۆنتسە نییە كە لە دەرەوە فریوت داوە، ئەو ماوەیەك لەمەوبەر غەزەلی بۆ تـۆ دەخوێنـد... تۆش بۆ ئەو كەوتیتە سـەر ئـەژنۆ و خوازبینیـت كـرد..ئـەوە مـنم خـەون دەبینم؟ قسە بكە میر.. من نەخەوتووم!

میر تەواو گێژ ببوو، وتی:

– هەڵبەتـە... لەلایـەكی دیكـەوە.. لەوانەیـە رووی نـەداوە... مـن دەمـەوێ بڵـێم ئێسـتا خـەون دەبیـنم... كاتـژمێرێك لەمەوبـەر خـەونم دەبینی... دواتر خەونێكم بینی.

ماریا وتی:

– ئەی خودایە! بـەلآم... ئـەوە چـی روودەدا؟ تـۆ خـەونت بینـی... شەیتان بەو شێوەیە گومڕا نابێت! ئەوە وڕێنە دەكەی..؟

میر بە نیگەرانییەوە سەیری دەوروبەری كرد و وتی:

– هەڵبەتە! شەیتان گومڕا دەبێ! دواتر من خەریكـە لـە هـیچ شـتێك تێناگەم.

– چـۆن دەتـوانی پێـداگری بكـەی كـە خەونـە، كەچـی مـن وردەكارییەكانت بۆ دەگێڕمەوە، كە بۆ هیچ كەست باس نەكردووە..

ئەو کاتە ناتالیا دیمتریڤنا وتی:

- بەڵام لەوانەیە خەونی بۆ کەسێکی دیکە گێڕابێتەوە....

میر پشتگیری لەو قسەیە کرد و وتی:

- هەڵبەتە بۆ کەسێکم گێڕاوەتەوە..

فیلیستا میخایلۆڤنا بە منگەمنگ بە دراوسێیەکەی وت:

- ئای لەم گاڵتەجاڕییە!...

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا لە بێ ئومێدی دەستەکانی لەیەکتر گیرکردبوو، دەیقیڕاند:

- ئاخ! ئەی خودایە! ئەمە لەسەرووی هەموو سەبرگرتنێکە! ئەو قەسیدەی غەزەلی بۆ خوێندی! قەسیدەی غەزەل! ئەمەشت لە خەون بینی؟

میر بە خەیاڵێکی پەرتەوازە وتی:

- هەڵبەتە... راستە... ق...ق...قەسیدەی غەزەل...

لەناکاو میر وەك ئەوەی شتێکی زۆر گرنگی بیر کەوتبێتەوە، هاواری کرد و رووی لە مۆزگلیاکۆف کرد:

— لەو ساتەدا لەبیرم چوو پێت بڵێم، کە قەسیدەی غەزەلی بۆم خوێندووە، کە باسی ک....ک...کۆشک و شاعیرانی ستایشکەری تێدابوو... هەڵبەتە...م..م...من بیرم دێتەوە، تەنانەت گریام، ئێستا نازانم خەون بوو یان راستی...

مۆزگلیاکۆف بە هێمن بەڵام بە دەنگێکی شێواو، وەڵامی دایەوە و وتی:

— زەحمەتییەکە لێرەیە، کە ترسناکە... لەوانەیە تۆ گوێت لە غەزەلخوانی بووبێ، زینای ئازیز بە جوانی دەیخوێنێ! زەمەنی رابردووت بیرکەوتۆتەوە، ساتە شیرینەکان، تەنانەت ئەو خانمە فەرەنسییەت بیر کەوتۆتەوە کە بەیانی باست دەکرد، گوایە گۆرانی غەزەلت لەگەڵ دەخوێند، دواتر کاتی خەوتن، خەونت بینیوە کە تۆ عاشق و شەیدای و لەو خەونەش خوازبێنیت کردووە....

ماریا لەبەر ئەم چەپەڵییە، خەریك بوو عەقڵی لە دەست بدات..

میر بە جۆش و خرۆشەوە وتی:

— ئەها..ئەی هاورێیەکەم! ئەمە راستە... بەڵێ ل...ل...لە کاتی خەو، هەست و سۆزێکی بە چێژ بوو... ق...ق...قەسیدەی غەزەلم بیرکەوتەوە... م...م...من دەمەویست لە خەون خوازبێنی بکەم!! لە خەونەکە فیکۆنستەی فەرەنسیم لەگەڵ دابوو..ئەها! ئەم بابەتەت بۆ من روونکردەوە... ئازیزەکەم... باشە..

دواتر قسەی لەگەڵ ماریا کرد:

– ئەی ماریا من تەواو قەناعەتم بەوە هەیە کە خەون بوو! دڵنیات دەکەمەوە تۆ هەڵە بووی، خەون بوو، من هەرگیز گاڵتە بە ئابڕوی تۆ ناکەم..

ماریا بە هەڵچوونێکی سەرسەختانە ڕووی لە مۆزگلیاکۆف کرد و وتی:

– ئەها! ئێستا بەڕوونی دەزانم کێ ئەم کارەی کردووە... تۆی بەڕێزم.. تۆ پیاوێکی بەدڕەوشتی... تۆ! تۆ! تۆ! تۆ ئەو بەدبەختە دەبەنگەت فریوداوە، چونکە تۆ دوورخرایەوە.. بەلآم خۆت باجەکە دەدەی، ئەی داماو.. باجێکی قورس دەدەی! باجێکی قورس!

مۆزگلیاکۆف لە لایەن خۆیەوە سوور هەڵگەڕا و هاواری کرد:

– ئەی ماریا... قسەکانت...من دەزانم تا چ ئاستێك قسەکانت... هیچ خاتوونێکی کۆمەڵگا ڕێگە بەخۆی نادات... من داکۆکی لە مامم دەکەم... دان بەوە بنێ کە فریو...

میر هەڵسایەوە و خۆی لەپشت مۆزگلیاکۆف حەشار دا و وتی:

– هەڵبەتە... فریویان دام... ف....ف...فریویان دام..

ماریا بە سەر مێردەکەی هاوار کرد و وتی:

– ئافاناسی... کەواتە گوێت لێیە؟ ئەوانە سووکایەتی بە ئابڕوومان دەکەن... ئایا هەستی بەرپرسیارییت لەدەست داوە؟ بەڕاستی وەك کۆڵکە دارێکی؟ چییە چاو دەنوقێنیٚ؟ هەر پیاوێك ڕەوشتی هەبیٚ، هەر ئێستا ئەم سووکایەتییە بەخوێن دەسڕێتەوە!

ئافاناسی بە زمانێکی پڕ شکۆوە قسەی دەکرد، کاتێك بینی کەسێك بیری لێدەکاتەوە، تووشی لووتبەرزی بوو، وتی:

– هاوسەرەکەم! هاوسەرەکەم! لەوانەیە خەونێك بوو بیٚ تۆ بینیوتە! دواتر کە هەڵسایتەوە وادەزانی ڕاستییە.

تا ئەم چرکەساتە میوانەکان، بەڕواڵەت ئەدەبێکی چەپەڵەییان دەنواند، بەلاّم کاتێك گوێیان لەو قسەیەی ئافاناسی بوو، بەدەنگێکی بەرزەوە کەوتنە قاقای پێکەنین. ماریا هەموو نەریتێکی لەیاد کرد و هێرشی کردە سەر مێردەکەی، لەوانە بوو چاوی دەربهێنیٚ، بەلاّم ئامادەبووان ناچاربوون بەهێزەوە ڕێگری لیٚ بکەن.

ناتالیا هەلێکی بۆ ڕەخسا، بۆئەوەی ئاگرەکە خۆشتر بکات، بەسلکردنەوە وتی:

– بەلاّم ماریا لەوانەیە ئەمە بەڕاستی خەون بووبیٚ...

ماریا نەیدەزانی ئامانجی ناتالیا چییە، قیڕاندی:

– چی؟ خەون؟ چی؟؟

- ئای! ئەی ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا.. ئەمە هەندێك جار روودەدا..

- بەڵام چی؟

- لەوانەیە خەونی تۆ بێ!

- لە خەون! من ؟ لە خەون، تۆ چۆن بوێرییت هەیە، بەرەو رووی من ئەم قسەیە بکەی.

فیلیستا میخایلۆڤنا:

- باشە... لەوانەیە وابێ..

میریش بە مینگەمینگ وتی:

- هەڵبەتە... لەوانەیە وابێ..

ماریا دەستی لەسەر سنگی دانا و قیڕاندی..

- ئەو... تەنانەت ئەویش... ئەی خودایە!

یەکێك لە ئامادەبووان وتی:

- ماریا بۆچی خەمباری؟ ئەوەت لەبیر بێ خەونەکانمان بە دەست خودایە. هیچ شتێك لە ویستی پیرۆزی ئەو بەرزتر نییە... پێویستە تورە نەبیت..

میر وتی:

- هەڵبەتە... پێویستە ت... ت...تورە نەبیت..

ماریا بە هەناسەبڕکێیەوە، بەتورەیی وتی:

- ئایا بە شێتم دەزانن؟

ئەوەی روویدا، لەسەرووی هێزی ئەو بوو، بەپەلە لە کورسییەک دەگەڕا، بێ جووڵە کەوتە سەر کورسییەکەوە.. لەوێ ئەمە بەزم و رەزمێکی دیکە هات..

ناتالیا دیمتریڤنا، بە چرپەوە بە ئانا نیکۆڵیڤنای وت:

- لەکاتێکی گونجاو لە هۆش چوو..

لەم ساتەدا، لەو بەزم و رەزمە، کارەکتەرێکی دیکە هاتە ناو بابەتەکەوە، کە تائێستا بێدەنگ بوو، بۆیە بارودۆخەکە رووخسارێکی دیکەی وەرگرت..

## بەشی چواردەم

## ڕووداوێکی لەناکاو و سەرنجڕاکێش

زینای ئازیز، خەسڵەتێکی ڕۆمانسی هەبوو، جا نازانین زینا" شکسپیری گەمژەی" خوێندۆتەوە، بیروڕاکانی وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا کارێکی شێتانەی لەم جۆرەی ئەنجام نەداوە!

زینا ڕەنگی زەرد ببوو، لەمکوڕبوون چاوەکانی بریسکەیان دەدا، تووڕەییەکەی جوانتری دەکرد... بەرەو پێش چوو.. بەچاوی بەرەنگاربوونەوە سەیری هەموو کەسەکانی دەوروبەری کرد، دواتر لە نێوان کەشێکی تەواو بێدەنگ رووی قسەکانی لەدایکی کرد، کە هەر لەگەڵ یەکەم جوڵەی زینا چاوەکانی کردەوە:

- دایکـە... بۆچـی لەسـەر ئـەو بۆچـوونەت سـووری... هـەموو شتەکانی دەوروبـەرمان، چـەپەڵە! بەسـیەتی درۆ... پاسـاوێك نییـە بـۆ ئەوەی زەڵکاو بە زەڵکاو پاك بکرێتەوە..

ماریا بەهەڵچوونەوە هەڵسایەوە سەرپێ و هاواری کرد:

- زینا! زینا.. چیتە؟ هۆشت بێتەوە...

- دایکە من پێشتر پێم وتی... من ناتوانم هێنـدە بەرگـەی نـەنگی بگرم! پێویستە خۆمان زیاتر نەخەینە زلکاوەکەوە... من هەموو شـتێك لە ئەستۆی خۆم دەگرم، تەنیا من تۆمەتبارم.. مـن تۆمـەتبارم، چـونکە ئەو کارە دزێوەم قبوڵکرد، بۆیە هەموو ئەو کارە چەپـەڵانەی لێکەوتـەوە، ئەو هـەموو پیلانگێڕییـە... تـۆ بـڕوات وابـوو لـە پێنـاو بەختـەوەریی مـن کاردەکەی، لەوانەیە خەڵك پاساوەکانت قبوڵ بکـەن... بـەڵام ...هـەرگیز لە من نابوورن..!

- زینـا ئـەوە چ دەڵێـی؟ ئـەی خودایـە! مـن پێشـبینی ئـەوەم دەکرد، خۆزگە لە دوایین گورز بەزەییت بە من دەهاتەوە!

- بـەڵام مـن ئێسـتا هـەموو شـتێك دەڵـێم.. مـن لـە شـەرمەزاری و نەنگی دەمرم... ئابڕووی ئێمەت برد..

- زینا تۆ زێدەڕۆیی دەکەی.. نازانی چی دەڵێی! بەڵام بۆ هـەموو شتێك دەگێڕیتەوە؟ پێویستە بەمە ناکات ئەو کارە بکەی.. ئێمە خۆمـان تووشی ئابڕووچوون نەکردووە... بۆت دەسەلمێنم!

- وازبینە قسە بکەم! من نامەوێ لە بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە بێدەنگ بووم کە رقم لێیانە و هاتوون گاڵتەمان پێ بکـەن! هـیچ یـەکێك

لەم خاتوونانە مافی ئەوەی نییە تۆمەتبارم بکات! ئەوەی من کردووە، هەر یەکێك لەوانە ئامادەن سەد جار دووبارەی بکەنەوە، کەواتە بە چ مافێك دەتوانن تۆمەتبارمان بکەن، چ جورئەتێکیان هەیە؟

یەکێك لە ژنانی ئامادەبوو وتی:

– ئەوە چ شێوازێکە پێی دەدەوێی؟

یەکێکی دیکە وتی:

– تۆ سووکایەتیمان پێدەکەی؟

سێیەمیان وتی:

– ئەی ئەو؟ کەواتە ئەو کێیە؟

ناتالیا دیمتریڤنا کۆتایی بە قسەکان هێنا و وتی:

– نازانیێ چی دەڵی! ...

با بڵێین ناتالیا دیمتریڤنا لەسەرهەق بوو، ئەگەر ئەو ژنانە شایەنی ئەوە نەبوون زینا و دایکی تۆمەتبار بکەن، ئەی بۆ لەبەردەم ئەوان ئیعتراف دەکات؟ کورتەی قسەکان ئەوەیە زینا بە هەڵچوونێکی زۆرەوە هەڵسوکەوتی کرد. ئەمەش بۆچوونی خەڵکە داناکەی مۆرداسۆف بوو، دواتر کە هەواڵەکەیان بیست بۆچوونیان وابوو.. دەکرا هەموو شتەکان چاك بکرێتەوە! هەروەها دروست بوو ماریا کە بەهەڵچوون و فیزی خۆی، شەرمەزار ببوو، تەنها ئەوەندە بەس بوو، پیرە پیاوی کورت و دەبەنگ لەماڵەکەی خۆی دەربکات. کەچی زینا بە ئەنقەست هەڵسوکەوتێکی نواند، پێچەوانەی بیرکردنەوەی دروست و دانایی خەڵکی مۆرداسۆف بێ، رووی قسەکانی لە میر کرد..

زینا سەیری پیرە پیاوەکەی کرد، ئەویش هێندە بە جوانیەکەی کاریگەر بوو، بۆیە بەڕێزەوە هەڵسایە سەرپێ، زینا وتی:

— ئەی میر.. ببوورە، تۆمان فریودا!

دایکی قیڕاندی و وتی:

— بێدەنگ بە ئەی بەدبەخت!

میر بەسەرسامی وتی:

— کیژۆڵەکەم.... ك....ك..کیژۆڵە ئەفسووناوییەکە..

زینا ئەوەی لەبیرکرد، بەو ددان پێدانانە نەگریسەی ئەو، دایکی چەندە ئازار دەکێشێ، کەچی ئەو پێیوابوو دەرگای دەربازبوون تەنها گوتنی هەقیقەتەکەیە، بۆیە ئەو رێگایەی گرتەبەر تا کۆتایی رۆیشت، بەمیری وت:

— ئەی میر من و دایکم فریومان دای.. دایکم منی فریودا تا تۆ قبوڵ بکەم، منیش تۆم فریودا تا خوازبینی بکەی، تۆمان سەرخۆش کرد، گۆرانیم چڕی و تەمسلیم کرد، بۆ ئەوەی سامانەکەت تالآن بکەین، وەك پاڤێل وتی! بۆ ئەوەی سامان و نازناوەکەت بدزین.. ئەمە کارێکی دزێوە، داوای لێبوردن دەکەم! ئەی میر سوێندت بۆ دەخۆم.. نیازم بوو... سوێند دەخۆم دەمویست... بەلآم دوو هێندە ریسوات دەکەم، ئەگەر داوای لێبوردن بکەم! لەگەڵت راشکاو دەبم، ئەگەر من شووم بەتۆ دەکرد، بۆ ئەوەی سامان و نازناوت تالآن بکەم، ئەوا لەبەرامبەر منیش دەبوومە بووکەشووشە و خزمەتکار و کەنیزەی تۆ.. من لە دڵەوە ئەو نیازەم هەبوو، لە سوێندەکەی خۆم پاشگەز نەدەبوومەوە...

زینا لەبەر گرژبوونی پەنجەکانی قسەکانی بڕی، هەموو ژنانی ئامادەبوو، وەستابوون و چاویان ئەبڵەق ببوو، هەموویان لەبەر ئەم بۆمبە چاوەڕواننەکراوەی زینا تووشی سەرسامی ببوون، تەنها میر هەڵچوو بوو، دەستی کرد بەگریان هەرچەندە لەنیوەی قسەکانی زینا نەگەیشتبوو..

میر بە زینای وت:

– هەڵبەتە ... ئەگەر دەخوازی... کچە جوانەکەم... م..م..من دەتخوازم. ئەمە بۆ من ش...ش..شەرەفێکی گەورەیە! بەڵام تەنها دڵنیات دەکەمەوە..خ...خ...خەون بوو، من زۆر ش...ش...شت لە خەون دەبینم... بۆچی هێندە نیگەران دەبی..

میر لە قسەکانی بەردەوام بوو، رووی قسەکانی لە مۆزگلیاکۆف کرد و وتی:

– من لە هیچ شتێك ناگەم... هاوڕێیەکەم... ت...ت..تکایە بۆم روون بکەوە!

زینا بە مۆزگلیاکۆفی وت:

– تۆ ئەی پاڤێل.. تۆ کە ئەوها ئابڕووبەرانە تۆڵەت لێکردمەوە، چۆن توانیت بچیتە ریزی ئەو کەسانەوە، بۆ ئەوەی لەت لەتم بکەی و ئابڕوم لەکەدار بکەی، تۆ بانگەشەی ئەڤینداری منت دەکرد.. نامەوێ وانەی ئاکارت فێربکەم، چونکە لەتۆ گوناهبارترم... منیش درۆ و دەلەسەم لەگەڵ تۆ کرد کە دەمگوت چاوەڕوان بە.. من هەرگیز تۆم خۆشنەویستووە.. کە رۆژێك بڕیارم دەدا شوو بە تۆ بکەم، تەنها لەبەر

ئەوە بوو لەم شارە نەفرەتییە خۆم دەرباز بکەم... بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا مکورِ بووم لەسەر ئەوەی هاوسەرێکی چاك و دڵسۆز بم...

مۆزگلیاکۆف قسەکانی پێ بڕی و وتی:

– ئای زینا بەنرخەکەم!

– ئەوە تۆ هێشتا رقت لە منە؟

زینا لەسەر قسەکانی بۆ مۆزگلیاکۆف بەردەوام بوو، بەرەنگاری فرمێسکەکانی دەبۆوە، وتی:

– ئایا تۆ رۆژێك لە رۆژان منت خۆشویستووە؟

– ئای زینا بەنرخەکەم!

ماریا وتی:

– زینا! زینا! کچەکەم.

مۆزگلیاکۆف وتی:

– زینای سەنگینم.. من کەسێکی بەدبەختم... مرۆڤێکی بەدبەختم. هیچی تر نییم!...

لە هەموو لایەکەوە دەنگی سەرسامی و سەرزەنشتکردن بەرزبۆوە.. ئامادەبووان شڵەژانێکی گەورەیان دروست کرد، مۆزگلیاکۆف بێ بیرکردنەوە و بێدەنگ وشك ببوو..

کاتێك کەسێکی ناوەڕۆك پووچ، خاوەن کەسێتییەکی لاواز، کە لە ملکەچی راهاتووە، یاخی دەبێ، تا سنوورێکی دیاریکراو لەسەر یاخیبوونەکەی بەردەوام دەبێ، شۆڕشەکەی لە سەرەتادا زۆر چالاکە، بەلاّم چالاکییەکەی نائومێدییە... بۆیە وەك ئەوەی چاوەکانی بەسترابێ

تووشی کۆسپ دەبێتەوە، لەوکاتەدا بەردەوام بوو بارەکەی دوو هێندە قورس دەکات، جا ئەو ساتە دێ کە لە خودی خۆی دەتۆقێ... ئەو کاتە دەوەستێ و پرسیار دەکات: کەواتە چی بکەم؟ لە کۆششەکەی سارد دەبێتەوە، لەبەر یاخیبوونەکەی داوای لێبوردن دەکات، تکا دەکا و دەپاڕێتەوە، بەمشێوەیە دەگەڕێتەوە بارودۆخی پێشووی، دەیەوێ بەزووترین کاتیش ئەمە روویدات..

هەر ئەمەش بەسەر مۆزگلیاکۆفی هاوڕێمان هات، تووشی نائومێدی بوو کاتێك کارەسات بەهۆی ئەو دروست بوو، بۆیە رقی لەخۆی بوو، پەشیمانی لەناوی دەبرد.. دوایین وشەی زینا وایکرد ئەو بتۆقێ و سەرسام بێ، بۆیە لە دژەوە بۆ دژ دەچوو..

بە دەنگی نائومێدی وتی:

– من کەرم زینا بەنرخەکەم! ئای کەری چی؟ بەڵکو لە کەر خراپترم! بەلاّم زینا من دەتوانم وەك جاران ببمەوە پیاوێکی بەڕێز!

مۆزگلیاکۆف ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو، دواتر هەناسەیەکی وەرگرتەوە و بەدەنگێکی بیستراو بە میری وت:

– مامی بچووکم من تۆم فریو دا! بەڵێ... من ..من تۆم فریودا... تۆ خەونت نەبینی، تۆ بەڕاستی خوازبینی زینای سەنگینت کردووە! من فریوم دای کە وتم ئەمە خەونە!

ناتالیا بەدەنگێکی وەك فیکە وتی:

– بابەتی زۆر سەیر خەریکە لەبەر دەممان ئاشکرا دەبێ!

میر وەلاّمی مۆزگلیاکۆفی دایەوە وتی:

- هەڵبەتــە... خــەون بــوو! خ...خ..خــۆت دڵنیــا بکــە... تکـا دەکەم... تۆ بـە قسـەکانت منـت ترسـاند؟ ئـای لـەدەنگی خۆشـی تـۆ! م...م...من ئامادەم خـوازبینی بکـەم، ئەگـەر پێویسـت بـوو.. بـەڵام تـۆ دڵنیات دەکرمەوە کە خ...خ..خەون بوو!
- ئـەی خودایـە! ئێسـتا چـۆن ئـەم بیرۆکەیـە لـە مێشـکی تـۆ بسـڕمەوە؟ چـی بکـەم؟ ئـەی مـامی بچـووکم... بـیر بکـەوە بابەتەکـە پەیوەندی بە کێشەیەکی خێزانییەوە هەیە.
- هەڵبەتـــە! هەڵبەتـــە.... مـــن ب....ب....بـــیر لـــەو بابەتـــە دەکەمەوە.چاوەڕوان بە... با زنجـیرەی بابەتـەکانم بـیر بکەوێتـەوە، مـن یەکەم جار فۆفیێڵی عەرەبانچی کە لەلای من کار دەکات...

مۆزگلیاکۆف قسەکانی پێ بڕی و وتی:

- مامی بچووکم بابەتەکە پەیوەندی بە فیوفیێڵ نییە!
- هەڵبەتە.. بابەتەکە پەیوەندی... دواتر نـاپلیۆن هـات و چـای خواردەوە و ئەو کاتەش خاتوونەکـە هـات هـەموو قەنـدی شـەکردانەکەی خوارد...

مۆزگلیاکۆف عەقڵی لەکەللە نەما و لەناکاو وتی:

- بـەڵام مـامی بچـووکم... ئەمـە ماریـا ئەلکسـەندەرۆڤنا بـوو، کـە باسی ناتالیا دیمتریڤنای دەکرد، من لە پشت دەرگاکە خۆم حەشاردابوو، گوێم لە قسەکان بوو..

ناتالیا ئەم قسەیەی مۆزگلیاکۆفی قۆزتەوە، بەسەر ماریای هاوارکرد:

- چۆن؟ لەلای میر باسی منت کردووە گوایە من هاتوومەتـە مـاڵی تۆ شەکر بدزم؟

ماریا بە کۆششێکی زۆر وەڵامی دایەوە:

- وازم لیّ بێنە!

- نـەخێر ئـەی ماریـا.. مـافی ئـەوەت نییـە خـۆت لـە وەڵامەکـە بدزیتەوە: من قەندم لەتۆ دزیوە؟ من دەمێکە دەزانم بە خراپە باسی مـن دەکەی... من قەند لە ماڵی تۆ دەدزم؟

میر وتی:

- بەڵام خاتوونەکەم... ئەو قەندە.. خ..خ..خەون بوو..

ماریا بە منگەمنگ بە ناتالیای وت:

- ئەی بەرمیلی نەفرەتی!

ناتالیا بەوپەڕی توانای خۆی هاواری کرد:

- ئەها... من بەرمیلم! ئەی تۆ چی؟ تۆ دەمێکە وا دەڵێی، بەڵام بەلایەنی کەمەوە من مێردێکم هەیە، کەچی تۆ گەمژەیەکت هەیە!

میر وتی:

- هەڵبەتە... من وشەی بەرمیلەم لەبیرە..

ناتالیا دیمتریڤنا بە میری وت:

- چۆن! ئەوە تۆش... بوێرییـت هەیـە جنێـو بـە ژنێکـی خانـەدان بدەی! من ب... ب.. بەرمیلم... باشە! تۆ پێویستت بە قاچێك هەیە!

میر وتی:

- هەڵبەتە... قاچێکم نییە.... چۆن؟

ناتالیا وتی:

- بەڵێ... گۆجە... بێ ددان!

ماریاش خۆی هەڵقورتاند و وتی:

- چاوێکی شووشەییە!

ناتالیا رووی قسەکانی لەمیر کرد و وتی:

- لە بری پەراسوو داری بەستووە!

ماریا وتی:

- دەموچاوی قورمیشە!

ناتالیا وتی:

- قژی دەستکردە!

ماریا وتی:

- ئەی دەبەنگ سمێڵت دەستکردە!

میر بە پەشۆکاوی وتی:

- بەلایەنی ک...ک..کەمەوە رێزی لووتم بگرن، ئەویان راستەقینەیە!

مۆزگلیاکۆف وتی:

- مامی بچووکم!

میر وتی:

- نەخێر هاورێیەکەم... من ناتوانم لێرە بمێنمەوە، بۆ هەر شوێنێك بێ دەرۆم... ئەی لەو کۆمەڵگایە... ئەی خودایە تۆ منت هێناوەتە چ شوێنێك!

ماریا قیڕاندی:

- ئەی گەمژە... ئەی بەدبەخت!

میری بەستەزمان بە ئاخ هەڵکێشانەوە وتی:

- ئای.. ئەی خودایە! ن...ن... نازانم بۆ هاتمە ئەو شوێنە... بەڵام هێندەی پێناچێ بیرم دەکەوێتەوە کە چییم کردووە... براکەم لێرە دووربخەوە، ئەوانە لەت لەتم دەکەن! دواتر من پ...پ....پێویستم بەوەیە بیرۆکەیەکی نوێ یاداشت بکەم کە تازە کەوتۆتە خەیاڵم..

مۆزگلیاکۆف وتی:

- وەرە مامی بچووکم، کات زۆر درەنگ نییە.... دەچینە هوتێلێك منیش لەگەڵت دەمێنمەوە...

میر وتی:

- هەڵبەتە.... من لەگەڵ تۆ دێم! ماڵئاوا کچە ئەفسوناوییەکەم، ت....ت....تۆ بە تەنیا.... ڕەوشتت بەرزە! تۆ کچێکی خ...خ...خانەدانی... دەی ئازیزەکەم، ئەی خودایە!

وەسفی ئەو کۆتایی ئەو ڕووداوە بێزراوە ناکەین، کە بەدوای ڕۆیشتنی میر ڕوویدا، هەموو ژنانی میوان ڕۆیشتن و بە بەرزترین دەنگ هاواریان دەکرد..

ماریا بە تەنیا لە نێو ئەو کارەساتە مایەوە کە خۆی هۆکارەکەی بوو.. بەداخەوە... هێز و سەروەت و پێگە و شکۆی خۆی... هەموو بە یەك ڕۆژ لەدەست دا! تەواو درکی بەوە دەکرد جارێکی دیکە لەژێر کاریگەری

ئـەم گـوررزە هەڵناسـێتەوە، ئـەو دەسـەڵاتەی کـە ماوەیـەکی زۆر بەسـەر مۆرداسۆفەوە هەیبوو، نەما، چی بۆ ماریا مایەوە؟...

ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا فەیلەسوف نەبوو.. شەوێکی پـڕ مەینـەتی و رقـی بەسەربرد... زینـا ئـابڕوی چـوو، بـێ شـومار قەسـە و قسـەڵۆکی لەسـەر دەکرێت.. ئای لەم ئابڕوچوونە... ئای لەم ئابڕوچوونە!.....

منیش وەك مێژوونووسێکی بە ویژدان، دەبێت ئاماژە بـۆ ئـەوە بکـەم، تەواوی ئەو شەوە ئافاناسی لە سوچی ژوورێکی تاریك دەلەرزی کە خـۆی تێدا حەشاردا بوو...

رۆژی دواتر بەدبەختیی زیاتر یاخەی ئەو خێزانەی گرت، بەدبەختییەکان هەردەم بەتەنیا نایەن!

## بەشی پانزەم

## دوایین دیدار

لــە کاتــژمێر (دە)ی بەیانییــەوە، دەنگۆیــەك بــە شــار بڵاوبۆتــەوە، بــاوەڕکردنی ئەســتەمە. هــەموو خەڵکەکــە وەك نــەریتی خۆیــان، بــە شەڕانگێزی و چەپەڵەییەوە باسی ئەو هەواڵـەیان دەکـرد، کـە پـەیوەنـدی بە ئابڕوچـوونێك هـەبوو، یـەکێك لـە هاوڕێکانمـان قوربانییـەتی...خـەڵك دەیانگوت:

- ئایا تا ئەو ئاستە ئابڕوی لەدەستداوە!
- ئایا هێندە چەپەڵ بووە؟
- بەم شێوەیە پێشێلی نەریتەکان دەکات؟!
- ئای لەم ئاکارە ؟!

ڕووداوەکە بەمشێوەیە:

سـەر لەبەیانییـەکی زوو، وا بـزانم نزیـك کاتـژمێر حـەوت بـوو، پیرەژنێکـی بەستەزمان هاتە ماڵی ماریا، دڵتەنگی و خەمباریی بە سیمای دیـاربوو، ئـەم ژنە لە خزمەتکارەکەی ماریا دەپاڕیـەوە، بـۆ ئـەوەی بەوپـەڕی بێـدەنگی و بەخێرایی خانمەکـەی لـە خـەو بێداربکاتـەوە. زینـا بەنیگەرانییـەوە بـۆ لای ژنەکە رایکرد، پیرەژنەکە لەبەردەم زینا کەوتـە سـەر زەوی و بـە چـاوی پـڕ فرمێسکەوە پێیـەکانی زینـای مـاچ دەکـرد، لـە زینـا پـاڕایـەوە، بـۆ ئـەوەی سەردانی ڤاسیا بکات، پیرەژنەکە وتی:

– بەوپەڕی خراپی شەوی تێپەڕاندووە! وا بزانم ئەمڕۆ تێپەڕ ناکات...

سەرەڕای ئەوەش پیرەژن باسی ئەوەی کرد، ڤاسیا دەیـەوێ بـەر لـە مـردن خۆشەویستەکەی ببینێ، بۆیە ئەو بە نـاوی ڕابـردوو لێـی دەپاڕێتـەوە، ئـەو کارە بکات... ئەگەر رەتی بکاتەوە ئەوا ڤاسیا بە نائومێدی دەمرێ..

زینـا بێئـەوەی دایکـی ئاگـادار بکاتـەوە، یەکسـەر ڕۆیشـت..بۆیـە بـەرەو هـەژارترین ناوچـەی مۆرداسـۆف ڕۆیشـت، لـەوێ لـە خانوویـیـەکی بچـووکی وێرانەدا، کە پەنجەرەکانی بریتی بـوون لـە چـەند دەلاقەیـەك، لـە ژوورێکـی بچووکی ساپیتە نەوی، بۆن ناخۆش، نیوەی ژوورەکە تەندوورێکی گـەورەی داگیری کرد بوو، لەسەر چەند تەختەیەك، کە بـە لێفێکـی وەك کاغـەز تـەنك داپۆشرابوو، گەنجێك لە ژێر پاڵتۆیەکی کۆن و شڕدا ڕاکشابوو، تـەواو رەنـگ زەرد، چاوەکانی لە ژێر قورسیی تایەك بریسکەی دەهات، دەستەکانی وشك و لاواز، بە زەحمەتییەکی زۆر هەناسەی دەدا و لەسەرەمەرگ دەینالاند...

هەرچـەندە نەخۆشـییەکە ڕووخسـاری کوڕەکـەی گۆڕیبـوو، بـەڵام هێشـتا جوانییەکی لە سیمادا بەدی دەکرا، بینینی ئەو گەنجە لەسەرەمەرگدا مایەی

خەمباریی بوو. دایکە پیرەکەی تا دوێنێ باوەڕی بە چاکبوونەوەی هەبوو، بەڵام ئێستا دڵنیا بوو کە بەم نزیکانە لەم دونیایەدا تەنیا دەمێنێتەوە. دایکەکە دەستەکانی لەسەر سنگی دانابوو، چاوەکانی وشك ببوو، خەیاڵی ئەوەی دەکرد تاقانەکەی لە گۆڕستانە کۆنەکاندا، کە بە سەهۆڵ داپۆشراوە، لەناو گۆڕێکی تاریك و سارددا رادەکشێ...

ڤاسیا کاتێك سەیری زینای کرد، لە بەختەوەرییدا گەشایەوە...دواجار یارەکەی دەبینی، کە ساڵێك دەبێ نەیبینیوە، تەنها لە خەونی شەوگارە درێژەکانی نەخۆشی نەبێت. ڤاسیا زانی کاتێك زینا ئامادەبووە، ئەوا لێی خۆشبووە... ئەوەتا زینا بە چاوە جوانەکانی سەیری ڤاسیای دەکرد، لەیەك کاتدا زەردەخەنەی دەکرد و دەشگریا.. جارێکی دیکە، رابردوو هاتەوە بەرچاوی گەنجەکە، ژیانی بە بەر دڵ داهاتەوە، وەك ئەوەی پێی بڵێ جیهێشتنی زۆر ئازاربەخشە!

ڤاسیا بە زینای وت:

– ئەی زینا.. ئەی زینای سەنگین! مەگری.. مردنم بیر مەخەرەوە.. رێگەم بدە با سەیرت بکەم و دڵنیابم لەوەی لەمن خۆشبووی.. کاتێك دەستەکانت ماچ دەکەم هەست بە مردن ناکەم.. من لاواز بووم ئەی زینای ئازیز! ئەی فریشتەی سەنگین..تۆ بە هەموو جوانییەکەتەوە سەیری من دەکەی؟ ئای ئەی زینا...من داوای لێخۆشبوون ناکەم...چەندین شەوم بە بێ خەو تێپەڕاندووە! بیرم دەکردەوە و بیرم دەهاتەوە و پەشیمان دەبوومەوە! وا چاکترە بمرم توانای ژیانم نەماوە..

زینا دەگریا، دەستی خۆشەویستەکەی دەگوشی وەك ئەوەی ڕێگری مردنی لێ بکات.. نەخۆشەکە لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو:

– کەواتـه مـەگری... ئایا ئـەمڕۆ دەمـرم؟ بەختـەوەرییمان لەمێـژە مردووە!... تۆ لە من ژیرتر و باشـتر بـووی، تـۆ دەتزانـی مـن شـایەنی تـۆ نییم...ئاخ ! ئەم بیرۆکەیە چەند ئازاری دام! ئەی هاوڕێیەکـەم؟ ژیـانی مـن خەون بوو.. من نەدەژیام... بەڵکو خـەونم دەبینـی.. ڕقـم لـە خـەڵك بـوو، تەنها شانازییم بـە دڵپـاکی و بـەرزی هەسـت و سـۆزی خـۆم دەکـرد، بـەڵام هەموو ئەوانە تەنها لە خەون بوو... ئەی زینا!

– بەسیەتی! بەسیەتی! تۆ خەریکە دەمکوژی!

– زینـا قسـەکانم پـێ مـەبڕە..دەزانم لـەمن خۆشـبووی، لەوانەیـە دەمێکە لەمن خۆشبووی...بەڵام منت هەڵسـەنگاندووە، دەزانـی مـن کـێم.. ئەوەش ئـازارم دەدا.. زینـا مـن شـایەنی خۆشەویسـتی تـۆ نیـیم! هـەردەم بەئابڕو و بەخشندەی، چوویتە لای دایکت و بەڕاشکاوی وتت دەتـەوێ شـوو بەمن بکەی، ئەم قسەیەشت جێبەجێ دەکرد، چونکە تۆ گوفتار و ڕەفتـارت یەکە.. کەچی من.. من! خۆت دەزانی؟ من تا ئەمڕۆ درکم بەوە نەدەکرد تـۆ چ قوربانییەك دەبەخشی، کاتێـك ڕازی دەبـووی شـوو بـەمن بکـەی، لەگـەڵ ئەوەش تۆ لەگەڵ من لەبرسان خۆت تووشی مردن دەکەی! ئـەو کـات پـێم وابوو هیچ شتێك بەلای ژنەوە هێنـدە گـرنگ نییـە، کـە شـوو بـە شـاعیرێکی گەورە دەکات، لەوپەڕی تەمەنی گەنجی دابێ... ئەمە ڕاست بوو!

نەمویست لەوە بگەم بـە چ هۆکارێـك هاوسـەرگیرییەکەی منـت دواخسـت، تۆم ئازار دەدا، گلەییم لە تۆ دەکرد، ڕقم لـە تـۆ بـوو... دواجـار بـە نامەکـە

هەڕەشەم لە تۆ دەکرد، من ئەو کاتە تەنها کەسێکی لاسار نەبووم، بەڵکو کەسێکی ناپەسەند و بێزراویش بووم! ئاخ! لەوانەیە زۆر رقت لەمن ببێتەوە! نەخێر ... وا باشترە بمرم! هەموو شتێك وەها باشترە.. ئێستا بەلایەنی کەمەوە ئەو فرمێسکە تاڵانەی رشتوومە دڵی منی پاککردۆتەوە..

ئاخ زینا! بەشێك لە ئەڤینی رابردووت بەمن ببەخشە، بەلایەنی کەمەوە لە دوا کاتژمێری ژیانمدا.. من دەزانم شایەنی ئەڤینی تۆ نییم.. بەڵام... بەڵام ... فریشتەکەم!

زینا سەیری دەکرد و دەگریا، دەیویست قسەکانی پێ بڕێ، بەڵام ئەو لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، بە جوڵەکردن ئاماژەی بۆ دەکرد قسەکانی نەبڕێ، دەنگی زۆر لاواز و خنکاو بوو، دڵی زینای شەق دەکرد..

زینا وتی:

- ئەگەر شایەن من نە دەبووی، منت خۆشنەدەویست، ئەمڕۆ بە هۆی من ئازاری نەخۆشییت نەدەچەشت... ئاخ! بۆچی ... بۆچی بەیەك گەیشتین؟

- نەخێر.. هاوڕێیەکەم... نەخێر! گلەیی لە خۆت مەکە، ئەمە تەنها هەڵەی من بوو، هۆکارەکەش شەرەفمەندی و رۆمانسییەت بوو! ئایا کەسێك چیرۆکی گەمژەیی منی بۆ تۆ گێڕاوەتەوە؟ سێ ساڵ لەمەوبەر رێگرێکی بەدبەخت هەبوو، سزای لەسێدارەدانی بۆ درا.. کاتێك رۆژی سزدانەکەی زانی، ئازایەتی پشتی تێکرد، کاتێك زانی یاسا رێگە بە ئیعدامکردنی تاوانباری نەخۆش نادا، هەندێك شەرابی پەیداکرد و تووتنی لەنێودا تواندەوە، بەباشی کوڵاندی و دواتر هەمووی فڕکرد، هەستی بەهێڵنج کرد،

دواجار خوێن لە گەرووی فرکەی دەکرد، بۆ نەخۆشخانەیان برد، دوای ماوەیەکی کەم بە نەخۆشی سنگ مرد...

باشە.. بەسەرهاتی ئەو رێگرەم لە رۆژی نامەکەی تۆ وەبیرهاتەوە...ویستم بە هەمان شێوە خۆم بکوژم، بۆچی نەخۆشی سنگم هەڵبژارد؟ بۆچی خۆم هەڵنەواسی،یان خۆم لە ئاو نقوم نەکرد؟ .. ئایا ترسی ئەوەم هەبوو لەپڕ بمرم؟... من پێموایە خەونە رۆمانسییەکانم کاریگەریان لەسەر ئەو رووداوە هەبووبێ. هەردەم بەخۆم دەگوت: چەندە جوانە لەسەر جێگا بکەوم، وەك ئێستا بە نەخۆشی سینگ بمرم! وا خەیاڵم دەکرد تۆ لە سەرینم دادەنیشی، بۆ ماوەیەکی کورت ئازاردەکێشیێ خۆت بە هۆکاری نەخۆشییەکەم دەزانی، وا خەیاڵم دەکرد تۆ بە پەشیمانییەوە بەرەو من رادەکەی، لەلای جێگەکەم دەکەویتە سەر ئەژنۆ. من لە تۆ خۆش دەبم، لە باوەشی تۆ دەمرم... ئەمە گەمژەیی بوو زینا!

زینا بەدەنگێکی خنکاو وتی:

— هەموو ئەوانە لەبیر بکە، ئێستا باسی هەڵەکانی خۆت مەکە، تۆ لەبارەی هەڵەکانتەوە زێدەرۆیی دەکەی.. با تەنها بیر لە ساتە شیرینەکان و رۆژگارە خۆشەکان بکەینەوە.

— هاورێییەکەم من لە خۆم تورەم.. بۆیە باسی ئەو بابەتە دەکەم، من هەژدە مانگە تۆم نەبینیوە..دەمەوێ دڵم خاڵی بکەمەوە! هەموو ئەو ماوەیە بەتەنیا بووم، لەو ماوەیەدا چرکەساتێك نەبووە بیر لە تۆ نەکەمەوە، هاورێییەکەم، دەمویست هەر شتێك بکەم بە بەرچاوی تۆ رێزی خۆم بگێرمەوە...

ڤاسیا ماوەیەك بێدەنگ بوو، بۆ ئەوەی هەناسەیەك هەڵمژێ، دواتر دەستی پێکردەوە:

- تا دوایین سات پێم وانەبوو دەمرم..یەکسەر نەکەوتمە جێگاوە..بەڵکو ماوەیەك بەسەرچوو دەچوومە دەرەوە، سنگیشم تووشی نەخۆشی ببوو، چەندین خەونم بینی گاڵتەئامێز بوو! هەندێك جار پێم وابوو من شاعیرێکی گەورەم، یان گوایە چامەیەکی وەها بلاو دەکەمەوە، پێشتر لە دونیا وێنەی نەبووبێ، کەسێك وەك من لە هۆنینەوەی شیعر بلیمەت نییە، وامدەزانی هەموو هەست و سۆزم لە قەسیدەیەك دادەڕێژم و روحمی تێدا ئاوێتە دەکەم.. هەمیشە لەگەڵت وەها دەبم و لە هەر شوێنێك بم.. شیعرەکانم وا دەکات هەمیشە منت لەیاد بێ.. تاکە خەونی من ئەوە بوو، دواجار تۆ بەخۆت دەڵێی " نەخێر ئەو هێندە کرێت نەبوو، وەك تێی گەیشتبووم" ئەمە دەبەنگییە، ئەمە گەمژەییە، ئەی وانییە؟

- نەخێر نەخێر... ڤاسیا...

بەسەر سنگی ئەو چەمایەوە بۆ ئەوەی دەستەکانی ماچ بکات..

ڤاسیا لە قسەکانی خۆی بەردەوام بوو، وتی:

- بە درێژایی ئەو ماوەیە، ئیرەیی چەندە ئازاری دەدام! من دەمردم ئەگەر گوێبیستی شووکردنی تۆ دەبووم..من چاودێرییم دەکردی و سیخوڕییم لەسەر دەکردی..

ئاماژەی بۆ دایکی کرد، گوایە دایکی ئەو کارانەی دەکرد، دواتر بە زینای وت:

- تــۆ هــەرگیز مۆزگلیاکۆفــت خۆشنەویســتووە...ئــەی وانییــە فریشتەکەم...دوای مردنم منت لەیاد دەبیٚ؟ مـن دەزانم ئـەو کـارە دەکـەی، بەڵام ساڵانێك تێدەپەڕیٚ، دڵ سارد دەبێتەوە، زستانێك بەسەر روحت دیٚ.. دەبیٚ ئەو کاتە لەیادم بکەی!

زینا بە پەلە قسەکانی پیٚ بڕی:

- نەخێر... نەخێر... هەرگیز! لەدوای تۆ شوو ناکـەم. تـۆ یەکـەم و دوایین ئەڤینی منی!

- زینای سەنگین، هـەموو شـتێك دەمـریٚ...هـەموو شـتێك..تەنانـەت یادگارییەکانیش..بەرزترین هەست وسۆز...ئەو کاتەش دانایيەکی ساردوسڕ شوێنیان دەگرێتەوە و پەشیمانی ئارام دەبێتـەوە، بۆچـی هەڵچوون؟ هـەلی ژیان بقـۆزەوە، ئەڤینـداری بکـە، بەختـەوەر بـە ، یـەکێك لـە زینـدووەکانت خـۆش بـویٚ، بۆچـی کەسـێکی مـردووت خۆشـدەویٚ؟ لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە تەواوی لەیادم مەکە! کاتی خۆشمان بەسەر بـردووە، لـە بەرامبـەردا کـاتی سـەخت هــەبووە... ئــاخ! هــەموو کاتــە خۆشــەکان بەسەرچــوون، هــەتا هەتاییــــە.. گــــویٚ بگــــرە زینـــــا... هــــەردەم ئــــاوابوونی خــــۆرم خۆشویسـتووە...نـەخێر... بۆچـی بمـرم؟ ئـاخ! دەمـەویٚ بـژیم! دەمـەویٚ بژیم! بەهارت لەبیر بیٚ! گوڵەکان! ڕۆژێکـی جـوان کـە هەڵدیٚ! ماوەیـەك لەبەختەوەریی ژیایین، ئێستا... سەیر بکە... سەیر بکە!

نەخۆشەکە بە دەستەکانی ئاماژەی بۆ شووشـەی پەنجەرەکـە دەکـرد، کـە بەفر وسەهۆڵ تاریکی کرد بوو، دواتر دەستی زینای گرت و کەوتە گریانێکی بەجۆشەوە، گریان سینگە وێرانەکەی شەق شەق دەکـرد! تـەواوی ڕۆژەکـە

بەمشێوەیە بەڕێوە چوو. زینا پێی دەگوت هەرگیز لەیادی ناکات، هەرگیز کەسێکی بەشێوەی ئەو خۆشناوی، ئەویش باوەڕی دەکرد و زەردەخەنەی بۆ دەکرد، دواتریش دەستەکانی ماچ دەکرد..

ئەو ماوەیە ماریا هەستی بە دڵەڕاوکێیەکی توند دەکرد، زیاتر لە (دە) جار بە دوای کچەکەی نارد و دەپاڕایەوە تا بگەڕێتەوە ماڵ، زیاتر لەوە خۆی بە بەرچاوی خەڵکەوە سووك نەکات، دواجار دوای خۆرئاوابوون بڕیاری دا خۆی بە دوای کچەکەی بچێ، تکای کرد بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی ناگەڕێتەوە، بێهوودە دایکەکە لە ژووری نەخۆشەکە دەرچوو، تەواو نائومێد ببوو!

زینا سووربوو لەسەر ئەوەی ئەم شەو لەتەك ڤاسیا رۆژ بکاتەوە، لە جێگاکەی دوور نەکەوتەوە، سات لە دوای سات حاڵەتی نەخۆشەکە خراپتر دەبوو، کاتێك بەیانی داهات، نەخۆشەکە زۆر بە ئەستەم هەناسەی دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژێکی دیکە ژیانی مابوو...بەڵام کە رۆژ ئاوا دەبوو، لەگەڵ دوایین تیشکی خۆر ئەویش گیانی سپارد..

لەو ساتەدا رووداوێکی ترسناك روویدا، دایکە پیرەکە کەوتە سەر لاشەی کوڕەکەی و دەستی بە قیژەلێدان کرد و ئاوڕی لەزینا دایەوە:

— تۆی نەفرەتی کوڕەکەی منت لەناو برد!

بەڵام زینا گوێبیستی هیچ شتێك نەبوو، وەك پەیکەرێك وشك ببوو، هەستی نەمابوو، وەك ئەوە بوو ئەویش گیانی سپاردبێ! ... دواجار بەسەر مردووەکە چەمایەوە و وێنەی خاچی کێشا، ئینجا نێوچەوانی ماچکرد و لە ژوورەکە هاتە دەرەوە...

زینا لە ئەنجامی ئەو هەموو هەستە تۆقێنەرە، وەك شێت دەردەکەوت...لە ئەنجامی ئەوەی دوو شەو نەخەوتبوو... هەستی بەوە دەکرد کە خەریکە لەژێر هەڕەشەی ژیانێکی نوێ دایە..چەندین هەنگاو ڕۆیشت کە مۆزگلیاکۆفی لەبەردەم دەرکەوت، وەك ئەوەی لەژێر زەوی دەرکەوتبێ..!

مۆزگلیاکۆف ئاوڕێکی لە دەوروبەری خۆی دایەوە، بە شەرمەوە وتی:

— زینای بەنرخ... ئەی زینا... من کەرم! نەخێر مەبەستم ئەوەیە من کەر نییم... سەرەڕای هەموو شتێك من هەڵسوکەوتێکی بەرزم نواند، بەڵام گەمژەم، لەوە پەشیمانم ... هەست دەکەم زۆر پەشۆکاوم.. لەبەر ئەو ڕووداوانە لێم ببوورە..

زینا بێئەوەی ئاگای لەخۆ بێت، سەیری دەکرد، بە بێدەنگی ڕێگای گرتبووە بەر، لەبەر ئەوەی هەردووکیان نەیاندەتوانی لەسەر شۆستەکە بەیەکەوە بڕۆن، مۆزگلیاکۆف هاتەخوارەوە و لەسەر شەقامەکە دەڕۆیشت..

مۆزگلیاکۆف لە قسەکانی بەردەوام بوو:

— زینای سەنگین...ئەگەر تۆ ڕێگام پێ بدەی، من ئامادەم داواکەم نوێ بکەمەوە... ئامادەم هەموو شتێك لەبیر بکەم، لێت ببوورم.. تەنها بەیەك مەرج، ئەمە لە ئێستادا بە نهێنی بمێنێتەوە.. تۆ ئەوەندەی لە توانات هەیە بە پەلە لەم شارە بڕۆ، منیش بە نهێنی بەدوات دێم، دواتر لە شوێنێکی دیکە بە نهێنی زەماوەند دەکەین، ئینجا دەچینە پترۆسبۆرگ...ئایا ئەمە پەسەند دەکەی؟ تکایە بە پەلە قسە بکە... من ناتوانم چاوەڕوان بم..کەسێك بەیەکەوەمان دەبینێ.

بەلآم زینا تەنها سەیری کرد، وەلآمی نەدایەوە، پافێلیش زوو لە نیگاکەکەی گەیشت، بۆیە ماڵئاوایی کرد و لە یەکەم کۆڵان ون بوو.. مۆزگلیاکۆف لەگەڵ خۆی وتی:"کەواتە چی؟ ئەو دوو رۆژ لەمەوبەر لەهەموو هەڵەکان خۆی تۆمەتبار دەکرد، ئێستاش بەمجۆرەیە؟...".

رووداوەکانی دواتر لەشاری مۆرداسۆف بە پەلە بە دوای یەکتر دەهاتن. میر کە مۆزگلیاکۆف بۆ یەکێك لە هوتێڵەکان یاوەری کردبوو، تووشی نەخۆشییەکی ترسناك بوو، خەڵکی مۆرداسۆف لە سپێدە ئەم هەواڵەیان زانی، (کالیست ستانزلاڤیچ) هیچ کاتێك لە میری نەخۆش جیا نەدەبۆوە، لە ئێوارەدا، هەموو پزیشکانی شارەکە کۆبوونەوەیان کرد، میر هورپێنەی دەکرد و داوای لە کالیست دەکرد قەسیدەیەکی غەزەلی بۆ بخوێنێ، قسەی لەسەر باروکە و سمێڵی دەستکرد دەکرد.. لە ناکاویش هاواری دەکرد و دەتۆقی!

پزیشکەکان وتیان میری لە ئەنجامی زۆر خواردن و خواردنەوە، تووشی هەلآوسانی گەدە بوو، ئەمەش لە بەخشندەیی و میواندۆستی خەڵکی مۆرداسۆفە، دواتریش نەخۆشییەکە بەشێوەیەکی سەیر کە پزیشکەکان نایزانن لە گەدەوە بەرەو سەر چووە! هەروەها دەیانگوت کێشەیەکی لەدەماغ بۆ دروست بووە، پزیشکەکان ئەوەشیان لەبیر نەکرد بوو کە میر ماوەیەکی زۆرە لە مردن نزیکبووە، دواتریش هەر دەمرێ..ئەو گریمانی کۆتایی راست بوو، پیرە پیاوی بچووك و بەستەزمان لە ئێوارەی سێیەمی نەخۆشییەکەی کۆچی دوایی کرد..

هەموو خەڵکی مۆرداسۆف بە مەرگی چاوەڕوان نەکراوی میر پەشۆکان، بۆیە بە تاك و بە کۆمەڵ بەرەو هۆتێلەکە ڕۆیشتن، ئەوان مشتومڕیان بوو، سەریان دەلەقاند، دواجار قسەیان لەسەر " بکوژی میری بەستەزمان" دەکرد، کە مەبەستیان ماریا و کچەکەی بوو. مۆزگلیاکۆف نەیدەزانی چی بکات، بەڕاستی بارودۆخی ئەو ترسناك بوو، ئەی ئەو نەبوو میری بردە ماڵەکەی ماریا ئەلکسەندەڕۆڤنا؟ ئەی ئەو نەبوو میری بردە هوتێلەکە؟ ئەو نەیدەزانی چی لە لاشەکە بکا و لە کوێ بینێژی، کێ لە مەرگی میر ئاگادار بکاتەوە، سەرەڕای ئەمەش خۆی بە برازاکەی میر دەزانی، بۆیە دەلەرزی نەوەك خەڵك بە کوشتنی پیرەپیاوی بەڕێز تۆمەتباری بکەن!

لە ناکاو هەموو شتێك گۆڕا.. بەیانییەك موسافیرێکی نەناسراو گەیشتە شار، هەموو دانیشتوانی مۆرداسۆف لە پەنجەرەکانەوە سەیریان دەکرد و قسەیان لەسەر دەکرد، ئەو کەسە میر (شیچیبلۆف) بوو، کەسێکی نزیکی میر بوو، ئەو پیاوە تەمەنی سی و پێنج ساڵ دەبوو، جلی کۆلۆنێلی لەبەردا بوو، پلەی ڕوکنی بەستبوو، هەموویان بە ترسەوە ڕێزیان لێ دەگرت..

بەڕێوەبەری پۆلیس لەبەر ئەم بابەتە تۆقی بوو، چونکە زانی ئەو کۆلۆنێلە لە پترۆسبۆرگەوە هاتووە، بە گوندی دۆخۆناڤۆ تێپەڕیوە، بەڵام کەسی لەوێ نەدیوە، بۆیە بەدوای میر هاتۆتە مۆرداسۆف، دواتر ئەم هەواڵە شوومەی زانیوە، بۆیە هەر زوو کاروبارەکانی لە ئەستۆی خۆی گرت...

کاتێك برازای ڕاستەقینەی مردووەکە دەرکەوت، مۆزگلیاکۆف بە زەلیلی پاشەکشەی کرد و ڕۆیشت....

تەرمی میر برایە دێر، ڕۆژی دواتر، تەواوی خەڵکی شار لە ناشتنەکە ئامادەبوون. ژنان باسیان لەوە دەکرد گوایە ماریا ئەلکسەندەڕۆفنا خۆی دیتە، کلێسا، لەبەردەم تابوتەکە بە دەنگێکی بەرز داوای خۆشبوون دەکات، کەچی راستییەکە ئەوەبوو، ماریا هەرگیز دەرنەکەوت!

ماریا ئەو کاتەی زانی بەرگەی ژیانی شار ناگرێت، لەگەڵ زینا چووە گوندەکەی، لەوێ زانیاری لەبارەی خەڵکی مۆرداسۆف کۆدەکردەوە، بە ترس و نیگەرانییەوە، خزمەتکارەکانی بۆ ئەو مەبەستە دەنارد. ڕێگای نێوان دێر و گوندی دۆخۆناقۆ بەدووری کیلۆمەترێك بەلای گوندەکەی ماریا تێدەپەڕی، بۆیە ماریا لە دوورەوە کاروانی ماتەمەینی میری بینی.. تابووتەکە لەسەر گالیسکەیەکی گەورە دانرابوو، لەو جۆرانەی کە تایبەتن بە گواستنەوەی تەرمەکان. لەدوای ئەو گالیسکەش خەڵکێکی زۆر دەڕۆیشت، ئەم کەژاوەیە ماوەیەکی زۆری خایاند، تا بەهێواشی لەسەر کێڵگە سەهۆڵبەندەکان تێپەڕبوو.

دوای هەشت ڕۆژ، ماریا لەگەڵ کچ و مێردەکەی بەرەو مۆسکۆ ڕۆیشت، گوندەکەی و ماڵەکەی مۆرداسۆفی بۆ فرۆشتن دانا. بەمشێوەیە مۆرداسۆف هەتا هەتاییە، خاتوونێکی بەڕێزی کۆمەڵگاکەی خۆی لە دەست دا، ئەمەش بێ قسەوقسەلۆك نەبوو، تەنانەت خەڵکێك هەبوو دەیانگوت ئافاناسیش لە لادێ بۆ فرۆشتن مەزاد کراوە!

ساڵێك تێپەڕی، ساڵێکی دیکەش بە دوایەوە، خەڵك ماریا ئەلکسەندەڕۆفنایان لەیاد کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا قسەی خەڵك نەدەبڕایەوە، بۆ نموونە دەیانگوت گوندێکی لە هەرێمێکی دیکە کڕیوە، یان لە پایتەختە چەندین هێزی بە دەستە، زینا هێشتا بۆ هاوسەرگیری نمایش دەکرێت.. بەڵام پێویستە ئەم قسانە دووبارە نەکەینەوە، چونکە هەمووی ناڕاستە.. ئەم چەند دێڕەی کۆتایی سێ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە... کێ دەیزانی من جارێکی دیکە ئەو دەستنووسە دەکەمەوە، بۆ ئەوەی چەند لاپەڕەیەکی دیکەی بۆ زیاد بکەم..

ئەوەی روویداوە بەمجۆرە بوو...

من بە پاڤێل مۆزگلیاکۆف دەست پێدەکەم...

دوای ئەوەی مۆرداسۆفی جێهێشت بەرەو پترۆسبۆرگ رۆیشت.. لەوێ کاری دۆزییەوە وەك دەمێك بوو هیوای بۆ دەخواست.. هەر زوو تێکەڵ بە کۆمەڵگاکە بوو، لە تەڵەکەبازییەکان بەشداربوو، بۆیە لە چینی بەرزی ئەو کاتە هەڵدەکشا، جارێکی دیکە کەوتە داوی خۆشەویستی، خوازبینی کچەکەی کرد، کەچی رەتکرایەوە، نەیتوانی ئەمە قبوڵ بکات، بۆیە داوایکرد لە تیمێکی نێردراو بەشدار بێت، بۆئەوەی بۆ شوێنێکی دیکەی ئیمپراتۆرییەتە فراوانەکەمان دوور بخرێتەوە...

لەو هەڵمەتە، چەندین جەنگەڵ و چۆڵەوانی بە سەلامەتی بڕی، مۆزگلیاکۆف دوای سەفەرێکی دوور گەیشتە پایتەخت، لەوێ فرمانڕەوای شار پێشەوازی لێکرد کە پلەی ژەنەڕاڵی هەبوو. ئەم فرمانڕەوایە پیاوێکی باڵابەرز و باریك بوو، زمانێکی زبری هەبوو، سەربازێکی کۆن بوو، چەندین جار بریندار ببوو، دوو نیشانەی ئازایی و خاچێکی سپی لەسەر سنگی بوو. فرمانڕەوا

مۆزگلیاکۆف و ئەندامەکانی دیکەی تیمەکەی بانگهێشتی ئاهەنگێکی سەماکردن کرد..

پاڤێل هەستی بە خۆشیەکی زۆر دەکرد، جلی پترۆسبۆرگی پۆشی بوو، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی گەورەی لەدڵی خەڵك هەبێ، کاتێك چووە هۆڵێکی گەورە دەمارەکانی لاملی گرژ ببوو، هەر زوو کەوتە سەرسامی و پەشۆکان کاتێك بینی جلە سەربازییانەکانی ئامادەبووان پلەی لەو بەرزتری تێدایە. دەبووایە بچێ سلاو لە هاوسەری فرمانڕەوا بکات، کە گوایە ژنێکی جاحێڵ و شۆخ و شەنگە..

مۆزگلیاکۆف بەهێواشی لە ژنەکە نزیك بۆوە، دەمی کردەوە بۆ ئەوەی سلاو بکا، کەچی لەناکاو حەپەسا و سەرسامبوو، زینا بوو لەبەردەمی بە شانازی و لووتبەرزی وەستا بوو، زۆر جوان بوو، کراسێکی تایبەت بە بۆنەکانی پۆشیبوو، خۆی بەچوانترین خشڵ ڕازاندبۆوە.. پاڤێلی نەناسی، چاوی لەسەر سیمای ئەو ڕانەگرت، پاڤێل گەڕایەوە لای میوانەکان لەیەکێك لە گەنجەکان هەندێك زانیاری گرنگی وەرگرت..

زانی کە فرمانڕەوا دوو ساڵ لەمەوبەر لەکاتی سەفەری بۆ مۆسکۆ، کچێکی زۆر دەوڵەمەندی لە خێزانێکی نایاب خواستووە، هاوسەرەکەی فرمانڕەوا لەوپەڕی فیز و لووتبەرزی دایە.. تەنها لەگەڵ ئەو کەسانە سەما دەکات کە پلەی ژەنەڕاڵیان هەیە، لەو ئاهەنگەش نۆ دانە ژەنەڕاڵ هەیە. جگە لەمەش خەسووی فرمانڕەوا، ئافرەتێکی زۆر ژیرە، لە بەرزترین ئاستی ئەرستۆکراتیەت دایە، بەلام لە ژێر ویستی کچەکەی دایە، لەلایەکی

دیکەوە، ژەنەڕاڵی فەرمانڕەوا هەست بە ڕێزێکی زۆر دەکات لەلایەن هاوسەرەکەییەوە..

مۆزگلیاکۆف پرسیاری لەبارەی ئافاناسی کرد، بەڵام کەسێك لەم وڵاتە دوورە ئەوی نەدەناسی! کاتێك مۆزگلیاکۆف هاتەوە سەرخۆی، پیاسەیەکی لەناو هۆڵەکان کرد، چاوی بە ماریا کەوت کە نایابترین جلی پۆشی بوو، قسەی لەگەڵ کەسایەتیەکی گرنگ دەکرد.. ژنێکی زۆر دەوری ماریایان دابوو، خۆیان لە دڵی ماریا نزیك دەکردەوە..ماریا لەگەڵ هەموویان بەڕێز بوو..

مۆزگلیاکۆف سەرکێشی کرد، خۆی بە ماریا ناساند، ماریا سەرەتا هەڵچوو، بەڵام زوو متمانەی بۆ خۆی گێڕایەوە، پرسیاری هەندێك لە هاوڕێیەکانی پترۆسبرۆگی لە پاڤێل کرد، بەڵام بە یەك وشەش باسی مۆرداسۆفی نەکرد، وەك ئەوەی ئەم شارە بوونی نەبێ...

دواجار ماریا گوێی لە ناوی میرێك بوو، کە مۆزگلیاکۆف نایناسێ، بۆیە بێ باکانە رووی قسەکانی لە کەسایەتیەکی گەورە کرد، کە کەسێکی قژی تۆزێك سپی ببوو، وا دەرکەوت تەواو پاڤێلی فەرامۆش کردووە، پاڤێلیش وەك گەمژەیەك لە نزیکی وەستابوو.. مۆزگلیاکۆف گەڕایەوە هۆڵە گەورەکە، نازانم بۆ هەستی بەوە دەکرد سووکایەتی پێکراوە، نەیویست بەشداری لەسەما بکات، سیمای خەمبار و پەریشان دەردەکەوت، زەردەخەنەیەکی شەیتانی هاتەسەر لێوەکانی! شانی خۆی بە یەکێك لە ستوونەکانی هۆڵەکە دا، وەك ئەوەی بە ئەنقەست ئەو کارە بکات، چەندین کاتژمێر لەو شوێنە وەستا چاوەکانی لەسەر زینا بوو..

بەڵام.. بەداخەوە! فیلەکەی سەری نەگرت و زینا تێبینی دیمەنە خەمبارەکە و رووخسارە رۆمانسیەکەی پاڤێلی نەکرد.. دواجار بێ ئومێد بوو، زۆر شەکەت بوو، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر بێ جوڵە وەستا بوو قاچەکانی سڕ ببوو، هەستی بە برسێتی دەکرد، چونکە ئێوارە نانی نەخوارد بوو دەیویست رۆڵی عاشقێکی شەیدا بگێڕێ، بە خەم و پەژارەوە گەڕایەوە ماڵ، ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی بخەوێ بیری لە رابردوو دەکردەوە..

رۆژی دواتر، لەهەوڵی ئەوە دابوو بە ئەرکێك بگەڕێتەوە پترۆسبۆرگ، کاتێك ئەو شارە جێهێشت کە زینا تێیدا نیشتەجێ بوو، خەیاڵی راحەت دەبوو، لە ئاسۆییەکی دوور لە ئاسمانی دەڕوانی کە سنووری نییە، سەیری چۆڵەوانی دەکرد، سەهۆڵبەندانێك کە دارستانەکانی داپۆشیوە، دەنگی ناڵی ئەسپەکان تێکەڵ بە دەنگی زەنگوڵەکان دەبوون... پاڤێل ماوەیەك بیری دەکردەوە، دواجار کەوتە خەوێکی هێمنەوە... کاتێك لە وێستگەی سێیەمی گۆڕینی ئەسپەکان بێدار بۆوە، چوست و چالاکتر بوو، بووژابۆوە، بە بیرۆکەی دیکە سەرقاڵ بوو..

لە رێکەوتی ٢٠١٦/٧/٣١
ئەم وەرگێڕانە تەواو بوو

# پێڕست


بەشی یەکەم: ماریا ئەلکسەندەرۆڤنا ............................ ٣

بەشی دووەم: مۆمیاکردنی هەرزەکاریی ............................ ١٣

بەشی سێیەم: پێشنیاری هاوسەرگیریی ............................ ٢١

بەشی چوارەم :لاشەیەکی جولاو ............................ ٤١

بەشی پێنجەم : کۆششێکی بەردەوام ............................ ٦٩

بەشی شەشەم :هاوسەری کۆلۆنێل ............................ ٩٧

بەشی حەوتەم : پرۆژە مەزنەکە ............................ ١١٥

بەشی هەشتەم : تەفرەدان ............................ ١٢٩

بەشی نۆیەم : پێچ وپەنایەکی ترسناک ............................ ١٤٩

بەشی دەیەم : مێردە دوورخراوەکە ............................ ١٧٥

بەشی یانزەم :خەونێکی جوان ............................ ١٩١

بەشی دوانزەم : دوژمنە سەرسەختەکە ............................ ٢١١

بەشی سێزدەم : لەنێوان خەون و هەقیقەتدا ............................ ٢٣١

بەشی چواردەم : رووداوێکی لەناکاو و سەرنجڕاکێش ............................ ٢٥٩

بەشی پانزەم : دوایین دیدار ............................ ٢٧١



# UNCLE'S DREAM

**FYODOR DOSTOEVSKY**

**T: FAYSAL KHALIL**

AWER 363

Nawandi Awer

ناوەندی ئاوێر

بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار